# زمانناسی

١٧

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

هەندێک کێشەی زمانەوانی، لە شعش نامەدا

فەرهاد شاکەلی

دەروزمانی

پ.د. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ

زمانەوانیی ئەمەریکی یا زمانەوانیی جوڵەکە

پ.ی. سەلام ناوخۆش

زمانە ئێرگاتیفەکان

شاسوار هەرتەمی

زمانی کوردی و شێوەزارەکانی

سەجاد جەهانفەرد(ژیار)

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١٥

خاوەنی ئیمتیاز

پ.ی. سەلام ناوخۆش بەکر

٠٧٥٠٤٤٦٧١٨٤

سەرپەرشتیاری زانستی

پ.د. شێرکۆ بابان

سەرنووسەر

د. نەریمان خۆشناو

٠٧٥٠٤٩٤٧٧٨٧

٠٧٧٠٢٥٧٧٥٢٨

بەڕێوەبەری نووسین

سوداد ڕەسووڵ

بەڕێوەبەری هونەری

کۆچەر ئەنوەر

بۆ پەیوەندیکردن

zimannasi@yahoo.com

Xoshnaw_n@yahoo.com

تیراژ (١٠٠٠) دانە

نرخ: (٣٠٠٠) دینار

# ناوەرۆک

ئێمەش... پێشمەرگەین لە پێناو شوناس ــ سەروتار............................................... ل٣
هەندێک کێشەی زمانەوانی، لە شەش نامەدا ــ فەرهاد شاکەلی.................................. ل٤
چەند سەرنجێکی زمانەوانی لەمەڕ" مەسەلەی یەکخستنی
زبانی نووسینی کوردی" ــ سوداد ڕەسووڵ........................................................... ل٢٦
دەروزمانی ــ پ.د.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ......................................................... ل٣٢
زمانەوانیی ئەمەریکی یا زمانەوانیی جولەکە ــ پ.ی.سەلام ناوخۆش ......................... ل١٣٨
تیشکێک بۆ سەر بەرکار ــ سیروان خەلیل حەداد.................................................... ل١٥٦
ئەرکەکانی فۆنۆلۆجی ـ خۆشناو عەزیز حەمەئەمین.................................................. ل١٦٣
زمانە ئێرگاتیڤەکان ـ شاسوار هەرشەمی................................................................. ل١٨٦
تۆپۆگرافیای چیا و ناوە جیاوازەکانی ـ د. هاوژین سلێوە.......................................... ل١٩١
باڵدار، ئەو پیاوە مەزنەی ڕێزی لێ نەگیرا..!- بەکر کاکۆ ......................................... ل٢١٠
هۆکارەکانی دروستنەبوونی زمانێکی ستاندەری کوردی ـ محەمەد تۆفیق بالیسانی....... ل٢١٣
زمان، ماڵی هەمیشەیی نەتەوە ــ ئیسماعیل ئیسماعیل زادە....................................... ل٢١٧
لاوازبوونی زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی
دەرەوەی کارگێڕیی هەرێم ـ ئازاد عزیز هەرتەلی..................................................... ل٢٢٨
چاککردنی هەندێ هەڵەی زمانەوانی لە (ڕۆمانی مەسخ)ی
( پێشەوا فەتاح) ـ سەروەر سەعدوڵڵا ساڵح.......................................................... ل٢٣١
زمان و ناسنامە ـ گەشبیر ئەحمەد......................................................................... ل٢٣٩
کورداندنی یاساکان لە باشووری کوردستاندا ـ پارێزەرتارق جامباز.......................... ل٢٤٤
زمان و دەربڕینی دەنگی ـ ئەرشەد تەحسین............................................................. ل٢٤٧
زمانی کوردی و شێوەزارەکانی ــ سەجاد جەهانفەرد "ژیار...................................... ل٢٥٢

## سەروتار

# ئێمەش... پێشمەرگەین لە پێناو شوناس

لە دوای لکاندنی خاکی کورد بە دەوڵەتی نەتەوەیی عەرەب و تورک و فارس، برایەتی نەتەوەکانی دەڤەرەکە کاڵ بۆوە. دەسەڵاتی ئەو نەتەوە هاوسێیانەی کورد، ئەوە نزیکەی سەدەیەکە، چ مەلیکی بن یا کۆماری و عەلمانی و مەزهەبی و دینی ، بێ سڵەمینەوە پێکۆڵ لە سەر سڕینەوەی شوناسی کورد دەکەن.

جیاوازیی ڕەگەزی و زمانی ئێمەی کورد لە نەتەوەی دی، دوو ئایەتی خودان و گوزارشت لە گوتاری قورئانی پیرۆز دەکەن. لەو سۆنگەوە، دەمانەوێ بێژین کە ئەو دەمارگیرییە زادە و بەرهەمی ناسیۆنالیزمی داگیرکارییە.

ئەمڕۆ باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە جۆرێکی خەتارناکتر لە جاران دووچاری سڕینەوە دەبێت. دایکی کورد ساڵەهایە بە لایلایە منداڵی کوردی گۆش کرد، پێشمەرگەش بە بێ پچڕان و پسانەوە خوێنی لە پێناو ئەو شوناسەوە داوە، ئێستاش ئەو توێژە لە ناو هەموو قەیرانەکاندا، هەر بە خوێن ئەم نەتەوە و زمانە دەپارێزێت.

ئێمە لە گۆڤاری زمانناسیدا، بە قەڵەم بەرگری لە زمانی کوردی دەکەین کە شوناسی نەتەوەیی کوردە... دەشبینە پێشمەرگە لە پێناو پارێزگاری لە خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد. ئەو زمانەی دایکەکانمان بە لایلایەوە بە گوێیان چرپاندووین... ئەم ئەمەکدارییە بۆ دایکەکانمان و پێشمەرگەکانمان، دەبێتە مەرەکەبی قەڵەمەکانمان.

لە هەمان کاتیشدا لەمەودوا، گۆڤاری زمانناسی بە هاتنەوەوەی هەندێ نووسەری کورد بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتن، پەرە بە دەرکردنی گۆڤارەکە و پێشخستنی زمانەکەمان دەدەین، و هەوڵ دەدەین زیاتر لێکۆڵینەوە لە گۆڤارەکەمان بڵاو بێتەوە نەک وتار، ئەمەش بەو ئامانجەی زیاتر خزمەت بە زمانەکەمان بگەیەنین، جا داواکارین نووسەران و زمانناسان و زمانەوانان لەم کارە هاریکاریمان بکەن.

# هەندێک کێشەی زمانەوانی، لە شەش نامەدا

**فەرهاد شاکەلی**
**زانستگەی ئوپسالا، سوێد**

**پێشەکییەکی کورت**

ئەمەی لەم نووسینەدا پێشکەش دەکرێت وتارێک یا لێکۆڵینەوەیەکی سەرتاسەری و یەکگرتوو نییە لەبارەی بابەتێکی زمانەوانییەوە، بەڵکە کۆمەڵێک بۆچوون و شیکردنەوەی جیاوازە، کە لە کات و بۆنەی جیاوازدا نووسیومن. تاڵە دەزوویەک کە هەموو گەوەکانی نووسینەکە پێکەوە دەبەستێت ئەوەیە کە ئەم بابەتانە هەموو لە وەڵامی پرسیاری دۆست و هاورێ و ئاشنایاندا نووسراون.

ڕاستییەکەی، ئەگەرچی ساڵانێکی دوورودرێژیشە لە بواری زمانی کوردیدا کار دەکەم و کۆمەڵێ ئەنجامگریی بتەو و زانستانەیشم لا گەڵاڵە بوونە، بەڵام لێکۆڵینەوەی زمانەوانیم یەکجار کەم نووسیوە. لە بواری زمانی کوردیدا دوو جۆر نووسینم هەن:

**ئەلف:** ئەو بابەتە تیۆرییانەی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە گفتوگۆ و موناقەشەکانی زمانی ستاندارد و زمانی ڕەسمی و یەکگرتنی زمانی کوردی و ئەلفوبێوە هەیە. لەم بەشەدا چەندان لێکۆڵینەوەم نووسیون و بەشی هەرە زۆریان لە کتێبی (**زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا؛ چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٩، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠١١**)، بڵاو کراونەتەوە. هەر لەو کتێبەدا یەک دوو بابەت هەن کە لەگەڵ ڕێنووس و ڕێزمانیش خەریک دەبن.

**بێ:** ئەو ڕێزمانی کوردییەی کە بە زمانی سوێدی ئامادەم کردووە و ئەوە چەند ساڵێکە وەک بەشێک لە بەرنامەی خوێندنی کوردی لە زانستگەی ئوپسالا بە کاری دەهێنم. ئەو ڕێزمانە دەبێ پێش هەموو شتێک بیکەم بە کوردی و بڵاوی بکەمەوە، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد (و بە تایبەتییش خوێندکارانی ئامادەیی و زانکۆکانی کوردستان) سوودی لێ وەربگرن. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا، لەبەر هۆی جۆراوجۆر، بۆم نەگونجاوە ئەو کارە بکەم. هەروەها تا ئێستا تەنانەت بە زمانی سوێدییش چاپ نەکراوە. ئەوەیش چیرۆکێکی خۆی هەیە و ئێرە جێگەی گێڕانەوەی نییە.

لەو دووە بترازێت، دەیان، ئەگەر نەڵێم زیاتریش، بابەتم لەسەر ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی نووسیون، بەڵام نە توانیومە کۆیان بکەمەوە، نە ئاگادارم لە کوێن و نە دەزانم چۆنیان پەیدا بکەم. ئەمانە ئەو نووسینانەن کە لە وەڵامی کەسێکدا (جاروبار دۆست و هاوڕێ و ئاشنا و زۆرجاریش نە دۆست و نە ئاشنا، بەڵکە هەر خوێنەوارێکی کوردە) ناردوومن. دەیان جار پرسیارم بۆ دەنێرن و دەیانەوێ لەبارەی کێشەیەکی ڕێزمان یا ڕێنووسەوە ڕێنوێنییەکیان بکەم یا بۆچوونی خۆم دەرببڕم. منیش هەوڵ دەدەم بەپێی زانینی خۆم وەڵام بدەمەوە. ئەو نامانەی وەک وەڵامی پرسیار ناردوومن ئەوەندە زۆرن کە پێم وایە کتێبێکی گشتگر و باشیان لێ پێک دەهێنرێت، بەڵام ئێستا و لەم کاتەدا تەنیا هەشت نۆ نامەیەکم لە بەردەستدا بوون و لەوانەیش شەش دانەم بۆ ئەم نووسینە لێ هەڵبژاردوون.

جۆرێکی دیکەی کاری زمانەوانیم پێداچوونەوەی ئەو کتێبانەیە کە بۆ چاپ ئامادە دەکرێن. هەندێ لە نووسەرانی هاوڕێم لە دڵسۆزی و خاکیبوونی خۆیانەوە پێیان خۆشە چاوێک بە کتێبەکانیاندا بگێڕم و لە ڕووی ڕێنووس (یا ڕێزمان)ەوە دەستکارییان بکەم. منیش بە قەڵەمێکی سوورەوە بۆی دادەنیشم، هەندێ جار چەند پاژێک و هەندێ جاریش سەرتاسەری کتێبەکە، بە سەر دەکەمەوە و دەستکاریی دەکەم.

له لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زمانەوانیدا و لە دەربڕینی بۆچوونە زمانەوانییەکانمدا من هەمیشە دوو بنەمای لۆگیکی (مەنتیقی)م کردوون بە بناخەی کار و هەڵوێستەکانم:

**یەک:** ئەوەی دەیڵێم و دەینووسم، ئەنجامگریی ئەزموونێکی دووروودرێژی ساڵانی کارکردنە لەگەڵ زانستی زماندا (زمانزانی، زمانناسی Linguistics) و بە تایبەتییش لەگەڵ زمانی کوردیدا، چ وەک نووسەر و چ وەک مامۆستا. ئەو ئەنجامگرییانە هیچیان تێکستی دینی و ئایەتی پیرۆز نین، هەر کاتێک گەیشتمە باوەڕی دیکە و ئەنجامگریی دیکە، ئاسانێک دەتوانم دەست لە باوەڕە کۆنەکانم هەڵگرم.

**دوو:** ئەو کەسەی دژی بۆچوونەکەی من دەوەستێت، بەو مەرجەی هەم کوردیزان بێت و هەمیش زمانناس، پێی دەڵێم: ئەگەر تۆ دەتوانیت بە بەڵگەی زانستی و لۆگیکی قەناعەت بە من بکەیت کە هەڵەم، بەڵێنت پێ دەدەم کە واز لە باوەڕ و بۆچوونەکەی خۆم بهێنم، بەڵام ئەگەر من بۆ تۆم ڕوون کردەوە کە هەڵەیت، تۆیش ئەو بەڵێنە بە من بدە!.

لەم نووسینەدا تەنیا شەش نامە بڵاو دەکەمەوە، بێ ئەوەی ناوی ئەو کەسانەی ناماکانم بۆ ناردوون بهێنم. ئەم تێکستەی ئێستا لەگەڵ ناوەڕۆکی نامەکاندا کە بۆ ئەو دۆستانەم نووسیون جیاوازیی هەیە. لە هەندێ بڕگە و بەشدا شێوەی ڕوونکردنەوەکانم گۆڕیون یا نموونەی زیاترم هێناونەتەوە.

**نامەی یەکەم**

*** وەکو دەزانی زۆربەی نووسەرانی کورد ئەوەندە بایەخ بە کوردیزانی نادەن، کوردیزانی وەکو ئەو کوردییەی (مەلا شوکور، مەسعوود محەمەد، مام هەژار) چ بایەخێکی بۆ زمان و نووسینی کوردی هەیە؟**

**شاکەلی:** ڕەنگە پرسیارەکە ئەو ناڕوونییەی تێدا بێت کە ناڵێت باسی چ سەردەمێک دەکات و پێناسەی کوردیزانی چۆن دەکات؟ ئەم کێشەیە دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر پێشکەش بکرێت. لە ماوەی ٢٠-٢٥ ساڵی ڕابوردوودا لە

کۆمەڵێک دیمانەدا و لە نووسینی جیاوازدا من ئەم باسەم بە سەر کردووەتەوە و هەوڵم داوە لە لایەنی جیاوازەوە بیخوێنمەوە و لێی نزیک بکەومەوە.

پێم وایە ئەم باسە زۆر لەوە قووڵتر و پێچاوپێچترە کە وا بزانین نووسەران بایەخ بە کوردیزانین نادەن. ئەمڕۆ زمانی کوردی بە تایبەت و فەرهەنگی کورد بە گشتی لە قەیرانێکی یەکجار ترسناک و ڕووخێنەردایە. ئەگەر هەرچی زووتر چارەسەرێکی ئاوەزکارانە و دووربینانەی بۆ نەکرێت، نەک هەر زمانەکە خۆی، بەڵکە کوردیش وەک نەتەوە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت. ئەوانەی لە کرۆکی کێشەکە تێگەیشتوون و هەموو لایەنەکانی دەبینن ژمارەیەکی یەکجار کەمن. بەشی هەرە زۆری نووسەر و ڕووناکبیران ئەوانەن کە نە تێی گەیشتوون و نە دەیانەوێ تێی بگەن.

نووسەرانی گەورە و داهێنەری وەک مامۆستایان مەسعوود محەمەد و شوکور مستەفا و هەژار، دەکرێ وەک نموونەی بەرزی بەکارهێنانی زمانی کوردی تەماشا بکرێن. دیارە بێجگە لەو سێیە، چەند نووسەرێکی دیکەیشمان هەن کە شایانی ئەوەن ببنە نموونە و نیشانەی جوانیی زمانی کوردی، وەک: گۆران، هێمن، عەلائوددین سەججادی، حەسەنی قزڵجی و چەندانی تریش. بایەخی نووسەرانی گەورە و بەرهەمەکانیان لەوەدایە کە دەبنە کۆڵەکەی بتەو و سەخت بۆ ڕاگرتنی نەتەوە و فەرهەنگەکەی و شارستانەتییەکەی.

ئێمە کە باسی زمانی نووسەرە گەورەکان دەکەین، ڕاستییەکەی دەبێ لە سێ لایەنەوە لە بەرهەمەکانیان، لە تێکستەکانیان ورد ببینەوە: یەکەم ڕێزمانە، کە ئەوان تا ڕادەیەکی باش ڕەچاوی بنەماکانی ڕێزمانی ستانداردیان کردووە و خۆیان لە سنووری ناوچەگەریدا حەشار نەداوە؛ دووەم دەوڵەمەندیی گەنجینەی وشە و دەربڕینە و سێیەم ئێستێتیکی زمانەکەیانە، کە ئەمەیان ئەمڕۆ بەشێکی زۆری نووسینی کوردی لێی بێبەشە.

ئێستا وای لێ هاتووە، نووسینی کوردییەکی باش و جوان، نەک بۆ کوردێکی سادە و ئاسایی، بەڵکە بۆ نووسەرە ناودارەکانیش، وەک پلە و پایەیەک، یا وەک شانازییەکی لێ هاتووە، کەچی لای ئەو گەلانەی خاوەنی زمان و فەرهەنگێکی

دەوڵەمەندن، بەشی هەرە گەورەی خوێنەوارەکانیشیان، زمانەکەی خۆیان بە چاکی دەزانن و بە شێوەیەکی جوان و داهێنەرانە پێی دەنووسن. باشە بۆ دەبێ کوردیزانین ئەو هونەرە سەخت و دەگمەنە بێت، کە لەناو گەلێکی چەند میلیۆنیدا تەنیا دە دوانزدە کەسێک شارەزای بن و بیتوانن و بیزانن؟ ئەمە نیشانەی ناتەواوی و پاشکەوتن و هەژاریی زمانەکە نییە، بەڵکە ئەوە دەردەخات کە خوێنەوار و نووسەری کورد چەندە کۆڵەوار و بێدەستەڵاتن. لەوەیش بەولاوە ئەمە داڕووخان و هەرەسی سیستەمی خوێندن و پەروەردە و توێژینەوە پێشان دەدات. ئەمە شکست و داڕمانی دەستگاکانی فەرهەنگ و ڕاگەیاندن ئاشکرا دەکات. لە وڵاتێکی وەک ئەم سوێدەدا، کە منی تێدا دەژیم، هەر لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندییەوە منداڵەکانیان فێر دەکەن بنووسن و زمان ببێتە کەرەسەیەک کە دەستی بۆ ببەن و لێی نەترسن.

من کە گۆڤارێک یا ڕۆژنامەیەکی کوردی دەخوێنمەوە، بە ئاواتەوەم تەنیا یەک نووسین، یەک وتارم بەرچاو بکەوێت، کە لە ڕووی ڕێزمان و ڕێنووسەوە بێهەڵە بێت و لە ڕووی تەکنیکی نووسین و داڕێشتنەوە تۆکمە و بتەو بێت. بە ئاواتەوەم تێکستێک بخوێنمەوە، لە دڵەوە حەز بکەم ئەو نووسینە بەرهەمی من ببوایە و من بمنووسییایە.

*** زۆرجار بەپێی تێڕوانینی (سۆسێر)، کە دەڵێ: زمان ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییە. زمانی کوردی خەراپ لێی دەدرێ، بۆ نموونە دەیان وشەی کوردیمان هەن بە هەڵە بە کار دەهێنرێن، وەکوو وشەی: تەوەرە، لە بری ئەوە هەموو دەنووسن: تەوەر. ئایا لە زماندا چتێک بە ناوی هەڵە هەس؟ چونکە دەڵێن: مادام ئێمە هەموومان لەسەر (تەوەر) ڕێک کەوتووین و تێی دەگەین، ئاساییە. بەڵام لە بنەڕەتدا واتای هەر یەکەیان جودایە، دەکرێ ئەو ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییە هەڵوەشێنینەوە؟**

**شاکەلی:** ئەو ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەی لە بواری زمانەوانی و زۆر بواری دیکەیشدا دەکرێتە بیانوویەک بۆ هێشتنەوە و نەهێشتنەوەی وشەیەک یا

دیاردەیەک، باسێکی دوولایەنەیە و دەکرێ بە دوو شێوەی جیاواز سوودی لێ ببینرێت. ئێمە هەڵوێستمان هەرچییەک بێت، ئەو بنەمایە کاری خۆی هەر کردووە. کەس ناتوانێ ڕێگە لە خەڵک بگرێت لە ماڵی خۆیدا و لەگەڵ هاوەڵ و دۆست و ئاشنایانی خۆیدا چۆن دەدوێت و کامە وشە و شێوەی دەربڕین بە کار دەبات.

ئەم قسەیە ڕامانده‌کێشێت بۆ دیاردەیەکی زمانەوانی کە پێی دەگوترێت دایگلۆسیا (Diglossia)، واتە هەبوونی دوو شێوەی قسەکردن لە کۆمەڵگایەکدا؛ یەکێکی، با بڵێین، ڕەسمی و یەکێکی ڕۆژانە. من خۆم پێم وایە کوردەواری کۆمەڵگەیەکی وەهایە (و دەبێ و پێویستیشە کۆمەڵگەیەکی وا بێت). بەشێکی زۆری کۆمەڵگاکانی ئەم دنیایە، کەم تا زۆر، بەو جۆرەن. ڕەنگە لە وڵاتێکی وەک سوێددا زۆر هەست بە جیاوازیی زمانی ئەدەبی و ڕەسمی و ستاندارد لەگەڵ زمانی ڕۆژانەدا نەکرێت، بەڵام لە کۆمەڵگاکانی دیکەدا ئەم دیاردەیە، لە پلەی جیاوازدا، هەیە و هەستی پێ دەکرێت. ڕوونترین نموونە جیهانی عەرەبییە. لە هیچ شوێنێکی ئەو جیهانەدا زمانی ستانداردی عەرەبی لە ژیانی ڕۆژانەدا (لێرەدا باسی کاری زانستگەکان و ژیانی ئەکادیمی ناکەم) بە کار نابرێت. بەڵام زمانی ستاندارد و شێوە جۆراوجۆرەکانی زمانی عەرەبی دوو نەخشی جیاوازیان هەیە. من لایەنگری ئەوەم کە دەبێ ئێمەی کوردیش زمانی ئەدەبیمان، زمانی ستانداردمان، لە زمانی ڕۆژانە جیاواز بێت. هەبوونی دوو پلەی جیاوازی زمان زۆر ئاسایی و سروشتییە. ئەمەیش نابێ بەو مەعنایە لێک بدرێتەوە کە ئەو دوو شێوەیە یەکێکیان بەرزە و یەکێکیان نزم. ئەگەر جیاوازییەک لەنێوان ئەو دووەدا دابنێین دەبێ لە ئەرک و نەخشیاندا بێت و لە شێوەی بەکارهێنانیاندا بێت.

خۆ بە ڕاستی هەر ئەمڕۆیش ئەو زمانە کوردییەی لە کوردستانی عیراق (و ئێران)دا وەک زمانێکی ستاندارد بە کار دەبرێت، زمانێکە لە ماوەی ساڵانێکی دووورودرێژدا دروست بووە و شێوەی هیچ ناوچەیەکی تایبەت نییە. هیچ شارێک و هیچ ناوچەیەکی کوردستان بەو شێوەیەی زمانی ستاندارد قسە ناکات. زمانی هەر ناوچەیەکی کوردستان بگریت، لەگەڵ ئەو زمانە ستانداردە جیاوازیی هەیە. لەبەر ئەو هۆیەیش زۆر گرنگە دەست بگرین بەو زمانەوە و پێشی بخەین تا ببێتە

زمانێک، خەڵکی هەموو ناوچەکانی کوردستان وەک زمانی خۆیان، وەک زمانی ڕەسمی و ستانداردی خۆیان، تەماشای بکەن و بە کاری بهێنن.

جیاوازیی نێوان ئەو دوو شێوەیەی زمان دەکرێ لەسەر ئاستی شێوەی گۆکردنی وشە بێت، بەڵام لەوەیشە لە جۆری وشەدا بێت، لە شێوەی گەردانکردنی کردار، یا سینتاکس یا لایەنی دیکەی ڕێزماندا بێت. کێشەکە لای کورد لەوەدایە کە زۆرینەی خەڵک، بە تایبەت لەناو ڕووناکبیرانیشدا، هۆشیاریی زمانەوانی زۆر کەمە. لە سیاسەتی زمانەوانی تێناگەن. ئێمە ئەگەر لەوە تێگەیشتین و زانیمان سنووری نێوان زمانی ئەدەبی و ستاندارد لە لایەک و زمانی ڕۆژانەی ناوماڵ و بازاڕ چییە و لە کوێدایە، ئیدی ئەوە کێشە نییە خەڵک لە کاتی قسەکردندا لە بازاڕ یا لەگەڵ ماڵ و منداڵ و کەسوکاری خۆی و هاوسێدا چۆن دەدوێت و چ جۆرە وشەیەک بە کار دەبەن و کردار و ناو چۆن گەردان دەکەن. بەڵام زۆر گرنگە کە نەهێڵین شێوە ناڕاستەکانی وشە و ڕێزمان دزە بکەنە ناو زمانە ئەدەبییەکەوە. دەبێ شێوەی کۆدکراوی ڕێزمان و شێوەی هەڵبژێردراوی گەنجینەی وشە ژیانی تایبەتی خۆی درێژە پێ بدات و دەستگا زانستییەکانی نەتەوە و زمانزان و کوردیزانەکان (چونکە ئێمە باسی زمانی کوردی دەکەین) بە ڕێکخستن و ڕوونکردنەوە و بڕیاردانی ئەم لایەنەی زمانەوە خەریک بن. ڕەنگە ئێرە ئەو جێگەیە نەبێت بە دووروودرێژی، لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەو باسە یەکالا بکرێتەوە، بەڵام دیسانیش هەر دوو سێ نموونەیەک پێشان دەدەم.

هەندێ وشە هەن کە لە ماوەی هەزاران ساڵدا بە دوو یا سێ ئاراستەی جیاوازدا ڕۆیشتوون و تازە ئیدی ناتوانین بیانگۆڕین. ئێستا لە کوردیی ناوەڕاستدا دەگوترێ (بەفر)، کەچی لە بەشێکی زۆری بنزاراواکانی کرمانجیدا وشەکە بووە بە (بەرف)، واتە شێوەی فارسیی وشەکە. ئەگەر زمانی ئاڤێستا بە یەکێک لە سەرچاوەکانی کوردی بزانین، ئەوا وشەکە لە ئاڤێستادا بە شێوەی (ڤەفر یا ڤەفرا) بووە، کە دەبوو لە هەموو کوردیدا ببووایە بە بەفر، کەچی لە کرمانجیدا شێوە فارسییەکە زاڵ بووە. هاووێنەیەکی دیکەی ئەمە وشەی (نزم) و (نمز)ە کە ئێستا

له ڕووی ئێتیمۆلۆگییەوه سەرچاوەیەکی ئەوتۆم لە بەردەستدا نییە بزانم بۆچی بەم جۆرە گەشەی کردووە.

من لەم جۆرە گۆڕانە زۆر نیگەران نیم، بەڵام گۆڕانی ڕێزمانی بە ئاستەنگێکی گەورە دەزانم. کرداری (بردن) لە تێمپووسی ڕانەبوردوودا، لە کوردیی نێوەڕاستدا، بە تایبەت لە سلێمانی، گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە، کە کارکردێکی باشی بۆ زمانی کوردی نابێت. ڕەگی ڕانەبوردووی ئەو کرداره (بە)یە، کەواتە لە کاتی گەردانکردنیدا بۆ شێوەکانی ڕانەبوردوو دەبوو ئەو (بە)یە بکرێتە بنەڕەت، کەچی زۆر کەس (بەر)ی فارسی دەکەنە بنەڕەتی گەردانکردنەکە و دەڵێن و دەنووسن (ئەو نامەیەی بۆ بەره)، (دیارییەکی بۆ بەرم)، کە ڕاستییەکەی (ببە و ببەم)ە. کەچی هەر ئەو کەسانە بۆ شێوەی ڕانەبوردووی خەبەری ( Present indicative)، دەڵێن (بۆی ئەبەم/دەبەم). هەر ئەو کەسەی ئەو دوو ڕستەیە بەو شێوەیە بە کار دەبات، ئەگەر ڕستەکانی بە شێوەی نەرێتی (نەفیکردن) بە کار ببات، ناچارە واز لە ڕەگی فارسییانەی ڕانەبردووی (بەر) بهێنێت و بچێتەوە سەر (بە). بۆ نەفیکردنی ئەو دوو ڕستەیە دەبێ بڵێت: (ئەو نامەیەی بۆ مەبە!) و (دیارییەکی بۆ نەبەم). لێرەدا هەڵە ناکات، ناتوانێ هەڵە بکات، چونکە ڕێزمان ڕێگەی نادات. کەواتە لە ڕێزمانی زمانی ستانداردا دەبێ ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە (بەر) ڕەگی ڕانەبوردوو نییە و هەڵەیە. ئیتر من کارم بەسەر ئەوەوە نییە حاجی کەمالێک، یا نازەنین خانێک لە ماڵی خۆیاندا چۆن قسە دەکەن و چۆنی گەردان دەکەن.

لە موکریان کردارێک هەیە کە چاوگەکەی (ڕێک کوشین: ڕێککوشین)ە. جاری پێشەکی (کوشین) هەڵەیە و دەبوو (گوشین) بێت. ئەم مەیلی گۆڕینە لە وشەی دیکەیشدا لە زاراوای موکریاندا هەیە، بۆ نموونە (گوتن، گوتم، گوتی) بووە بە (کوتن، کوتم، کوتی)؛ دووەمیش ئەو وشەی (ڕێک)ە ئاوەڵکارە (Adverb) و نەخشێکی سەرلێشێوێنی هەیە. دەکرێ چاوگ لە ئاوەڵکارێک و کردارێکی سادە پێک بێت، بەڵام تۆ ئەمە لە جێی کرداری سادەی (گوشین) بە کار بهێنیت، دیارە کە ڕاست نییە. ئایا دەبێ هەموو (گوشین)ێک هەر (ڕێک) بێت و بە ڕێکی ئەنجام

درابێت؟ ئاشکرایە کە وا نییە. تەنیا (گوشین) بەس بوو بۆ دەربڕینی کردارێکی وەها. هەر لای ئاخێوەرانی موکریان، بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات، ساڵانێکە شێوەیەکی ڕابوردووی دوور (Pluperfect)ی کرداری (بوون) لە نووسیندا پەیدا بووە بە شێوەی (ببوو)، کە بێگومان هەڵەیە و فڕی بەسەر ڕێزمانەوە نییە. دیسان هەر لە موکریان، ساڵانێکە شێوەیەکی گەردانکردنی کرداری (ویستن) پەیدا بووە کە نازانم هۆیەکەی چییە. ئێستا زۆر کەس دەڵێن و دەنووسن: دەمهەوێ، دەتهەوێ، بیهەوێ، نامهەوێ...هتد، کە بێگومان ئەمە هەڵەیە و ناکرێت لە چاوگی (ویستن)ەوە ڕەگی ڕابوردوویەکی بەو جۆرە دەربهێنین.

ئێمە وەک زمانزان ناکرێ چاوپۆشی لە هەڵەی وا بکەین بە بیانووی ئەوەوە کە خەڵک وا قسە دەکات و لەسەری ڕێک کەوتوون. ئەوە بیرکردنەوەیەکی سیاسیی پۆپولیستانەیە و لەگەڵ زانستدا ناگونجێت.

مێژووی هەندێک لەم گۆڕانانە کۆن نییە و هەر لە ماوەی تەمەنی ئێمەدا ڕووی داوە. ئێستا لە ماوەی ١٠-١٥ ساڵی ڕابوردوودا گۆڕانێکی زۆر ناشیرین و نابەجێ بەسەر گەردانکردنی چاوگی (گواستنەوە)دا، لە تێمپووسی ڕانەبوردوودا، هاتووە. تۆ تەماشای ڕۆژنامەکان و نووسینی ڕۆژنامەنووسان بکە، زۆربەیان بۆ شێوەی ناکارا (ناچالاک، کارابزر: Passive) دەنووسن (دەگواسترێتەوە، بگواسترێتەوە، گواسترایەوە). ئەمە نەک هەر هەڵەیە، بگرە گوناهـ و تاوانیشە. شێوەی ڕاستی گەردانکردنەکە لە ڕابوردوودا (گواستمەوە، دەمانگواستەوە، گواستوومانەتەوە، گواستبوومانەوە) و لە ڕانەبوردوودا (دەگوێزینەوە، بیگوێزەوە)یە و بۆ شێوەی ناچالاکیش دەبێتە (دەگوێزرێتەوە، بگوێزرێتەوە، گوێزرایەوە، گوێزرابووەوە)...هتد. بنەماکانی داڕێشتنی چاوگی ناکارا (ناچالاک) لەم ڕووەوە زۆر ئاشکران. یەکێک شارەزای ئەو بنەمایانە بێت، هەڵەی لەو جۆرە ناکات.

گۆڕانێکی فۆنەتیکیی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە دەنگی (وو: Û) لە بادینان، یا لە بادینانیدا، لەم ساڵانەی دواییدا بووە بە (ی). تا حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو ئەو دەنگە لە بادینان و لە هەندێ ناوچەی خواروی گەرمیان و لە زاراوای فەیلیدا بووبوو بە (وی: ü)؛ (دوور: دویر/ چوون: چوین/ موو: موی). ئێستا لە بادینان

ئەو دەنگە بە ئاشكرا بووە بە (ی)؛ (دوور: دیر/ نوو: نی/ مزووری: مزیری/ بووک: بیک). گۆڕانەکە بەم جۆرە بووە (وو: وی: ی/ û > ü > î). لە نووسینێکدا چاوم پێ کەوت نووسرابوو (نیخاز)، واتە (نووخواز: نوێخواز). ئەو دەنگە (وو: وی) لە گەرمیان (زەنگاوات) و بەرەو خوارتر و لە فەیلیدا هەر بە شێوەی (وی) ماوەتەوە، لە کوردیی ستانداردا وەک (وو) دەنووسرێت.

پریپۆزیشنی (لە)، کاتێک بۆ دۆخی (ئابلاتیڤ: Ablative) بە کار دەبرێت، لە کرمانجیدا دەبێتە (ژ: Ji). بۆ نموونە دەڵێین (ژ دهۆکێڤە: لە دهۆکەوە). هەروەها هەندێک جار لەگەڵ پریپۆزیشنی (بۆ)دا کۆ دەکرێتەوە و دەبێتە (ژ بۆ). ئێستا ئەو پریێپۆزیشنە لە بادینانی و لە شێوەی قسەکردنی هەندێ ناوچەی کوردستانی سووریادا گۆڕاوە و کراوە بە (ئش: ish) یا هەر تەنیا (ش: sh). لەجێی ئەوەی بڵێن (ژ تەرا دبێژم، من ژ تەرا گۆت)، دەڵێن (ئش تەرا دبێژم، منشتەر گۆت)، واتە (بە تۆ دەڵێم، بە تۆم گوت). ئەمەیش نموونەیەکی دیکەی گۆڕانی فۆنەتیکییە، بەڵام ناکرێ ئێمە بێین ڕێزمانی کوردی بگۆڕین و بڵێین (ئش) پریپۆزیشنێکە لە زمانی کوردیدا. نەخێر (ئش) شێوەیەکی تێکدراوی (ژ)یە.

من پێم وایە ئەرکی زمانەوان (زمانەوانی کورد) ئەوەیە ڕێگە لەوە بگرێت ئەم جۆرە گۆڕانانە بێنە ناو زمانی ئەدەبی یا زمانی ستانداردەوە. هەر لە سەرەتایشەوە کە باسی دوو شێوەی بەکارهێنانی زمانم کرد، یەکێکی ڕەسمی و ئەدەبی و ستاندارد و یەکێکی ڕۆژانە، مەبەستم ئەمە بوو. ئەو خەڵکە لە ماڵی خۆیدا، لە بازاڕ، لە کاتی نان کڕیندا، یا کە چاوی بە دەستگیرانەکەی دەکەوێت، ئازادە چۆن قسە دەکات، بەڵام نابێ ئەو گۆڕانە نابەجێیانە لە تەلەڤیزیۆندا، لە کتێبی خوێندنگەکاندا، لە زانستگە، یا لە بەڵگەنامەیەکی حوکومەتدا بە کار ببرێن.

**نامەی دووەم:**

**زۆرجار گوێم لێ دەبێت، یا دەخوێنمەوە، کەسێکی خەڵکی سلێمانی کرداری (دان) بە شێوەیەک گەردان دەکات و بە کار دەهێنێت کە دەنگی (دال: د)ەکە دەگۆڕێت و دەبێ بە (ی). بۆ نموونە (دام بە...) دەکاتە (یام بە...)، (بیدە) دەکاتە (بییە)، (دام) دەکاتە (یام) و**

| ئیتر بەو جۆرە. ئایا ئەمە ڕاستە؟ |
|---|

کرداری (دان) لە زاراوای سلێمانیدا گۆڕانێکی فۆنەتیکیی بەسەردا هاتووە کە لە بنەڕەت و چاوگی خۆی دووری خستووەتەوە. (دان)ی کوردی و (دادن: دادەن)ی فارسی هەر یەک چاوگیان هەیە و نزیکی یەکن. زۆریش ئاسایی و زانراوە کە زۆر جار ئەو (د)ەی لە کردار و لە ناوی فارسیدا هەیە، لە بەرانبەرە کوردییەکەیدا نامێنێت. (ناوەکانی: باد، بید، دزد، گندم) دەبن بە (با، بی، دز، گەنم)؛ (کردارەکانی: نوشیدن، بریدن، بخشیدن) دەبن بە (نۆشین، بڕین، بەخشین). لەم ڕووەوە دەکرێ سەدان نموونە بهێنینەوە. لێرەدا دەبێ سەرنجی دوو دیاردە بدەین کە پێوەندییان بەم باسەوە هەیە: (یەک): ئەم لەناوچوونەی (د) و گۆڕانی بۆ (ی) تەنیا لە کرداری (دان)دا ڕوو نادات، بەڵکە لە ناو و لە پۆستپۆزیشنیشدا ڕوو دەدات؛ (دوو): ئەگەر کرداری (دان) بکەوێتە دوای وشەیەک، ناوێک، ئاوەڵناوێک یا ڕاناوێک کە بە کۆنسونانتی (ڵ)، (م) و (ن) تەواو بووبێت، ئەوا (د)ی کرداری (دان)ەکە دەگۆڕیت و دەبێت بە دەنگێکی وەک دەنگەکەی پێش خۆی. ئەمەی لێرەدا دەیڵێم تەنیا ئەو سەرنج و ئەنجامگرییانەیە کە تا ئێستا پێیان گەیشتووم، ئەگەرنا، ئەگەر بە وردی لێی بکۆڵینەوە، لەوانەیە زۆر بنەمای تازەی دیکەیش هەڵێنجێنین. با تەماشایەکی ئەم نموونانە بکەین:

(یەک) کە (د) دەکرێ بە (ی):

**١. کار/کردار**

**سەرێکی با دا و ڕۆی (سەرێکی با یا و ڕۆی)**

**متمانەیان ئەدەنێ (متمانەیان ئەیەنێ)**

**خۆی ئەدا لە شەشهەزار (خۆی ئەیا لە شەشهەزار)**

**لە تووڕەبووندا قەرار مەدە (لە توورەبووندا قەرار مەیە)**

**٢. ناو/ئاوەڵناو**

**ئاوەدان (ئاوەیان)**

**کادان (کایان)**

**٣. پۆستپۆزیشن**

**لەو ڕۆژانەدا (لەو ڕۆژانەیا)**

**بە بەر مزگەوتەکەدا ڕۆشتم (بە بەر مزگەوتەکەیا ڕۆشتم)**

**(دوو) کە (د) بە تەواوی لا دەبرێت:**

**خۆیان بدەن بە کوشت (خۆیان بەن بە کوشت)**

**بە لای مندا تێپەڕی (بە لای منا تێپەڕی)**

**ئەبێ نیشانی بدا (ئەبێ نیشانی با)**

**(سێ) کە (د) لا دەبرێت و کۆنسونانتەکەی پێشی (ڵ، م، ن) دووبارە دەکرێتەوە:**

*** لە کرداردا**

**تێی هەڵدا (تێی هەڵڵا)**

**ئەم کێشەیە چۆن سەری هەڵدا؟ (ئەم کێشەیە چۆن سەری هەڵڵا؟)**

**تێی هەڵدە (تێی هەڵڵە)**

**جورئەتم دایە خۆم (جورئەتمایە خۆم)**

**جوابمان دایەوە (جوابماننایەوە)**

**بەرپەرچیان دانەوە (بەرپەرچیاننانەوانێ)**

**ئەمداتێ (ئەمماتێ)**

*** لە ناو و ئاوەڵناودا**

**باڵدار (باڵڵار)**

**کراسێکی گوڵدار (کراسێکی گوڵڵار)**

**بۆندار (بۆننار)**

**گاندەر (گاننەر)**

**زامدار (زاممار) کە لە ناوچەی دیکەدا بووە بە: زامار.**

جارێکیان لە ڕۆژنامەیەکی کوردیدا تێکستێکم خوێندەوە، کە ئەم ڕستانە سەرنجیان ڕاکێشام (...ئاگای لە هەموو ئەو دەنگی لێیان و هاوارانەی من بوو کە لێیان ئەیام... ئیتر ئەو شەوە زۆریان لێیاین...).

بۆ ئەو بەشەی پرسیارەکەت کە ئایا ئەمە ڕاستە؟ دیارە ئەمە پێوەستی ئەوەیە چۆن، بە چ شێوەیەک و لە کام جێگەدا بە کار دەبرێت؟ وەک پێشتریش زۆر جار وتوومە، ئەگەر کەسێک (داپیرەیەک لە کۆڵانەکەی خۆیاندا، سەوزەفرۆشێک لە بازاڕ، بازرگانێک لە دوکانەکەی خۆیدا، تەنانەت مامۆستایەک/ نووسەرێک لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆی یا لەگەڵ هاوڕێکانیدا) بەم شێوەیە قسە بکات، دەبێ ئاسایی بێت و ناکرێ بڵێین هەڵەیە. لەوە بترازێت، کە کار گەیشتە نووسین، یا قسەکردن لە دەستگایەکی سەرتاسەریی ڕاگەیاندنەوە (ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن)، بێگومان هەڵەیە و تاوانێکە بەرانبەر زمان. ئەم شێوە ناوچەیی و هەرێمییانە لە زمانی ستانداردا جێگەیان نادرێتێ. نووسەرێک دەتوانێت لە شانۆنامەیەکدا هەندێ لە گفتوگۆیەکان بە شێوەزمانی ناوچە و هەرێمی خۆی بنووسێت، لە ڕۆمانێک یا کورتەچیرۆکێکدا بۆ نواندنی شێوەی ئاخاوتنی کەسێکی یا کەسەکانی ناو تێکستەکەی ئەو شێوەیە بە کار ببات. بەڵام لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆندا، لە کتێبی خوێندنگەکاندا، لە زانستگە، یا لە بەڵگەنامەیەکی حوکوومەتدا نابێ بە کار ببرێت. ئێمە ئەگەر ڕێگە بە (نامماتێ و لێی یا)ی سلێمانی بدەین، دەبێ ئەوکات ڕێ بە (هینایتم و خواردیتی)ی هەولێر، (دامەسەی پی و نییەسمان)ی خانەقی، (ماڵ باوک شیرین و ئەڕواتۆ)ی کەرکووک، (ژن تێرێ و وە من یەژێ)ی گەرمیان، (لە ماڵە عەزیزی و سەنیر)ی سابڵاخ و (تویچ لێمان بووگی بە شاعیر)ی سنەیش بدەین. ئیتر ئەو کاتەیش دیارە ئەنجامەکە چی دەبێت.

**نامەی سێیەم:**

کاکە گیان

پرسیارەکانت سەر بە چوار بەشی ڕێزمانن. من هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی سادە و لەگەڵ نموونەدا وەڵامت بدەمەوە، بەڵام جاروبار ناچار دەبم تێرم (زاراوە)ی زانستیی ڕێزمانیش بە کار ببەم، کە ئەوە ڕەنگە برێک بۆ تۆ خۆش نەبێت.

کار، کردار (فیعل) بە دوو شێوە دادەڕێژرێت: یەکەم: کاری سادە، واتە هەر یەک وشەیە، لە چاوگەوە بەپێی چەند بنەمایەکی ڕێزمان وەرگیراوە و لە چەند

دۆخێکدا بە کار دەبرێت: ڕابوردوو، ڕانەبوردوو، داهاتوو...هتد. خواردن، نووسین، کوشتن، کەوتن، مردن، چوون. ئەمانە چاوگن (مصدر)؛ سێی یەکەمیان کاری تێپەڕن، واتە بەرکار (مفعول) وەردەگرن (یا دەتوانن وەربگرن)، سێی دووەم تێنەپەڕن، واتە بەرکار وەرناگرن. چاوگ خۆی زەمانی نییە، واتە پێت ناڵێ کەی ڕووی داوە، یا ڕوو دەدات. تۆ کە دەڵێی خواردن، چوون یا نووسین، باسی دوو لایەنی تێدا نییە:

(یەک) **پێت ناڵێ چ کاتێک خواردن و چوون و نووسین ڕووی داوە؟**

(دوو) **هەروەهایش پێت ناڵێ، کێ کارەکەی کردووە؟**

لەو چاوگانە ئێمە دەتوانین، کاری گەردانکراو دروست بکەین. ئەودەم هەم ناچارین زەمان دیاری بکەین، هەمیش بکەر. کارەکانی: دەخۆم، خواردم، بخۆم، خواردوومە، دەمخوارد، نەمدەخوارد، خواردبووم، بمخواردایە، خواردبێتم، هەر یەکێکیان زەمانێکی جیاواز و مۆدووسێکی جیاوازی هەیە، بەڵام لە هەموویاندا بکەر هەر کەسی یەکەمی تاکە، واتە (من). کارەکانی: دەنووسم، دەنووسێت، نووسیمان، دەیاننووسی، بکوژە، کوشتبووم، نەمانکوشت، دەکەوم، کەوتم، کەوتووم، دەکەوتیت، کەوتبوو، بکەوتیتایە، نامریت، مردبووین، دەمردن. ئەمانە زەمانی جیاواز و بکەری جیاوازیان هەیە.

کردار، وەک وتم، دوو جۆری سەرەکیی هەیە: سادە و لێکدراو. سادە ئەوەیە کە هەر تەنیا وشەیەکە، کە باسی ڕوودانێک دەکات، وەک هاتن، بردن، کڕین، کەوتن. لێکدراو ئەو کردارەیە کە لە کردارێکی سادە و هەندێ بەشی تر پێک دێت (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، پریپۆزیشن...هتد). بۆ نموونە: سەرکەوتن، پێشخستن، گەرمبوون، پیسکردن، لێدان. هەندێ جار کرداری لێکدراو لە بەشێک (پێشگرێک) و کردارێکی سادە پێک دێت، بەڵام پێشگرەکە خۆی بە تەنیا هیچ مەعنایەکی نییە، وەک: هەڵگرتن، دابەزین، دەرچوون، ڕۆکردن، وەرگرتن، ڕاهێنان... ئەم دوو پرسیارەی تۆ لە خوارەوە لەسەر ئەو بەشەی کردارن.

**گرفتەکانی من ئەمانەن:**

- **"ڕا" لە فیعلەکانی: ڕاگرتن/ ڕابواردن/ ڕاهەژاندن/ ڕاتەکاندن. بۆ نموونە ڕاگرتن: ڕامگرت/ ڕاتگرت/ ڕایگرت (ئایا ئەوانە پێکەوە دەنووسرێن؟) ئەدی ئەگەر حاڵەتە زەمەنییەکانیان بگۆڕدرێ؟ بۆ نموونە: ڕامدەگرێ/ ڕایدەگرێ و... ڕایانگرت و ڕایاندەگرت و ڕایاندەگرم و... (مەبەستم لە هەموو حاڵەتە زەمەنییەکاندایە. ئەم "ڕا"یە چۆنە؟ جیا لە فیعلەکان دەنووسرێ؟)**
- **"هەڵ" لە حاڵەتەکانی: هەڵگرتن: هەڵمگرت یان هەڵم گرت؟ هەڵهێنان: هەڵی هێنا یان هەڵیهێنا؟ هەڵدان (بە مانای گوتن) هەڵی دایە؟ یان هەڵیدایە؟ هەڵکێشان: هەڵی کێشا یان هەڵیکێشا. هەڵم کێشا، هەڵمان کێشا؟**

لەبەر ئەوەی (ڕا، هەڵ، وەر، دەر، ڕا، ڕۆ، وەر) خۆیان هیچ مەعنایەکیان نییە، لە گەردانکردندا، پێویست ناکات لە کردارە سادەکە جیا بکرێنەوە، واتە لە ڕانەبوردوو و ڕابوردوودا هەر پێکەوە دەنووسرێن. بنووسە: ڕایدەگرم، هەڵتاندەگرم، دادەبەزین، وەریانگرە، ڕۆتانکرد... بۆ ڕابوردوویش: ڕامانگرت، هەڵمانگرتن، دانەبەزیبووین، وەرتانگرت، ڕۆیکرد...هتد

- **"دە" لە فیعلەکانی: دەیدەمێ/ نایدەمێ/ دەیاندیت/ دەیانبیست/ دەیانویست/ دەیکڕێ**
- **"نە" لە حاڵەتەکانی نەفیکردندا: نەیبا یان نەی با؟ نەیخوارد یان نەی خوارد؟**
- **"نەیان" و "نەمان": نەیانزانی نەمانزانی نەماندیت نەیانبیست. ئەمانە جیا لەیەک دەنووسرێن؟**

لەم کردارانەدا (دە) و (نە) لە کردارەکان جیا ناکرێنەوە، چونکە پێشگری کارن (Verbal suffix) و بەشێکن لە پێکهاتەی کارەکە. بنووسە: دەیدەمێ، نایدەمێ، دەماندیتن، دەتانویست، دەیکڕی، مەیکڕە، نەچووبووین، نەمانزانی، نەماندەزانی، نەیانبیست...

- **"تێ" لە فیعلەکانی: تێگەیشتن/ تێگەیاندن/ تێیهەڵدان/ تێیخوڕین و... لە گەردانکردندا لێک هەڵدەبڕێن؟**
- **"لێ" لە فیعلەکانی: لێنان/ لێدان/ لێدران. بۆ نموونە: لێمنا، یان: لێم نا؟ لێم دا**

**یان لێمدا؟ لێمان نا یان: لێماننا لێی درا؟ یان لێیدرا؟**
**• "پێ" له فیلعه‌كانی: پێكه‌نین/ پێزانین نموونه: كابرا پێكه‌نی یان پێ كه‌نی؟ پێی زانی؟ یان پێیزانی؟ پێیمانزانی/ پێمان زانی**

(تێ، لێ، پێ) له‌م كردارانه‌دا پریپۆزیشنی گونجێنراون (یا هه‌ڵهێنجراون) [ئه‌م دوو ناوه ڕه‌نگه زۆر چاك نه‌بن، به‌ڵام با بمێنێ، ئێستا ئه‌وه كێشه نییه]. (تێ) له بنه‌ڕه‌تدا (له) یا (ده) بووه و گۆڕاوه. (لێ) له بنه‌ڕه‌تدا (له) بووه و (پێ) له بنه‌ڕه‌تدا (به) بووه. له‌و كردارانه‌دا من پێم باشه له كاتی گه‌ردانكردندا جیا بكرێنه‌وه، ته‌نیا له (پێكه‌نین)دا نه‌بێت، چونكه ئه‌و كرداره سه‌ری لێ شێواوه و له كوردیی ناوه‌ندیدا قوڕ كراوه به سه‌ریدا، ده‌نا له بنه‌ڕه‌تدا (كه‌نین) بووه و وای به‌سه‌ر هاتووه. هه‌موو كرداره‌كانی دیكه، وه‌ك وتم، به جیا بیاننووسه:

تێی گه‌یاندن، تێمان خوڕین...

لێم نا، لێمان دابوون، لێتان نه‌سه‌ندایه، لێی درا

پێی بزانی، پێت نه‌زانیبوو، پێتان نه‌گوتبوون، پێمان ناڵێن

وه‌ك عه‌رزم كردیت، ته‌نیا پێكه‌نین جیاوازه، بنووسه: ئه‌وان پێكه‌نین، ئێمه پێناكه‌نین، تۆ پێكه‌نیبوویت... هۆیه‌كه‌یشی ئه‌وه‌یه، له بنه‌ڕه‌تدا پێكه‌نین، مه‌عنای ئه‌وه بووه (به كه‌سێك بكه‌نی)، كه‌چی ئێستا ناچاریت بڵێیت، (به كه‌سێك پێبكه‌نی). ئێستا ناچاریت بڵێیت، یا بنووسیت: به‌و كوڕه پێمه‌كه‌نه، پێی پێمه‌كه‌نه، به ئێمه پێكه‌نین، پێمان پێكه‌نین. واته ئێمه ناچارین پێكه‌وه بینووسین و جیای نه‌كه‌ینه‌وه، به‌ڵام كرداره‌كانی دیكه به جیا ده‌نووسین.

**• "ڕا"یه‌ك هه‌یه كه له دوای فیعله‌وه دێ (پاشگری پێ ده‌ڵێن؟) وه‌ك: له وێڕا/ له خۆڕا له بنڕا ئایا ئه‌وانه پێكه‌وه ده‌نووسرێن یان جیا ده‌كرێنه‌وه؟**

ئه‌و (ڕا)یه‌ی ده‌فه‌رمووی، پێی ده‌گوترێ (پۆستپۆزیشن) و كوردی یه‌كێكه له زمانه كه‌مه‌كانی دنیا كه ئه‌و شته‌ی هه‌یه. ئه‌م پۆستپۆزیشنه پێشانده‌ری كاسووسی (ئابلاتیڤ)ه. له ڕاستیدا (ڕا) هیچی له (ـه‌وه) جیاواز نییه. تۆ كه

دەڵێی (لە سابڵاخڕا) واتە (لە سابڵاخەوە) (لەوێڕا: لەوێوە)، (لە خۆڕا: لە خۆوە). من پێم وایە دەبێ (ڕا) لەگەڵ وشەکەی پێش خۆیدا بنووسرێت.

- **"لە" لە نووسینی: لەسەر/ لەنێو/ لەژێر/**

ئەمانە پریپۆزیشنی لێکدراون و پێکەوە بنووسرێن ڕاستترە، تەنیا ئەگەر (سەر) و (نێو) بە مەعنای دیکە بە کار هێنرابوون، ئەودەم جیا دەکرێنەوە. بۆ نموونە (لە سەری مەدە، لە ڕانی بدە)، یا (نێوی تۆ لە نێوی ئەو جوانترە).

**نامەی چوارەم:**

گەنجێکی کورد، کە ئێستا لە بیریشم نەماوە ناوی چی بوو، لە ڕێگەی دۆستێکەوە نزیکەی دە پرسیاری بۆ ناردبووم و پرسیارەکانی بە زمانی سوێدی نووسیبوون. لەو ماوەیەدا لەسەر پرۆگرامێکی کۆمپوتەر کاری دەکرد بۆ گونجاندنی زمانی کوردی لەگەڵ هەندێ پرۆگرامی تایبەتی کۆمپوتەر و ئینتەرنێتدا. من بە کوردی وەڵامم دایەوە، چونکە نووسیبووی کوردی دەخوێنێتەوە. لێرەدا تەنیا ئەو پرسیار و وەڵامانەم هێشتوونەوە کە ڕەنگە خوێنەری کورد بە گشتی سوودێکی لێ ببینن.

**ئایا کورمانجی و سۆرانی و هەموو دیالێکتەکانی دیکە کە ئەلفوبێی لاتینی بە کار دەبەن، ڕیزکردنی تیپەکان لای هەموویان وەک یەکە؟**

دیالێکتێک نییە ناوی سۆرانی بێت، چاکترە پێی بڵێین کوردیی ناوەندی. لە دیالێکتە کوردییەکاندا تەنیا کرمانجییە (ئەویش بەشێک لە کرمانجی، نەک هەمووی) کە بە ئەلفوبێی لاتینی- تورکی دەنووسرێت، لەبەر ئەوە کە باسی ڕیزبوونی حەرفە کوردییەکان لە ئەلفوبێی لاتینیدا بکەین، دەبێ تەنیا باسی کرمانجی بکەین.

**ئایا دەبێ (ح، غ) بخرێنە ناو ئەلفوبێوە یا مرۆڤ دەتوانێ بڵێ ئەمانە کوردی نین و لە خواری خوارەوە دایانبنێت؟**

ئەم دەنگانە کوردین، بەڵام ئەگەر بۆ ئەلفوبێی لاتینیی کرمانجی نیشانەیان بۆ دانەنراوە، چونکە دانەری ئەو ئەلفوبێیە ویستوویەتی هەتا بکرێت ئەلفوبێیەکەی لە تورکییەوە نزیک بێت. لە ئەلفوبێی کوردیدا ئەو دەنگانە نیشانەیان بۆ دانراون (ح، غ).

| |
|---|
| **ئایا تیپی (حەرفی) (ع) چیی بەسەر دێت لە ئەلفوبێی لاتینیدا؟ ئەگەر نیشانەی (ʼ)ی بۆ دابنرێت دەبێ جێگاکەی کوێ بێت؟** |

دەنگی (ع) لە ئەلفوبێی کوردیدا هەیە و بە کار دەبرێت و ئەمڕۆ فۆنیمێکی کوردییە. ئەگەر لە ئەلفوبیی لاتینیی کرمانجیدا جێگەی نەدراوەتێ، ئەوە کێشەی ئەو کەسانەیە کە پێی دەنووسن و هیچ چارەسەرێکیشیان بۆی نەدۆزیوەتەوە.

| |
|---|
| **ئایا ئەم ڕیزکردنەی ئەلفوبێی کوردی-عەرەبی ڕاستە؟ ئەگەر نا، کام ڕیزکردنە ڕاستە؟ ئـ، ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن،هـ، ە، و، وو، ۆ، یێ، ی** |

ئەم ڕیزکردنە تا ڕادەیەک ڕاستە، بەڵام هەموو کوردیزانان لەسەری ڕێک نین. بۆ نموونە من خۆم پێم وایە (ئەلف – ا) حەرفی یەکەم بێت چاکترە و دوای ئەو (هەمزە – ئـ ) بێت. هەروەها بەرەو کۆتایی، هەندێ کەس جێگۆڕکێ بە (هـ) و (و) دەکەن. لەم ڕیزکردنەدا تۆ نیشانەی (ئوێ: Ö)ت دانەناوە کە فۆنیمێکی کوردییە و، پێم وایە، دەبێ نیشانەی هەبێت.

**نامەی پێنجەم:**

برای خۆشەویست

ڕاستییەکەی خۆم لەم ماوەیەدا دەمویست لێکۆڵینەوەیەک لەسەر (ی) ئامادە بکەم، بەڵام تەنی نادروستم و هەروەهایش پڕکاریی خۆم بە هۆی زانکۆوە، ڕێگەی نەداوم ئەو بابەتە تەواو بکەم. لەبەر ئەوە ناچارم لێرەدا هەروا بە کورتی شتێکت بۆ بنووسم کە زیاتر لە (فەتوا) دەچێت تا ڕوونکردنەوە.

پێوەندیی ناو و ناو، هەروەهایش پێوەندیی ناو و ئاوەڵناو لە کوردیدا بە دوو شێوە دروست دەکرێت، کە یەکێکیان بە هۆی (ی)یەوە دەبێت. ئێستا بۆ ئێمە ئەمەیان گرنگترە.

وەک بنەمایەک ئەو (ی)یە دەکرێ کۆنسونانت بێت یا ڤاوڵ (ڤۆکال)، بەپێی ئەوەی وشەی پێش خۆی بە کۆنسونانت یا ڤاوڵ تەواو بووە، بەڵام ئەمەیش گرنگ نییە، چونکە ئەلفوبێی کوردی ئەوەیشی چارەسەر کردووە و مایەی نیگەرانی نییە. کەواتە وشەکە هەرچییەک بێت، تۆ (ی)ێکی بخەرە سەر، بەو شێوەیە پێوەندیی ئیزافە دروست دەبێت .

تۆ پێشەکی بڕیار بدە، دەتەوێ باسی (ڕۆشنبیر) بکەیت یا (ڕۆشنبیری)؟ کە ئەمەت زانی و بڕیارت دا، ئیتر ئاسانە. تەنیا (ی)یەکی لێ زیاد بکە تا ئیزافە دروست ببێت.

نموونەیەکی باشتر و تۆزێکیش پێکەنیناوی ئەوەیە کە زۆرجار باسم کردووە. تەماشایەکی ئەم دوو ڕستەیە بکە:.

**قازی مەهاباد گۆشتی خۆشە**

**قازیی مەهاباد کوردێکی نیشتمانپەروەرە**

لەم دوو ڕستەیەدا ئێمە باسی (قاز) و (قازی) دەکەین. بەڵام هەندێ کوردینەزان ئەو دوو چەمکە وا تێکەڵ دەکەن کە ئیتر هیچ مەعنایەکی نەبێت. ئەمانە بخوێنەوە:

**قازی مەهاباد کوردێکی نیشتمانپەروەرە**

**قازیی مەهاباد گۆشتی خۆشە**

کە دیارە هەردوویان قسەی پووچن. تەنیا نەزانینی بنەماکانی ڕێزمانی (ئیزافە: Genitive) ئەم گۆبەندە دەنێتەوە.

ئەوەی تۆ نووسیوتە (ڕۆشنبیری لە زانکۆدا) یا (نەخوێندەواری لە زانکۆدا) ڕاستە و هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە. ئەو مەترسییەی کە ڕەنگە مەعنای ئەوە بدات کە (تۆ نەخوێندەواری...). ئەوەیان لە نەزانینی ڕێزمانەوە، یا بێدەربەستبوونەوە، دروست دەبێت، چونکە شێوەی ڕاستی ئەو ڕستەیە دەبێ ئاوا بێت (تۆ

نەخوێندەواریت...). کورد لەبەر تەمبەڵی [!] تاقەتی وتن و نووسینی ئەو (ت)یەی نییە. بەڵام هەر ئەو دوو وشەیە لە ڕستەی دیکەدا و بۆ دۆخی ئیزافە لەوەیە پێویستیان بە دوو (ی) بێت:.

**ڕۆشنبیریی ئەم وڵاتە زۆر نزمە.**

**نەخوێندەواریی ئەو خەڵکە هۆی سەرەکیی نەخۆشییەکانە.**

**نامەی شەشەم:**

برام...

لە کوردی و لە زۆر زمانی دیکەیشدا، هەندێک ئاوەڵکار بە دانانی پاشگر یا پێشگرێک بۆ ناو، یا ئاوەڵناوێک دروست دەکرێت. هێندەی من ئاگادار بم، زۆربەی زمانەکان لەوەیە پاشگر بنووسێنن بە وشەوە، بەڵام بۆ دروستکردنی ئاوەڵکار پێشگرەکەی لەگەڵ نانووسن، بەڵکە هەر بە جیا دەمێنێتەوە. تەماشای ئینگلیزی بکە:

In brief, in detail, with care, with pleasure, in silence, in a sudden

بەڵام ئەگەر پاشگر بوو پێوەی دەنووسێنێت:.

Carefully, Briefly, Heartily, Silently, Suddenly, accordingly

لە سویدییشدا هەر وایە:

Med glädje: glatt; i samma tid: samtidigt; i hastighet: hastigt

لە زمانی عەرەبییشدا ئەم دیاردەیە بەدی دەکەین:

**عن عمد: عمدا، عن قصد: قصدا، فی الختام: ختاما**

لە کوردییشدا دەبینی کاتێک بە پاشگر ئاوەڵکار دروست بکەین هیچ گرفتێکمان لە پێکەوەنووسینیاندا نییە. دەڵێین و دەنووسین:

پیاوانە، کچانە، شێرانە، مەستانە، دوژمنانە.

یا دەگوترێت:

**خۆتئاسا، کوردئاسا** (**کورداسا**).

بەڵام بۆ پێشگر هەمیشە مەترسیی ئەوە هەیە کە لەگەڵ وشەی دیکەدا تێکەڵ ببێت و مەعناکەی بگۆڕێت. بە کورتی، من پێم وایە ئاوەڵکار ئەگەر لە

پریپۆزیشنێک و ناوێک یا ئاوەڵناوێک (یا چەند بەشی تریش، بۆ نموونە دەستەواژەیەک) دروست کرابوو، پێکەوە نەنووسرێن چاکترە. بنووسە:

**بە ڕاستی** (**نەک بەڕاستی**)

**بە خۆشییەوە** (**نەک بەخۆشییەوە**)

**بە شێوەیەکی جوان** (**نەک بەشێوەیەکی جوان**)

**وەک پلنگ هەڵمەتی برد** (**نەک وەکپڵنگ...**)

دەبێ ئەوەیشمان لە بیر بێت کە لە زمانی کوردیدا، زۆر جار ئاوەڵناویش دەکرێتە ئاوەڵکار و هیچ گۆڕانێکیش لە شێوەیدا ناکرێت:

**ژوورەکەی پاک ماڵی**

**ئاهەنگەکەی جوان ڕازاندەوە**

**ئەو باش بۆی چوو**

**سوور دەمزانی درۆ دەکات.**

**لە کۆتاییدا:**

کێشەکانی ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی زۆر لەوە زیاترن کە نووسینێکی وەک ئەم نووسینەی من چارەسەریان بکات. ئەو ئاژاوەیەی لە بواری ڕێنووسدا لە کتێبی خوێندنگەکان و ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا دەیبینین، باوەڕ ناکەم لە هیچ زمانێکدا وێنەی هەبێت. ڕۆژنامەکانی کوردستان بچووکترین بنەماکانی ڕاستنووسین ڕەچاو ناکەن. چۆنیان بوێت، وەها دەنووسن. ئەگەر هەڵەکردنی ئەو ڕۆژنامانە بەو جۆرە ببووایە کە هەمیشە وشەیەک بە یەک شێوە دەنووسن، کە ڕەنگە بە لای منەوە هەڵە بێت و ئەوان بە ڕاستی بزانن، دەکرا قسەیان لەگەڵدا بکرێت. بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەوان هیچ بنەمایەکیان بۆ نووسین نییە. دەبینیت لە ڕستەیەکدا (لە)ی پریپۆزیشن نووسێنراوە بە وشەکەی پاش خۆیەوە، بەڵام دوو ڕستە دواتر بە جیا نووسراون. یا (و)ی پێوەندی لەگەڵ وشەکەی پێش خۆیدا نووسراوە، کەچی لە جێگەیەکی تردا جیا کراونەتەوە. کێشەی (ی) ئیزافە و نووسینی (یی) بۆ هەندێ ناوی ئابستراکت، گاڵتەبازییەکە خۆیشیان نازانن

سەرەتاکەی کامەیە و ئەنجامەکەی دەگاتە کوێ. ئێستا لە کوردستان بووە بە باو، کە نووسەرێک زۆر بە ئاسانی دەتوانێ بڵێت "من ڕێنووسی خۆم هەیە". کەسیش لێی ناپرسێت، جەناب تۆ کە نە زمانناسیت و نە کوردیزانیت ئەم ڕێنووسەت لە کوێوە هێناوە؟

لەم بوارەدا ئەگەر دەستگایەکی زانستیی باڵا هەبووایە کە ڕینوێنی و بڕیارەکانی شایانی پێڕۆییکردن و ڕێزگرتن ببووایەن، بۆ نموونە ئەکادیمیایەکی زمانەوانی و زانستی، دەکرا کێشەکانی زمانی کوردی، بە تایبەت ڕێنووس و ڕێزمان، لە ماوەیەکی کورتدا چارەسەر بکرانایە. دەستگایەکی وەها کاتێک ڕێزی دەگردرێت و قسەی دەیخوات کە ئەندامەکانی ئەوەندە شارەزا و پسپۆر و لێزان بن، کە بتوانن بە هێزی بەڵگەی زانستی بۆچوونەکانی خۆیان بسەپێنن. بەڵام لە کوردستاندا دەستگایەکی وەها نییە.

**ڕێنووس و بنەماکانی ڕاستنووسین بە تەواوی گرێ دراون بە زانینی ڕێزمانەوە. ئەوەی شارەزای ڕێزمان نەبێت ناتوانێ هیچ شتێکی بەسوود لەبارەی ڕێنووسەوە بڵێت. مەرجێکی بنەڕەتی بۆ زانینی ڕێنووس ئەوەیە کە شارەزای ڕێزمان بیت، بەڵام هەر کەسێک شارەزای ڕێزمان بوو مەرج نییە شارەزای ڕێنووسیش بێت.**

# چەند سەرنجێکی زمانەوانی لەمەڕ " مەسەلەی یەکخستنی زبانی نووسینی کوردی"

سوداد ڕەسووڵ

لە ژمارەی پێشووی گۆڤاری زمانناسی وتارێکی مامۆستای خوالێخۆشبوو عیسمەت شەریف وانلی بڵاو کرایەوە بە ناوی "مەسەلەی یەکخستنی زبانی نووسینی کوردی" کە تیایدا سەبارەت بە کێشەی زمانی ستاندارد یان زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی دەدوێ. هەرچەندە ئەم وتارە، بە گوێرەی ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی، لە سەرەتای ساڵەکانی شەستی سەدەی ڕابردوو لە گۆڤاری (هیوا)ی ژمارە ٣٠ بڵاو بۆتەوە، بەڵام ئەم کێشە زمانییە هەتا ئێستاش جێگەی مشتومڕە و چارەسەرێکی یەکجاری بۆ دانەنراوە.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەم کێشەیە هەرچەند بە شێوەیەکی زانستی تاوتوێ بکرێ، دەکرێ باشتر و خێراتر چارەسەر بکرێ، چونکە ئەم کێشەیە پێش ئەوەی کێشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و کولتووری بێ، باسێکی ئەکادیمییە، بۆیە پێویستە لەبەر تیشکی پێوەرە زمانەوانییەکان تاوتوێ بکرێ و گفتوگۆی زانستی لەسەر بکرێ، ئەوجا یەکلا بکرێتەوە.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە نووسەر لە تێکڕای وتارەکەی، باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە دەبێ کورد وەک نەتەوەیەک، زمانێکی یەکگرتووی هەبێ، بۆ گەیشتن بەم زمانەش کۆمەڵێک بۆچوون و پێشنیازی هەیە، کە شایانی ئەوەن توێژینەوەیان لەسەر بکرێ. لەم کورتە باسەدا هەوڵ دەدەین ئەم بۆچوونانەی نووسەر بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لە سەرەتای وتارەکەیدا نووسەر باس لە زۆریی ژمارەی کرمانجی ئاخێوەکان دەکا و دەیکاتە پێوەرێک کە پێویستە لە مەسەلەی یەکلاکردنەوەی زمانی یەکگرتووی کوردی ڕەچاو بکرێ. بەپێی ئاماری ئەو کاتە ژمارەی کورد بە ١٣

ملیۆن دەخەملێنێ و پێی وایە ٦٢% کورد کرمانجی ئاخێون، لە بەرامبەر ئەوەش ژمارەی سۆرانی ئاخێو بە ٩% دەخەملێنێ، چونکە پێی وایە تەنها لە کوردستانی عێراق بە سۆرانی قسە دەکرێ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە ئەردەلانی و موکریانی قسە دەکەن.

وەک ئاشکرایە لە دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، کرمانجیی ناوەڕاست کە بە هەڵە پێی دەگوترێ سۆرانی، دووەم گەورەترین دیالێکتی کوردییە، لە ڕووی ژمارەی ئاخێوەرانی و پانتایی جوگرافییەوە لە دوای کرمانجیی باکوور دێت، سۆرانی تەنها بنزارێکی سەر بەم دیالێکتە گەورەیە، بنزارەکانی دی وەک سلێمانی و موکری و گەرمیانی و ئەردەلانی هەموویان لەیەک نزیکن لەگەڵ یەک تێگەیشتنیان هەیە، بەڵام نووسەر ئەوانەی لەسەر سۆرانی حیساب نەکردووە هەر وای زانیوە کە سۆرانی هەر لە بەشی کوردستانی عێراق قسەی پێ دەکرێ. ئەمە وێڕای ئەوەی کە ئەم زمانە ستانداردەی کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان پێی دەنووسرێ و بۆتە ئامرازێک بۆ سیستەمی پەروەردە و و زانکۆ و ڕاگەیاندن و زمانی حکومەت، هەر هەمان زمانی ستانداردە بۆ ئاخێوەرانی موکری و ئەردەلانی و گەرمیانی و سلێمانی، کەواتە خەملاندنی کرمانجیی ناوەڕاست و ژمارەی ئاخێوەرانی نابێ ٩% بێ کە ئەمە زۆر کەمە.

هەڵبەت ئێمە ئامارێکی تەواومان لەبەر دەست نییە، بۆیە هەر خەملاندنێک بکەین ڕەنگە بە هەڵە دەرچێت، بەڵام ئەوەی کە جێگەی گومان نییە، وەک باسی لێوە کرا، کە کرمانجیی ناوەڕاست دووەم دیالێکتی گەورەی زمانی کوردییە و پانتاییەکی گەورەش لە جوگرافیای ناوەڕاستی کوردستان دەگرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، کێشەی یەکلاکردنەوەی زمانی ستاندار هەرگیز لەسەر بنەڕەتی زۆری و کەمی ژمارەی ئاخێوەرانی نەبووە، بەڵکو زمانی ستاندار ئەو دیالێکتەیە کە دەسەڵاتی نووسینی هەیە و پشتگیری سیاسی و ئابووری هەیە وەک زمانەوانی ناسراو ماکس ڤاینرایش Max Weinreich دەڵێ: " **زمانی ستاندارد ئەو لەهجەیە کە سوپا و کەشتی هەیە**" واتە زمانی ستاندارد زمانێکە ئابووری و سوپا و دەسەڵاتی لە پشتە، نەک زۆری ژمارە و بەرفراوانی پانتایی جوگرافی.

دواتر دێتە سەر جووت ستانداردی زمانی لە نێوان هەردوو لەهجەی سەرەکی زمانی کوردی (کرمانجیی باکوور و کرمانجیی ناوەڕاست)، پێی باشە هەردوو

لەهجە لەپاڵ یەک لە بواری پەروەردە بە کار بێن، بۆ ئەمەش زمانی نەرویج بە نموونە دێنێتەوە وەک چارەسەرێک باسی دەکا بۆ کێشەی زمان لە کوردستان.

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەزموونی نەرویج بدرێ، ئەزموونێکی تایبەت بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی نەرویجە، ئەم ئەزموونە ناکرێ لە شوێنێکی دی کۆپی بکرێتەوە، بە تایبەت کوردستان، چونکە ئەم زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە کوردستان بوونی نییە. لە نەرویج دوو زمانی ستاندارد هەیە: بۆکمۆل و نینۆرشک، ئەوەی یەکەم لەهجەیەکی زمانی نەرویجی نەبووە، بەڵکو پاشماوەی زمانی دانمارکییە لە نەرویج، چونکە نەرویج بۆ ماوەیەکی درێژ لە لایەن دانمارکییەکانەوە حوکمڕانی کراوە و زمانەکەشیان لەوێ باڵادەست بووە، بۆیە ئەم زمانە دانمارکییە لە نەرویج دەمێنێتەوە و هەندێک گۆڕانی دەنگسازی بە سەردا دێن و دواتر وەک زمانێکی نەرویجی قبوڵ دەکرێ. زمانەکەی دی نینۆرشک بە ئەسڵ نەرویجییە و لە نێو دیالێکتەکانی ڕۆژئاوای نەرویج پەیدا بووە، وەک پێویستییەکی نەتەوەیی کە دەبوایە نەتەوەی نەرویجی زمانی خۆی هەبێ، پەیدا بوو. بۆیە نەرویج لە کۆتایی سەدەی بیستەم ڕووبەڕووی دوو زمان دەبێتەوە، بە ناچاری دەسەڵاتی نەرویج هەردوو زمان قبوڵ دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا چونکە ئەم ڕەوشە زمانییە لە وڵاتەکە مایەی کێشە بوو بۆ یەکێتیی نەتەوەیی نەرویجی، دەسەڵاتی نەرویجی هەوڵی پێکهێنانی زمانێکی هاوبەش دەدا بە ناوی (سامنۆرشک) واتە نەرویجی هاوبەش، کە ئەمەش لە کۆتاییدا سەرکەوتوو نابێ و پەرلەمانی نەرویج بە ڕەسمی ڕایدەگەیەنێ کە زمانی هاوبەشی نەرویجی چیدی پشتگیری ناکرێ و زیاتر بایەخ بە بۆکمۆل دەدرێ کە زمانی خوێندن و زانکۆ و کتێبە.

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەزموونی نەرویجی بۆ هەلومەرجی زمانی کوردی ناگونجێ، چونکە ئەو هەلومەرجەی لەوێ ئەم دوو زمانەی دروست کردووە هیچیان لە کورستان بوونی نییە، بۆیە ڕاست نییە بۆ لەهجەکانی زمانی کوردی ئەزموونی نەرویج بکرێتە نموونە و لە کوردستان کۆپی بکرێتەوە.

نووسەر لە وتارەکەی تەئکید لەوە دەکاتەوە کە کرمانجی ئاخێوەکانی باشووری کوردستان لە سەردەمی حوکمڕانی ئینگلیز لە عێراق بە تایبەت ئەو سەردەمەی کە عێراق لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیدا بووە، نارەواییەک دەرهەقیان ئەنجام دراوە کە لە خوێندن بە دیالێکتی خۆیان بێبەش کراون، بۆیە ئەمڕۆ

پێویسته ئەم نارەواییە لەسەر ئەم دیالێکتە کوردییە هەڵبگیرێ و ڕێگە بدرێ بە شێوەزاری خۆیان بخوێنن. ئەم بۆچوونەی نووسەر ئەگەر لە ڕووی سیاسییەوە هەندێک ڕاستیی مێژوویی لە پشت بێ، بەڵام لە ڕووی نەتەوەییەوە بۆ باشووری کوردستان ڕاست نییە، هەرێمەکە بەرەو گەڕەلاوژەیەکی زمانی دەبات، چونکە درێژبوونەوەی سێ دیالێکتی سەرەکی کوردی لەم بەشەی کوردستان هەیە، ئەگەر هەر ناوچەیەک بە لەهجەی خۆی بخوێنێ، دەبێ لەم هەرێمە چوار زمانی کوردیمان هەبێ کە ئەمەش ڕاست نییە، بە دەستی خۆمان ئەم ئاژاوە زمانییە لە هەرێمەکە دروست بکەین.

لە شوێنێکی دیکەی وتارەکەی دێتە سەر باسی یەکخستنی ئەلفوبێ، کە ئەو پێی وایە کوردەکانی باکوور ناتوانن ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی فێر بن، لەم بارەیەوە، دەڵێ: " **شتێکی زۆر گرانە کە کرمانجی بە پیتی عەرەبی بنووسرێ لەبەر کوردەکانی تورکیا و کە تەنها لاتینی ئەزانن و وە لەبەر کوردەکانی سووریا کە لە دەمێکەوە زبانەکەی خۆیان بە لاتینی ئەنووسن**" نووسەر درێژە بە قسەکانی دەدا و داوا دەکا لە باشووری کوردستانیش کرمانجی ئاخێوەکان واتە ناوچەی بادینان بە ئەلفوبێی لاتینی پێی بخوێنن و هەروەها پێی باشە سۆرانیش وردە وردە دەست بکات بە بەکارهێنانی لاتینی. ئەم بۆچوونەی نووسەر کۆمەڵێک ئیشکالیەتی هەیە. لەبەرچی پێی وایە کرمانجی زۆر گرانە بە ئەلفوبێی عەرەبی بنووسرێ؟ مەگەر پێش هاتنی لاتینی ئەو هەموو ساڵە هەر بە ئەلفوبێی عەرەبی نەبووە؟ ئەگەر پێی وایە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بۆ کوردەکانی باکوور فێربوونی سەختە چونکە کەوتونەتە سەر لاتینی، ئەگەر ئەمە کێشەیەک بێ ئەوا دەکرێ بۆ کوردەکانی باشووریش هەمان بیانو بهێنینەوە کە بۆ ئەوانیش سەختە بە لاتینی بنووسن، چونکە بە ئەلفوبێی کوردی – عەرەبی فێر بوون. وەک ئاشکرایە فێربوونی هیچ ئەلفوبێیەک ئاسان نییە، بەڵام مەحاڵیش نییە، بۆیە کوردەکانی باکووریش دەتوانن فێرە ئەو ئەلفوبێیە بن کە ئێمە بە کاری دێنین. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە، ئەلفوبێ دەکرێ لەگەڵ هەموو زمانێک بگونجێندرێ، ئەوە ئەلفوبێی کوردی لەسەر بنچینەی پیتە عەرەبییەکان زۆر بە چاکی لەگەڵ سیستەمی دەنگسازیی زمانی کوردی هەموار کراوە، ئەمە هەرچەندە کەمێک کەموکوورِی هەیە، بەڵام هەتا ڕادەیەکی زۆر کێشەکانی چارەسەر کراوە. بۆیە ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەهانەیەکی مەنتیقی نییە کە ئێمە دەستبەرداری

ئەلفوبێی خۆمان بین هەر لەبەر ئەوەی کە بۆ کوردەکانی باکوور گرانە ئەلفوبێی ئێمە فێر بن، بەهانەیەکی زمانەوانیش نییە کە ئەلفوبێیەکی هەزار ساڵە بەم هەموو گەنجینەی نووسین و چاپەمەنییە وازی لێ بێنین هەر لەبەر ئەوەی بەشێک لە کورد ئەلفوبێی لاتینی بە کار دێنێ. پێوەری ڕاست و زانستی و مەنتیقی ئەوەیە کە لە مەسەلەی ئەلفوبێ پێویستە بایەخی ئەلفوبێیەکە ڕەچاو بکرێ کە هەتا چەند لەگەڵ زمانەکە گونجاوە و هەتا چەندیش پێی نووسراوە نەک ژمارەی بەکاربەرانی. لە هەموو ڕوویەکەوە ئەلفوبێی کوردی لەسەر بنچینەی پیتەکانی عەرەبی لە پێشترە تا ئەلفوبێی لاتینی.

نووسەر داوای خوێندن بە هەردوو دیالێکت دەکا و لە هەمان کاتدا پێی باشە لە باشووری کوردستان بە هەردوو ئەلفوبێش بخوێندرێ. دەکرێ ئەو پرسیارە بکەین، ئەمە هەتا چەند کارێکی عەمەلییە کە لە هەرێمی کوردستان بە دوو دیالێکت و دوو ئەلفوبێ بخوێندرێ، ئەمە چۆن دەکرێ سیستەمی خوێندن و ئیدارە لەم هەرێمە بە دوو ئەلفوبێ و دوو زمان بە ڕێوە بچێ، ئەگەر بۆ چارەسەرێکی کاتیش بێ سەختە و چەندین جیل دەبن بە قوربانی جووت زمانی و جووت ئەلفوبێی، لە هەموو ڕوویەکەوە نەتەوە لەیەک دوور دەخاتەوە و زەبرێکی کوشندەیە بۆ یەکێتیی نەتەوەیی کورد. نووسەر خۆی باوەڕی بە یەکێتیی نەتەوەی کورد و یەکێتیی زمانی کوردی هەیە.

دواتر نووسەر پێی وایە ئەگەر بە غەیری کرمانجی لە ناوچەی کرمانجی ئاخێوەکانی باشووری کوردستان بخوێندرێ واتە ناوچەی بادینان، ئەوا خوێندەواری پەرە ناستێنێ و دەڵێ: " **ئیتر لە کوردستانی عێراقدا هەر چارێکی تر دابنرێ بۆ ئەوەی کوردە کرمانجەکان فێری سۆرانی بکرێن، ئەنجامی ئەوە ئەبێ کە خوێنەواری پەرە نەسێنی و بنکەیەکی فراوانی نەبێ و هەرگیز خوێنەواری ناچێتە ناوجەرگەی ناوچە ئاوەدانەکانەوە، وە مانای ئەوەیە بە چاوی نرخ سەیری بەشەکانی تری نیشتیمان ناکرێ بەنیسبەتی کوردوستانی تورکیا. هەروەها مانای ئەوەیە بیر لەم گیروگرفتە ناکرێتەوە لە چوارچێوەی نەتەوایەتیدا و بۆ هەموو نەتەوە!** " ئەم بەهانەی نووسەر بە هیچ شێوەیەک بەهانەیەکی زانستی نییە کە ئەگەر بە کرمانجی نەخوێندرێ ئەوا خوێندەواری پەرە ناستێنێ، چونکە پێشتر لەم هەرێمە بە عەرەبی دەخوێندرا و خوێندەواری پەرەی سەند بوو، ئەگەر بە ئینگلیزش بخوێندرێ خوێندەورای پەرە دەستێنی ئەوە لە ئەفەریقا لە زۆربەی

وڵاتان به ئینگلیزی دەخوێندرێ. بۆیە بە هەر زمانێک بخوێندرێ، دەکرێ خوێندەوار بی، بەڵام ئەوە زۆر گرنگە کە بە زمانی دایک بخوێندرێ. وەک دیارە جیاوازیی کرمانجیی باکوور لەگەڵ کرمانجیی ناوەڕاست، جیاوازییەکی ڕیشەیی ئەوەندە گەورە نییە کە ئەگەر بە هەر کامیان بخوێندرێ لایەکەی دی نەخوێندەوار و کوڵەوار بێ. ئاخێوەری هەردوو دیالێکت دەتوانن بە هەر کامیان بێ دەرس بخوێنن، فێربوونی هەر کام لەم دوو دیالێکتە تەنها پێویستی بە کاتێکی کورت هەیە، ئەوە بە عەمەلیش نیشانی داوە بە تایبەت لەو ناوچانەی کە سەر بە دیالێکتی کرمانجیی باکوورن بە کرمانجیی ناوەڕاست دەخوێنن وەک قەزای مێرگەسۆر و ناوچەی بارزان زۆر بە ئاسانی کەوتونەتە سەر خوێندن بە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست و زۆر بە چاکیش خوێندەواری لە ناوچەکەیان بڵاو بۆتەوە.

نووسەر پێی باشە هەتا ئەم دوو دیالێکتە لەیەک نزیک دەبنەوە و زمانێکی هاوبەشی کوردی دروست دەبێ، لەسەر ئەم بارودۆخە خوێندن بە دوو لەهجە و بە دوو ئەلفوبێ بەردەوام بێ، بەڵام بۆ نزیککردنەوەی ئەم دووە لەیەک دەڵێ:

**" من تا ئێستە باسی ئەوەم نەکردووە کە ئەم دوو زاراوە ئەکرێت بە یەک چونکە ئەمە گیروگرفتێکی هونەری "فیلولوژی" دژوارە، بە لێکۆڵینەوەیەکی زانیاری قووڵ نەبێ و  لە پرۆگرامێکی دوور و درێژ و ئامادەکراوە نەبێ چار ناکرێ. پرۆگرامێ کە لەلایەن دەستەیەکی خاوەن ئیختصاصی بەرزەوە دابنرێ. کە نوێنەری هەردوو زاراوەکە بن: سۆرانی و کرمانجی."**

لە ڕووی زمانەوانییەوە، زۆر سەختە بەڵکو مەحاڵە ڕێزمانی دوو زمان و دوو دیالێکت تێکەڵ بە یەک بکرێ، ئەگەر ئەوەش ئەنجام بدرێ زمانێکی سێهەم دروست دەبێ کە دەبێ بە زمانێکی دەستکردی بێ پاشخانی کولتووری. زمانی ستاندارد زمانێکە پاشخانێکی کولتووری و نووسینی دەوڵەمەندی هەیە. هەموو زمانە ستانداردەکان لە لەهجەیەک دەستی پێ کردووە و گەشەی کردووە بووە بە زمان بۆ نەتەوە، بۆیە ئەگەر چاوەڕێی ئەوە بین ئەم دوو لەهجەیە ڕێزمانیان تێکەڵ بەیەک بکرێ و لە تاقیگەیەکی زمانەوانی زمانێکی نوێی کوردی دروست بکرێ، ئەوا ئەو زمانە، زمانێک دەبێ بە مردوویی لە دایک دەبێ.

چارەسەر لە ڕووی زمانەوانییەوە تەنها ئەوەیە کە یەکێک لەم دوو لەهجەیە بکرێ بە بنچینە بۆ ئەو زمانە ستانداردە و پاشان بە وشە و زاراوەی هەموو دیالێکتەکان دەوڵەمەند بکرێ و گەشەی پێ بدرێ.

# دەروزمانی

**پرۆفیسۆر دکتۆر**
**عەبدوڵڵا حوسێن ڕەســـول**

## پێشەکی

بەر لە هەموشتێک زاراوەی (دەروزمانی) ڕێک وەرگێڕانی وشە بە وشەی (Psycholinguistics)ی ئینگلیزیە، کە لە بنەڕەتدا لە ( Linguistics of Psychology) واتە (زمانەوانیی دەرونی) هاتوە. ئەگەرچی کوتومت دەبێتە (دەرونزمانەوانی)، بەڵام بۆ کورتبڕی و سوکیی دەربڕین کرا بە (دەروزمانی). ئەم زاراوەیە دەبێتە جوتەوشەی هاوشێوە لەگەڵ (کۆزمانەوانی)، کە لەبری (زمانەوانی کۆمەڵناسی) بەکارهاتوە.

ئەگەرچی لە زمانەکانی تردا، پتر لە چارەکە سەدەیەکە سەرچاوەی باشیان لەم بابەتە خستۆتە دەلاقەی کتێبخانەکانەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا، دەروزمانی دوەم کتێبی کوردیی تایبەتە بەم بابەتە. پێشتر بە دەگمەن زمانەوانە کوردەکان دەست و پەنجەیان لەگەڵ ئەم بابەتە گەرم کردوە و جگە لە چەند وتارێکی تاک و تەرا، لە دەرگەی ئەم زانستە نەدراوە.

بۆ ئاسانکاری و کورتکردنەوەی ڕاستەڕێگای چونە ناو بابەتەکە، توێژەر هەوڵی داوە، ڕاستەوخۆ لە پەنجەرەی پێناسەکانەوە بچێتە ناو بابەتەکان و شیکردنەوە کرۆکیەکانیان، بۆ ئەوەی خوێنەر بە بارێکی سەنگینی زانیاریەوە لە دەرگای ئەم زانستە بێتە دەرەوە. چونکە کاتێ پێناسەی هەر شتێک دەکرێ، پێناسەکە بریتی دەبێ لە پوختەی دەرەنجامی ئەو توێژینەوانەی کە لەگەڵ توێژەرانی تر، دەربارەی ئەو شتە پێیگەیشتوین. بۆیە هەر وشەیەک لە وشەکانی پێناسە، ئاماژە بۆ لایەنێکی گرنگی شتەکە دەکا. واتە، پێناسەکە لوتکەی قوچەکی

دەرەنجامەکانە و بە شیکردنەوەی وشەکانی ئەو پێناسەیە، بابەتەکان ئاسانتر و وردتر یەکالا دەبنەوە.

## بەشی یەکەم

### پێشەکی:

ئەم پێشکەوتنی شارستانی و زانستیەی ئەمڕۆ لە جیهاندا شانازی پێوە دەکەین، لە ئەنجامی توێژینەوەکانی مرۆڤ لە دێرزەمانەوە تا ئەمڕۆ هاتۆتە ئارا. (مرۆڤ هیچ شتێک نیە، پێش هاتنی گەردونی بێکۆتایی و هەمو شتێکە دوای نەبونی هیچ شتێک. کەواتە مرۆڤ مێژوی نێوانی هیچ شتێک و هەمو شتێکە. زانای ناوداری فەڕەنسی باسکاڵ بەم شێوەیە مرۆڤی خستۆتە نێوان بێپایانی مەزن و بێپایانی بچوک. لەم پێگە باڵایەوە مرۆڤ لە دەسپێکی بونیەوە لەسەر زەوی هەوڵیداوە – بە ئارەزومەندیە خۆرسکیەکەی و پیادەکردنی توانا کەسیەکانی لە هۆشمەندی و هزر و دەسکەوت و ماندونەناسی – بگاتە دەرئاسا (معجزە) و نهێنیەکانی گەردون)(١ل٢٣).

مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی سادە توێژینەوەی لەسەر ژینگەی دەوروبەری ئەنجامداوە و فەرهەنگی زانیاریی خۆی لەسەر بنیاتناوە. گومان لەوەدا نیە، ساکارترین توێژینەوەی مرۆڤ لەسەر هەر شتێک بەلای کەم بە سێ هەنگاو تێپەڕیوە: یەکەم سەرنجدان. مرۆڤ لەڕێگەی هەستەوەرەکانیەوە تێبینی هەر شتێکی کردبێ، سەرنجیداوە و لێی وردبۆتەوە، چاودێری کردوە و پتر لە جارێک بەراوردی کردوە. دوەم لێکدانەوە. لە هەنگاوی دوەمدا، هەوڵیداوە، وەڵامی ئەوە بداتەوە، کە ئەو شتە چیە؟ و بۆچی وایە؟. لە قۆناغی سێیەمدا کاردانەوە یان پڕاکتیزەکردن بوە و وەڵامی ئەوەی داوەتەوە کە پێویستە بەرامبەر ئەو شتە چی بکا؟.

جۆرەکانی زانین (المعرفةknowledge):

جیاوازیی ڕێژەی هۆشمەندیی مرۆڤ لەگەڵ گیانەوەرانی تر، وایکردوە بە درێژایی مێژو دەسمایەیەکی زۆر لە زانیاری (معلوماتinformation)

کۆبکاتەوە. کۆکردنەوەی ئەو دەسمایە زۆرەی زانیاری لە دێرزەمانەوە تا ئەمڕۆ بەپێی پەرەسەندنی بەهرە و هۆشمەندیی مرۆڤ، بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە. قۆناغە بەراییەکان دەکەونە پێش مێژو و جگە لە چەند پاشماوەیەکی نەریتی و شوێنەوار بەڵگەی ئەو تۆ نیە سنوری کاتەکانی دەسپێک و کۆتایی دەستنیشان بکا، بۆیە قۆناغە یەکەمەکان، بە تایبەتی یەکەم و دوەم چونەتە ناو یەک، تایبەتیتر کۆتایی یەکەم و سەرەتای دوەم. گرنگترین قۆناغەکانی مێژوی زانین ئەم چوار قۆناغەن:

**١ـ قۆناغی زانینی هەستی (sensorial knowledges):**

لە سەرەتادا تێکڕای ئەو شارەزا بون و بەهرە و زانیاریانە لە سنوری تێبینی دیاردەکان دەرناچن، تێبینییێکی سادە و سەرنجدانێکی بێ مەبەستی ئەو شتانەی چاو دەیبینێ و گوێ دەیبیسێ و دەست پێی دەکەوێ.... لە نمونەی ئەو شتانەی کەسێکی ئاسایی تێبینی دەکا، وەک بەدوای یەکدا هاتنی شەو و ڕۆژ، خۆر هەڵاتن و خۆر ئاوابون... بێ ئەوەی ئەو مرۆڤە ساکارە سەرنج بداتە پەیوەندیی دیاردەکان و هۆی ڕودانیان. ئەم قۆناغە پێی دەوترێ زانیاری قۆناغی (زانینی هەستی)(٢ل١٥-١٨).

ئەو زانیاریانەی مرۆڤەکانی بەرایی لە ڕێگەی هەستەکانیان و ژیانی ڕۆژانەیان کۆیاندەکردەوە، فێری نەوەی دوای خۆیان دەرکرد و بەم شێوەیە نەوە دوای نەوە بەهرە و زانیاریەکان کەڵەکەیان دەکرد و کۆدەبونەوە. ئەم زانیاریانە تێکەڵێک بون لە زانیاریی ڕاست و هەڵە. بە زۆری ئەو زانیاریانە لە جۆری (زانینی هەستی) بون.

ئەم جۆرە زانیاریانە بە ڕاست و هەڵەکانەوە لە داب و نەریت و چیرۆکە ئەفسانەیی و هەندێ لە چیرۆکە فۆلکلۆریەکانی کۆمەڵگاکان ڕەنگی داوەتەوە و پێشتر نەخشەڕێگای ژیانی خۆیان لەسەر بنیاتناوە. تا ئێستا مانەوەی هەندێ لەو لێکدانەوە و ڕەفتارانە بەڵگەی دیار و گەواهی ئەو سەردەمەن. تا ئێستا هەندێ وردە نەریتی ئەو سەردەمانە لەناو کۆمەڵگا پێشنەکەوتوەکان ماوەتەوە. بۆ نمونە:

*سەردەمێک وا دەزانرا، ئاو تاکە سەرچاوەی ژیانە. دەیانبینی تێکڕای زیندەوەرانی سەرزەوی بە مرۆڤ و گیانەوەر و ڕووەکەوە بەبێ ئاو ناژین و دەمرن. ئەو زانینە هەستیە گەیشتە ئەو ڕادەیە ئاو بە پیرۆز و دواتر خواوەند دابنرێ. ئێستاش لە کوردەواریدا لە کاتی گیانەڵا و سەرەمەرگدا چەند دڵۆپێک ئاو بەناوی (ئاوی فەراک) بە لۆکە یان کەوچکی چا دەکەنە دەمی نەخۆشەکە، کە ڕەنگە پتر ببێتە هۆی خنکاندنی.

*مرۆڤی سەرەتا بینیویەتی کە خۆر هەڵدێ، جیهان گەرم و ڕوناک دەبێتەوە و تێکڕای زیندەوەران دەست بە جم و جۆڵ دەکەن، ئەو شوێنانەی تیشکی ڕۆژیان پێ ناکەوێ، ڕووەکی لێ ناڕوێ. ئاگر و ڕۆژ وەکو یەکن و گەرم و ڕوناکن، بەبێ ئەوان جیهان داریک دادێ و ژیان کپ و خامۆش دەبێ. ئەم هەستکردنە وایکرد وا تێبگا، خۆر سەرچاوەی ژیانە و بە پیرۆز و دواتر بە خواوەند و داهێنەری ژیان و هێزی چاکە دابنێ، بە پێچەوانەش تاریکی بە هێزی خراپە دابنێ. تا ئێستاش لە زۆربەی زمانەکان و دەقە ئاینیەکاندا ئەو هێمایەی ڕوناکی و تاریکی، ڕەش و سپی ماوە. لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ئاگر هێمای نەورۆز و سەرکەوتنە. تەنانەت خواوەندی خۆر تاوانکاران ناداتە دەست تاریکی و بە نوێنەری خۆی کە ئاگرە دەیانسوتێنێ.

*سەردەمێک ڕەگەزی مێ بە سەرچاوەی زان و بەرهەمهێنان دەزانرا، ئەم زانینە هەستیە بوە هۆی ئەوەی ڕەگەزی مێ پێگەیەکی پیرۆزی وەرگرت، تەنانەت وەک خواوەند سەیر دەکرا و لە ئەرکی زۆر و کارکردن دەپارێزرا. دەرەنجام بێهێزیی ئافرەتی لێکەوتەوە، کە تا ئێستاش کاریگەریی ماوە. مانگا وەک ڕەگەزێکی مێ، تا ئێستا لەلایەن هەندێ لە هیندیەکان دەپەرستریێ.

**٢ـ قۆناغی زانینی میتافیزیکی (metaphysical knowledges):**

هەندێ لەو زانیاریانە قوڵترن لە تێبینی ڕوکەشی ئەو شتانەی دەبینرێن و دەبیسرێن و دەستیان بەردەکەوێ... لەو قۆناغی دواترەدا بیری لە هۆکارە دورە نادیارەکانی ئەو دیو دیاردە سروشتیەکان کردۆتەوە، وەک کارەساتە سروشتیەکان، مرۆڤ بۆ دەبێ و بۆ دەمرێ؟ بۆ وەرزێک یا ناوچەیەک بە باران و

سارده و هەندێ کات و شوێن پێچەوانەن؟ دانانی وەڵامی نالۆجیکی و ئەندێشاوی، دۆزینەوەی هۆکار و خواوەندی ئەفسانەیی وەک دێو و درنج و ئەژدیها و جیهانی ڕەهای ئاسمان و جیهانی نادیاری ژێرزەوی، وەستانی گەردون لەسەر ستون، بونی دەریا و نەهەنگ و گای زەبەللاح بۆ هەڵگرتنی جیهان، لێکدانەوەی دور لە کەتوار و ڕاستەقینە. ئەو جۆرە شیکار و لێکدانەوانەی کە لەگەڵ هۆشی ئێستا و لۆجیک ناگونجێن و ئەفسانەیی بون. ئەو قۆناغە دێرینەش پێی دەوترێ (زانینی میتافیزیقی).

*هەر لەو قۆناغەدا کە تێکچڕژاوە لەگەڵ قۆناغی یەکەم، بینیان ئەو ئاوەی بە پیرۆز و خواوەندیان دادەنا، هەندێ جار دەبێتە هۆی خنکانی مرۆڤ و گیانەوەران و لافاو و مەرگەسات. سەرەتا دەیانگوت: ئەمە نەفرەتی خواوەندە بەرامبەر تاوان و هەڵەکانی ئێمە. تەنانەت زۆرجار گەنجێک (بەتایبەتی کچێکی جوان) یان گیانەوەرێکیان دەخستە ڕوبارە خوڕەکان و دەیانکرد بە دیاری (قوربانی) بۆ خواوەندی ئاو. دواتر بینیان هەندێ ڕوەک هەرچەند ئاودەدرێن هەر وشک دەبن. مرۆڤ و گیانەوەران بە ئاوخواردنەوە لە مردن ڕزگاریان نابێ... ئەمە وایکرد زۆربەیان دەستبەرداری ئەو خواوەندە بن.

*بینرا بەرهەمهێنان و زاوزێ تەنیا بە ڕەگەزی مێ ئەنجام نادرێ و دەبێ هەردو ڕەگەز تیایدا بەشدار بن، بەڵام درێژەکێشانی ئەو بیرۆکەیە، زیانی زۆری لە ئافرەت دا و خراپ بە سەریدا شکایەوە، لاوازی کرد و نەریتی زۆربەی کۆمەڵگاکانی گۆڕی لە ژن سالاری بۆ پیاوسالاری. ئەم نەریتە لە دەقە ئاینیەکانیش ڕەنگی داوەتەوە.

**٣ـ قۆناغی زانینی فەلسەفی (philosophic knowledges):**

دواتر بیرکردنەوە لە ژیان و مردن، هۆکارەکانی، داهێنەری گەردون، سیما و ئەدگارەکانی ئەو داهێنەرە، سەلماندنی بون و نەبونی پەروەردگار.... ئەو جۆرە زانیاریانەی بە تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆ ناسەلمێنرێن و یەکلایی ناکرێنەوە.... هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هۆکاری لۆجیکی و وەڵامی هۆشەکی بۆ لێکدانەوەی دیاردە سروشتیەکان و هۆکاری بون و نەمان و ئەم سەر و ئەو سەری بون و

نەمان و کەی؟ و چۆن؟ و کێ؟ و بۆچی؟.... ئەو قۆناغەی پێی دەوترێ (زانینی فەلسەفی). زانیاریەکانی ئەو قۆناغە پتر وەڵامن بۆ پرسیارە نەمرەکان، کە تا ئێستا بە پرسیاری بێ وەڵام دانراون.

ئەو قۆناغی زانینە پتر هۆشی مرۆڤی کردەوە و تەنیا بە تێبینی و سەرنجە هەستیەکان و لێکدانەوە نادیار و ئەفسانەییەکان نەوەستا، بەڵکو هۆی لۆجیکی دیاردە و ڕوداوەکان دەکردەوە و بەردەوام پرسیاری دەکرد، ئەو شتانە بۆ ڕودەدەن؟ کێ ئەنجامیان دەدا؟ دواتر چی ڕودەدا؟ تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی پرسیارەکانی (کێ؟، چی؟، چۆن؟، کەی؟، و بۆچی؟) هێندە زۆر بون، وەڵامە میتافیزیکیەکان ئاسودەی نەدەگرد و باری گومانی نەدەڕەوایەوە. ئەمە پتر ناچاریکرد بە دوای وەڵامیان بگەڕێ و تاوتوێیان بکا. لە دوای هەر وەڵامێک گەنگەشە پەیدا دەبو و وەڵامی گونجاوتر بەرهەم دەهات، وەڵامە ئەفسانەییەکان پەیتا پەیتا بەرەو وەڵامە فەلسەفیەکان دەگۆڕان. لە هەردو دۆخەکەشدا وەڵامەکان لە ڕوی زانستیی ئەزمونگەرییەوە (تاقیگەیی) نەدەسەلمێنران و پاسادان نەدەکران. ئەگەرچی وەڵامی فەیلەسوفەکان تینوێتی زۆر لە پرسیارکەرانی شکاند، بەڵام تا ئێستاش زۆربەی ئەو پرسیارانە بێ وەڵام دادەنرێن و بە پرسیارە نەمرەکان (أسئله خالده mortal questions) دادەنرێن. وەک: گەردون چیە؟، کێ؟، چۆن؟، بۆچی؟، و کەی؟ هاتۆتە ئارا. سەرقاڵیی مرۆڤ بە دوای زانین و فێربون لەو قۆناغەدا سیستەمی جۆراوجۆری بەڕێوەبردن و کۆمەڵگای داهێنا و فرەپەرستی، فرەئاینی و فرەئایدیۆلۆجی باڵی بەسەر کۆمەڵگاکاندا کێشا. ڕاهاتنی کۆمەڵگاکان لەسەر هەر سیستەمێک جۆرێک لە سەقامگیری و ئارامی بۆ ئەندامانی دەهێنا ئارا، بەڵام ئەو ئارامیە زۆربەی خەڵکە ڕەمەکیەکەی دەگرتەوە و هەردەم لە هەر کات و شوێنێک کەسانێک هەبون بڕی تێنوێتییان بەم وەڵامانە نەدەشکا و هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامی ڕاستتریان دەدا.

ئەو سەردەمە شایانی ئەوەیە بپرسین، ئەگەر ئەو زانینە فەلسەفی و ئاینیانە نەبونایە، ژیانی مرۆڤایەتی بە چ ئاڕاستەیەک دەڕۆیی؟ چونکە هەندێ لەو زانینانە سودبەخش بون و تا ئێستا پشتیان پێ دەبەسترێ، هەندێکیشیان زیانیان گەیاند و

بون به ئاستەنگ لەبەردەم کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی. دۆزینەوەی شتێکی نوێ به ئاسانی پەسەند دەکرێ، بەڵام ڕاهاتن لەسەر ڕێباز و داب و نەریتێک دەبێتە تەگەرە و هەرچەند ئەو جۆرە زانینە هەڵەش بێ، گۆڕینی کارێکی ئاسان نیه. ئەمەش وایکردوە زۆر لە زانیاری و داب و نەریت و فەلسەفە و ئاینە کۆنەکان بمێننەوە.

**٤ـ قۆناغی زانینی زانستی (scientific knowledges):**

له دواییدا قۆناغی زانیاریی زانستی دێتە ئارا، هەروەکو (کۆنت) دەڵێ (لە قۆناغێکی درەنگ لە پەرەسەندنی هۆشی مرۆڤ و هەراشبونی، لەو کاتەی مرۆڤ توانی بەسەر هەردو قۆناغەکەی پێشتر بازبدا و بە شێوەیەکی زانستی دیاردەکان لێکبداتەوە و بە شێوەیەکی لۆجیکی و بابەتیانە وابەستەیان بێ...) ئەوە ئەو جۆرە زانیاریەیە کە پێی دەوترێ (زانینی زانستیی ئەزمونگەری)، کە لەسەر بنچینەی سەرنجی مەبەستدار و ڕێکخراو بۆ دیاردەکان و لەسەر بنەمای دانانی بنەمای گونجاو و پاسادانکردنیان بە تاقیکردنەوە و کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەیان.... (زانینی زانستی) هەوڵنادا لە ئاستی ناسینی توخمە بچوکەکان بوەستێ، بەڵکو توێژەر دەیەوێ بگاتە ئەو یاسا و تیۆریە گشتیەکانەی ئەو تاکە توخمانە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، بە جۆرێک بتوانێ، پێشبینی و گشتاندن بکا بۆ ئەو دیاردە جۆراوجۆرانەی لە دۆخی دیارکراودا ڕودەدەن(٣ل١٩-٢٩).

مانەوەی مرۆڤایەتی لە قۆناغەکانی پێشتر زۆری خایاند، بەڵام هەوڵی بەردەوامی مرۆڤایەتی بە گشتی و بیرمەند و زانایان بەتایبەتی و دۆزینەوە و داهێنانە مەزنەکانیان لە بواری تیۆریی زانستەکان و پڕاکتیزەکردن و سەلماندنیان لە تاقیگە و مەیدانی کارەکیدا، زانستی فەلسەفەی موتوربە کرد و چەندین لقی زانستیی کاریگەری لێ هاتە بەرهەم، وەکو کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی...هتد. لە ئەنجامی کارلێکی ئەم زانستە نوێیانە، پەیتا پەیتا لقی نوێتر و کارەکیتر هاتونەتە ئارا.

له ڕوی مێژوییەوە ئەو چوار قۆناغە پێچەوانەی یەک نین و تەواوکەری یەکترن، تەنانەت ئێستاش هەندێ جار مرۆڤ بە هەر سێ قۆناغەکەدا تێپەڕ دەبێ،

بەڵام {لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ، کە هەڵەیە، بەڵکو مەترسیدارە، کە دەشێ مرۆڤ تێیبکەوێ، لەو کاتەی ڕوبەڕوی هەڵویستێک دەبێتەوە کە پێویستی بە (زانینی زانستیە) و ئەو کەسە دەتوانێ بیکا، بەڵام پشت بە زانیاریی هەستیی سادە، یان زانیاریی دوری فەلسەفی دەبەستێ و کۆڵدەدا و بنەماکانی دەداتە پاڵا شتی نادیار، بۆ نمونە وەک قەزا و قەدەر...}(٤ل١٧)، داب و نەریت، نوسەر یا کەسێکی تر.

ئەم زانستە نوێیانە سودێکی زۆریان بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی گەیاند، تەنانەت تەکنۆلۆجیای نوێ و جیهانگەرایی ئێستا (عولمةGlobalization) توانی جیهان لە شاشەی (screen) ئامێرێکی ئەلکترۆنی بخاتە بەردەستی هەر مرۆڤێک. لەگەڵ ئەوەشدا دو خاڵی بەردەوام هەن، کە بەربەست و ئاستەنگن لە ڕێی پەسەندکرنی ئەو توێژینەوە و زانینە نوێیانە:

**ئاستەنگی یەکەم ـ زیانبەخشیی زانستی نوێ:**

دۆزینەوە و داهێنان و ئەفراندنە بەردەوامەکانی زانستە نوێیەکان سودی زۆر و کاریگەریی مەزن و گرنگیان هەبو لە پێشکەوتنی شارستانیەت و کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان. داهێنانی کارەبا، ئامێرەکانی گواستنەوەی ئاسمانی، ئاوی و وشکایی، ئامێرەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن، چەندین داهێنان لە بواری ژیانزانی و تەندروستی و.....هتد بونە هۆی ئاسانکاریی زۆر لە ڕاپەڕا ندنی کارەکان و خۆشگوزەرانی و کەمکردنەوەی کارەسات و تەمەندرێژی و کەمکردنەوەی تەخۆشیە درم و گرانی و قات و قڕیەکان. لە هەمان کاتدا زۆر لەو داهێنان و دۆزینەوە نوێیانە وەکو چەکێکی دوسەر، سەرباری سود و لایەنە باشەکانی، زیانی زۆریشیان بە کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان گەیاندوە. بۆ نمونە:

داهێنانی باروت، جگە لە شقارتە، گوللەی خۆپاراستن، تەقاندنەوەی بەردەلانەکان و دروستکردنی شەقامەکان، باروت بوە هۆی ناردنی مانگە دەسکرد و ڕۆکێتەکان بۆ بۆشایی ئاسمان.... بەڵام هەر باروت بوە هۆی دروستکردنی هەزاران جۆری بۆمبای کۆمەڵکوژی وەک ناپاڵم و هیشویی و ڕۆکێتی زەوی

زەوی...، مین، ئوتومبێل و پشتێنەی بۆمبڕێژکراو...کە ئێستا بە دەستیانەوە دەناڵێنین.

دۆزینەوە و داهێنانەکانی بواری کیمیا هەزاران دەرمان، بۆیە، پلاستیک، مەرەکەب و تێکەڵەی سودبەخشی هێنایە ئارا. بەڵام لە هەمان کاتدا بوە هۆی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی کۆمەڵکوژی وەک گازی خەردەل، سیانید... و ماددە هۆشبەرەکان.

بە هەمان شێوە دۆزینەوەی هێزی لێزەر و ئەتۆمی و نایترۆجینی... سەرباری دەیان سودی بایەخدار، بەڵام بە هەمان شێوە چەکە قڕکەرە لێزەریەکان و بۆمبا کۆمەڵکوژەکانی ئەتۆمی و نایترۆجینی، دەیان شاری وەک هیرۆشیما و ناکازاکی وێران کردوە....

ئەم لایەنە هۆکارێکی لاوەکی بوە، کە هەندێ لە مەلا کۆنەکان بەو زانینە هاوچەرخانە بڵێن: زانستی ئەهریمەن (علم الشیگان) و نابێ لە منداڵەکان بچنە قوتابخانە. هۆکارە سەرەکیەکەش ئەوە بوە، قوتابی زانست بە وتار و قسەی بێ پاساو بڕی ناشکێ و باوەڕ ناکا، ئەو پاساوانەش لای ئەوان دەستنەدەکەوت. هەر ئەم لایەنە بوە وای لە هەندێ شاعیری وەک (بێکەس) کردوە نەفرەت لە زانست و تەکنۆلۆجیا بکەن:

**عیلمە ئێستا بۆتە مایەی دەردی سەر          عیلمە بۆتە واسیتەی مەحوی بەشەر**

**عیلمە تەسخیری ئەکەن هەر بۆ زەرەر          عیلمی چی؟ وا بێ، هەزار خۆزگەم بە کەر**

**با وجودی ڕادیۆ و شەمەندەفەڕ**

**تف لە عیلم و سەنعەت و سەد کارەبا     مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا**

**یادی تۆ ئێستا لە دڵا خەم لائەبا    (٩ل١٨٢).**

**ئاستەنگی دوەم ـ ڕاهاتن لەسەر زانینی کۆنتر:**

کورد وتویەتی (خوی شیری، هەتا پیری). مرۆڤ زۆبەی داب و نەریت و زانینە سەرەتاییەکان بە منداڵی و بە زۆریش لە ماڵەوە و ئینجا کۆمەڵگاکەی فێر دەبێ. وەرگرتنی یەکەم جاری زانینەکان و چەسپانیان لە مێشکدا، کرداری گۆڕین و نوێکردنەوەیان زۆر ئەستەم دەکا، ئیتر ئەو زانینە ڕاست بێ یا هەڵە

دەسکاریکردنی ئاسان نیە. (بەردێک نەزانێک بیخاتە ناو ئاو، دەرنایێ بە سەد زانای بەناو). بۆ نمونە:

*بە هەڵە دانانی دەنگی هەمزە (ئـ) بە فۆنیمێک لە زمانی کوردیدا، بوە هۆی ئەوەی لە نوسیندا پیتێکی بۆ تەرخان بکرێ. بەردەوامی ئەو هەڵەیە بۆ ماوەی ١٠٠ سەد ساڵێک، ئەو هەڵەیەی چەسپاند و ڕاستکردنەوەی لە تواناداا نیە. هەروەها بە هەڵە دانانی دەنگی بزرۆکە (i) بە فۆنیم بە هەمان شێوە. ئەم هەڵانەش بونە هۆی هێنانە ئارا و بڕیاردان لەسەر کۆمەڵێک هەڵەی تر. وەک: دەستنیشانکردنی ژمارەی فۆنێمەکان و ژمارەی بڕگەکان. بڕیاردان لەسەر ئەوەی بڕگەمان نیە بە بزوێن دەست پێبکا، بڕگەمان نیە یەک فۆنیم بێ...هتد(١٠ل١-١٢).

*بە لاساییکردنەوەی هەڵەیەکی ڕێزمانی عەرەبی،داننراوە بە بونی ڕستەی ناوی و ڕستەی کاری (الجملة الاسمية والجملة الفعلية). گومان لەوەدا نیە، ڕستە بە بێ کار دروست نابێ، کەواتە ڕستەی ناوی لە هیچ زمانێکدا لە ئارا نیە. ئەم بڕیارە هەڵەیە وایکردوە، کۆمەڵەی هەڵەی تری لەسەر دابڕێژرێ. وەک: بونی کاری بێهێز، دانانی (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا بە کاری بێهێز، دانانی (ە، ا، ێ، ات، یت، ت) بە ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک، کە هیچیان ڕاناو نین(١١ل١٩٤-١٩٧).

بەم پێیە ڕاهاتن لەسەر زانینە کۆنەکان، ئەگەر ڕاست بن یان هەڵە، مرۆڤ توشی وەستان دەکا و خۆی و چارەنوسی دەداتە دەست ئەو زانینە و بەبێ لێکۆڵینەوە و گومانکردن لە ڕاستی و ناڕاستییان، ئاڵای خۆدانە دەست هەڵدەکا. تاکە پاساوی تەنیا ئەوەیە کە نەوەی پێش ئەو ئەمەیان وتوە و لەسەری ڕۆیشتون و پەیڕەویان کردوە. هەر ئەمەشە (ئەنشتاین) ناوی ناوە (گەوجاندن). ئەنشتاین بۆ ڕونکردنەوەی ئەو ڕاستیە، بە هاوکاریی لایەنگرانی تاقیکردنەوەیەکیان ئەنجام دا و دواتر ئەو تاقیکردنەوە و ئەو بیرۆکەیە ناونرا بیردۆزەی گەوجاندن (نظرية الغباء).

**بیردۆزەی گەوجاندن (نظریه الغباء):**

لە هیچ زانینێکدا ڕاستی ڕەها لە ئارادا نیە و هەر زانینێک ڕێژەیەکی کەم یا زۆر هەڵەی تیادایە. بۆیە پێویستە مرۆڤی ژیر بەتایبەتی توێژەر بە چاوی گومانەوە بڕوانێتە هەمو ڕاستیەک و پاسادانی بکا، پێش ئەوەی خۆی بدابەدەستەوە. مەرج نیە هەرچی وتراوە، هەرکەسێک وتبێتی ڕاست بێ. زۆرجار باوەڕهێنان بە کەسەکان کوێرمان دەکا بەرامبەر بینی هەڵەی وتەکانیان کوێرانە پەیڕەوی دەکەین (طاعة عمیاء). بە پشت بەستن و باوەڕبونی کوێرانە بە نوسەرێک، دان بە ڕاستیی نوسینەکانیدا دەنێین. زۆر جار پاساوی ئەوە دەهێنینەوە، مادام ئەو هەمو خەڵکەی پێش خۆمان پەیڕەوی ئەو شتەیان کردوە، دیارە ڕاستە! خۆ من لەوان زیرەکتر و باشتر نیم. ئیتر کاتێ خۆت دا بەدەستەوە، لەسەر ئەو شتە ڕادێیت و لات پەسەند دەبێ، تەنانەت هەوڵدەدەی بەڵگە و پاساوی ڕاستبونیشی بۆ بدۆزیتەوە، ئەگەر هەر نەبێ وتەکان وەکو بەڵگە و ڕاستییەک بە نمونە دەهێنیتەوە.

لەم بارەیەوە ئەنشتاین بە هاوکاریی لایەنگرانی ئەم تاقیکردنەوەیان ئەنجام دا:

ژورێکی دو نهۆمیان لە قەفەسی ئاسن دروستکرد. لە نهۆمی یەکەمدا تەنیا دەرگایەک هەبو، لە ناو ژورەکەش پلیکانەیەک هەبو بە کونێک لە بنمیچی ژورەکە بەسترا بو، کە ڕێگای یەک کەسی دەدا پیادا سەرکەوێ و بچێتە نهۆمی دوەم. لە سەر قەفەسەکە، تانکییێک ئاوی تەزیوی دانا و سۆندەیەکی پێوە بەستەوە. لە نهۆمی سەرەوەی قەفەسەکە، سەبەتەکی گەورەی مۆزی دانا. لە نهۆمی خوارەوە پێنج مەیمونی دانا و دەرگای لەسەر داخستن. دوای ماوەیەک کە مەیمونەکان برسییان بو، یەکێکیان بە پلیکانەکە سەرکەوت و دەستیکرد بە مۆز خواردن. ئەوان ئەو مەیمونەیان فەرامۆشکرد و ڕێگەیان دا بە ئارەزوی خۆی مۆز بخوا، بەڵام تا ئەو هاتە خوارەوە، سۆندەکەیان کردەوە و بەردەوام ئاوی تەزیویان بە چوارەکەی تر دادەکرد، کە لە خوارەوە مابونەوە. بەم شێوەیە هەر مەیمونێک سەرکەوتایە، ئازاد بو چەند دەخوا، بەڵام تا دەهاتە خوارەوە، ئەوانی تر بە ئاوی سارد هەراسان دەکران. دوای ماوەیەک هەستیان کرد، هەر یەکێک سەرکەوێ،

ئەوانی تر سزا دەدرێن، بۆیە هەریەکێک هەوڵی دابوایە سەرکەوێ، چوارەکەی تر، ڕێگەیان و تێریان لێدەدا. بەم پێیە، وایلێهات هەموویان برسییان بو، بەڵام هیچیان نەدەوێران سەرکەون و دانیشتن. ئەوجا تیمەکە یەکێ لە مەیمونەکانیان دەرهێناو، مەیمونێکی نوێیان خستە شوێنی. کە برسی بو، سەیریکرد، سەبەتەیەک مۆز لەسەرەوەیە، ویستی سەرکەوێ و مۆزەکان بخوا، چوارەکەی تر گرتیان و تێریان لێدا، دواتر چەند جار هەوڵیدەدا سەرکەوێ، بە هەمان شێوە لێدانی دەخوارد، ئیتر ئەویش بێ ئەوەی بزانێ کێشەکە چیە؟ خۆی دایە دەست نەریتەکە و پاڵکەوت. ئەوسا تیمەکە مەیمونێکی تریان گۆڕی، بە هەمان شێوەی یەکەم، ئەویش دوای ئەوەی بە هەمان ئەزموندا تێپەڕی و بێ ئەوەی بزانێ کێشەکە چیە؟ کۆڵیدا، بەڵام سەیرەکە لەوەدا بو، مەیمونە یەکەمەکەی پێش ئەو، بێ ئەوەی ئاوی ساردی پێبکەوێ و بزانێ هۆی چیە؟ لەگەڵ سێیەکەی تر لە مەیمونی دوەمی دەدا. بەم شێوەیە، تیمەکە یەکە یەکە مەیمونە کۆنەکانیان بە مەیونی تازە دەگۆڕیەوە. کاتێ مەیمونی پێنجەم هات، لای سەیر بو، سەبەتەیەکی پڕ مۆز لەسەرەوەیە و هەموویان برسیانە و کەس سەرناکەوێ! یەکسەر ڕوی کردە پلیکانەکە بۆ سەرکەوتن، بە هەر چوارەکەی تر هێنایانە خوار و لێیاندا، ئیتر چەند جارێک ئەم هەوڵانەی دوبارە کردەوە و سەرنەکەوت، ئەویش وەکو ئەوانی تر بێ ئەوەی بزانێ کێشەکە چیە؟ خۆی دایە دەست کەتوارەکە. بەم شێوەیە هەر مەیمونێکی تازە بهاتایە، هەمان نەریتی پەیڕەو دەکرد، بێ ئەوەی ئاگاداری ڕاستی و ناڕاستی و بنچینەی ڕەسەنەکە بن. بەم شێوەیە نەوەیەکی گەوجاو لە مەیمون هاتە بەرهەم. ئایا نەوەی ئێمەش چەند زانین و داب و نەریتمان وەرگرتوە و بە هەمان شێوە پەیڕەوی دەکەین، هەر لەبەر ئەوەی باوک و باپیرمان وایانکردوە، یان مامۆستاکانمان وایانگوتوە، یان لە دەقی کتێبێک، ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک نوسراوە.

پۆلینکردنی زانستەکان:

(لە سەر ڕوی باڵەخانەی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی شیکاگۆ ئەم دەستەواژەیە نەخشێنراوە [ زانین بە بێ پێوەر وەکو بەرگی خەمۆکیە]. بەرگی خەمۆکی ئاماژەیە بۆ ڕۆمانێکی بەلزاک کە بە زۆر شێوە وەرگێڕراوە)(٨ل٤).

بە تێپەڕبونی کات، بەهرەکانی مرۆڤایەتی بۆ نەوەی دواتر دەگوازرێنەوە و ئەزمونی نوێتریان دەخرێنە سەر. (ئەگەر لە کۆندا فەلسەفە تاکە زانستێک بوبێ، ئەوا ئێستا لە سایەی کەڵەکەبونی میراتی بەهرەی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی شارستانی و فراوانبونی ڕادەی ڕۆشنبیری، بەردەوام ژمارەی زانستەکان و لقەکانی لە پتربوندایە، بە ڕادەیەک تۆژەر ناچاردەکەن، کە دەبێ بزانێ، بابەتی تۆژینەوەکەی لە کام ئاستی تایبەتمەندی؟ و کام لق؟ و کام زانست؟ و کام پۆلە؟. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە زۆریی ژمارە و جۆری زانستەکان، تایبەتمەندانی ناچارکردوە، زانستەکان بژار و پۆلین بکەن، تا بتوانن: بەرهەمە ئەنجامدراوەکان بە جۆرێک ڕێکبخەن، تێکەڵنەبن و بەردەستییان ئاسان بێ. هەروەها زەمینەش خۆشبکەن بۆ سنوردارکردنی هەر بابەتێک و پاراستنی تۆژەران، لە پەلەقاژێی گێژاوی دەریای زانست(١٢ل١٦١).

تا ئێستا گرفتێکی گەورە لە ناسینەوە و بژارکردنی زانستەکاندا بەدیدەکرێ، بەڕادەیەک لە نێو زانکۆکارانیشدا، زاراوەی (زانست) بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەمو بابەتێک وەکو یەک بەکاردەهێنرێ و کەمتر دەزانرێ، کۆلێژەکان لەسەر چ بنەمایەکی وردی زانستی پۆلینکراون؟. (زۆر لە ڕۆشنبیران سیما گشتی و تایبەتیەکانی جۆر و پۆلی زانستەکان لەیەک جیاناکەنەوە و کەمتر دەتوانن،شوێنی لق و تایبەتمەندیی وردی توێژینەوەکەیان لە خشتەی پۆلینکردنی زانستەکان بدۆزنەوە. تەنانەت زۆر لە مامۆستاکان نازانن، جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان فاکەڵتیی زانست و ئاداب چیە؟)(١٣ل١١).

**١.١. زانست چیە؟:**

زانین (معرفەknowledge) فراوانتر و گشتگیرترە لە زانست. چونکە زانین هەندێ زانیاری زانستی و هەندێکی نازانستیش لەخۆ دەگرێ. دەتوانرێ ئەم دو جۆرەی زانستی و نازانستی لەسەر بنەمای ڕێبازی لێکۆڵینەوە و شێوازی بیرکردنەوەی وەدەستهێنانیان جیادەکرێنەوە. ئەگەر توێژەر پەیڕەوی ڕێبازێکی

لێکۆڵینەوەی زانستی کردبێ و هەنگاو هەنگاو بە دوای گەڵاڵەکردنی دیاردەکان و دۆزینەوەی ڕاستیە بابەتیەکان گەڕابێ، دەگاتە زانینی زانستی.

بە پێویست دەزانرێ ئاماژە بە چەند پێناسەیەکی (زانست) بکرێ:

- زانست ئەو زانینە ڕێکخراوەیە (systematized knowledge) کە لە ئەنجامی سەرنج و تێبینی و لێکۆڵینەوە و پۆلینکردن و تاقیکردنەوەوە هاتۆتە ئارا، کە بە مەبەستی دەستنیشانکردن و سەلماندنی سروشت و بنەما و ڕەسەنی ڕاستیە گشتی و یاساییەکان ئەنجامدراوە(٥ل٦٢١).
- زانست زانینە دەربارەی ڕۆنان و ڕەفتاری جیهانی سروشتی و فیزیایی. لەسەر بنەمای ئەو ڕاستیانەی دەتوانرێ بسەلمێنرێن(٦ل١١٤٢).
- زانست زانینە دەربارەی جیهان، بەتایبەتی لەسەر بنەمای تاقیکردنەوە، پشکنین و ڕاستیە سەلمێنراوەکان(٧ل١٤٦٧).
- زانست پشت دەبەستێ بە ڕێسای جێگیری وەدەستهاتو لەسەر بنەمای تێبینی و تاقیکردنەوە، کە بە بەڵگەی ئەنجامدراو بە دڵنیاییەوە دەگاتە تیۆرە سەلمێنراوەکان(٨ل٥).

بۆ پێناسەیەکی ورد و ساکاری زانست دەوترێ، زانست بریتیە: لەو بابەتەی توێژینەوە دەربارەی کەرەسەکانی خۆی دەکا. ئەگەر وشەی (زانست)ەکە بگۆڕین بە ناوی هەر زانستێک، پێناسەکە بۆ ئەو زانستە ڕاست دەرەچێ. بۆ نمونە، کیمیا/ فیزیا/ مێژو/ جوگرافیا... بریتیە: لەو بابەتەی توێژینەوە دەربارەی کەرەسەکانی خۆی دەکا. لێرەدا، (پێکهاتەی ناوەرۆکی ماددەکان، کەرەسەی کیمیایە. ڕوخساری ماددەکان، کەرەسەی فیزیایە. ڕوداوەکان، کەرەسەی مێژوە. دیاردە سروشتیەکان، کەرەسەی جوگرافیایە و..... هتد. لە ئەنجامی دۆزینەوەی کەرەسەی زۆرتر و وردتر، هەریەکێ لەم زانستانەش دابەشی لقی تر بون و لقەکانیش بونە زانستی سەربەخۆ و لقی وردتریان لێ کەوتەوە و کاروانی وردۆزی بەردەوامە)(١٢ل١٦٢).

دەبینین، ئەم پێناسەیەی زانست دو وشەی گرنگ و سەرەکی دەگرێتەخۆی: (توێژینەوە) و (کەرەسە). کەواتە؛ توێژینەوە دەربارەی چۆنیەتی

پێکهاتن و کارکردنی سیستەمی هەر گروپێکی هاویەک لە کەرەسەکان، زانستێک یا لقێکی زانستێک، بە پێی ورد و درشتی گروپەکە، پێکدەهێنێ. بۆ خۆشکردنی زەمینەی یەکاڵاکردنەوەی پێناسەی زانست، ئەم دو وشەی (توێژینەوە) و (کەرەسە) تاوتوێدەکەین:

**١.١.١. توێژینەوە چیە؟:**

توێژینەوە لە هەر توخمێک، بریتی دەبێ لە دۆزینەوەی، یان ناواخن، یان ڕاستکردنەوەی زانیاریەکان دەربارەی بەشێک، یان هەمو لایەنەکانی توخمەکە.

ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین، ئەم پێناسەیەی توێژینەوەش سێ وشەی گرنگی تیادایە:

ـ دۆزینەوە: وشەی دۆزینەوە، ئەوە دەگەیێنێ، توێژەر لە ئەنجامی کارکردنی لە بواری تایبەتمەندیی خۆی، توخم یان کەرەسە و زانیاری نوێ دەدۆزێتەوە کە پێشتر باسنەکراون.

ـ ناواخن: دۆزینەوەی ئەو کەلێن و کەموکوڕیانەن، کە لە توێژینەوەکانی پێشتردا هەن و پڕکردنەوەیان بە زانیاریی ڕاست و نوێ. واتە؛ بابەتەکە پێشتر باسکراوە، بەڵام تا ڕادەیەک کەلێن و کەموکوڕیی تیادایە و توێژەر وێڕای دەستنیشانکردنیان بە زانیاری ڕاست و نوێ پڕیاندەکاتەوە.

ـ ڕاستکردنەوە: بریتیە لە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئەو هەڵانەی لە توێژینەوەکانی پێشتر کراون و ڕاستکردنەوەیان بە زانیاریی زانستیی نوێ و ڕاست.

بە دەگمەن توێژینەوە هەن، تەنیا یەک ڕەگەزی لەم سێ وشەیە تیادابێ و بە زۆری هەر سێ ڕەگەزەکە بە ڕێژەی جیاواز لە توێژینەوەکاندا بەدیدەکرێن. ئەم سێ ڕەگەزە، هەنگاو بە هەنگاو زانستەکان پێشدەخەن و بەردەوامی بە کاروانی زانستی و پێشکەوتنی شارستانیەتیی مرۆڤایەتی دەدەن.

بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر توێژینەوە لە ئارادان، کە بەم شێوەیە ڕیزبەندییان بەستوە و یەکتر تەواودەکەن(١٢ل١٦٢):

**١. توێژینەوەی وەسفی (ئێستایی):** لەم جۆرەدا، خاڵێک لە هێڵی ستونی (کات) و خاڵێک لە هێڵی ئاسۆیی (شوێن) وەردەگیرێ و کەرەسەکە وەک تەنێکی دابڕاوی سنوردار سەیر دەکرێ، بەبێ گوێدانە کات و شوێنی دەوروبەری. واتە؛ خاڵەکانی تری دەوروبەری لە کات و شوێن فەرامۆش دەکرێن و تەنیا لەو کەوتگەیەی خاڵی شوێن و لەو کاتە سنوردارەی دەستنیشانمان کردوە، کاردەکرێ. بۆ نمونە، ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر شێوەی ئاخاوتنی مناڵێکی دیارکراو (هانا)، تەنیا لە مانگی (٢٥) بیست و پێنجەمی تەمەنیدا.

**٢. توێژینەوەی بەراوردی:** لەم توێژینەوەیەدا، بەراوردی نێوان ئەنجامەکانی پتر لە یەک توێژینەوەی ئێستایی لە سەر هەمان جۆری کەرەسە دەکرێ، لە دو کاتی جیاواز، یان لە دو شوێنی جیاواز. بۆنمونە: بەراوردکرنی شێوەی ئاخاوتنی مناڵەکە (هانا)، لە مانگی (٢٥) بیست و پێنجەمی تەمەنیدا، لەگەڵ شێوەی ئاخاوتنی هەمان مناڵا (هانا) لە دوای ساڵێک، واتە؛ لە مانگی (٣٧) سی و حەوتەمی تەمەنیدا، یان شێوەی ئاخاوتنی دو مناڵا (هانا) و (هێلان) لە هەمان مانگی تەمەنیاندا.

**٣. توێژینەوەی مێژویی:** ئەم توێژینەوەیە، بریتیە لە ڕیزکردنی ئەنجامە جیاوازەکانی توێژینەوە بەراوردیەکان بە پێی زنجیرەی مێژویی و دەستنیشانکردنی ژینگەی هەر قۆناغێک و هۆکارەکانی گۆڕانەکان. بۆنمونە: دەرخستنی ڕێژەی زۆربونی ڕستە سادەکان لە شێوەی ئاخاوتنی مناڵەکە (هۆزان) لە مانگی (٢٥) بیست و پێنجەمی تەمەنیدا، تاکو مانگی (٣٧) سی و حەوتەمی تەمەنی.

**١.١.٢. کەرەسە (توخم):**

ژمارەی کەرەسەکانی زانستە سەرەکیەکان زۆرە. هەرچەند ئەو زانستە دابەشی لقی وردتر ببێ، ژمارەی کەرەسەکانی ئەو لقانەی زانستەکە کەمتر دەبێتەوە. بۆ نمونە، کەرەسەکانی زانستی زمان (زمانەوانی)، هەمو کەرەسەکانی زمان دەگرێتەوە. بەڵام کەرەسەکانی دەنگسازی، تەنیا دەنگ و پارچە دەنگەکانە،

کەرەسەکانی وشەسازی تەنیا وشە و پارچەکانیەتی و کەرەسەکانی ڕستەسازی، ڕستە و پارچەکانیەتی.

بە هۆی دەرەنجامی توێژینەوە زانستیەکان دەربارەی چۆنیەتی کارکردن و پێکهاتەی ڕوخسار و ناوەڕۆکی کەرەسەکان و بەراوردیان لە گەڵ کەرەسەکانی تر، کەرەسەکان بەسەر دو کۆمەڵەی سەرەکی دابەشکران(١٢ل١٦٣):

١- کەرەسەی پێوراو: ئەو کەرەسانەن کە یەکەی پێوانیان هەیە و دەشێ، ماددەی بەرجەستەیی بن (کێش و قەبارەیان هەبێ)، یان پێکهاتەی بەرجەستەیی نەبن (کێش و قەبارەیان نەبێ). وەک لەم خشتەیەدا ئاماژە بە هەندێ نمونە کراوە:

| نمونەی بەرجەستە | | نمونەی نابەرجەستە | |
|---|---|---|---|
| کەرەسە | یەکەی پێوان | کەرەسە | یەکەی پێوان |
| درێژی | مەتر / میل... | کات | چرکە / کاتژمێر... |
| کێش | گرام / پاوەند... | هێز | داین / نیوتن... |
| مێشکی کۆمپیوتەر | بایت / کیلۆبایت... | تەزوی کارەبا | ئەمپێر... |
| پاڵەپەستۆ | باسکال | لەرینەوە | هێرتز/کیلۆهێرتز... |

هەریەک لەم کەرەسە پێوراوانەش سەرەتا نەپێوراو بون. بۆنمونە: ڕۆژە-ڕێ، دانە-ڕێ، گەز، هەنگاو، بەژن و...هتد یەکەی پێوانی درێژی بون، ئەم یەکە پێوانەییە کۆنانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەپێی تەمەن و باڵا دەگۆڕێن. جگە لەمە زۆر یەکەی پێوانی ئاوێتە هەن، وەک: یەکەی پێوانی خێرایی، یەکسانە بە، یەکەی درێژی لە سەر یەکەی کات، یەکەی پێوانی قەبارە، یەکسانە بە، سێ جای یەکەی درێژیی لایە جیاوازەکان...هتد.

٢- کەرەسەی نەپێوراو: ئەو کەرەسانەن کە یەکەی پێوانیان نیە، یان هێشتا یەکەی پێوانیان بۆ نەدۆزراوەتەوە و پێوانەیان بە شێوەی ڕێژەیی و گشتیە و سنوردار نیە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێن. وەک: هۆش، بیر، توانای مێشک، جوانی، ئازایەتی، باشی، خۆشی، باوەڕ، ئاین، مێژو، پێشبینی، گیان، بون، مردن،...هتد.

تێکرای ئەنجامی توێژینەوەکان لە سەر کەرەسە پێوراوەکان هاورێک دەرەچن، بەڵام تێکرای ئەنجامی توێژینەوەکان لە سەر کەرەسە نەپێوراوەکان هاورێک دەرناچن و بە زۆری هەر تۆژەرێک بۆچونێکی دەبێ.

**١-١-٣. جۆری زانستەکان:**

بە شێوەیەکی گشتی و بە پێی جۆری کەرەسەکان، زانستەکان دابەشی دو جۆری سەرەکی دەبن(١٢ل١٦٤):

**١-١-٣-١. زانستە سروشتیەکان:** ئەو زانستانەن کە کەرەسەکانیان، یەکەی پێوانیان هەیە. وەک: کیمیا، فیزیا، ماتماتیک، زەویناسی....هتد.

**١-١-٣-٢. زانستە مرۆڤایەتیەکان (یان وێژەییەکان):** ئەو زانستانەن کە کەرەسەکانیان، یەکەی پێوانیان نیە. وەک: مێژو، وێژە، کۆمەڵناسی، دەروناسی....هتد.

**١-١-٣-٣. زانستە پراکتیکیەکان:** جۆرێکی لاوەکیی زانستەکانە، ئەگەرچی لە ڕوی کارەکیەوە لە هەمویان بایەخدارترە. ئەو زانستانەن کە زانستە سروشتیەکان لە ڕاژەی زانستە مرۆڤایەتیەکان بەکاردێنن. وەک: پزیشکی، ئەندازەگەری، وەرزش...هتد. بۆنمونە: ئازار و ژانی نەخۆشێک ناپێورێ، بە هۆی تیشکی ئێکس، پێوانی پلەی گەرمی لەش، پێوانی پەستانی خوێن و...هتد نەخۆشیەکە دەستنیشان دەکرێ و بە بڕی دیارکراو لە مادده کیمیاییەکان چارەسەر دەکرێ.

**١-٢. زمانەوانی چیە؟:**

ئەگەر ئەو پێناسەیەی پێشتر بۆ زانستمان کرد، بەسەر زمانەوانیدا پیادەی بکەین، زمانەوانی بریتی دەبێ: لەو بابەتەی توێژینەوە دەربارەی کەرەسەکانی خۆی دەکا.. کەرەسەکانی زمانەوانیش بریتین لەو کەرەسانەی لە زمان بەکاردێن. کەواتە؛ زمان چیە؟ و لە چی پێکهاتوە؟.

زمان داهێنراوێکی مرۆڤە، بۆ ئەوە هاتۆتە ئارا، تاکو ئەو بیرۆکە، یا چەمکەکان، یا ئەو واتایانەی کە لە مێشکی مرۆڤە قسەکەرەکاندا هەن، بگوازێتەوە، بۆ مێشکی مرۆڤە گوێگرەکان. ئەگەر لە سەرەتای دروستبونی زمان، هەر هێمایەک بەکارهاتبێ، بۆ گواستنەوەی ئەو واتایانە، ئەوا ئێستا هێمای دەنگی بۆ ئەو

مەبەستە بەکاردێ. کەواتە؛ زمان پێکدێ لە دەنگ و واتا. دەنگ، هۆی گواستنەوەی واتایە و واتاش پەیامی مرۆڤێکە بۆ مرۆڤێکی تر. پەیوەندیی نێوان دەنگ و واتاش، پەیوەندییێکی لەخۆوەیە و لە ئەنجامی زۆری دوبارەبونەوە و بەکارهێنان، سیستەمێکی دروستکردوە کە لە ئەنجامدا بوەتە ڕێسا، یان یاسا و نەریتێک بۆ ئەو زمانە. کەواتە؛ زمان بریتی دەبێ لە: دەنگ و واتا و ڕێسا. دەبینین، لە پێناسەی زمانیشدا، دو وشەی گرنگ هەن، کە (دەنگ) و (واتا)ن، ئەم دو توخمە کەرەسەی سەرەکیی زمانن، هەروەها وشەیەکی گرنگی تر هەیە، کە (ڕێسا)یە، مەبەست لە ڕێسا، دەستور، یا ڕێزمانی هەر زمانێکە، کە کەرەسەیەکی لاوەکیە و لێرەدا بواری باسکردنی بۆ نارەخسێ. بەڵام بە پێویست دەزانرێ، هەڵوەستەیەک لەسەر کەرەسە سەرەکیەکانی زمان، دەنگ و واتا بکرێ. ئایا دەنگ و واتا چین؟، ئایا یەکەی پێوانیان هەیە؟، ئایا دەتوانرێ، پۆلین بکرێن؟.

**١.٢.١. دەنگ چیە؟:**

{بە پێی بنەمای (بۆ هەر کارێک کاردانەوەیەک هەیە، لە هێزدا یەکسان و لە ئاڕاستەدا پێچەوانەن)، کاتێ گەردیلەکانی هەوا لە سیەکان فشاریان بۆ دێ و بە کارتێکردنی ئەندامانی ئاخاوتن بە تەوژم لە دەمی قسەکەردا دێنە دەرەوە، لەگەڵ گەردیلەکانی هەوای دەرەوە بەریەکدەکەون، دەبنە هۆی دروستبونی شەپۆلێکی لەرینەوە و دەگوازرێنەوە بۆ گوێی بیسەر. ڕادەی هێزی هەر شەپۆلێک، لەسەر سێ هۆکار بەندە: یەکەم - وزەی هێزی جوڵێنەر (فشار-Pressure)، دوەم - تێکڕای فراوانی لەرینەوەکان و سێیەم - ژمارەی لەرینەوەکان لە چرکەیەکدا کە پێی دەوترێ (لەرەلەر-Frequency). بۆ نمونە: هەندێ لایەنی شەپۆلی دەنگ بەم شێوەیە دەپێورێن:

ـ لەرەلەر: بە ژمارەی لەرینەوەکان لە چرکەیەکدا دەپێورێ، کە پێی دەوترێ (هێرتز-Hz).

ـ فراوانی: بە بەشەکانی یەک لە هەزارەی میللیمەتر لە زۆرترین بڕی لادانی جوڵە دەپێورێ.

ـ فشار: بە ژمارەی داینەکان لەسەر سانتیمەترێکی دوجا دەپێورێ.

ـ توندی دەنگ (Intensity): بە بەشەکانی یەک لە دە هەزار بلیۆنی واتێک لە سەنتیمەترێکی دوجا دەپێورێ. هەروەها پێوەرێکی کارەکی هەیە بۆ هێزی دەنگ، یا ڕادەی بیستن کە بە یەکەی( دیسیبیل) ناودەبرێ و هەر دیسیبیلێک یەکسانە بە، دەیەکی بیلیک و بیلیش کزترین دەنگە مرۆڤ تێیبگا. واتە؛ هەر دەنگێک لە دە دەیسبیل کەمتر بێ، گوێی مرۆڤ نایبیستێ، کە دەکاتە بەشێک لە دە هەزار ملیۆن ملیۆن وات لەسەر سانتیمەترێکی دوجا. بەهێزترین دەنگیش گوێی مرۆڤ بتوانێ بیبیستێ، بێ ئەوەی ئازاری پێ بگا، پێویستە لە سەدیەکی واتێک لە سانتیمەترێکی دوجا کەمتر بێ، کە دەکاتە، چل دیسیبیل.

لە نایابترین دەنگی قسەکردنی پیاو، کردنەوە و داخستنی هەوا لە نێوان ١٠٠ تا ١٥٠ جار دوبارە دەبێتەوە لە چرکەیەکدا، ژمارەی ئەو لەرینەوانە، بە خول لە خولەک (CPS = Cycles Per Second) دەپێورێ و بۆ ئافرەتیش ڕێژەکە دەگاتە ٢٠٠ تا ٣٢٥ جار.

کەواتە، یەکێ لەپێکهاتەکانی زمان کە دەنگە، لایەنە فیزیکیەکەی، کەرەسەیەکی پێوراوە و یەکەی پێوانی هەیە. لەم ڕوەوە زمانەوانی دەکەوێتە بە زانستە سروشتیەکان}(١٢ل١٦٥).

**١-٢-٢- واتا چیە؟:**

لە زمانەوانیدا، (واتا) ئاستەنگێکی گەورەیە، چونکە کەرەسەیەکی نابەرجەستەی هۆشەکیە و یەکەی پێوانی نیە. سەرجەم کەرەسە نەپێوراوەکانیش، دەبنە هۆی مشتومڕی تایبەتمەندان و لەسەر پێناسەکانیان و چۆنیەتیی پێکهاتە و کارکردنیان ڕێکناکەون. تەنانەت سرکی و خۆبەدەستەوەنەدانی (واتا)، گەیشتۆتە ڕادەیەک، هەندێ لە زمانەوانان لێی دوربکەونەوە و هەوڵی فەرامۆشکردنی بدەن. دیارترین پێناسە بۆ (واتا) ئەوەیە، کە بریتیە لە پەیوەندیی لەخۆوەی نێوان وێنە هۆشەکیەکان و هێما دەنگیەکان.

دۆزینەوەی مۆرفیم، کە بریتیە لە بچوکترین دانەی واتاداری زمان، لە ئەنجامی هەوڵە بەردەوامەکانی زمانەوانان بو بۆ پێوان، یان دۆزینەوەی یەکەیەکی

پێوانه بۆ واتا. هەرچەندە مۆرفیمیش نەیتوانی، گرفتەکە چارەسەربکا، چونکە ئەگەر مۆرفیم بە بچوکترین، یا سادەترین واتا دابنرێ، ئایا بەهاکانی شکۆمەندی و برِ و نرخ و قەبارەی مۆرفیمێکی هۆشەکی، وەک (یەزدان)، یەکسانە بە بەهاکانی مۆرفیمێکی بەرجەستەیی، وەک (مشک)، کە ئاسمان و رێسمان لە نێوانیانە؟. بۆیە ناتوانرێ، مۆرفیم بە یەکەی پێوانە دابنرێ و خۆی پێویستیی بە یەکەیەکی پێوانەی تر هەیە بۆ جیاکردنەوەی مۆرفیمێک لە مۆرفیمێکی تر.

لێرەدا دەرەکەوێ، زمانەوانی وەک دراوێکی دو رو، روێکی دەنگە، دەپێورێ و دەکەوێتە بەر زانستە سروشتیەکان و روەکەی تری واتایە، ناپێورێ و دەکەوێتە بەر زانستە مرۆڤایەتیەکان.

**١-٢-٣. لقەکانی زمانەوانی:**

بە درێژیی رۆژگار و ئەزمونکاریی بەردەوام، دیاردەی کەڵەکەبونی زانیاریەکان سەرجەم زانستەکانی هێندە فراوان کرد، کە هێڵی سنورەکانیان بتەقێت و کاڵبێتەوە. زمانەوانی وەک هەر زانستێکی تر لەم دیاردەیە بەدەر نیە. بەهۆی پەیوەستیی زمان بە گواستنەوەی سەرجەم زانیاری و داتاکانی کلتور و شارستانیەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بایەخی زۆر بە توێژینەوە زمانیەکان درا و مەیدانی زانستی زمانی هێندە فراوان بو، کە چەندین روبەری جیا جیا بگرێتەوە و بەپێی کەرەسەکانی توێژینەوە زمانەوانیی گشتی General Linguisticsدابەشی چەندین ئاست و لقی جیاواز بکرێ. زۆرتر زمانەوانیی گشتی بەم شێوەیە پێناسەکراوە {زانستێکە لە هەمو لایەنەکانی (دەنگ و مۆرفیم و رستە و دەربرِین و واتا و دەرِوون و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگ و پراکتیکی) زمان دەکۆڵێتەوە}(٣٧ل٣٢٧). ئەم هێڵکاریە هەندێ لە بوارەکانی زمانەوانی نیشانداوە(٣٩ل١١):

دواتر لێکۆڵینەوە لە خودی کەرەسەکانی زمان بە زمانەوانیی تیۆری (Theoretical linguistics)(32ل٢٣١) دانرا و سود وەرگرتن لە زمان و کەرەسەکانی بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤ، بە زمانەوانیی پراکتیکی یان کارەکی (Applied Linguistics) دانرا.

یەکەم - زمانەوانیی تیۆری (Theoretical linguistics):

زمانەوانی تیۆری، کە هەندێ جار بە شیکردنەوەیی یان {هاوکاتی (وەسفی)}ش ناودەبرێ {بایەخ بە کەرەسەکانی زمان (دەنگ، وشە و مۆرفیمە جۆر بە جۆرەکانی زمان) دەدات بە پێی چۆنیەتیی کارکردن و شوێنی کارکردنی لە سنووری زماندا، کە بەر چ ئاستێک دەکەوێ}(٣٨ل١٦). سێ ئاست بە لقە سەرەکیەکانی زمانەوانیی تیۆری دانراون، کە ئاستی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازین و ئاستەکانی تر بە لاوەکی دانراون، کە هەر لقێکیان خەریکە لە فراوانیدا دەبن بە زانستی سەربەخۆ. بۆ دەرنەچون لە سنوری باسەکە، بەپێی کەرەسە پێکهێنەرەکانی زمان، لە ڕوی واتاداری و بێ واتایی، تەنیا بەکورتی باسی سێ ئاستی زمانەوانی دەکەین(١٢ل١٦٧):

**١-٢-٣-١- (دەنگسازی):**

دەنگسازیی، ئەو بابەتەیە لە کەرەسەکانی خۆی دەکۆڵێتەوە. کەرەسەکانی دەنگسازی بریتین لە دەنگەکان، ئەویش دو لقی بچوکتری لێدەبێتەوە، کە (فۆنەتیک) و (فۆنۆلۆجی)ن. فۆنەتیەک بە شێوەیەکی گشتی لە چۆنیەتیی پێکهاتن و کارکردن و پۆلینکردنی دەنگەکانی زمانەکان دەدوێ. فۆنۆلۆجی کار و توێژینەوە لەسەر دیاردە دەنگسازیەکانی زمانێکی دیارکراو دەکا. بابەتێکی تر کە دەکەوێتە بەر بواری دەنگسازی، بڕگەسازیە.

تێکڕای بابەتەکانی دەنگسازی کار لەسەر دەنگ دەکەن. دەنگیش کەرەسەیەکە یەکەی پێوانی هەیە و دەکەوێتە بەر لایەنی فیزیکی زمانەوانی. واتە؛ دەنگسازی لقیێکی زانستی زمانە، کە پێوانەی هەیە و دەکەوێتە بەر زانستە سروشتیەکان. ئەگەرچی بۆ دەستنیشانکردنی دەنگەکان، پشت بە واتا دەبەسترێ، چونکە {فۆنێم بریتیە لە کورتترین دەنگ، کە جیاوازیی واتایی دێنێتەئارا}(١٤ل١٧). گەرچی دەنگەکان واتاکان دەگوازنەوە و کورتترین دەنگەکان (فۆنیم) دەتوانن، جیوازیی واتایی دروستبکەن، بەڵام ئەم ئاستەی زمانەوانی واتە؛ لقی دەنگسازیی تاکە ئاستێکی زمانە، کە واتادار نیە.

**١-٢-٣-٢. (ڕێزمان):**

به پێی پۆلینکردنی باو، ڕێزمان پێکهاتوه له هەردو لقی وشەسازی و ڕستەسازی. ئەو لقانەی له دەنگ و واتا پێکهاتون، له ناوەڕاستدان و دەکەونه بەر هەردو ئاستی دەنگ و واتا، وەک: وشەسازی، ڕستەسازی، دەقسازی و...هتد. هەریەک لەمانه پێکهاتون له دەنگ، که پێکهاتەی ڕوخساریان دەردەخا. ئەو دەنگانەشیان هەڵگری واتاکانیانن، که ڕۆنانی ناوەرۆکیان دەردەخا. واته؛ ڕوخساریان کەرەسەی دەنگیه و یەکەی پێوانی هەیه و دەکەوێته به زانسته سروشتیەکان، بەڵام ڕوەکەی تریان، که ناوەرۆکیانه، کەرەسەی واتاییه و یەکەی پێوانی نیه و دەکەوێته بەر زانسته مرۆڤایەتیەکان.

**١-٢-٣-٣. (واتاسازی):**

کەرەسەی ئەم ئاسته تەنیا واتایه و لەم ئاستەدا کەرەسەی دەنگی نیه. {هەرچەنده بۆ دیارکردنی واتاکانی زمان ناچار دەبین، پشت بەدەنگەکان ببەستین، چونکه دەنگەکان هەڵگری واتاکانن، بەڵام لێرەدا مەبەست تەنیا ئەو ناوەرۆکه واتاییەیه که دەنگەکان هەڵیانگرتوه، واته؛ مەبەست (بار)ەکەیه نەک (بارکراو)ەکه}(١٢ل١٦٧). تا ئێستا واتاسازیی دیارترین لقی ئەو ئاستەیه. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، واتا کەرەسەیەکه، یەکەی پێوانی نیه، بۆیه واتاسازی دەکەوێته بەر جۆری زانسته مرۆڤایەتیەکان.

کەواته؛ زمانەوانی، زانستێکه دو لایەنی هەیه، ڕوێکی له دەنگ پێکهاتوه، دەکەوێته بەر زانسته سروشتیەکان و ڕوەکەی تری که له واتا پێکهاتوه، دەکەوێته بەر زانستێکی مرۆڤایەتیەکان. بۆیه زمانەوانی نیوەی سروشتیه و نیوەی مرۆڤایەتیه.

ـ ئەنجام و بەرکوڵا:

{ئەو دو لایەنیەی زمان و زمانەوانی، له نێوان زانستەکانی سروشتی و مرۆڤایەتی ئەگەری چەند ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوه، لەمانه:-

١- توێژینەوه دەنگسازیەکان، وردتر و هاویەک و بێ گرفتترن له توێژینەوه واتاییەکان.

٢- توێژینەوە ڕێزمانیەکان( وشەسازی یان ڕستەسازی)، لەبەر دو هۆ هاویەک و هاوڕان:

یەکەم – لێکۆڵەرەکان پتر گرنگیان بە لایەنێک داوە، لەدەنگ و واتا. لە کوردیدا، پتر گرنگی بەلایەنی واتا دراوە.

دوەم – لەبەر ئەوەی واتا کەرەسەیەکی نەپێوراوە، خۆی دەبێتە هۆی ڕای جیا جیا و ڕێژەیی.

٣- جیابونەوەی بەشەکانی زمان لە کۆلێجەکانی ویژەیی(ئاداب)، کە تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتیەکان و دانەنانی لە کۆلێجەکانی زانست کە تایبەتە بە زانستە سروشتیەکان. ئێستا لە زۆربەی زانکۆکانی جیهان ڕا و پێشنیار بەو ئاڕاستە دەچێ، کە لە کۆلێجێکی تایبەت بە ناوی (کۆلێجی زمانەکان) دابنرێن.

٤- لەسەرجەم زمانەکاندا، لایەنی دەنگەکان، سیستەمی ڕیزکردنیان، کارلێککردنیان و...هتد فێربونیان ئاسانترە، لەلایەنی واتایی. چونکە دەنگەکان کەرەسەی پێوراون و یاسادارن، بەڵام واتاکان کەرەسەی نەپێوراون و پابەندی یاسا لۆجیکیەکان نابن. بۆ نمونە: دەربڕینی وشەی (سور) کارێکی گران نیە، بەڵام بۆ لە هەولێر واتای (سوێر = خوێدار) بدا، لە سلێمانی واتای ڕەنگی خوێن بدا، لە عەرەبی واتای شورە بدا، لە فەڕەنسی واتای (لەسەر = Sur) بدا و ...هتد.

٥- هەر کاتێ توانرا، واتا بپێورێ و یەکەیەکی پێوانەی بۆ دۆزرایەوە، زانستی زمانیش بە تەواوی دەچێتە ڕیزی زانستە سروشتیەکان.}(١٢ل١٦٨).

دوەم - زمانەوانیی پڕاکتیکی یان کارەکی (Applied Linguistics):

زمانەوانیی کارەکی، بایەخ بەوە دەدا، سەرجەم داتا و دەرەنجامەکانی توێژینەوە تیۆریەکان پڕاکتیزە بکا لە کاروباری ڕۆژانە و بە شێوەیەکی کارەکی بۆ سودی مرۆڤایەتی پیادەیان بکا. {(زمانەوانیی کارەکی) کارەکردنە لەسەر ئەوەی ئێمە چی دەزانین؟ دەربارەی (a) زمان، (b) چۆن زمان فێردەکرێ، (c) چۆن بەکاردێ، بۆ ئەوەی چەند مەبەستێک بهێنینەدی، یان هەندێ گرفتی لە جیهانی ڕاستەقینەدا پێ چارەسەر بکەین}(٤٠ل١). ئەگەرچی بوارەکانی زمانەوانیی کارەکی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر دەبن، بەڵام بە پێی کارنامەی کۆنگرەی

(کۆمەڵەی ئەمریکیی زمانەوانیی کارەکی -AAAL) لە ساڵی ٢٠٠٢، بوارەکانی زمانەوانیی کارەکییان لە لیستێکی ١٨ ناونیشانی خستەڕو، کە ئەمانە بون:

- زمان و وەرگرتنی(Language and acquisition).
- زمان و خەملاندن(Language and assessment).
- زمان و مێشک(Language and brain).
- زمان و درککردن(Language and cognition).
- زمان و کەلتور(Language and culture).
- زمان و بیروباوەڕ (Language and ideology).
- زمان و فێرکاری(Language and instruction).
- زمان و کارلێککردن(Language and interaction).
- زمان و گوێگرتن(Language and listening).
- زمان و میدیا(Language and media).
- زمان و ڕامیاری(Language and policy).
- زمان و خوێندنەوە(Language and reading).
- زمان و شێوازی توێژینەوە( Language and research methodology).
- زمان و کۆمەڵگا(Language and society).
- زمان و ئاخاوتن(Language and speaking).
- زمان و تەکنۆلۆجیا(Language and technology).
- زمان و وەرگێڕان/ناوگێڕ( Language and translation/interpretation).
- زمان و نوسین(Language and writing).

**٣.١- دەرونزانی چیە؟**

سەرباری بونی تولە ڕەگەزی باریکی دەرونزانی لە کۆندا، بەتایبەتی لە ناو فەلسەفەدا، بە بەراورد بە زۆربەی زانستە ناسراوەکانی تری وەک، فەلسەفە، کیمیا، فیزیا، بیرکاری، مێژو، جوگرافیا، پزیشکی و زماننناسی....هتد، دەرونزانی

وەک زانستێکی جیا و سەربەخۆ نوێیە، بەڵام ئەم نیو سەدەی دوایی بە سەردەمی هەڵتۆقینی ئەو زانستە دادەنرێ.

ئەگەر چاوێک بە ناو کتێبەکانی دەرونزانیدا بگێڕین، دەبینین، زۆربەیان لەسەرەتادا بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێن، کە ئایا دەرونزانی چیە؟ لە وەڵامەکاندا پێناسەی جۆراوجۆرمان بەرچاو دەکەوێ. هەر پسپۆڕێک بە ڕێژەی لایەنگری خۆی بۆ ڕوانگە و ئەو قوتابخانە دەرونیەکان، پێناسەکەی داڕشتوە. بۆ نمونە، هەندێکیان بۆ ئەوە دەچن، کە دەرونزانی ئەو زانستەیە، لە (ڕەفتار) دەکۆڵێتەوە، هەندێکی تر بەوە پێناسەی دەکەن، کە لە (ئەرکەکانی مێشک) دەکۆڵێتەوە، هەندێکی تریش دەرونزانی بەوە دەناسێنن، کە زانستێکە لە (چالاکی و ئەرکە هۆشەکیەکان) دەکۆڵێتەوە(١٥ل٧).

بە سەرنجدانێکی ورد لە دەرونزانی، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، ئەو زانستە دەیەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە (ئەو کەسە بۆ وا دەکا؟). واتە؛ (بۆچی (فلان) بەم شێوەیە ڕەفتار دەکا؟). هەڵبەتە، هەر ئاڕاستە و قوتابخانەیەکی ئەو زانستە، بە شێوەیەکی جیاواز و بەپێی بۆچونی خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە. ئینجا بە ڕادەی ژمارەی بۆچونەکان، پێناسە بۆ ئەو زانستە کراوە. بۆ نمونە، گەر بپرسین، شاعیری ناوداری کورد نالی، بۆچی ئەم پارچە هۆنراوەیەی وتوە؟(١٦ل١٠٨):

پێم دەڵێن: مەحبوبە خێل و قێچە، مەیلی شەڕ دەکا خێل و قێچە، یا ترازوی نازی نەختێ سەردەکا؟

خێل و قێچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵا بە چاو مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵا پەی کەر دەکا؟

عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێ دەگەی کەچ نەزەڕکەی فەرقی خوار و ژور و خێر و شەڕدەکا

هەرکەسێ نوقسانی ڕوی باوێتە سەر ڕوی ئاوێنە

شاهیدی هەرچەندە (رأی العین)ـە، کێ باوەڕ دەکا

دەشێ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەیان وەڵاممان دەستکەوێ، وەک:

*ـ ناڵی شاعیرێکی بەرزە و شیعرێکی ناسکی وتوە.

*ـ مەحبوبە زۆر جوان بوە و ناڵی شەیدای بوە.

*ـ مەحبوبە خێڵ و ناشیرین بوە.

*ـ خەڵکی ئێرەییان بە مەحبوبە بردوە.

*ـ یەکێ خێڵ بێ، وەکو ئاوێنە، بەرامبەرەکەی بە خێڵ دەبینێ.

*ـ ناڵی مەبەستی بوە، بەم هۆنراوەیە دڵی مەحبوبە بۆخۆی کێشبکا.

ئەگەر لە دەرونزانیدا، بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین، کە (ناڵی بۆ ئەم پارچە هۆنراوەیەی نوسیوە؟)، وەڵامێکی سنوردارمان دەستناکەوێ، چونکە هەر کۆمەڵا و قوتابخانەیەک لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە بۆ وەڵامەکە دەچن و بابەتەکە بە شێوەکی جیاواز پێناسە دەکەن. بۆ نمونە:

ـ (دەرونزانی: ئەو زانستەیە، بە شێوەیەکی زانستی توێژینەوە لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ دەکا، بە مەبەستی تێگەیشتنی ئەو ڕەفتارە و لێکدانەوەی وپێشبینیکردنی و کۆنترۆڵکردنی، لەپێناوی گۆڕین و ڕاستکردنەوەی)(٤ل٧).

ـ (لێکۆڵینەوەی زانستیە لە ڕەفتار و کردارە هۆشەکیەکان)(١٧ل١٧).

ـ (دەرونزانی ئەو زانستەیە، بە شێوەیەکی سیستەمی لە ڕەفتاری دیار دەکۆڵێتەوە و هەوڵدەدا پەیوەندیەکەی لەگەڵ کردارە نەبینراوەکان لێکبداتەوە، کە لەناو کۆئەندامیەتی ڕودەدەن، گەر هۆشەکی بن، یان جەستەیی، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریش پەیوەندییان بە ڕوداوە دەرەکیەکانی ژینگە)(١٨ل٢١).

ـ (دەرونزانی، لێکۆڵینەوەیە لە هۆش و چۆنیەتیی کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری خەڵک)(٢١ل١٣٢١).

ـ (دەرونزانی ئەو زانستەیە، لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە)(٢٢ل٥).

ـ (دەرونزانی ئەو زانستەیە، لە ڕەفتار و کردارە هۆشەکیەکان دەکۆڵێتەوە)(٢٣ل٢٤).

ـ (زیندەوەرزانی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیە، لە ڕەفتاری بونەوەرە زیندوەکان (بە مرۆڤیشەوە)، بە ئامانجی تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەو ڕەفتارە و

پێشبینیکردنی و کۆنترۆلکردنی و بەرزەفتەکردنی، لەسەر بنەڕەتی تێگەیشتنێکی زانستیانەی)(٢٤ل٥).

بە لێکدانەوەیەکی تێکڕای پێناسەکان، دەگەینە ئەوەی، دەرونزانی دەیەوێ، لە ژێر تیشکی هەڵسوکەوتە دیار و بەرچاوەکانی مرۆڤ، لە ئاخاوتن و جوڵە و هێما ڕوخساریەکان..... بگاتە ئەو کردارە ئۆرگانیانەی لە ناوەوەی مرۆڤ بەتایبەتی لە مێشک ڕودەدەن، بە مەبەستی ڕاستکردنەوە و باشترکردنیان. ڕەنگە کۆنترۆلکردن و گۆڕینی ئەو ڕەفتارە هۆشەکیانە، لە شێوەی ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی ڕاستکردنەوەی هەڵسوکەوتە دیارەکان بێ، یان لە شێوەی ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی چارەسەری نۆشداری و دەرمانی بێ.

ئەو کەلێنەی لەو پێناسانەدا دەبینرێ، ئەوەیە، زۆربەیان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە دەبێ لێکۆڵینەوەکە زانستی بێ، بێ ئەوەی چۆنیەتیی ئەو زانستیە ڕونبکەنەوە. چونکە زانست خۆی پێویستی بە ڕونکردنەوە هەیە.

بە پێی ئەو پێناسە گشتیەی پێشتر بۆ زانستەکانمان کرد، (زانست بریتیە: لەو بابەتەی تویژینەوە دەربارەی کەرەسەکانی خۆی دەکا.). زانستی دەرون، یان دەرونزانی بریتی دەبێ: لەو بابەتەی تویژینەوە دەربارەی کەرەسەکانی خۆی دەکا. ئایا کەرەسەکانی دەرونزانی چین؟ هەوڵدەدەین، لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا، کەرەسە سەرەکیەکانی دەروزانی بخەینەڕو(١٧ل١٨):

ڕەفتار (سلوک/behavior): هەمو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە تاکێک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لە وتە و کردار ئەنجامیاندەدا. وەک: ئەکتەرێک نواندن دەکا، خوێندکارێک وانە دەخوێنێ، هۆزانڤانێک هۆنراوە دەنوسێ. یاریزانێک یاریدەکا، پێشمەرگەیەک دەجەنگێ، چاوەشێک هاواردەکا......

ئاکار/ سیما (سمە/trait): ئەو کۆمەڵە ئاوەڵناوانەن کە لە ڕەفتاری تاکەکاندا بەدەردەکەون، وەک: زیرەکی، شپرزەیی، دڵفراوانی، دورەپەرێزی.......

کردارە هۆشەکیەکان: ئاماژە بەو بەهرانە دەکا، کە تایبەتن بە کەسەکە و لەناو مێشکی لە ئارادان و بە چاو نابینرێن و ڕاستەوخۆ تێبینی ناکرێن. وەک: بیر و باوەڕەکان، خەون و بیرەوەریەکان، حەز و پاڵنەرەکان، هەستکردنەکان،

درککردنەکان.....هتد. بۆنمونە، ئایا لەگەڵ ئەم دەستەواژانە لە ناو مێشکدا چی ڕودەدا؟: یادەوەریەکانی پێشمەرگەیەک لە بەرەکانی جەنگدا، بۆچونەکانی قەیرەیەک دەربارەی هاوسەرگیری، هەستی کۆرپەیەکی برسی بە بینینی مەمکی دایکی.....هتد. ئەنجامدانی هەر ڕەفتارێک، بە چاو دەبینرێ، بەڵام ناتوانرێ، کردارە هۆشەکیە هاوتەریبەکانی ببینرێن. بۆیە لەمیانی ڕەفتارە بینراوەکان، کردارە هۆشەکیەکان هەڵدەهێنجرێن. (لە کۆتایی مانگی خەرمانانی ساڵی ٢٧١٤ی کوردی، خێزانێکی یەزیدی لە شارۆچکەی شەنگال، کە لە دایک و باوکێک و کوڕێکی ئامادەیی و کچێکی زانکۆیی پێکهاتبون، کەوتنە بەر هێرشی ڕەشەکوژی چەکدارانی داعش، فەرمانیان پێکردن گەواهی بێنن و ببنە موسوڵمان، دوای سزا و تۆقاندن، کوڕەکە یاخی بو و ملکەچی فەرمانیان نەبو، بۆیە لەبەر چاوی ئەوانی تر گوللەبارانیانکرد و ئەوانی تر لە ترسان گەواهییان لە دەمی ڕیشدارەکە دوبارەکردەوە، ئینجا باوکەکەیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و دواتر کچەکەیان پەلکێشکرد و دایکەکە بورایەوە). پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا چ کردارێکی هۆشەکی لە مێشکی، هەریەکە لە ئەندامانی ئەو خێزانە ڕویداوە و جیاوازییان چی بوە لەگەڵ کردارە هۆشەکیەکانی بکوژەکان؟

ئەگەر بە وردی سەرنجی هێلکاریەکە و ئەو دێڕەکانی سەرەوە بدەین، دەبینین، کەرەسەکانی دەرونزانی زۆرن، لەمانە (ڕەفتار، هەستکردن، وشیاری، درککردن، بیرکردنەوە، یادکردنەوە، ترس، دودڵی، ڕاڕایی، زیرەکی، شپرزەیی، ئازایی، خەمۆکی، دڵفراوانی، دورەپەرێزی، ڕەشبینی و گەشبینی....هتد). گرفتەکە لەوەدایە، هیچ یەکێک لە کەرەسەکانی دەرونزانی یەکەی پێوانیان نیە. واتە؛ ناپێورێن. بۆیە دەرونزانیش دەکەوێتە بەر کۆمەڵەی زانستە مرۆڤایەتیەکان و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پسپۆڕ و تایبەتمەندانی ئەم بابەتە لەسەر پێناسەیەک ڕێکنەکەون و لەبەر زۆری کەرەسەکان و فراوانی بوارەکە، ژمارەی ڕوانگە و پێناسەکان زۆر دەبن. تاکو ئەو زانستەش نەگاتە ئەو ئاستەی یەکەی پێوانە هاوکۆی جیهانی بۆ کەرەسەکان نەدۆزێتەوە، پێناسەکانیش یەکناگرن. دەرونزانێک

دەڵێ: (لە ڕاستیدا، هێشتا زوە بۆ ئەوەی بگەینە پێناسەیەکی هاویەک، کە هەمو دەروننناسەکان لەسەری ڕێککەون)(١٥ل١١).

**١.٣.١. کورتەیەکی مێژویی دەرونزانی:**

ناوی زانستیی (زانستی دەرون) دەگەڕێتەوە بۆ سایکۆلۆجیای (Psychology) ئینگلیزی. لە بنچینەدا لە وشەیەکی لێکدراوی لاتینیەوە (psyche logos) هاتوە، کە لە دوشەی سادە داڕێژراوە: (psyche) تا ئێستاش لە ئینگلیزیدا بە واتای هۆش، یان هەستی ناخ و هەڵوێست دێ(١٩ل١٠٢١)، یان گیان و دەرون هاتوە(٢٠ل١٧). (Logos) واتای زانست، یان لێکۆڵینەوە دەبەخشێ، کە بە هەردوکیان واتای لێکۆڵینەوەی هۆش دەگەیێنن(١٧ل١٧). واتە؛ (وشەی زانستی دەرون Psychologyلە وشە یۆنانیەکان داڕێژراوە و واتای {لێکۆڵینەوەی هۆش یان گیان} دەدا)(٢٣ل٢٤).

لە زمانی کوردیشدا هەرسێ زاراوەی (زانستی دەرون)، (دەرونزانی) یان (دەروننناسی) تەنانەت (سایکۆلۆژیا)ش(٢٦ل٣) بەرچاودەکەون. بە هەمان شێوە هەرسێ زاراوەکە لە دو وشەی سادە پێکهاتون. دەرون واتای (نفس-) دەبەخشێ. پاشگرەکانی (-زانی)، یان (-ناسی)، کە لە ڕەگی چاوگەکانی (زانین) و (ناسین) لەگەڵ (ی)ی مۆرفیمی بەندی ناوی واتایی داڕێژراون، واتای زانست دەدەن. یاسای ڕۆنانیان بەم شێوەیە:

(دەرون) ناوی بابەت + (زان) ڕەگی چاوگی (زانین) + (ی) مۆرفیمی ناوی واتایی ← دەرونزانی = (زانستی دەرون)

(دەرون) ناوی بابەت + (ناس) ڕەگی چاوگی (ناسین) + (ی) مۆرفیمی ناوی واتایی ← دەروننناسی = (زانستی دەرون)

سەرباری بونی تولە ڕەگەزی باریکی دەرونزانی لە کۆندا، بەتایبەتی لە ناو فەلسەفەدا، بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی زانستە ناسراوەکانی تری وەک، فەلسەفە، کیمیا، فیزیا، بیرکاری، مێژو، جوگرافیا، پزیشکی و زمانناسی....هتد، (دەرونزانی وەک زانستێکی جیا و سەربەخۆ و نوێیە، ئەم نیو سەدەی دوایی بە سەردەمی هەڵتۆقینی ئەو زانستە دادەنرێ)(١٥ل١١). هەڵبەتە، قسە و

گەنگەشەکردن لەسەر تەوەرە سەرەکیەکانی دەرونزانی وەک، هۆش، ڕەوشت، جەستە و گیان، هۆشمەندیی، مێشک و ئاخاوتن.... دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە دێرینەکانی مێژو، تەنانەت لەسەرەتاکانی مێژوی زانراودا ئەو ڕێچکەباسی ئەو توخمانە بەدیدەکرێن. بۆ نمونە:

لە سەردەمی گریکەکاندا، سوکرات (٤٧٠-٣٩٩پ.ز)، بە پرسیارکردن لە کەسەکان ڕادەی هۆشمەندیی هەڵدەسەنگاندن و لەو باوەڕەدا بو، گیان و هۆشی مرۆڤ کۆنترۆلی هەستەکانی دەکا و هۆشمەند، یان دەبەنگی دەکا. مرۆڤ لە سروشدا چاکەخوازە و بڕیارە چاکەکانیش لە مێشکەوە دەردەچن. دو هێزی چاکە و خراپەی لە مرۆڤ بەدیکردوە، کە هەردەم لە ململانێ دان و بریتین لە هۆش و ئارەزو. بەڵام ئەفلاتون (٤٢٧-٣٤٧پ.ز) ئاماژە بە دو جیهان دەکا، جیهانێکی بیرۆکەی نمونەیی (Ideas) و جیهانی توخمە بەرجەستەکان (Things). مرۆڤیش پێکهاتوە لە دو بەش، (جەستە) توخمێکە لە جیهانی کەرەسە بەرجەستەکان کە بینراوە و (گیان) کەرەسەیەکی هۆشەکیی نەبینراوە لە جیهانی بیرۆکە نمونەییەکان و دەستی بەسەردا گرتوە و گیان و جەستە دو سروشتی جیاوازن. ئەفلاتون، لەسەر بنەڕەتی گیان، مرۆڤەکان دابەشی سێ پۆل دەکا: پۆلی هۆشمەند، لەناو مێشکدایە، پۆلی تورە، لەناو دڵدایە و پۆلی ئارەزوکار لەناو سکدایە. بە پێی بۆچونی ئەفلاتون فێربونی زانیارییێکی نوێ، بیرکەوتنەوەی ئەو زانیاریەیە، کە لە بنەڕەتدا لە مێشکدایە. {ئەفلاتوون دەڵێ ئاکاری مرۆڤ لە سێ کانییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئارەزوو، سۆز، زانین(ئاوەز). ئارەزوو، هەوەس و پاڵنەر، هەرسێکیان یەک شتن. سۆزو رۆح و پلەخوازی و ئازاییش یەک شتن. زانین و هزرو زیرەکی و عەقڵیش یەک شتن. ئارەزوو لە نێو گەدەدا جێگیرە، کۆگایەکە و چالاکیی لێ هەڵدەقوڵێ، نەمازە لە ڕووی سێکسەوە، سۆزیش لە نێو دڵا و لەگەڵ ترپەی دڵا و سووڕانەوەی خوێندایە، کە ئەزموون و ئارەزووەکان لەوێدا دەزرینگێنەوە. سەریش جێ و شوێنی زانینە، هەر ئەویش چاو و دیدەی ئارەزووەکانە، دەشکرێ ببێتە رابەری گیان و رێ پیشاندەری رۆح. هەر هەمو ئەم پەسن و هێزانە لە هەموو مرۆڤێکدا هەن، بەڵام بە پلەی جۆراوجۆر.}(٢٨ل٢٥-٢٦). بەڵام قوتابییەکەی

ئەو ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢پ.ز)، ڕاکەی پێچەوانەی ئەو بو، ئەو لەو باوەڕەدا بو زانیاری لە ڕێگەی هەستەکانەوە وەدەستدێ. سەرەتاکانی زمانناسی و دەرونناسی لە ئەرستۆوە دەستپێدەکەن، تەنانەت نوسراوێکی تایبەتی هەیە (لەبارەی دەرونەوە)(٢٨ل٦٣)، کە تیایدا دەرون بە کرۆکی بونی زیندەوەران دادەنێ و لە جەستەی جیاناکاتەوە. ئەویش سێ جۆری دەرون جیادەکاتەوە:

ـ دەرونی خامۆش: ئەرکی ژیان و خۆراک و گەشەکردنە و کە لە ڕوەکەکانیشدا هەیە.

ـ دەرونی گیانەوەری: ئەرکی جوڵە و هەستکردنە لە ڕێگەی پێنج هەستەوەرەکان.

ـ دەرونی ئاخێوەر: ئەرکی بیرکردنەوەیە و لە مرۆڤدا هەیە(٢٥ل١٥).

{دەڕوونناسیی ئەرستۆ تێکەڵا بە نادیاری و ڕاڕایی و هەڵبەز و دابەز دەبێت، گەلێ برگەی زۆر سەرنج ڕاکێشی تێدایە، وەک ئەوەی دووپاتی تواناو دەسەڵاتی دابونەریت دەکاتەوە، بۆ یەکەمین جاریش بە سروشتی دووەمی ناوزەد دەکات،..... ڕۆح بنەمای تەواو چالاکی هەر تەنێکی زیندووە، هەروەها کۆی هێز و ئاوێتە بوونەکانیەتی. ڕۆح لە ڕووەکدا بریتییە لە هێزێکی خۆرەو زایەند، لە ئاژەڵیشدا هێزێکی هەستیار و بزوێنەرە، لە مرۆڤیشدا هێزی ئەقڵا و بیرکردنەوەیە، ڕۆح وەک کۆمەڵە هێزێکی لەش، بەبێ ئەو ژیانی نییە، بە واتە بە نەمانی لەش ئەویش نامێنێ.}(٢٨ل٩١). بیرۆکەی دوانەی گیان و جەستە، بەردەوام هاتۆتە خوارەوە و کاری لەسەر کراوە. بواری جەستە لە مەیدانی پزیشکی و فسیۆلۆجیدا پەرەسەندنی زۆری بەخۆوە بینیوە، چونکە لایەنێکی بەرجەستەیی و پێوراوە، بەڵام لایەنی گیان، لەبەر ئەوەی هۆشەکی و نەپێوراوە، بەو ڕادەیە پێشنەکەوتوە. بۆنمونە، فەیلەسوفی فەڕەنسی ڕێنێ دێکارت (١٥٩٦-١٦٥٠ز)، هەوڵیداوە، ئەم دوانەی جەستە و هۆش گەڵاڵە بکا، بەوەی لە گیانەوەردا، بزوێنەری جەستەزاڵە و لە مرۆڤدا، بزوێنەری هۆش. مرۆڤ هەستدەکا و بیردەکاتەوە. بەم پێیە سێ جۆر بیر دەستنیشان دەکا: هەستی، کە تیایدا مرۆڤ لە ڕێی هەستەوەرەکان، هەست بە ژینگەی دەرەکی دەکا. ئاوێتە، لە یەکەم ئاڵۆزترە، بەوەی بیری هەستکردن و بیری

یادکردنەوە تێکەڵادەکا و بیرێکی ڕستەیی ئاخاوتنی لێ دروستدەکا. بۆ نمونە، ئەوە ئەو مامۆستا باشەیە، کە لە سەرەتایی بیرکاری پێدەوتین. سێیەم: بیری بۆماوەیی، لە زگماکدا ئەو بیرانە لە مرۆڤدا هەن و ساکارن، مرۆڤ لە خۆیدا دەیاندۆزێتەوە، وەک، بیری پیاوەتی، باوەڕ، کات و شوێن، خولیایی.....

وەکو پێشتر لە باسی زانستەکاندا ئاماژەمان پێکرد، مرۆڤ هەردەم هەوڵیداوە، یەکەی پێوانە بۆ کەرەسەی لێکۆڵینەوەکانی بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی لە خەملاندنی دەرەنجامەکانی وەک زانستێکی وێژەیی، بابەتەکەی بگۆڕێ بۆ زانستێکی سروشتی. دەرونزانیش لەم دیاردەیە بەدەر نیە و تا ئێستاش هەوڵی زۆر دراوە بۆ ئەو مەبەستە و تەنانەت ژمارەیەکی زۆر تاقیگە و نۆڕینگە بۆ ئەو مەبەستە کراونەتەوە. بەم پێیە، سەرەتاکانی دەرونزانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سالانەی لە تاقیگەدا دەستکرا بە توێژینەوە لەسەر ڕەفتار و دەرونی مرۆڤ. بۆنمونە دەشێ، دانانی یەکەم تاقیگەی توێژینەوەکانی دەرونزانی لە ساڵی ١٨٧٩ لە شاری لایبزگی ئەڵمانی لە لایەن ولیەم ڤۆنت، بە سەرەتای ڕاستەقینەی دەرونزانی دابنرێ. ڤۆنت لە تاقیگەکەیدا هەوڵیدا تاقیکردنەوە دەربارەی کاریگەریی شەپۆڵەکانی دەنگ و ڕوناکیی لەسەر هەست بکا. داوای لە هاوکارەکانی دەکرد، بە وردی لە هەستەکانیان بدوێن، کاتێ بەر کارتێکەرێ دەکەون. بەرنامە و بیرۆکەکانی ڤۆنت بە (بزوتنەوەی بنیاتگەری) ناونران. دواتر کاریگەریەکانی ڤۆنت و ڕەخنەگرەکانی لە ئەمریکاش ڕەنگیدایەوە و پەرەیانپێدرا. ولیەم جێمس لەو باوەڕەدا بو، دەبێ دەرونزانی بایەخ بە توێژینەوە لەسەر ژیانی هۆشەکی بدا. داوای دەکرد توخمەکانی هەست شینەکەینەوە، بەڵکو ئەرکەکانی هەست دەستنیشانبکەین، کە چۆن کار لە ڕەفتار دەکەن. بۆیە پرۆگرامەکەی بە (بزوتنەوەی ئەرکی) ناسرا. دواتر زانای ئەمریکی جۆن واتسۆن بوە هۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی نوێ لە دەرونزانی، کە بە (بزوتنەوەی ڕەفتاری) ناسرا بو. دیارترین سەرنجی ئەو بزوتنەوەیە ئەوە بو، ناتوانرێ، ژیانی هۆشەکی ببینرێ، یان بپێورێ، بۆیە ناتوانرێ، بە شێوەیەکی زانستی لێیبکۆڵرێتەوە. بۆیە پێویستە، دەرونناسان تیشکۆ بخەنە سەر لێکۆڵینەوەی ڕەفتارە دیار و بینراوەکان.

واتسۆن باوەڕی بە خوازیاریی سەربەست (الإرادە الحرە/Freewill) نەبو، بەوەی هەرکەسێک بتوانێ، چارەنوسی خۆی دیاربکا. لە بری ئەوە، واتسۆن دەیوت: هەرچی بکەین، پەیوەستە بە بەهرەکانی ڕابوردومان. هەمو ڕەفتاری ئادەمیزادی بە زنجیرەیەک ڕوداو دادەنا، کە وەڵامن بۆ کارتێکەرەکان. کارتێکەر (stimulus) ڕوداوێکی ژینگەییە، بەڵام وەڵامدانەوە (response) بریتیە لە جوڵە ماسولکەیەکی بینراو، یان پەرچەکردارێکی کۆئەندامی physiology کە دەتوانرێ، ببینرێ و بپێورێ. واتسۆن کرداری بیرکردنەوەی بە جۆرێک لە ئاخاوتنی بێدەنگ دادەنا لە نێوان تاک و خودی خۆی. بزوتنەوەی ڕەفتاری هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان ڕەفتار و ژینگەی دەدا. بۆ نمونە، بۆچی بە تامێکی ترش دەم لیک دەکا؟ ئەم بزوتنەوەیە لەسەر دەستی دەروونناسە ئەمریکیەکانی وەک سکینەر و سۆرندایک، پتر پایەکانی چەسپاند و بە کورتکراوەی (ک-و) ئاماژەی پێدەکرا، کە هێما بون بۆ کارتێکەر و وەڵامدانەوەکان. یاساکانی سۆرندایک کاریگەریی بەرچاوی هەبو لەسەر پەرەسەندنی بزوتنەوەی ڕەفتاری، بەوەی پاداشتکردن دەبێتە دوبارەی ڕەفتار و سزادان دەبێتە وازهێنانی. تاقیکردنەوەکانی زانای ڕوسی ئیڤان پاڤلۆڤ، بە لیککردنی دەمی سەگەکان بە بینی پارچە گۆشتێک، کە بە کارتێکەر و وەڵامدانەوەی دانا، هێندەی تر بناغەی ئەو بزوتنەوەیەی چەسپاند.

لە ساڵی ١٩١٢ لەسەر دەستی چەند زانایەکی ئەڵمانی وەک، ماکس ڤێرتهایمەر، کۆفکا و کۆهلەر بزوتنەوەی جەشتاڵت هاتەئارا، (Gestalt وشەیەکی ئەڵمانیە، واتای شێوە دەگەیێنێ). ئەمانە ڕەخنەیان لە بزوتنەوەکانی بنیاتگەری و ڕەفتاری گرت و بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی دیاردەی درککردن (الإدراک) دەدا. (ناوبانگی ئەو بزوتنەوەیە لەسەر ئەو بنەمایە دەرچو، کە دەڵێ: کۆی گشتی گەورەترە لە کۆی پارچەکانی. واتە؛ کۆی پارچەکان یەکسان نیە بە هەمو. چونکە هەمو (کۆی گشتی) یەکسانە بە کۆی پارچەکان لەگەڵ ڕێکخستن کە واتا بە شتەکە دەدا. بۆ نمونە، تۆ ئەگەر دەقێک، یان چامەی هۆنراوەیەک بخوێنیتەوە، ناتوانی بگەیتە بیرۆکەی سەرەکی تاوەکو هەمو دەقەکە نەخوێنیتەوە. بەڵام ڕستەی پچڕ پچڕ و دێڕی لابەلای دابڕاو، ناتگەیێنێتە بیرۆکەی

سەرەکی)(١٧ل٢٣). لێرەدا بۆ دەستنیشانکردنی کەسێتی هەر مرۆڤێک، پێویستە چاودێری تێکڕای کەسەکە بکرێ، بە پێی ئەوەی گرفتەکە لە پارچەکانی پێکهاتوە و کۆکردنەوەی سەرجەم پارچەکان و ڕێکخستنەوەیان وێنەیەکی باشی گرفتەکەمان دەستدەکەوێ(١٥ل١٨).

لە دەرکۆی ئەو هەمو بیر و ڕا و بزوتنەوانە، بزوتنەوەیەکی نوێی دەرونزانی هاتە ئارا، کە قوتابخانەی زانیاریە (المدرسە المعرفیە). لە دیارترین لایەنگرانی ئۆزیل، مۆلەر، نایزەر و....هتد. بنەمای ئەو بزوتنەوە لەسەر ئەو ڕەخنانە داڕێژرا، کە مرۆڤ وەڵامدەرەوەیەکی بێلایەن نیە، بەرامبەر کارتێکەرە ژینگەییەکان. چونکە مرۆڤ تێدەگا و بیردەکاتەوە و لێکدەداتەوە و بە کۆمەڵێک کرداری هۆشەکیدا تێدەپەڕێ، تاکو وەڵام دەداتەوە، یان ناداتەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا وەڵامدانەوەیە.

لەم کورتە مێژوەی دەرونزانیدا، ناکرێ، ئاماژەیەک بە ڕۆلی کاریگەری دەرونناسی نەمساوی سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩ز) لەسەر پێشکەوتنی دەرونزانی نەکەین. تەنانەت (هەندێک دەڵێن: دەرونزانی بە فرۆید دەستپێدەکا و بە فرۆید کۆتایی دێ)(١٥ل١٨). فرۆید لە بنەڕەتدا پزیشکێک بو، نۆڕینگەکەی لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا بو. لە ساڵی ١٨٨٠ کاتێ پشکنینی بۆ هەندێ نەخۆشەکانی دەکرد، کە توشی ئیفلیجی بوبون، بۆی دەرکەوت دەست و پەلە ئیفلیج بوەکان هیچ خەوش و گرفتێکی ئۆرگانییان نیە. دواتر گەیشتە ئەو ئەنجامەی، ئیفلیجیەکە لە ئەنجامی بەریەککەوتنێکی دەرونی و تاسانێک (shock) دروستبوە، کە پێی وترا (هیستیریا). تێبینیە زۆرەکانی فرۆید لەسەر ئەو دۆخانە، بون بە زەمینەی ئەو بزوتنەوەیە یان تیۆریەی بە (شیکردنەوەی دەرونی) ناسرا.

{یەکی لە مەزنترین بەشداریەکانی فرۆید لە دەرونزانیدا، دۆزینەوەی چۆنیەتیی کاریگەریی کردارە نەستیەکانە (لاشعوری)، بەتایبەتی پاڵنەرە نەستیەکان لەسەر کەسایەتیی مرۆڤ. فرۆید جیهانی تاساند، کاتێک کەسایەتیی مرۆڤی بە نالۆجیکی وێناکرد، کە زۆرجار دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو ئارەزوە نەستیانەی لای کۆمەڵگا نەشیاون. لە لایەکی تر، تیشکۆی خستە سەر پاڵنەرە

ڕەگەزیەکان (الدوافع الجنسیە) لە ڕەفتاری ئادەمیزاد، تەنانەت لە منالّی بچوکیشدا. بەلاّم لە هەمان کاتیشدا ئاگاداریی دا لە گرنگیی بەهرەکانی منالّی لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی و ڕەفتاری مرۆڤی هەراش، هەروەها بایەخی هۆکارە بایۆلۆجیەکان لە پەرەسەندنی کەسایەتیی مرۆڤ)(١٥ل١٩).

لە کۆتاییدا، ناکرێ بواری پزیشکی لەم دەرونزانیدا فەرامۆشبکرێ. دوا بزوتنەوەی مرۆڤ لە دەرونزانیدا لە هەولّەکانی پزیشک و زیندەوەرزانەکان دەرەکەوێ. ئەگەر بزوتنەوەکانی پێشتر ڕەفتاری مرۆڤیان لە میانی لێکۆڵینەوەی کاریگەریی کارتێکەرە ژینگەیی و کۆمەلاّیەتی و هۆشەکیەکان لێکدەدایەوە، بەلاّم (بزوتنەوەی بایۆلۆجی) ڕێچکەیەکی تر پەیڕەو دەکا و هەولّدەدا، ڕەفتاری مرۆڤ لە میانی لێکۆڵینەوەی کاریگەریی مێشک و کۆئەندامی دەمار و هۆرمۆن و گلاّندە ڕژێنەکان لێکبداتەوە. واتە؛ ئەوان لەو باوەڕەدان، ئەو کردارە زیندەگیانەی لەناو جەستە و بەتایبەتی مێشکدا ڕودەدەن، کاردەکەنە سەر ڕەفتار و هەست و هۆشی مرۆڤ. بۆیە پێویستە، توێژینەوە لەسەر ئەرکەکانی مێشک و کۆئەندامی دەمار بکرێ بۆ لێکدانەوەی ڕەفتاری مرۆڤ. تەنانەت لە تاقیکردنەوەکانیان لەسەر گیانەوەران، ئاماژە بەوە دەکەن، وروژاندنی چەند بەشێکی دیارکراوی مێشک دەبێتە هۆی ئەوەی گیانەوەرەکە شەڕەنگێز و توندڕەو یان هێمن و ئاشتیخواز بێ. ڕۆلی پەیڕەوکارانی ئەم ڕێبازە بەرچاوە لە دۆزینەوەی دەرمان و چارەسەرکردنی چەندین نەخۆشی دەرونی وەک خەمۆکی، ڕاڕایی، دلّەڕاوکێ و ترس...هتد (١٧ل٣٢).

سەرباری ئەو هەمو بزوتنەوە و قوتابخانانە، ئەوەی تا ئێستا دەرونزانی بە زانستێکی لاوەکی هێشتۆتەوە، ئەوەیە کە تا ئێستا نەتوانراوە، ئەو هەمو کەسانەی دەرون نەخۆشن لە کۆمەڵگا چارەسەر بکرێن. زۆر لە بەندیخانەکان کران بە مەڵبەندی چاکسازی، بەلاّم هێشتا پڕن لە تاوانکار و شەڕخواز و تیرۆریستان و نەبونەتە ئاشتیخواز مرۆڤی ئاسایی.

**١.٣.٢. ئامانجەکانی دەرونزانی:**

لەو ساتەوە مرۆڤ هەستیکردوە، پۆلێکی جیایە لە گیانەوەران، هەوڵیداوە، ڕەسەنی خۆی بەرەو باشتر ببا و ڕەش و سپی لەیەکجیابکاتەوە، تەنانەت فەلسەفەکان، بەرنامەی ئاینەکان و تێکڕای زانستەکان نمونەن بۆ ئەو هەوڵانە. بیرکردنەوە لە هۆکاری ڕەفتارەکانی مرۆڤ و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردن و باشترکردنیان زانستێکی نوێی هێنایە ئارا، کە دەرونزانیە. کەواتە دەتوانرێ، ئامانجەکانی دەرونزانی لە سێ خاڵ کورتبکرێنەوە:

١ـ تێگەیشتن (الفهم-Understanding):

لە هەر ڕوداوێکدا دەرونزانی دەیەوێ، تێبگا، چۆن ئەو ڕوداوە ڕویدا؟ واتە؛ دەرونی بکەر یا بەرکاری ڕوداوەکە لە بار و دۆخێکدا بو؟ لە مێشکی ئەواندا چ دەگوزەرا؟ هەروەها بۆچی ئەو ڕوداوە ڕویدا؟ چ شتێک بوە هۆکاری ئەوەی بکەر ئەو ڕەفتارە بنوێنێ؟ کەواتە؛ ئامانجی دەرونزانی لەو خاڵەدا ئەوەیە، وەڵامی ئەو دو پرسیارە بداتەوە (بۆچی؟) و (چۆن؟). بۆ نمونە: (هانا و هێلان دو قوتابی هاوتەمەن و هاوڕەگەزن و لە هەمان قۆناغی خوێندندان. لە کۆتایی ساڵدا، هانا بە یەکەم دەردەچێ و بەرزترین نمرە وەردەگرێ و هێلان دەکەوێ و کەمترین نمرە وەردەگرێ). چۆن هانا دەرچو و هێلان کەوت؟، بۆچی هانا دەرچو و هێلان کەوت؟. دەرونناسێک بە وەڵامی مامۆستاکان و خانەوادەکانیان بڕی ناشکێ و هەوڵدەدا بگاتە هۆکارە ڕاستەقینەکان و ئەو دۆخە هۆشەکیەی وای لە هانا کردوە دەربچێ و هێلان بکەوێ. بە دوای وەڵامێکی ئەوتۆی (بۆچی؟) و (چۆن)دا دەگەڕێ، کە ڕەخنەی لێ نەگیرێ و گومان لە ڕاستیەکەی نەکرێ.

٢ـ پێشبینیکردن (التنبوء-Prediction):

لە دوای ئەوەی دەرونناس توانی بگاتە وەڵامی پرسیارەکانی ئامانجی یەکەم، دەگاتە دەرەنجامێک کە بارودۆخی هۆکار و چۆنیەتی ڕودانی دەرچونی هانا و کەوتنی هێلانی لا ڕوندەبێتەوە و دەبێتە نەخشەڕێگایەک بۆ دوبارەبونەوەی ڕوداوەکە لە بارودۆخ و ژینگەی هاوشێوەدا. کەواتە، دەتوانرێ پێشبینی بکرێ، کە لە هەمان بارودۆخ و ژینگەدا، ئەگەری دوبارەبونەوەی ئەو ڕوداوە هەیە. بۆیە لەم

ئامانجە دەرونزانی هەوڵدەدا وەڵامی دو پرسیاری تر بداتەوە، کە (کەی؟) و (چی؟)ن. واتە؛ دەروونناس ئەو بەهرە و زانیاریانەی لە ڕوداوەکانی پێشتری دەسکەوتوە، دەبن بە پێوەر بۆ دۆزینەوەی دەرەنجامی هاوکێشەکان. کەواتە، پێشبینی ئەوە دەکرێ، هەر کاتێک قوتابیەک بە هەمان بارودۆخ و ژینگەی هانا تێپەڕێ، دەردەچێ، بەڵام بە هەمان بارودۆخ و ژینگەی هێلاندا تێپەڕێ دەکەوێ.

٣ـ بەرزەفتەکردن (الضبط-Control):

بەرزەفتەکردن ئەو ئامانجە سەرەکیەیە، کە دەرونزانی لە پێناویدا کاردەکا. مەبەست لەم ئامانجە توانای دەروونناسە لە پەرەپێدان و زۆرکردنی ڕەفتار و ڕەوشتە باشەکان و دەستبەسەرکردن و ڕاستکردنەوەی ڕەفتارە خراپ و ڕەوشتە ناهەموارەکان. ئەگەر لە ئامانجی یەکەمدا توانیمان هۆکار و بارودۆخ و دەرئەنجامەکان بدۆزینەوە و تێیانبگەین و لەسەر ئەو بنچینەیەش لە ئامانجی دوەمدا، بتوانین، پێشبینی ڕودانی کێشەکان بکەین، کەواتە، بە چارەسەرکردن ژینگە و ڕاستکردنەوەی هۆکارەکان، دەتوانین: ڕێگری لە گرفت و کارەساتەکان بکەین و بە پێچەوانەش زەمینە برەخسێنین بۆ گەشەسەندن و بەزمەساتەکان.

**١-٢-٣-٢. بوارەکانی دەرونزانی:**

لەبەر ئەوەی دەرونزانی بایەخ بە ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەدا لە هەمو ڕویەکەوە. مرۆڤیش ئەو گیانەوە هۆشمەندە ئاخێوەرە کۆمەڵایەتیەیە، کە هیچ کونجێکی ناسراوی ئەو گەردونە نیە، بیری لێ نەکردبێتەوە و هەوڵی قۆڕخکردنی نەدابێ. واتە؛ ژینگە مرۆڤی دروستکردوە و کاریگەریی لەسەر هەیە و مرۆڤیش ژینگەی دروستکردوە و کاریگەریی لەسەر هەیە. بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پانتایی مەیدانی دەرونزانی فراوانتر دەبێ و لق و پۆپی زۆرتری لێ دەبێتەوە.

ئەگەرچی لە زۆربەی سەرچاوەی دەرونزانیدا(١٧ل٣٤-٣٨)، بوارەکانی دەرونزانی دابەشی دوبەشی تیۆری و پراکتیکی(٢٥ل٢٥-٢٨) دەکەن(٢٧ل٣٤-٤٠)، بەڵام بە پێی ئامانجەکانی دەرونزانی بێ، کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، هەمو بوارەکانی دەرونزانی هەمان ئاکاری یەکتریان هەیە، کە لێکۆڵینەوەی تیۆریە لە پێناو تێگەیشتن و پێشبینیکردن و بەرزەفتەکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکانی

پەیوەست بە دەرونزانی، بەدەگمەن گرفتیش هەیە پەیوەندیی ڕەفتاری مرۆڤەوە نەبێ. بەم پێیە کورتەیەک لە لقە دیارەکانی دەرونزانی دەخەینەڕو:

١- دەرونزانی ئەزمونگەری (علم النفس التجريبي- Experimental Psychology):

بە زۆری لایەنگرانی قوتابخانەی ڕەفتاری و زانکاری (مەعریفی) لەم بوارە کاردەکەن و بە ئامراز و ئامێری پێشکەوتو لە تاقیگەدا توێژینەوە لەسەر مرۆڤ و گیانداران دەکەن. هەوڵدەدەن بڕ و ڕادەی کارتێکەرە جۆراوجۆرەکان لەسەر هەست و ڕەفتاری تاکەکان بپێون و دەرەنجامەکان دەربخەن. کاریگەریی ئەو کارتێکەرانە لەسەر بیرکردنەوە و بیرکەوتنەوە و فێرکردن چیە؟ بە ئامانجی دۆزینەوەی یاسا و ڕێنمایی پێویست بۆ بەرزەفتەکردن و چاککردنی ڕەفتار و چالاکیە هۆشەکیەکان.

٢ـ دەرونزانی تەنەندامی (علم النفس الفسيولوجي- Physiological Psychology):

هەروەها پێشی دەوترێ (دەرونزانی ژیانزانی یان زیندەوەرزانی- Biological Psychology). ئەوانەی لەم بوارە دەکۆڵنەوە، لە بواری بایۆلۆجی و هەستەدەمارەکان شارەزان و هەوڵدەدەن، پەیوەندیی نێوان کردارەکانی ناو تەنەندامەکانی جەستەی زیندەوەر و ڕەفتارەکانی بدۆزنەوە. بۆ نمونە، بە پێی هەڵوێست و ڕەفتارە جیاوازەکانی وەک فێربون، هەڵچون، یادکردنەوە....هتد، چ گۆڕانکارییەک لە کردارە کیمیاییەکانی ناو مێشک ڕودەدا؟ ئایا چالاکی گلاندەڕژێنەکان، هۆڕمۆنەکان، لێدانی دڵ، فشاری خوێن... چییان بەسەردێ؟ ئایا بە پێچەوانە هەمان ڕەفتار ڕودەدا؟ ئامانج لەو توێژینەوانەش دۆزینەوەی گرفت و چارەسەرەکانە، واتە؛ دەرد و دەرمانەکان، بەمەش تێکەڵا دەبێ لەگەڵ لایەنە پڕاکتیکیەکەی کە دەرونزانی نۆشداری و ڕێنماییکردنە ( Clinical & Counseling Psychology). ڕۆڵی کارمەندانی ئەو بوارە لە چارەسەری نەخۆشیە هۆشەکیەکان، ئالودەبون بە هۆشبەرەکان و چارەسەری زۆر لە گرفتە خێزانی و کۆمەلایەتیەکان بەرز دەنرخێنرێ.

٣ــ دەروونزانــی گەشــەکاری (علــم الــنفس التطــوري- Developmental Psychology):

ئەم لایەنەی دەرونزانی بایەخ بە لێکۆڵینەوەی هەمو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ڕەفتار و کەسایەتیی مرۆڤدا دێ، لە کۆرپەڵەوە تاکو پیری و کەنەفتی. ئاشکرایە، کەسایەتی مرۆڤ گەشەدەکا، لە ڕوی جەستەیی، هۆشمەندی، کۆمەڵایەتی، زمانی، هەڵچونی و ڕەوشت و ڕەفتاری. دەرونزانی گەشەکاری بە وردی لە دیاردە و گۆڕانکاری و کارتێکەر و وەڵام و کاردانەوەکانی هەر قۆناغێکی تەمەن دەکۆڵێتەوە و بەدوای هۆکار و چاکسازی دەرەنجامەکاندا دەگەڕێ. بۆ نمونە، توێژەری ئەم بوارە دەپرسێ (چۆن منداڵ هۆگری دایبابی دەبێ؟ و چۆن ئەم خوە دەگۆڕێ بۆ متوبون؟)، (چۆن زمانی کەسێک لە قۆناغێکی دیارکراوی گەشەدا پەرەدەسێنێ؟)، (ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکێک لەم تەمەنەدا، دەبێ چۆن بێ؟)(١٧ل ٣٤).

٤ــ دەرونزانی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی (علم النفس الإجتماعي والشخصية- Personality & Social Psychology):

ئەم لایەنەی دەرونزانی بایەخ بە چۆنیەتیی تێکەڵبون و پەیوەندیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا دەدا و لە کێشەکانی وەک گوێڕایەڵی، ململانێ، کێبڕکێ، هاوکاری، پێشڕەوی و یاخیبون....هتد دەکۆڵێتەوە. ئەو بارودۆخە دەرونیانە چین؟ کە ئەندامەکانی کۆمەڵگا بۆ یەکتر کێشدەکا، یان پەرتەوازەیاندەکا. ئایا ئاکار و ڕەفتارە ڕاست و پەسەندەکانی هەر تاکێک چین؟ ئەو هۆکارانە چین؟ تاکێک بە لاڕێدا دەبا؟. بۆ تاکێک گەشبین و یەکێک ڕەشبینە؟ یەکێک خۆتێکەڵکەر و یەکێک گۆشەگیرە؟ هۆکار و کارتێکەرەکان چین؟ و هەنگاوەکانی چارەسەر و چاکسازی چین؟

٥ــ دەرونزانــی پــەروەردەیی و فێرگــەیی (علــم الــنفس التربــوي و المدرســي- School & Educational Psychology):

ئەم بوارەی دەرونزانی بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کێشەکانی پەیوەست بە فێربــون و فێرکــردن دەدا. بەناویەکداچونێکی چــڕ هەیــە، لــە نێــوان بوارەکــانی

دەرونزانی گەشەکاری، کەسایەتی، کۆمەڵایەتی، ڕێنمایی، پەروەردەیی و فێرگەیی. تەنانەت بە پۆلینێکی درشت، دەتوانرێ بە یەک بوار دابنرێن. دەرونزانی پەروەردەیی و فێرگەیی لێکۆڵینەوە لەسەر جیهانی دەرونیی قوتابی دەکا، لە قۆناغی دایەنگە و باخچەی ساوایانەوە تاکو ئاستە بەرزەکانی خوێندنی باڵا. لەبەر ئەوەی خوێندکار کرۆک و تەوەرەی سەرەکیی پرۆسەی فێربون و فێرکردنە، بایەخدان بە کەسایەتیی قوتابی ئەرکی سەرەکیی ئەو لقەی زمانەوانیە و هەوڵدەدا، ئەو تاکە فێرخوازە لە ئاراستەکراوێک بگۆڕێ بۆ ئاراستەکەر، لە بنکردەیەک بۆ سەرکردە و لە پاشڕەوێک بۆ پێشڕەو. کەواتە، پێویستە چاودێری سەرجەم کارتێکەرەکانی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن بکا لەسەر قوتابی، لە مامۆستا، پرۆگرام، ژینگەی قوتابخانە، ڕێگاکانی وانەوتنەوە و فێرکردن، ئامرازەکانی فێرکاری و.....هتد، سەرباری ڕەچاوکردنی گونجانیان لەگەڵ قۆناغ و تەمەن و ئاستی قوتابی. سەرپەرشتیکردنی بەردەوام و دەستنیشانکردنی گرفتە دەرونی و هۆکارەکان و کارتێکەرە بەهێز و لاوازەکان و هەڵسەنگاندنی دەرەنجامەکان دەکەونە ئەستۆی ئەم بوارەی دەرونزانی. پسپۆڕی ئەم بوارە سەرجەم داتا زانستیە دەرونیەکان دەخاتە ڕاژەی پێشخستنی پرۆسەی خوێندن و چاکترکردنی بارودۆخی قوتابی و ڕەخساندنی کەشێکی گونجاوی ئەوتۆ کە باشترین دەرەنجام وەدەستبێنێ.

٦- دەرونزانی پیشەسازی و ژینگەیی (علم النفس الصناعي و البيئي- Industrial & Environmental Psychology):

دەشێ پیشەسازی و ژینگە دو بواری جیابن، چونکە دەرونزانی پیشەسازیی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کێشە دەرونیانە دەکا، کە لە بواری پیشەسازی دێنە ئارا، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە ڕەفتار و کەسایەتیی کرێکارەکان و چۆنیەتی هەڵبژاردنیان، باشتر بەکاربردنیان و وروژاندان و هاندانیان بۆ کار و بەرهەمی زۆرتر. چۆنیەتی و کات و شوێن و ماوەی ڕاهێنانیان و کارکردنیان. دەرونزانی ژینگەییش پەیوەستە بە کێشە ژینگەییەکانی، وەک پیسبونی ئاو و هەوا، چڕی ژمارەی دانیشتوان، ژاوەژاو، جوانکاری نەخشەی شار و

تەلارسازی... کە هەر دیاردەیەکی ژینگەیی کار لە دەرون و هەست و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگا دەکا. بەڵام زۆربون و پێشکەوتنی جۆر و بەرهەمە شارستانیەکان، بەبێ ڕەچاوکردنی باری دەرونیی تاک و کۆی بونەوەرانی گۆی زەوی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تێکدانی زۆرتری سروشت و ژینگەی لێدەکەوێتەوە. چەکە کۆمەڵکوژەکان، کارگە بێ ژمارەکان و بێپایان ئامێر و ئوتومبێل و پاپۆڕ و فڕۆکە و پاشماوە پیشەسازیەکان و دواتر ئامێرە ئەلکترۆنیەکان، هیچ کونج و کەلەبەرێکی ژینگەی سروشتییان بە پاراوی نەهێشوە و دەرەنجام کاریگەریی زۆر خراپیان کردۆتە سەر هەست و دەرونی مرۆڤ. بۆیە تێکەڵکردنی ئەو دو بوارەی دەرونزانی بە پەسەندتر دەزانرێ.

سەرباری ئەو لقانەی دەرونزانی، چەندین لایەنی تریش هەن دەرونزانی بایەخیان پێدەدا و لە بواری زانستیی خۆی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکا، وەک بوارەکانی: سەربازی، وەرزشی، بازرگانی....هتد.

**٤.١- زمان و دەرون:**

بە شێوەیەکی گشتی و ئاسایی، هاتنەئارای بونەوەران و نەمانیان، پێکهاتەی ڕوخسار و ناوەڕۆکیان دیاردەی سروشتی و خۆنەکردن. بە پێی ئەو پێکهاتەی ڕوخسار و ناوەڕۆکە، بونەوەران لەیەک جیاکرانەوە و پۆلینکران. زیندوێتی ئەو بونەوەرانە لە چالاکیەکانیاندایە. چالاکیەکانیشیان یان سروشتی و خۆنەکردە، یان ئەنقەست و خۆکردە. مرۆڤ کە یەکێکە لەو بونەوەرانە، باڵاترین ئەندامی ئەو بونەوەرانەیە. باڵایی مرۆڤ لەوەدایە، کە چالاکیە خۆکردەکانی لە هەمو بونەوەرانی تر لە چۆنیەتی و چەندایەتی پەرەسەندوترە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەندامە کارگێڕەی سەرجەم چالاکیە خۆکرد و خۆنەکردەکان بەڕێوەدەبا، کە مێشکە. لە دێرزەماندا کەمتر بیر بۆ مێشک دەچو لە ئەنجامدانی چالاکیەکان و پتر لەو باوەڕەدابون، بەڕێوەبردنی مرۆڤ لە دڵەوەیە، تا ئێستاش ڕەنگدانەوەی ئەوە لە زمانی کوردیدا شوێنەواری ماوە، وەک (دڵی نایێ، دڵی شکا، دڵی گوشرا، دڵتەنگ، دڵەڕاوکێ، دودڵی، دڵداری، دڵساردی، دڵگەرمی، دڵ بە خەم، دڵناسک، دڵخۆش، دڵشاد، دڵبریندار، دڵپاک، دڵپیس...هتد). وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا،

وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، تەنانەت ئەفلاتونیش گەدە بە مۆڵگەی ئارەزو، دڵ بە مەڵبەندی سۆز و سەریش بە کانیی زانین دادەنێ. قوتابیەکەشی ئەرستۆ، گیان کە لە جەستەدایە، بە بەڕێوەبەری چالاکیەکان و هۆش کە لە مێشکدایە بە هێزی ئەو بەڕێوەبەرە دانا. بە هەمان شێوە لە زمانی لاتینی کۆندا وشەی سایک (Psyche) کە هاوواتای دەرونی کوردیە، کە سەرباری {ژیانی هۆشی و کردارە بەئاگا و بێئاگا(هەستی و نەستی)یەکان}(٣٤ل٧٥٧) هەمو ئەو زاراوانەی وەک: گیان، هۆش، دەرون، هزر و ناخی دەگرتەوە. کەواتە، دەرون مەکۆی هەست و نەستەکان و بەڕێوەری ڕاستەوخۆی چالاکیە خۆکردەکانە و ناڕاستەوخۆی خۆنەکردەکانە.

ئەو پرسیارەی لە دێرزەمانەوە مرۆڤی سەرقاڵ کردوە، ئەوەیە، چۆن بزانین، کەرەسەکانی ناو دەرون چین؟ چۆن بتوانین، بژاریان بکەین و چاکساز و ڕێکیانبخەین؟ لەبەر ئەوە ئەو کەرەسانە واتایین و نابینرێن، چ ئامرازێک ئەو کەرەسانە بەرجەستە دەکا؟ هەندێک هێما ئاماژە بە چەند دۆخێکی ناو دەرون دەکەن، بۆ نمونە، هێمای جوڵەیی، یان وێنەیی وەک: پەنجە خستنە سەر لێوەکان، بۆ گەیاندنی بێدەنگی، {(دەستبردن بۆ دەم) بۆ گەیاندنی ((برسێتی))، یان (دەست ڕاوەشاندن)) بۆ گەیاندنی ((هەڕەشە))، هێمای هۆیی وەک: (زەرد هەڵگەڕان) لە ((نەخۆشی) یان ((ترس))دا، سوربونەوە لە ((توڕەیی))}(٣٣ل١٢). بەڵام ئایا ئەم جۆرە هێمایانە دەتوانن، ئەو هەمو جیهانی کەرەسەیەی لە دەروندایە نیشانی دەرەوەی بدەن؟ تەنانەت ئەم جۆرە هێمایانە لە تاریکی و لە دوری و لەو دیو لەمپەرەکانەوە نابینرێن. بۆیە مرۆڤ لە دێرزەمانەوە پەنای بردۆتە بەر هێمای دەنگی. هەوڵیداوە، کەرەسە نەبینراوەکانی ناو دەرون لە کەرەسە دەنگیەکان باربکا و بیانهێنێتە دەرەوە، بە تێپەڕبونی کات و پەرەسەندنی بەهرە، هەر کەرەسەیەکی نەبینراوی ناوەوە، زنجیرە دەنگێکی بەسەردا تاپۆ کرا و بو بە ناسنامەی خۆی بو گوزەرکردن بۆ دەرەوە و ناوەوە. بەم پێیە ئەو هێما دەنگیانە بون بە ئامرازی ناسینی کەرەسەکانی ناوەوە و پێی وترا (زمان) و ئەو کەرەسە نەبینراوەی ناوەوە، کە هێما دەنگیەکە دەریخستوە، پێی وترا (واتا). کەواتە، دەنگ

له زمانه و واتا له دەرونه. دەشێ سەرچاوەی واتاکانیش، جیهانی دەرەوه بێ و له ڕێگەی هەستەکانەوه گوزەریان کردبێ بۆ ژورەوه و ناونرابن وشه و ببن به کەرەسەی خاو، یان هەر له کارگەی مێشکەوه نوێپۆش (recycle) کرابنەوه و ناونرابن، هۆش، هزر، بیر، مەبەست، چەمک......هتد. ئەوەی تا ئێستا فەیلەسوف و زاناکان لەسەری ڕێکنەکەوتون، له ئەفلاتون و ئەرستۆوه تاکو چۆمسکی و زانستی هاوچەرخ، تەنانەت بوه مشتومڕی هۆشەکیەکان و ئەزمونگەرەکان، ئەوەیه، ئایا ئەو کەرەسه نەبینراوانەی ناو دەرون، له بنەڕەتدا هیچیان لەناو دەرون له ئارادابون، یان له ڕێگەی هەستەکانەوه له دەرەوه دزەیانکردوه بۆ ناوەوه و له بۆتەی مێشکدا ئاوێتەکراون. گەنگەشەکه لەسەر سێ پرسیارە. ئایا مێشک هەر له بنەڕەتدا:

**ـ وەک پەڕاوێکی سپی دروستدەبێ؟**

**ـ یان له هەندێ کەرەسەی خاوی بنچینەیی تێدایه؟**

**ـ یاخود تەنیا بەهره و نەخشەڕێگایەکی تیادایه بۆ نوێپۆشکردنەوه؟.**

ڕێکنەکەوتن لەسەر وەڵامێکی یەکلاکەرەوه، وایکردوه، هەندێ جار جەمسەری ناوەکی و بیر سەرچۆپیی تاوتوێکردنەکان وەربگرێ و یەکێکی وەک دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠) بڵێ (من بیردەکەمەوه، کەواته من هەم)، یان جەمسەری دەرەکی و ئەزمونگەری سەرچۆپی بگرێ و یەکێکی وەک جۆن لۆک بخاته ئەو باوەڕەی، مرۆڤ بۆ زانین و ناسینی هەر شتێک پێویستیی به زانیاریی پێشەکی و سەرەتایی نیه له مێشکیدا، (لای لۆک زەین له کاتی لەدایکبوندا لەوحێکی ساف و لاپەڕەیەکی خاڵییه له هەر پیت و مەعریفەیەک به هەمو جۆرەکانیەوه، بەدەستهێنانی مەعریفه تەنیا له ڕێگەی ئەزموونەوه دەبێ نەک پێشینەی خۆڕسک)(٣٥ل١٤٢).

لێرەدا ئەگەر زمان ئەو (توانا دەسکەوته هۆشەکیه بێ، که ڕێککەوتنێک له هێماکانی دەنگیی گۆکراو نوێنەرایەتیی بکا، بۆ پەیوەندیی تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک)(٣٠ل٢٩)، یان وەک ساپیر دەڵێ، ئەگەر (زمان ئەو خوه ناسروشتیه بێ، که تایبەته به مرۆڤ و بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوەکانی بەکاریدەهێنێ، که

بە هێمای بەیاساکراو لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤ کاردەکا)(٣١ل١٤). یاخود وەک داڤید کریستاڵ دەڵێ، ئەگەر زمان (پەیڕەوێکی ڕێککەوتو بێ لە بەکارهێنانی دەنگەکان، هێماکان، یان نیشانەکانی نوسین لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ پەیوەندیکردن و هەستدەربڕین)(٣٢ل٢١٢). پرسیارێکی تر سەر هەڵدەدا، تۆ بڵێی، مرۆڤ بتوانێ، مەبەستی خۆی بە تەواوی دەربڕێ؟ یان ئایا ئەوەی دەریدەبڕێ، ئەوە مەبەستی ڕاستەقینەی خۆیەتی؟ ئایا زمان و دەرون دو ڕوی دراوێکن؟ ئایا زمان و ڕەفتار ڕەنگدانەوەی یەکترن؟

دەمانەوێ، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری هاوشێوەی تر، سود لەم کۆپلە هۆنراوەیەی شاعیری مەزنی کورد (عەبدوللا گۆران) وەربگرین، کە بە ناوی (هەڵبەستی دەرون) نوسیویەتی:

**{هەرچەن ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم،**
**بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم!**
**لێکدانەوەی دەرون، قسەی زمانم:**
**بۆچی وەها لە یەک دورن؟ نازانم!}** **(٢٩ل١٢١)**

دەگێڕنەوە: پیاوێکی قۆز و ڕێکپۆش بە پۆزێکەوە لەبەردەم سوقڕات وەستا و بە ڕوخساری خۆی دەنازی و شانازی بە جل و پۆشاکی دەکرد..... سوقڕاتیش پێیوت: (قسەبکە تا بتناسم). واتە؛ قسەکردن ئاوێنەی دەرونە. هەربۆیە ڤۆڵتێریش دەڵێ: (کەسێک هەڵسەنگێنە لەمیانی پرسیارەکانی، نەک وەڵامەکانی). چونکە پرسیار داوای ئەو شتە دەکا، کە نایزانێ، نەک ئەو شتەی دەیزانێ. هەر لەم بارەیەشەوە چۆمسکی وتویەتی: (خەڵکی ڕەمەکی نازانێ چی ڕودەدا، تەنانەت ناشزانێ، کە نازانێ).

**١-٥. زمانەوانیی دەرونی (دەروزمانی)؟ یان دەرونزانیی زمانی؟**

ئەگەر زمان بە هەردو شێوەکەی گوتراو و نوسراو تاکە ئامرازی گرنگ و سەرەکی بێ بۆ دەربڕینی سەرجەم داتاکانی مێشکی مرۆڤ، داتاکانی هەر زانستێکیش ئەو کەرەسانە بن کە زانستەکە توێژینەوەیان لەسەر دەکا، کەواتە، زمان ئەو هۆکارە سەرەکیەیە سەرجەم زانستەکان دەخاتە ڕو و پێشکەشیان دەکا

و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ تێکەڵی هەمو زانستەکان دەبێ. بێخەوشی و خەوشداری ئەو هۆکارە، کاردەکاتە سەر کرداری گەیاندن و پێشکەشکردنەکە. ئەمەش وایکرد، هەر لە دێرزەمانەوە، بایەخێکی زۆر بە زمان بدرێ، ئەگەر جاران وەکو زانستێکی سەربەخۆ و سنوردار هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرا، بەڵام بەهۆی کەلەکەبونی داتاکانی سەرجەم زانستەکان و پتربونی بایەخی زمان و دەرکەوتنی کاریگەریی ئەو شاشەیە (سکرین/screen) لەسەر نیشاندانی وێنەکانی مێشک و بە پێچەوانە و ئاڵوگۆڕکردنیان، لە کاروانی هاوچەرخی زانستیدا، لقی تایبەتی لە زمانەوانیی کارەکیدا (علم اللغة التطبیقی/ 36)(Applied Linguisticsل٥) لەگەڵ زۆربەی زانستەکاندا پەیدا کردوە و توێژینەوەکان دولایەنی تاوتوێکردن بەخۆوە دەبینن، لایەنێکی زمانەوانی و لایەنێکی تایبەتیی زانستەکەی تر. وەک لەم خشتەیەدا:

وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، زمان وەکو دراوێکی دو ڕوە، ڕوێکی دەنگە و ڕوێکی واتایە، بۆیە دەنگ و واتا دەبن بە کەرەسە سەرەکیەکانی توێژینەوەی زمانەوانی. لایەنی دەنگ ڕوە دەرکەوتوەکەی زمانە و لە تاقیگەی زماندا دەکەوێتە بەر کردارەکانی دۆزینەوە، چونکە کەرەسەیەکی بەرجەستەیە (ماددی/ material)، بەڵام واتا لە ناخی مرۆڤدایە و لایەنە نەبینراوەکەی زمانە و کەرەسەیەکی دەرجەستەیە (معنوي/abstract)، هەستپێکراوێکە بێ ئەوەی بەر هەستەوەرەکان بکەوێ. واتا لە ناخ یا مێشکی مرۆڤدایە، ناخ یا مێشکیش واتە دەرون. کەواتە، ڕوەکەی دوەمی زمان لە دەروندایە. ئەمەش وایکردوە، ڕێگەی سەرەکیی چونە ناو دەرون، زمان بێ. دەرەنجام بۆ توێژینەوە لە واتا کە لە ناخدایە، زمانەوان ناچار دەکا، پەی بە ناخدا بەرێ و ئاگاداری کەرەسە دەرونیەکان بێ، بە پێچەوانەش دەرونزانێک ئەستەمە بگاتە ناخ و دەرون، گەر بە ڕێکە سەرەکیەکە گوزەرنەکا کە زمانە و لایەنە بەرجەستەکەی کەرەسەکانی دەرونە. ئەو تێکەڵبونە، زۆرجار زمانەوان و دەرونناسەکان ناچار دەکا، سنوری زانستەکەیان ببەزێنن و بخزێنە مەیدانی زانستەکەی تر، ئەمەش دەروزمانی، یان دەرونناسیی زمانی دروستدەکا.

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی دەروزمانی کار لەسەر ئەوە دەکا، بزانێ کەی و چۆن و بۆچی ئەو وێنە و هەست و بیستنانەی لە مێشکی کەسێک لەنگەریان گرتوە و ڕێکدەخرێن؟ و دەیانکا بە دەنگ و ئاڕاستەی کەسی بەرامبەریان دەکا، هەروەها چۆن کەسی بەرامبەر کردارەکە پێچەوانە دەکاتەوە، واتە؛ چۆن دەنگەکان شیدەکاتەوە و دەیانگۆڕێتەوە بۆ واتاکان.

تێکڕای سەرچاوەکانی ئەو بوارە لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی زاراوەیان لە یەک جیا نەکردۆتەوە و بە ناوێکیان داناون بۆ هەمان بابەت. بۆ نمونە {زانستی زمانی دەرونی (علم اللغة النفسي Psycholinguistics) لقێکە لە زانستی زمانی پڕاکتیکی، لە ڕێگەی وەرگرتنی زمانی دایک و فێربونی زمانی بیانی و هۆیە دەرونیە پەیوەندیدارەکان دەکۆڵێتەوە. وە هەروەها لە خەوشەکانی گۆکردن و چارەسەریان دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە کردارە دەرونیەکان و هۆشەکیەکانی پەیوەستن بە بەهرە زمانیە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە..... (زانستی دەرونی زمانی (علم النفس اللغه Psychology of Language) ناوێکی ترە بۆ زانستی زمانی دەرونی..... دەروونناسی زمانی (مختص بعلم اللغة النفسي Psycholinguist) تایبەتمەندە بە زانستی زمانی دەرونی}(٣٦ل٩٨).

بەڵام ئەگەر بە وردی بچیتە ناو بابەتەکەوە، هەروەها لە ڕوی زمانەوانیەوە، ئەم دو زاراوەیە ئەگەرچی هاوبەشیی زۆریان هەیە، بەڵام لە ڕوی کارەکیی و ئامانجی توێژینەوەکان و تەنانەت لە ڕوی تیۆریشەوە جیاوازییان هەیە و دەتوانرێ، جیاوازییەکان لەم خاڵانە دەستنیشان بکرێن:

١) دەروزمانی، تایبەتمەندیی زمانەوانەکانە، کە پسپۆڕی و شارەزاییان لە یەکەکانی زمانەوانیە، بەڵام دەروونناسی زمانی، تایبەتمەندیی دەروونناسەکانە، کە پسپۆڕی و شارەزاییان لە یەکەکانی دەروونناسیە.

٢) لە دەروزمانیدا، لە کەرەسە زمانیەکانەوە بەرەو کەرەسە دەرونیەکان دەچن، بەڵام لە دەروونناسی زمانییدا، لە کەرەسە دەرونیەکانەوە بەرە و کەرەسە زمانیەکان دەچن.

٣) مەبەستی سەرەکیی زمانەوانەکان دۆزینەوە و یەکلاکردنەوەی ئەو شاراوانەیە کە لە کەرەسە زمانیەکاندا هەن و پەیوەستن بە کەرەسە دەرونیەکان، بەڵام مەبەستی سەرەکیی دەرونناسەکان دۆزینەوە و یەکلاکردنەوەی ئەو شاراوانەیە کە لە کەرەسە دەرونیەکاندا هەن و پەیوەستن بە کەرەسە زمانیەکان.

٤) توێژینەوەکانی دەروزمانی لە تاقیگەی زمان ئەنجام دەدرێن و لە دیاردە زمانیەکە دەکۆڵرێتەوە و ئاکارە (سیما/سمە) دەرونیەکەی دەستنیشاندەکرێ، بەڵام توێژینەوەکانی دەرونزانیی زمانی لە تاقیگەی دەرونی ئەنجام دەدرێن و لە دیاردە دەرونیەکان دەکۆڵرێتەوە و ئاکارە زمانیەکەی دەستنیشاندەکرێ.

٥) هەردوکیان سود لە توێژینەوەکانی یەکتر وەردەگرن و تەنیا مەبەستیان دۆزینەوەی ڕاستیەکانی بواری زانستیی خۆیانە. ئەم دو لقە لە بنەڕەتدا مەبەستیان دۆزینەوەی چارەسەر نیە، بەڵام کە دەردەکەیان دۆزیەوە ئاکار و هۆکاریان دەستنیشانکرد، ئەو کاتە چارەسەری ئاسانترە و پزیشکی دەرونناسی سود لە زانیاری و توێژینەوەکانی هەردولا دەبینێ و چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە. بۆیە نە زمانەوانەکان و نە دەرونناسەکان بۆیان نیە پیشەی چارەسەری دەرونی (علاج نفسي Psychotherapy) ئەنجام بدەن و ئەویش دەبێتە بوار، یان لقێکی زانستیی پزیشکی، کە لەسەر زەمینەی پزیشکیەوە بنیاتدەنرێ.

٦) ئەوەی پتر پێویستیی بەم بوارەیە و کاری تیادا دەکەن، دەرونزانەکانن بە گشتی و پزیشکەکانی دەرونین بە تایبەتی، چونکە باشترین ڕێگە و هۆکار (وسیلە) بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی گرفت و نەخۆشیە دەرونیەکان، زمانە. بۆیە دەبینین، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم کێڵگە زانستیە، دەرونزانەکان پتر کاریان تیادا کردوە و پەرەیان پێداوە، بەڵام بەهۆی تێکچڕژاوی زمان و دەرون، بە ناچاری زمانەوانیی کارەکیش خزاوەتە ئەو کێڵگەیە و بواری دەروزمانی بوەتە لقێکی ئەو زانستە پڕاکتیکیە.

لە ڕاستیدا کاڵبونەوەی سنوری نێوان زمانەوانی و دەرونزانی لە هەندێ شوێندا، دەگاتە ڕادەیەک بتوانرێ، سنورێک لە نێوان دەروزمانی و دەرونزانیی زمانی دابنرێ. چونکە {ئەرکی زمان لەوە قەتیس نەماوە، کە تەنیا بیرۆکە و

زانیاریەکان بە تاک ببەخشێ و هەستەکانی بۆ بگوازێتەوە، بەڵکو کار لەسەر وروژاندنی بیرۆکەکان و هەڵوێست و هەڵچونە نوێیەکان دەکا و پاڵیاندەنێ بۆ بیرکردنەوە و جوڵە. پەیامی پێدەدا بۆ کارکردن لەسەر گەشەکردنی بیر و فراوانکردنی ئاسۆی ئەندێشەیی و پەرەپێدانی تواناکانی ئەفراندنی. ئەمەشە هەندێ لە توێژەرانی پاڵناوە بۆ بەستنەوەی زمان بە بیری مرۆڤ و بڕیار بدەن لەوەی (توانای بیرکردنەوە لە سەرەتا و کۆتاییەکەی پشت بەو زمانە دەبەستێ کە بەکاردێ بۆ دەرخستنی توخمەکانی بیر، گریمانەکردنی مرۆڤ بەبێ زمان واتای گریمانەکردنی مرۆڤ بەبێ بیر دەگەیێنێ)، بەڵکو هەندێکی تری وەک (واتسۆن) و (ئارسەر کیسلەر) ئەو سنورەش دەبەزێنن و لەو باوەڕەدان کە زمان خۆی خودی بیرە. (کیسلەر) دەڵێ (بیرکردنەوە تەنیا جوڵە نەستیەکان (ناهەستیەکان)ن بۆ پەتە دەنگیەکان و جۆرێکە لە پستەیەکی نەبیسراوی نێوان مرۆڤ و خودی خۆی)، یان بە شێوەیەکی تر بیرکردنەوە جگە لە ئاخاوتنی پەنهانی هیچی تر نیە.

ئەم ڕایە لە سروشتی خۆیدا زێدەڕۆیی تیادایە، هەرچەندە ناتوانرێ دەستبەرداری ئەوەبین، کە ئەستەمە بەبێ زمان بتوانرێ بەرهەمەکانی بیر بپارێزرێن و بگەڕێنرێنەوە و بگوازرێنەوە بۆ کەسانی تر، بەڵام لەمەدا هەروەک وایتهید دەڵێ ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە زمان کرۆک و خودی بونی بیرە، زمان هەرچەند بەتوانا و فراوان بێ، زۆرجار کورتیدێنێ لە ئاستی دەربڕینی بیرۆکەکانی مرۆڤ و زڕەندێشەکانی زەینی و هەڵێنجانی بەرهەمەکانی، ئینجا زمان نە دەبێ و نە دەژیێ بەبێ بیر}(٣٠ل٣٢). کەواتە بیر، ئەو تەوەرە هاوبەشەیە، کە کرۆکی هەردو بواری زمان و دەرونی لەسەر بەندە و هاوبەشی سەرەکیی زمانەوانی و دەرونزانیە. هەردو لایەن مەلە لە دەریای بیر دەکەن، بۆ دۆزینەوەی شەپۆڵی ئەو وێنانەی مرۆڤ لەوێ مامەڵەیان پێ دەکا. ئەو وێنانەی لای زمانەوانێک دەبنە واتا و لای دەرونزانێک دەبنە ڕەفتار.

**١-٥-١. دەروزمانی:**

بە شێوەیەکی گشتی دەروزمانی (زمانەوانیی دەرونی) سەرقاڵی ئەوەیە، واتا چۆن و کەی لە مێشکدا تۆمار دەکرێ؟ و چۆن و کەی و بۆچی قسەکەر دەیکا

به دەنگ و ئاڕاستەی گوێگری دەکا؟ بەرامبەر ئەوەش گوێگر چۆن و کەی و بۆچی ئەو دەنگانە وەردەگرێ و لە مێشکی خۆیدا دەیکاتەوە بە واتا؟ ئەو کەرەسانەی واتاکە دەیانگرێتە خۆی چەندی دەمێنن و چەندی نامێنن؟ ئەوەی دەمێنن لە کام کۆگا هەڵدەگیرێن؟ و دواتر چۆن بەکاردەهێنرێنەوە؟

ئەوەی بوە مایەی هاتنەئارای دەروزمانی، جیا لە دەرونزانیی زمانی، کۆمەڵە پرسیارێک بو، کە هەر لە زوەوە لە مێشکی زمانەوانان دەخولانەوە و بە دوای وەڵامەکانیان وێڵ بون، وەک: ئایا زمان چیە و چۆن دروستبوە؟ ئایا زمان خۆڕسکە؟ سروشتیە؟ خۆکردە؟ دەسکردە؟ دیاریی کردگارە؟ ئایا کە لە دایکبوین، زمان لە مێشکماندا هەبوە؟ یان دوایی وەرمانگرتوە؟ ئەو هەمو زمانە بۆ؟ ئایا جیاوازیی لە زمان دەبێتە هۆی جیاوازیی بیروڕا و بیرکردنەوە؟ ئایا جیاوازیی چیە لە نێوان زمان و بیر؟ ئایا بیر پێش زمان بوە؟ یان زمان پێش بیر بوە؟ بۆ بە (بەرد) دەوترێ بەرد؟ بۆ لە زمانێکی تر پێی ناوترێ (بەرد)؟ بۆ مرۆڤ بە هەندێ ڕستەی وەک هەڕەشە، جنێو و داشۆرین... توڕەدەبێ و هەڵدەچێ؟ و بە هەندێ ڕستەی پیاهەڵدان، ستایش، شیعر و مەرایی دڵخۆش و هێور دەبێتەوە؟ بۆ مرۆڤ بە ڕستەی نوکتەئامێز پێدەکەنێ؟ و بە ڕستەی شیوەن ئامێز و سەردولکە دەگریێ؟

پرسیارێکی گرنگی تری دەروزمانی ئەوەیە، ئایا (قسەخۆشی) واتای چیە؟ ئایا مرۆڤ بە کاریگەریی ئەو زانیاریانەی لە ڕێگەی زمانەوە وەریگرتوە، ئاشتی خواز، یا خێرخواز بوە؟ هێمن، یا توڕە بوە؟ ئایا دەتوانرێ، بە زمان مرۆڤە نێگەتیڤەکان بۆ پۆزەتیڤ بگۆڕین؟ ئایا دەتوانرێ، مێشک بشۆردرێ و بە داتای پەسەند ڕێکبخرێتەوە؟

بۆ دەسکەوتنی وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری هاوشێوە، مرۆڤ کەوتە لێکۆڵینەوە و سودوەرگرتن لە زانستەکانی تر، دەرونزانیش یەکێ بو لەو زانستانە. لە ژێر تیشکی ئەم تێکەڵبون و سودوەرگرتنە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو جۆرە پرسیارانە، دەروزمانی هاتەئاراوە. واتە؛ زەمینەی دەروزمانی زمانە و لەو زەمینەیەوە بەرەو دەرونزانی دەچێ و دەرونزانی وەک یارمەتیدەرێک بەکاردێنێ

بۆ دۆزینەوەی نهێنیەکانی زمان و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لەگەڵ دەرونزانیدا یەکانگیر دەبن.

کەواتە، دەروزمانی کار لەسەر چۆنیەتیی پەیدابون و فێربونی زمان دەکا، چ شێوازەکی زمان لەگەڵ هەر قۆناغێکی تەمەن دەگونجیَ؟ چ شێوازێکی ڕستە کار لە دەرونی مرۆڤ دەکا، بەپێی ئەو دۆخە دەرونیەی تیایدایە؟ چ جۆرە ڕستەیەک وروژێنەرە و هەڵوێست دەگۆڕیَ؟ کامە ڕستە هاندەرە و ورە بەرزدەکاتەوە و کامە ڕوخێنەرە؟ چۆن دەتوانریَ لە میانی دەقێکدا دەرونی ئاخێوەر بخوێنیتەوە و مەبەستەکەی دیاربکەی؟ وەک ئەو وتە باوەی کە دەڵیَ (قسە بکە تا بتناسم) و بە پێچەوانەش چ شێوازێک پەسەندە بۆ دانوستان لەگەڵ بەرامبەر و دەستەمۆکردنی؟ ئەو ڕستە ئامۆژگاریانە چین بۆ ئەو تەمەنە؟ و ئەو هەڵوێستە؟ پڕۆگرام و ڕستەکانی ئەو وتارە، یان ئەو کتێبە چۆن دابڕێژم تاکو سەرنجی ئەو خوێنەرانە ڕابکێشیَ کە بۆیان دەنوسم.

لایەنێکی تری گرنگی دەروزمانی بابەتی واتایە. ئەگەر زنجیرە دەنگەکان ئەو ئامرازە بارهەڵگرە بن، کە (واتا) هەڵدەگرن، ئەی (واتا) خۆی چیە؟ چۆن ڕیزبەندیی دەنگەکان ڕێکبخرێن، بۆ ئاڵوگۆڕی ئەو واتایەی مەبەستە؟ چۆن پەی بە دەرونی بەرامبەر دەبریَ؟

دەرەنجام دەروزمانی، بریتیە لە توێژینەوەکردن لەسەر ئەو کەرەسە زمانیانەی پەیوەستن بە دەرونی مرۆڤ بۆ بژارکردن و پەرەپێدانیان لەپێناوی وەبەرهێنانی زمانێکی پەسەندی کاریگەر لەسەر دەرون.

لە کوردەواریدا، پەند و چیرۆکی زۆر هەن، گوزارشت لە کاریگەریی زمان لەسەر دەرون دەکەن. لە پەندەکاندا وەک (ئەگەر گوڵ نی، دڕکیش مەبە!)، (مار بە قسەی خۆش لە کون دێتە دەرەوە)، (قسە هەزارە، دوانی بەکارە!)، (زمان بەڵای سەرە!)،....هتد. یان لە چیرۆکی کوردەواریدا دەگێڕنەوە (شەوێکیان پاشایەک لە خەو دەبینیَ، هەمو ددانەکانی هەڵدەوەرێن و دەکەون. ڕادەچڵەکیَ و زۆر شپرزە دەبیَ، بەم شەوە فەرمان دەکا، ئەنجومەنی وەزیران کۆبێتەوە بۆ لێکدانەوەی ئەو خەونە. ئەوانیش بڕیار دەدەن، هەر بەم شەوە ناودارترین

خەوگێڕەوەی پایتەختی بۆ بێنن. کاتێ دەیهێنن و پاشا خەونەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: گەورەم! چیت لێ بشارمەوە، هەمو ئەندامانی خێزانەکەت دەمرن و خۆت بە تەنیا دەمێنیتەوە. یەکسەر پاشا بڕیاری دا، دارکاریی بکەن و فڕێیبدەنە زیندانەوە. دواتر خەوگێڕەوەیەکی تریان هێنا، دوای بیستنی خەونی پاشا، وتی: خاوەن شکۆ! خوای گەورە تۆی زۆر خۆشدەوێ، سەرباری پایەداری و ئەو هەمو توانا و دەسەڵات و سامانەی پێی بەخشیوی، تەمەنێکی درێژی پڕ سەروەریشی بۆ تۆ داناوە، بە ڕادەیەک تەمەنی تۆ لە تەمەنی هەمو ئەندامانی خێزانەکەت درێژترە. پاشا وتی: ڕێزی لێبگرن و پاداشێکی باشی بکەن. سەرەک وەزیران وتی: گەورەم! خۆ ئەوەی یەکەمیش هەر وای وت. پاشا وتی: منیش ئەوە دەزانم، بەڵام ئەو هێندەی تر ئۆقرەی لێ بڕیم، بەڵام ئەمە ئارامیی پێ بەخشیم و هێوری کردمەوە).

**١-٥-٢- دەرونزانیی زمانی:**

لە بڕگەی پێشتردا (دەروزمانی) ئاماژەمان بەوەدا، دەروزمانی سەرقاڵبە چۆن و کەی و بۆچی ئاخێوەر واتاکان دەکا بە دەنگ و ئاڕاستەی گوێگری دەکا؟ و گوێگر بە پێچەوانە، چۆن و کەی و بۆچی دەنگەکان وەردەگرێ و دەیانکاتەوە بە واتا؟ ئەوەی دەمانەوێ لێرەدا ورتری بکەینەوە ئەوەیە، دەروزمانی (زمانەوانیی دەرونی) پتر بایەخ بە چۆنیەتیەکە دەدا و دەرونزانیی زمانی پتر بایەخ بە کەی و بۆچیەکە، واتا کاتەکە و هۆکارەکەی دەدا. بۆیە (دەرونزانەکان زۆرتر و زوتر بایەخیان بە دیاردە زمانیەکان داوە و بە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراویان داناوە بۆ ئەو بابەتانەی زۆر گرنگن لە توێژینەوە دەرونیەکان. وەکو جیاوازیی توانای تاکەکان، فێربون درککردن و کردارەکانی تر. دواتر ئەم باوەڕە هێندە گەشەی کرد، توێژەران جەختیان لەوە دەرکردەوە کە پێویستە گرفتی ڕەفتاری زمانی (Verbal Behavior) شوێنی خۆی بگرێ لە کرۆکی توێژینەوە دەرونیەکان، کاریگەریی توێژینەوە دەروزمانیەکان بوە هۆی کۆکردنەوەی بایەخەکانی زمانەوان و دەرونناسەکان، کە پێشڕەویی ئەنجامدانی ئەو بەرنامە تایبەتیانەی تاقیکردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەرونناسەکان)(٧١ل٣٠٩-٣١٠).

دەشێ بوترێ، زمانەوانیی دەرونی بەر لە دەروزمانی هاتۆتە ئاراوە و ڕێگە خۆشکەر بوە بۆ سەرهەڵدانی دەروزمانی، چونکە بۆ پەیبردن بە نهێنیەکانی دەرون و چالاکیەکانی مێشک و کردە هۆشەکیەکان کە نەبینراو و شارراوەن، دەرونزانی ناچار بوە پەنا بباتە بەر زمان و بیکا بە پەیامبەرێک لە نێوان هەردو جیهانی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤ. بۆیە، هەر لە زوەوە بە ناچاری بایەخی بە زمان داوە و بە ڕادەی پێویستی خۆی تاوتوێیکردوە. ئەمەش وایکردوە لقی دەرونزانیی زمانی سەرهەڵبدا.

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، زمانەوانی توێژینەوە لەسەر کەرەسە دەرونیەکانی بونەوەران بە تایبەتی مرۆڤ دەکا، بۆیە هەر لە یەکەم گریەی لەدایکبوندا مناڵ دەکەوێتە بەر تیشکی توێژینەوەکانی دەرونناسان تاکو دوا هەناسەی گیانەڵ. گرانترین قۆناغی تەمەنیش لە توێژینەوەکانیان، ئەو تەمەنی ساواییەی منالە، کە ناتوانێ قسە بکا، چونکە هێما ڕەنگی و جولەییەکان هۆکاری سستن بۆ دەستنیشانکردنی کردە دەرونیەکان، بە بەراورد بە زمان.

ئەگەر سەرنجێکی زۆربەی کەرەسەکانی دەرونزانی بدەین، لە کردارە هۆشەکی و کردارە زانیاریەکانی وەک (ڕەفتار، هەستکردن، وشیاری، درککردن، بیرکردنەوە، یادکردنەوە، ترس، دودڵی، ڕاڕایی، زیرەکی، شپرزەیی، ئازایی، خەمۆکی، دڵفراوانی، دورەپەرێزی، ڕەشبینی و گەشبینی....هتد)، دەبینین، بەبێ یارمەتی زمان ناتوانرێ، بە تەواوی پەردە لە ڕوی هیچیان لابدرێ و دەستنیشان بکرێن. بۆیە دەرونزانی زمانی، زمان وەک یارمەتیدەرێک بەکاردێنێ لە توێژینەوەکانی بۆ دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە لە لایەنە شارراوەکانی ئەو کەرەسە دەرونیانە، لە چۆنیەتیی پێکهاتن و چۆنیەتیی کارکردن و کارلێککردنیان.

کەواتە دەرونزانیی زمانی، بریتیە لە توێژینەوەکردن لەسەر ئەو کەرەسە دەرونیانەی پەیوەستن بە ڕەهەندی زمان، بۆ بژارکردن و پەرەپێدانیان لەپێناوی وەبەرهێنانی دەرونێکی تەندروست، کە لە ڕوانگەی زمانەوە ڕەنگدانەوەی هەبێ لەسەر ڕەفتاری پەسەند.

دەرونزانیی زمانی، پرسیار لەوە دەکا، ئایا بیر زادەی زمانە، یان زمان زادەی بیرە و وابەستەی نێوانیان چیە؟ ئایا کامە کامە دەوڵەمەند دەکا؟ و کامە گرفت بۆ کامە دروست دەکا؟ ئایا بیرکردنەوە زمانێکی گۆنەکراوە؟ ئایا خەون و ئەندێشە و یادەوەری... چ پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە؟ ئایا کەرەسە دەرونیەکان کار لە زمان دەکەن؟ یان زمان کار لە کردە دەرونیەکان دەکا؟ ئایا خلیسکانەکانی زمان و گرفتەکانی قسەکردن نەخۆشی دەرونین؟ یان خەوشی زمانەکەن؟ ئایا نەخۆشیە دەرونیە جۆراوجۆرەکان چ کاریگەرییێکی جیاوازیان لەسەر دەربڕین و ئاخاوتن هەیە؟ ئایا تێکچونی مێشک و شڵەژانە هۆشەکیەکان چ ڕەنگدانەوەیەکیان لەسەر زمان هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری تری هاوشێوە بونە مایەی ئەوەی دەرونناسەکان بایەخێکی سەروئاسایی بە زمان و داتاکانی زمانەوانی بدەن و دەرەنجام بوە مایەی دەرکەوتنی لقێکی نوێی دەرونزانیی کارەکی، کە دەرونزانیی زمانیە.

لە دەرونزانیی زمانیدا، دەرونناسەکان لە زەمینەی دەرونزانیەوە بەرەو زمانەوانیی دەچن و زمان دەکەنە یارمەتیدەرێکی کاریگەر و پێوراو بۆ شیکارکردنی هاوکێشە دەرونیەکان. گۆڕانکاریەکانی زمان هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکاریە دەرونیەکان، بونە مایەی تۆمارکردنی ئەو گۆڕانکاریە زمانیانە و لە کاتی دوبارەبونەوەیان ببن بە هێمایەک بۆ ڕودانەوەی هەمان گرفتە دەرونیەکان. بەمەش توانرا زۆرێک لە کێشە و نەخۆشیە دەرونیەکان بدۆزرێنەوە و بەدوای هۆکار و چارەسەرەکانیان بگەڕێن، تەنانەت نەخۆشیەکان و چارەسەرەکانیشیان لە ڕەفتارە زمانیەکان ڕەنگیدەدایەوە و ئەمەش هێندەی تر پێگەی زمانی لەو بوارەدا بەرچاوتر کرد. بەتایبەتی لە لایەن دەرونزانە ئەزمونگەرەکان، بە هۆی بنەمای کاتێکەر و وەڵامدانەوە، کە هەندێ جار زمان ڕۆڵی هەردو جەمسەرەکەی دەبینی، زمان بو بە یەکێ لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی بناغەی ئەم لقەی دەرونزانی و دواتر بۆ چاکسازیی دەرونە ناتەندروستەکانیش سودی زۆری لێ بینرا.

لە کۆتاییدا، بە سەرنجێکی ورد بۆمان دەرەکەوێ، ئەگەرچی دەروزمانی و دەرونزانیی زمانی دو لقی جیاوازن، یەکەمیان سەر بە زمانەوانیی کارەکیە و لە

لایەن زمانەوانانەوە بەڕێوەدەچێ، دوەمیان سەر بە دەرونزانیی کارەکیە و لە لایەن دەرونزانەکانەوە بەڕێوە دەچێ و تا ڕادەیەک مەبەست و ئاڕاستەیان جیاوازە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبینین، خاڵی هاوبەشیان زۆر زۆرترە لە خاڵە جیاوازەکان، بەتایبەتی کە هەردوکیان پشت بە زمان دەبەستن بە هەردو ڕوەکەی دەنگ و واتایەوە، ئەمەشە وای لە زمانەوان و دەرونزانەکان کردوە، ئەم دو لقە لەیەک جیا نەکەنەوە و لە تێکڕای سەرچاوەکاندا بە تێکەڵی باسی بکەن. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریش لەبەر ئەوەی ئەم سەرچاوەیە یەکەم پەڕتوکی کوردیە لەم بارەیەوە، بۆیە ئێمەش پێ لەسەر جیاوازیەکان داناگرین و هەوڵدەدەین تێکڕا باسیان بکەین، بۆ ئەوەی هەردولا سودی لێ ببینن.

**١-٦ـ سەرهەڵدانی دەروزمانی:**

بونی ئاخاوتن لە مرۆڤدا بەڵگەی هۆشمەندیی مرۆڤە. لەو سەردەمەدا مرۆڤ دەستی بە ئاخاوتن کردوە، لەسەر گیانەوەرانی تر جیابوەتەوە. بە درێژایی ڕۆژگار زمان و هۆش هاریکاری یەکتر بونە بۆ پەرەسەندنی هەردوکیان، ئەمەشە وای لە (ئەرستۆ) کردوە بڵێ (مرۆڤ گیانەوەرێکی قسەکەرە)(١٤ل١١). ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، کە مرۆڤ دەتوانێ هەست و نەستەکانی ناوەوەی دەربڕێ و گوزارشت لە بیروڕا و سۆزەکانی بکا. کەواتە؛ هەرلە دەسپێکەوە زمان و بیر جمکێکی هاوتەمەنن و ئەگەر کۆرپەڵەی بیر لە منداڵدانی مرۆڤایەتیدا پێشتریش پیتێنرابێ، ئەوا لەدایکبون و گەورەبونی لەگەڵ زماندا هەردەبن بە هاوڕێ. ئەمەش وایکردوە، ڕابوردو و ئایندەی زمان و بیر وابەستەی یەکتر بکا. بۆیە دەتوانرێ بوترێ، مێژوی سەرهەڵدانی دەروزمانی دەگەڕێتەوە بۆ دێرزەمانێکی زۆر زو، بەڵام نەبونی مێژوی تۆمارکراو وەک هەر بابەتێکی تر ناچارمان دەکا لە دەقە نوسراوەکان دەستپێبکەین. لە دەقە نوسراوەکانیشدا زۆربەی زانستەکان دەگەڕێنەوە بۆ بژارکردنی ئەو ڕستانەی لە بەڵگەنامە فەلسەفیەکانی یۆنانیەکان ماونەتەوە، بەو پێیەی فەلسەفە دایکە گەورەی هەمو زانستەکان بوە. فەیلەسوفە یۆنانیەکان بایەخیان بە پەیوەندیی سروشتیی زمان و دەرون داوە. بە گەڕان بەناو بەرهەمە فەلسەفیەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆدا چەندین وتەی پەیوەست بەم

لایەنە بژاردەکرێن. بەتایبەتی لە دەقی گفتوگۆی ئەفلاتون لەسەر (ئەقرێتس) کە دەربارەی زمانە، گەلێ لایەنی دەروزمانی وروژاندوە، دەربارەی زمان و دەرونی دەسەلاتدارانی میری و گەل و ستەمکار و ستەملێکراو(٤٢ل١٢٤-١٢٥). هەروەها لە بەرهەمە فەلسەفیەکانی ئەرستۆ، بە تایبەتی لە (هونەری دواندندن)دا سەرنج و بۆچونی پەیوەستداری دەربارەی زمان و دەرون خستونەتەرو و شێوازی دواندەر بۆ ئیقناعکردنی گوێگر، هەروەها باسی هەڵچونە دەرونی و پەیوەندیی ئاخێوەر و گوێگر و هەڵوێستی دەرونی و دەربڕینی زمانی بۆ هەڵسەنگاندنی خود، دەکەونە چوارچێوەی بابەتی دەروزمانی(٤٢ل٢٦). دیسان ئەرستۆ خاوەنی ئەو بیرۆکەیە کە لە بنەڕەتدا بنچینەیەکی سروشتی و بنەڕەتی هەیە لە دەرونی مرۆڤدا بۆ زمان و زانیاریەکان، کە دواتر زۆر لە بیرمەندانی ئیسلامی وەکو (فاراِبی) و هاوچەرخەکان وەکو (چۆمسکی) لەگەڵی هاوڕا بن.

بە هەمان شێوە لە مێژوی ناوەڕاست و نوێشدا، تاوتوێی پەیوەندیەکانی بیر و زمان بەردەوام بو و کەم بیرمەند و فەیلەسوف هەن، بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆیان لە قەرەی ئەو بابەتە نەدابێ. بۆنمونە (تۆماس هۆپس ١٥٧٧-١٦٧٩) باسی بونی ڕێچکەی ئارەزومەندیی خۆرسکی هەن لە دەرونی مرۆڤ و کار لە ڕەفتار و ئاخاوتنیان دەکا و هەندێکیان پاڵدەنێ بۆ شەڕخوازی و هەندێکیان بۆ ئاشتەوایی(٤٢ل١٣٧-١٣٩).

لە بەشداریە جیاوازەکانی ئەو قۆناغە بۆچونەکانی (ئۆگەست کۆنت ١٧٩٨-١٨٥٧٩) بو، کە دژەهەڵوێست بو بەرامبەر دەرونزانی و دانی بەم زانستە نەدەنا، بەڵام پاڵپشتی لایەنە ڕواڵەتیەکانی ڕەفتاری مرۆڤی دەکرد، لە ئاخاوتن و هەڵچون و کار و کاردانەوەکان و کاریگەرییان لەسەر پەیوەندیی نێوان تاکەکان(٤٢ل١٤٠-١٤٢٩).

دواتر بۆچونەکانی دەروزمانی بە شێوە سەرەتاییەکەی کەوتنە نێوان مشتومڕی بۆچونە ماددی و فیزیاییەکان کە کاریگەر بون بە بیردۆزەی داروین و ئەزمونگەرەکان و بۆچونە فەلسەفیەکان کە کاریگەربون بە ڕێبازە هۆشەکیەکان و ئینجا باڵی ناوەڕاستی ڕەفتاریەکان. لە بەشی داهاتودا بە درێژی باسیان دەکەین.

سەرهەڵدانی دەروزمانی وەکو لقێکی زانستی دەگەڕێتەوە بۆ چلەکانی سەدەی ڕابوردو و لە پەنجاکاندا شوێنپێی خۆی گرت و بە تایبەتی لە ئەمریکا وەک زانستێک چەسپا(٤٣ل٤٠٥).

لە سەدەی نۆزدەدا بە تایبەتی لە ئەوروپا و ئەمریکا بایەخێکی زۆر بە پەیوەندیی نێوان زمانەوانی و دەرونزانی درا و چەند پسپۆر لەم بوارەدا ڕۆلی بەرچاویان گێڕا. لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە بەرە بەرە بایەخدان بەم پەیوەندیە پتر دەبو، تاکو لە سەرەتای نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەدا، زانا ئەمریکیەکان لە ساڵی ١٩٥١ خولێکی هاوینەی لێکۆڵینەوەی هاوبەشیان بۆ زمانەوان و دەرونزانەکان لە زانکۆی کۆڕنل کردەوە، ئاڕاستەکان بەرەو دەروزمانی دەڕۆیشتن و دو ساڵا دواتر لە ساڵی ١٩٥٣ دیدارێکی تر لەم بارەیەوە لە پەیمانگەی زمانەوانی لە شاری بلومنگتۆنی هەرێمی ئیندیانای ئەمریکی سازکرا، کە بوە هۆی تۆمارکردنی ناوی لقێکی نوێ لە فەرهەنگی زانستیدا بە ناوی (دەروزمانی). ئەو لقە نوێیە بە ئامانجی توێژینەوەی هاوبەشی نێوان زمانەوانی و دەرونزانی هاتەئارا بۆ دەستنیشانکردنی دۆزەکانی ڕەفتارە زمانیەکان. ساڵی دواتر ١٩٥٤ (ئۆسگود و سیبیۆک) کە دو ئەندامی هەردو کۆنگرەکە بون، ڕاپۆرتی کارنامەی دەروزمانیان خستەڕو، کە ناسنامەی لقێکی نوێی زانستی بو بە ناوی (دەروزمانی) و ناساندنی لەسەر ئاستی جیهانیدا. بەم پێیە لە دەسپێکی ئەم لێکۆڵینەوانەدا سێ ئاڕاستە سەریانهەڵدا:

ــ هەندێکیان لایەنی دەرونزانی زاڵ بو بەسەر لایەنی زمانەوانی، وەک لە بۆچونە ڕەفتارباوەکانی (جان بیاجێ)، کە بە لایەنی دەروزمانی ڕەفتاری دەشکانەوە.

ـ هەندێکیان کاریگەریی ڕۆنانکاریی زمانەوانییان بەسەردا زاڵ بو و کردارە دەرونیەکانیان لە ڕوانگەی بنیاتگەریی زمانی لێکدەدایەوە، وەک لە بۆچونەکانی (میلەر) کە کاریگەر بو بە بۆچونەکانی چۆمسکی لە سەرەتای شەستەکاندا.

ـ پەرەسەندنی گریمانە ڕۆنانیەکان و خستنەڕویان وەک دۆزێکی دەرونی، واتە پێکداچونێکی باری دەرونی و دۆخی ڕێزمانی وەک تایبەمەندییێکی یەکگرتو، هەروەک لە بۆچونەکانی (فۆنت) و (بۆلەر) لە حەفتاکاندا. تەنانەت بە سەرنجدانی ورد لە توێژینەوە هاوچەرخەکانیشدا دەردەکەوێ بە لایەک لەم سێ لایەدا

شکاونەتەوە، وەک لە توێژینەوەکانی (هۆرمان ١٩٦٧)، (لیست ١٩٧٢) و (لوینجر ١٩٧٢)، کە لەسەر بنەمای ڕێزمانی بەرهەمهێنان ( Generative grammar)(43ل٤٠٨).

**١.٧. دەروزمانیی سۆڤیەتی:**

لە سیەکانی سەدەی ڕابوردودا لایەنەکانی بەیەکداچونی هەردو زانستی زمانەوانی و دەرونزانی سەرنجی لێکۆڵەرانی ئەو دو بوارەی ڕاکێشابو، بەتایبەتی لە لایەن (فیگۆتسکی Wygotski) و قوتابیەکانی. ئەمانە پتر لە چوارچێوەی دەرونزانی بابەتەکانیان دەوروژاند، نەک لە بواری دەروزمانی. ئەوانیش وەکو ڕێچکەی (ئۆسگود) لەمیانی پەیڕەوکردنی بیرۆزەیەگی دەرونیی گشتیی بۆ ڕەفتار لایەنەکانی دەروزمانیان دەوروژاند. توێژینەوەکانی سۆڤیەتی لە بارەی توخمەکانی دەروزمانی، لە میراتگەریی دەرونزانیی سۆڤیەتی سەرچاوەیان دەگرت. لە سەرەتادا ڕەنگدانەوەی بنەڕەتیی فەلسەفەی ماددی بو، کە دەرونزانیی سۆڤیەتی بەرەو گشتگیری و ئاڵۆزتر لە دەرونزانی ئەمریکی بردبو و لایەنی دەرونی و هوشیاری و چالاکی لە یەک بۆتەدا دەتواندەوە. لە دەسپێکدا نەک لەژێر ناونیشانی زاراوەی دەروزمانیی، بەڵکو لە چوارچێوەی چالاکیی پەیوەندیکردنی زمانی ئەو لایەنانە بە شێوەیەکی فرەلایەنتر تاوتوێدەکران.

چەمکی چالاکی وەک پێویستییەک سەریهەڵدا، بۆ زاڵبون بەسەر دو لایەنەی دەرونزانی، کە بریتی بو لە پەیوەندیی نێوان خود – و – بابەت. لێرەدا توخمی نێوەندکار وەکو ئامرازێکی هاریکاریی نێوان خود و بابەت چالاکیە. ئەگەر لە فەلسەفەی ڕامیاریی سۆڤیەتیی ئەوسادا خود مرۆڤ و بابەت ماددە بوبێ و چالاکی ئامرازی وەدەستهێنانی ماددە بوبێ، ئەوا ئەو دو لایەنی و سێ لایەنیە لە ئاستی دەرونزانیش ڕەنگیداوەتەوە، بەتایبەتی لە کارەکانی فیگۆتسکی و گلبرن و لۆنتێیڤ و ئەوانی تر. بنەمای چالاکی بو بە بنەمای سەرەکیی دەرونزانیی سۆڤیەتی و لە بیستەکان بە دواوە خێرا پەرەی سەند، بەوەی مرۆڤ وەک خود و ئامانج وەک بابەت و زمان وەک چالاکی یان نێوەندکار ڕۆلیانبینی و لە حەفتاکاندا لە ئاستی جیهانیش بون بە مایەی سەرنجڕاکێشان و کاریگەریی هەبو لەسەر بەرهەمەکانی کەسانی وەک هارتۆنگی ئەڵمانی (١٩٧٤) و بە پێچەوانەی

دەروونزمانیی ئەمریکی، چالاکیی زمانیی لە ڕوانگەیەکی فراوانتر و گشتگیر سەیردەکرد و بە (چالاکیی زمانی) یان (چالاکیی پەیوەندکاری) ناوزەند دەکرد. خاڵە بنچینەییەکانی دەروونزمانیی سۆڤیەتی لە بۆچونەکانی فیگۆتسکی چڕدەکرانەوە، کە باوەڕی بە بونی بنەمای ڕەسەن و نمونەیی ناوەکی نەبو کە لە ناخ و جەستەی مرۆڤدا هەبن و یان خۆڕسک و بۆماوەیی بن. تەنانەت جیاوازییێکی ئەوتۆی لە نێوان ڕەفتار و چالاکیی دەرونی مرۆڤ و گیانەوەر نەدەدی، بەڵام بایەخی بە هۆشیاری و چالاکیی دەرونی مرۆڤ دەدا لە ڕوانگەی ماددیەوە. بە شێوەیەکی گشتی چالاکیی دەرونی لە ڕوانگەی کارتێکەر و کاردانەوەی پاڤلۆڤ لێکدەداتەوە، بەڵام کارتێکەر و کاردانەوەکان مەرجدار دەکا و بە شێوەیەکی دابڕاو و ڕاستەوخۆیان هەڵناهێنجێ.

فیگۆتسکی پەی بەوە دەبا، گواستنەوەی ئایی لە نێوان بیر و هەستی مرۆڤەکان ڕودەدا بە بەکارهێنانی کەرەسە ماددیەکان، بە پێچەوانەی گواستنەوەی نایی لای گیانەوەران. فیگۆتسکی زمانی ناوەکیی مرۆڤ بە جیا لە زمانی دەرەکی دادەنێ و زمانی ناوەکی بە چالاکییێکی خودی تاکەکەسی دادەنێ و بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادا چونکە پەیوەندی دروستناکا و زمانی تایبەتیی ئاخێوەر خۆیەتی و چالاکییێکی زمانیی تاکەکەسیە. تەنانەت بە گۆڕینی زمانی ناوەکی بۆ دەرەکی، گۆڕان لە پێکهاتە و داڕشتن و ڕۆنان ڕودەدا.

هاوڕاکانی فیگۆتسکی پەرەیان بە بیرۆکەی چالاکی دا، تەنانەت هێڵکاریی گواستنەوەی ئاخاوتنیان وێنەکرد لە قۆناغی بیرۆکەی سەرەکی (زمانی ناوەکی) و قۆناغی گۆڕانکاریەکان بۆ هێماکاری و شوێنی گوزەریان تاکو زمانی دەرەکی، واتە چالاکیی کاروانی یەکە دەرونیەکان بۆ یەکە زمانیەکان. هەرچەندە شوێنی کارتێکەرە پاداشیەکان لە زمانی ناوەکی دەرنەکەوتوە. هاوکارانی ئەو قوتابخانەیە بیرۆکەی چالاکییان قوڵترکردەوە و هەمو ئەو کردارانەی گرتەوە کە ئاڕاستەدەکرێن بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی دیارکراو، تەنانەت پاڵنەرە بابەتیەکانیشی بۆ ئامادەدەکرێ. هەمو چالاکییەک ئامانجێکی لە پشتەوەیە و سەرکەوتنی چالاکیەکە لە پێکانی ئامانج و وەدیهێنانی ئەنجامەکەدایە. هیچ چالاکییێکش بەبێ پاڵنەر نابێ، چالاکیی بێ پاڵنەر چالاکی نیە. هەر چالاکییەک لە پاڵ هەردو ڕەهەندی ئامانج و پاڵنەر، ڕەهەندی ڕۆنان یان داڕشتنیشی هەیە، کە ڕێکخستنێکە

لـه نێوان كردەكـانی تاكەكەسـی و كـرداره سـنوردارەكانی گشـتی و ڕێككـەوتنیان لەگـەڵ ئامـانج و پاڵنـەرەكان. ئـەم پەیكـەری چالاكیـە لـە دەرونزانیـی سـۆڤیەتیەوه هـەڵێنجراوه، كـه بـه چەنـد قۆناغێكدا تێپـەڕێ (قۆنـاغی پلانـدانان و ئاراسـتەكردن، قۆناغی ئەنجامدان و وەدیهێنان، ئینجا قۆناغی كۆنترۆلكردن)، كه دواتر هەمان ئەو بیرۆكه و قۆناغانـه گوازرانـەوه و بەسـەر چـالاكیی زمـانی كۆپیكران. دواتـر تـوانرا نەخشەسازیی ئەم بیرۆكانه لەگەڵ قوتابخانـەكانی ڕێزمـانی پەرەپێدان و ڕۆنـانی و هۆشـەكیش بگونجێنرێن(٤٣ل٤١٥-٤٢١).

**٨-١ سەربەخۆبون و سنوری دەروزمانی:**

لێكۆڵینـەوه یـەک لـه دوای یەكـەكانی بابـەتی دەروزمـانی، بەتایبـەتی لای ئەمریكیـەكان، پـەیتا پـەیتا بـه تێپـەڕبونی كـات، سـنوری ئـەو زانسـته نوێیـەیان دەستنیشانكرد و جگه له فراوانكردنی چوارچێوەی بوارەكه، قوڵبونـەوەی زۆرتـری به توێژینەوەكان بەخشی. بوارەكه پەلی هاوێشت بۆ گرتنەخۆی ڕەوتی درككردنی پراگمـاتیكی گەیانـدن لـه دەروزمـانیی ئـەمریكی و ئـەوروپی، هـەروەها كـارلێكی كۆمەڵایەتی، هەروەک له دەروزمانی سۆڤیەتی. شتێكی ئاسـاییه لێرەدا دو پرسـیار بێنـه ئـارا (یەكـەم) دەربـارەی پەیوەنـدیی دەروزمـانی بـه زمانـەوانیی كۆمەڵایـەتی (كۆزمانەوانی) لەگەڵ تیۆری گەیاندن و پراگمـاتیكی و تیـۆری كردەی قسـەكردن. (دوەم) دەربارەی سەربەخۆیی دەروزمانی وەک لقێكی تایبەتیی زانست.

هەرچەنـد دەروزمـانی سـنوره تەسـكەكانی خـۆی ببـەزێنێ، هێنـده پشتگوێخستنی هۆكارەكانی گەیاندنی پراگماتیكی و كارلێكی كۆمەڵایـەتی كۆنترۆل دەكا. ئەمـەش بێگومـان گرنگـه، كاتێ زمـان بـه ئامرازی گەیانـدن و هۆكـاری كـار دابنـرێ. بەمـەش لـه لقـەكانی تـر نزیـک دەبێتـەوه، وەک: تیـۆری گەیانـدن و كۆزمانەوانی و تیۆری كردەی ئاخاوتن...هتد، تەنانـەت تێكچڕژان و چونەناویـەک لەگـەڵیان. بـه پێچەوانـەش بەرامبـەر ئەمـه پێویسـته كۆزمانـەوانی ڕەچـاوی ئەنجامـەكانی دەروزمـانی بكـا لـه بنیاتنـانی بیردۆزەكـەی خـۆی و چیتـر نـاتوانێ پێشـگری لـه تیـۆری كـردەی ئاخـاوتن بكـا، لـەوەی ڕێچكـه زمانیـه دەرونیـەكان بگرێتەخۆی، وەک له چەمكی زاراوەكانی: مەبەست، پێشبینی و تەندروست...هتد. لێرەدا هەرچەند گرفتـەكانی ڕەفتـاری زمـانی ڕێكتربخـرێن و زمانـەكان لـه ڕەوتـی

گشتییان وەک گەیاندن و پەیوەندیکردن پەرەبسێنن، هەروەها دەروزمانی بەرەو پرسیارەکانی تاکەکەسی و توانا زمانیەکان لارنەبێتەوە، ئەوا دەستنیشانکردنی سنوری بواری دیارکراو بۆ دەروزمانی کاڵدەبێتەوە.

تەنانەت دەروزمانیی سۆڤیەتی، کە لە ڕوانگە فراوانەکەی ئەوە دەگەیێنێ کەبریتیە لە تیۆری چالاکیی زمانیی گەیاندنە و لەسەر بنچینەی پەیوەندیی زمانیی دەرونزانی دامەزراوە، سنوری دەستنیشانکراوی بۆ دەهێڵێتەوە. بەوەی لە لایەکدا زۆر تاکەکەسیە، چونکە ناتوانرێ بە پێی پێویست چاودێریی ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی گەیاندن و پایەیان لە سیستەمی تەواوی چالاکیی کۆمەڵگا دیاربکەی، لە لایەکی تریش گشتگیرە، چونکە بە ڕادەیەکی زۆر کەم نەبێ، ڕێگە بە تایبەتمەندیە کەسیەکان نادا. ئەمەش بە پێچەوانەی ئاراستە ئەمریکیەکانە کە بە سیستەمێکی کراوەی چەمکی قوڵا و فراوان کاردەکا.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو مەترسیانەی لە سەربەخۆبونی دەروزمانی لە ئارادان ڕونکراونەتەوە، چ بە شێوە تەسکەکەی بێ، یان فراوانەکەی. بە شێوە تەسکەکەی دەروزمانی مەترسی ئەوە دەکرێ، ئەدگارە کۆمەڵایەتیەکانی ڕەفتاری زمانی فەرامۆشبکرێن یان بایەخی ئەوتۆیان پێنەدرێ و هاوبەشی بەیەکداچونی لەگەڵ زانستەکانی زمانەوانی و کۆمەڵناسی و دەرونزانی ببڕدرێ و پەیوەندیی لەگەڵیان بپچڕێ و وەک زانستێکی سەربەخۆ ڕەفتاربکا و دەسکەوت و ئەنجامی ئەوتۆی نەبێ، هەروەها مانەوەیشی وەک پاشکۆیەک بۆ زمانەوانی یان دەرونزانی، پایەیەکی شیاوی خۆی پێنادرێ و وەک سەربارێک دەژمێررێ. بەشێوە فراوانەکەشی مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ، ببێتە ڕێگر لەپێش زانستە هاوبەشەکانی تر و لە بۆتەی خۆیدا بیانتاوێنێتەوە و پاوانەکە کۆنترۆل بکا. لەو کاتەدا ڕەنگە بۆ نمونە زمانەوانی هیچی بۆ نەمێنێتەوە جگە لە سیتەمێکی زمانی (زمانەوانی ناوەکی) بە پێی بۆچونی سۆسێری و زمانەوانی و دەرونزانی و کۆمەڵناسی ببنە لقی پاشکۆی ئەو(٤٣ل٤٤٧-٤٤٩).

## بەشی دووەم
## دۆزەکانی ڕواڵەتی زمان

### پێشەکی

وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێکرا، زمانەوانی ئەو زانستە بو، کە لە کەرەسەکانی زمان (دەنگەکان، وشەکان و ڕستەکان)ی دەکۆڵیەوە. لەم بارەدا زمانەوانی دەکەوتە بەر زانستە تیۆریەکان، کە توێژینەوە دەنگیەکانی (لە ئاستی دەنگسازیی) تا ڕادەیەک دەکەوتنە بەر زانستە سروشتیەکان و توێژینەوە واتاییەکانی (لە ئاستەکانی وشەسازی و ڕستەسازیی...) دەکەوتنە بەر زانستە وێژەییەکان (مرۆییەکان). بەڵام مانەوەی هەر زانستێک لەو ئاستەی کە تەنیا لە کەرەسەکانی خۆی بکۆڵێتەوە و لە ژیانی پڕاکتیکی و کارەکیی ڕۆژانە بەشداریی نەکا و هیچ سودێکی بۆ مرۆڤایەتیی نەبێ، ئەو زانستە نەبونی باشترە و پێویست ناکا مرۆڤ خۆی پێوە سەرقاڵ بکا.

کەواتە پێویستە زمانەوانی خۆی لەو چوارچێوەیە دەرباز بکا، کە تەنیا لە کەرەسەکانی بکۆڵێتەوە. دۆزینەوەی هێما دەنگیەکان و یەکگرتنیان بۆ مۆڕفیم و وشەکان، ئینجا ڕستەکان، چی لە کەتوار (واقع)ی زمان دەگۆڕێ؟ ئایا کێ بە ڕێزمان فێری زمانی خۆی بوە؟ ئایا چەند لەوانەی زمانێک یان زیاتر دەزانن، شارەزای زمانەوانی؟ یان تەنانەت خوێندەوارن؟ لێرەدا کاتێک زمانەوانی سنوری تیۆریی خۆی بڕی، خۆی لە مەیدانی پڕاکتیکی دەدۆزێتەوە و زمانەوانیی کارەکی دێتەئارا. مەیدانی زمانەوانیی کارەکیش زۆر فراوانە و لەگەڵ تخوبی هەر زانستێکی تر، لقێکی نوێ لە زمانەوانیی کارەکی دێتەئارا. تەنانەت هەندێ زمانەوان(٤٤ل٨) پتر لە (٨٠) هەشتا لقی زمانەوانییان دەستنیشانکردوە. لەم خشتەیەدا چەند نمونەیەک دەخەینەڕو(٤٥ل٢١-٣٣٦):

بە شێوەیەکی گشتی تێکەڵبونی زمانەوانی لەگەڵ زانستەکانی تر، لەسەر دو بنەمای سەرەکیە:

یەکەم ـ زانیاریە زمانەوانیەکان هیچ سودێکیان نابێ، ئەگەر لە ڕاژەی مرۆڤایەتی وەگەڕنەخرێن و لە پێشکەوتنی شارسانیەتیدا نەخرێنەکار. (لە ڕاستیدا زانیاریی دەربارەی کەرەسە پێکهێنەرەکانی زمانێک بە هیچ دادەنرێ، تا ئەو کاتەی بەکارهێنەر دەتوانێ بە شێوەیەکی نوێ و گونجاو لێکیانبدا و پێویستییەکی زمانیی لێ دروستبکا و لەو کەوتگەیە (موقع) بەکاریبێنێ، کە شوێنی پێویستی خۆیەتی لە ئاخاوتندا)(٤٦ل٣). ئەمەش ڕونادا ئەگەر لە چوارچێوەی زمانەوانی نەچینەدەرەوە و بە پێی بواری مەبەست ڕو لە زانستێکی تر نەکەین. بۆ نمونە، ئەگەر تۆ شوفێری بزانی و ئوتومبێلیشت هەبێ، ئەگەر شوێنی هەوارگەت دیارنەبێ و ئاڕاستەت نەزانی، چۆن دەگەیتە مەبەست؟ و بۆ کوێ لێدەخوڕی؟ بە هەمان شێوە، ئەگەر زمان بزانی و شارەزای کەرەسەکانی ئەو زمانەش بی، بەڵام بوارێک نەبێ، ئەو زمان و زانیاریانەی تیادا پڕاکتیزە بکەی، هەر دەبێ لە ناو بازنەی زمانەوانیدا بخولێیتەوە.

دوەم ـ بەپێی گریمانەی (هەمو گەورەترە لە گشت پارچەکانی)(٤٧ل٢١٢). ئەگەر سەرجەم کەرەسە سەرەکیەکانی زمانیشت هەبێ، وەک: دەنگەکان، وشەکان و ڕستەکان، بەڵام نەتوانی بە باشی ڕێکیانبخەی، ئەوا ئەو دەرەنجامە خوازراوەی نابێ، کە پێویست و مەبەستە. بۆ نمونە، ئەگەر تۆ زیخ، چیمەنتۆ، کەرپوچ، دەرگا، پەنجەرە و هەمو کەرەسەکانی بیناسازیت هەبێ، بەڵام نەتوانی بە شێوەیەکی تەلارسازیی هەریەکە لە شوێنی خۆی بەکاربێنی، ئەوا هەرگیز ناتوانی بیانکەی بە باڵەخانە. کەواتە، باڵەخانەیەک بریتی نیە لە کۆکردنەوەی سەرجەم کەرەسەکانی بیناسازی، بەڵکو سەرباری کەرەسەکان، دیزاین و ڕێکخستنیشی پێویستە. واتە؛

هەمو > کۆی گشت پارچەکان. (ئەم نیشانەیە > واتە؛ گەورەترە لە)

هەمو = کۆی گشت پارچەکان + ڕێکخستنیان.

لە دەروزمانیدا، سەرباری ئاوێتەکردنی زانیاریە زمانەوانی و دەرونزانیەکان، هەوڵدەدرێ، سودیان لێ وەربگیرێ و لە پێشخستن و چارەسەرکردنی لایەنە دەرونی زمانیەکان پیادەبکرێن.

**١.٢. زمان و وەرگرتن:**

وەرگرتنی زمان بابەتێکی هاوبەشی بایەخ پێدراوە لە نێوان زمانەوانی و دەرونزانیدا. جاران پرسیار دەربارەی چۆنیەتی پەیدابونی زمان و یەکەم زمانی مرۆڤایەتی دەکرا، کام زمان ڕەسەنترە؟ کام زمان پاراوترە؟ ئەم هەمو زمانە بۆ؟ ئایا گیانەوەرانیش زمانیان هەیە؟ ئەمە و چەندین پرسیاری تر... بە پێی فرەلایەنیی وەڵامەکان، بۆچونی جیاجیا و گریمانەی جۆراوجۆر هاتنە ئارا... مشتومڕەکان ناوە ناوە سەریانهەڵدەدایەوە بەتایبەتی دەربارەی ئەوەی ئایا زمان سروشتی خۆڕسکە یان دەسکردە؟ ئایا خواکردە یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە؟ (دواتر زۆربەی زمانەوانە کۆن و نوێکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەم لێکۆڵینەوانە بێ ئاکامن، چونکە ڕوداوەکان دەگەڕێنەوە پێش مێژو، مرۆڤیش بەڵگەکانی پێش مێژوی بەدەست نەگەیشتوە، بۆیە باشتر وایە، ماندوبونی خۆی لە لایەنێکی بەڵگەدار و سودبەخش خەرج بکا، نەک لە لایەنێکی ون و نادیاری وەک سەرهەڵدانی زمان، کە ئەنجامەکانی تەنیا بە گریمانە و خەمڵاندنی نەسەلمێنراو کۆتایی دێ، کە بگاتە ڕاستییێکی باوەڕپێکراو.... هەڵگرانی ئەو بیرۆکەیە لەو باوەڕەدا بون، کێشەی سەرهەڵدانی زمانی سەرەتا و پێش مێژو پتر پەیوەستە بە زانستەکانی مرۆڤناسی Anthropology، کۆزمانەوانی Sociolinguistics، یان زەویناسی Geology(48ل٥١). بەڵام دواجار (سەرلەنوێ زمانەوانیی هاوچەرخ لەژێر تیشکی کارەکانی نەئوم چۆمسکی ئەم بابەتانەیان بە خەستی خستەوەڕو، زمانەوانەدەرونیەکان لە لایەک نمونە تیۆریەکانیان وەردەگرت و تاوتوێیان دەکرد و لە لایەکی تریش خودی زمانەوانەکان تاوتوێی ئەو تیۆریانەیان دەکرد، کە لە شیکردنەوەی وێنەیی زمان بۆ زمان دەردەچون و بازیاندەدا ئەو تەوەرانەی گرفتە دەرونیەکان دەگرێتەخۆی)(٥٥ل١١). هەروەها ئەم بیردۆزە هاوچەرخانەی زمانەوانی دوبارە بیرۆکەی خۆڕسکی و خۆکردییان هێنایەوە ئارا و زمانەوانە دەرونیەکانی بەوە سەرقاڵ کردەوە کە گەنگەشەی زۆری لەسەر بکەن، کە تا ئێستاش بەردەوامە، بەتایبەتی لە نێوان تیۆریەکەی کارتێکەر و کاردانەوەی پاڤلۆڤ و جەشتاڵت لە لایەک و تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی دی سۆسێر و

هۆشەکیی چۆمسکی دەخولانەوە. هۆی سەرەکیش گەیشتن بو بەو ئەنجامەی، کە ئایا بۆ وەرگرتنی زمان بەگشتی و فێرکردنی منداڵ و زمانی دوەم بەتایبەتی پەیڕەوی کام ڕێباز بکرێ؟(٥٥ل١٦-١٧).

**٢.١.١. سروشتی زمانی مرۆڤ:**

ئەڕستۆ دەڵێ: مرۆڤ گیانەوەرێکە، خاوەنی وتنە(Logos). لای ئەفلاتون وتن(Logos) لە دو توخم پێکدێ، ناو(Onoma) و کار(Rhêma). هیچیان ناتوانن بەتەنیا وتن دروست بکەن. ئەمەش پێی وترا (سەلمێنراوی ئەفلاتون)(٤٩ل١١-١٢)، دواتر ناونرا پێناسەی زمانی مرۆڤ یان پێناسەی ڕستە. گرفتی فەلسەفەناسان لە پێکهاتەی ناو و کاردا نەبو، گرفتەکە لەوەدا بو، ڕاست و درۆ لە پێکهاتەی تاکە تاکەی ناو و کاردا نیە، بەڵام کە یەکیانگرت و بون بە ڕستەیەکی هەواڵدان، ڕاست و درۆی تێدەکەوێ. کەچی لە ڕستەی فەرماندان و پرسیاریدا ڕاست و درۆ نیە(٤٩ل١٣). ئەمە هەندێکیانی وروژاند و بەرەو بواری بابەتە لۆجیکیەکانی بردن. سەرنجی هەندێکی تری بەرەو ڕوخساری گۆکردنی وتن برد و لە بواری فیزیای دەنگی کاری لەسەر کرا. هەندێکی تر بەرەو ناوەرۆکی وتن برد و لە بواری واتاسازی تاوتوێ دەکرا. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لای زمانەوانەکان و تایبەتیتر لای دەرونزانەکان زۆرترین بایەخی پێدرا و پرسیاری ئەوەی لا وروژاندن: چۆن وتنەکان لە مێشکدا وێنا دەکرێن؟ ئەو گۆڕانکاریە دەرونیانە چین کە ڕاست و درۆ دروستدەکەن؟ و چۆن جیادەکرێنەوە؟ ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری هاوشێوە، بونە هۆی دروستبونی چەندین لقی پەیوەست بە زمانەوانی، وەک: پڕاگماتیک، شیکردنەوەی دەق، زمانەوانی دەرونی، کۆمەڵایەتی،....... هتد.

بەم پێیە بەهۆی گرنگیی زمان و سیمایەکی تایبەت بە مرۆڤ، هەریەکە لە فەیلەسوف، کۆمەڵناس، زمانەوان و دەرونناسەکان لە ڕوانگەی تایبەتیی خۆیان و بەپێی زانیاریی سەردەمیان باسی زمانی مرۆڤیان کردوە. (زۆر لە گیروگرفتە گرنگەکانی جیهانی ئەمڕۆمان پەیوەندییەکی پتەویان بە زمانەوە هەیە و بێ لێکدانەوەی زمان ئەم کێشانە چارێکی دروستیان نابێ..... لێکدانەوەی زمان

پەیوەندی بە کێشەی زانستەکانی ترەوە هەیە. بۆنموونە، لە بەر ئەوەی زمان دیاردەیەکی هۆشەکی یە لێکدانەوەی ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لە مێشکی مرۆڤ و چۆنیەتی دروست بوونی بیر. دیسان لێکدانەوەی زمان هەندێ کێشەی مەنتیق و فەلسەفە و کۆمەڵناسی ڕوون دەکاتەوە.)(٥٢ل١-٢). گرنگیی زمان لەوەدایە کە جگە لەوەی باشترین ئامرازی پەیوەندیکردنە، تاکە هۆکاریشە ئادەمیزادی لە گیانەوەر گۆڕی بۆ مرۆڤ بو بە خاوەنی ئەو هەمو پێشکەوتن و شارستانیەتە.

کەواتە زمان چیە؟ و چۆن دەتوانێ گوزارشت لە بیروڕا و هەستەکانی خۆی بکا و لە بەرامبەری تێبگا؟ ئەمە ناچارمان دەکا گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانە بخەینەڕو کە لە دەروزمانی پتر سودیان لێ دەبینرێ، نەک لە زمانەوانی:

یەکەم . زمان هێمای دەنگیە: دەشێ هۆی پەیوەندیکردنی نێوان دو کەس بە هۆی هێمای ڕەنگی بێ، وەک بەکارهێنانی ڕەنگی سور بۆ مەترسی، سپی بۆ ئاشتی، سەوز بۆ ڕێگە پێدان، ڕەش بۆ خەمناکی و پەمەیی بۆ خۆشەویستی... بەلام ئەوکاتە ژمارەی پەیڤەکان لە ژمارەی ڕەنگەکان تێپەڕناکا و زمانی پێ دروستنابێ. دەشێ هێمای جوڵەیی بەکار بێنین بۆ پەیوەندیکردن، وەک سەرهەژاندن بۆ بەلێ، شان هەڵتەکاندن بۆ نەخێر، پەنجە هەژاندن بۆ هەڕەشە و پەنجە خستنە سەردەم بۆ بێدەنگبون. هەروەها هاوشێوەی زمانی کەڕ و لاڵەکان کۆمەڵێ جوڵەی تر بە دەست و دەم و چاو بکرێن بۆ گەیاندنی مەبەست. بەلام لە هەردو نمونەی پەیوەندیی سەرەوە، بە هێمای ڕەنگی و جوڵەیی کۆمەڵێک بەربەست دەبنە ئاستەنگ لە پەیوەندیەکەدا، وەک:

ـ پێویستە قسەکەر و گوێگر هیچ کارێکی تر نەکەن و بەرامبەر یەک دەستبەتاڵا بن بۆ لەیەکتر گەیشتن. تەنانەت دەبێ بەچاو یەکتر ببینن و نابێ هیچ لەمپەرێکیان لە نێوان بێ و ناتوانن بە تەلەفۆن پەیوەندی بکەن.

ـ دەبێ شوێنەکە ڕوناک بێ و تاریک نەبێ. لە توانای بینین دەرنەچێ.

ـ جگە لەوەی ناتوانرێ هەمو هەست و نەست و بابەتی ئاوێتەی داستاناسای ڕابورد و ئێستا و داهاتوی پێ باسبکرێ، تۆمارکردن و نوسینەوەشی بەرجەستەناکرێ.

گریمانەیەک هەیە، کە لە سەرەتادا مرۆڤ جوڵەزمانی بەکارهێناوە و ئەمەش یەکێ لەو هۆکارانە بوە، کە لەسەر دو قاچ(Bipedalism) بوەستێ و دەستەکانی تەرخانبکا بۆ پەیوەندیکرن(٥٤ل٨٤)، بەڵام لە لایەک پێویستیی ژیان ناچاری کردوە دەستەکانی بۆ کارکردن بەکاربێنێ و لە لایەکی تریش تاریکیی شەو و لەمپەرەکان دو هۆکاری تر بون بۆ بەکارهێنانی هێمای دەنگی بۆ پەیوەندیکردن.

مەبەستمان لە هێمای دەنگی ئەوەیە (کە ئەم دەنگانە شتێک دەنوێنن کە خۆیان نین و پەیوەندیی نێوان شتەکە و ئەو دەنگە کە دەینوێنێ پەیوەندییەکی لەخۆوەیە)(٣٣ل١٢). ئەو شتەی کە دەنگەکان دەینوێنن بریتیە لە هەست و نەست، یان پەیامی قسەکەر بۆ گوێگر. کەواتە، بۆ کرداری ئاخاوتن، یان زمان بەهۆی هێمای دەنگی، پێویستیمان بە سێ توخم دەبێ، کە لە دەروزمانیدا گرنگن و هەریەکەیان پەیوەست دەبێ بە کۆمەڵێک بابەتی ترەوە، ئەو سێ توخمەش: قسەکەر و پەیام و گوێگر، یان کۆئەندامی ئاخاوتن(دەم) و زجیرەی دەنگی و کۆئەندامی بیست(گوێ). لەم بارەدا باس لە زمانی نوسین ناکەین، چونکە لە نوسیندا دوبارە هێما دەنگیەکان (فۆنیم) دەکرێنەوە بە هێمای نوسین(پیت).

لە دەرونزانیدا هەردو توخمی قسەکەر و گوێگر دەکەونە بەر کۆمەڵێک کارتێکەری دەرەکی و ناوەکی، لە ئەنجامدا کاردانەوەیان دەبێ لەسەر توخمی ناوەڕاست کە پەیامەکەیە، ئینجا سەرباری ئەوەی پەیامەکە خۆشی دەبێتەوە کارتێکەر لەسەر گوێگر، قسەکەر و گوێگریش بەردەوام شوێنیان ئاڵوگۆڕ دەبێ. ئەمە وایکردوە زمانەوان و دەرونناسان سەرقاڵ بکا، لە هەرسێ توخمەکە و چۆنیەتی کارکردنیان بکۆڵنەوە، تاکو دوای ئەوەی بە تەواوی شارەزای توخمی ناوەڕاست دەبن، کە هێمای دەنگی یان پەیام یان زمانەکەیە و هەمو لایەنەکانی تاوتوێ دەکەن، ئینجا لە ڕێی ئەوە دزە بکەنە ناخی هەردو توخمەکەی تر قسەکەر و گوێگر و چاکسازی لە هەرسێکی بکەن.

لێرەدا جێگەی پرسە، گیانەوەرە هەراشەکانیش هەرسێ توخمیان هەیە، قسەکەر و پەیام و گوێگر، تەنانەت هەمان کۆئەندامی ئاخاوتن(دەم) و هەمان کۆئەندامی بیستن(گوێ)یان هەیە و پێویستییان بە پەیوەندیە و بێگومان

پەیامیشیان هەیە. بەڵام ئایا زمانیان هەیە؟ ئەگەر هەیە، جیاوازی چیە لەگەڵ زمانی مرۆڤ؟ ئەگەر نیە، بۆ مرۆڤ زمانی هەیە و گیانەوەر نیەتی؟ جیاوازیەکە لە کوێدایە؟ ئەمەش هۆکارێکە زۆرجار دەروزمانی دەباتەوە سەر گریمانەکانی پەیدابونی زمان و توێژینەوە لەسەر تایبەتیەکانی زمانی مرۆڤ و گیانەوەران.

دوەم ـ زمان تایبەتە بە مرۆڤ: ئایا مرۆڤ وەکو ئەرِستۆ دەڵێ، گیانەوەرێکی قسەکەرە؟ یان وەکو دارِوین دەڵێ، لە ئەنجامی پەرەسەندنەوە، لە مەیمونەوە بوەتە مرۆڤ(٥٤ل٨٤)؟ یان وەکو هەندێک مرۆڤ هەرگیز گیانەوەر نەبوە و بە هیچ شێوەیەکیش گیانەوەر نابێ بە مرۆڤ(٥٣ل٩). یان بە پێی دەقە ئاینیەکان، خواکردە و زادەی ئادەمە؟ یان هیچ لەمانە نیە و کارلێکە کیمیاییەکان ئۆرِگان و پێکهاتەی نوێیان دروستکردوە و بوە بە گیانەوەری وردیلە و بەتێپەرِبونی کات و ژینگەی سروشتی ئەم هەمو بونەوەرانە دروستبون؟ هەر کامێک بێ لەمانە، دەروزمانی پێویستی بەوەیە، بزانێ بۆ مرۆڤ زمانی هەیە و گیانەوەران ئەو جۆرە زمانەیان نیە؟ ئایا زمان کردارێکی جەستەییە؟ هۆشەکیی خۆکردە یا دەسکردە؟ چونکە زانینی ئەو بناغەیە، دەبێتە بنچینە بۆ لێکەوتەکانی تر.

ئەگەر بەراوردێکی وردی زمانی مرۆڤ و گیانەوەران بکەین دەبینین:

جگە لەمەش لە زمانی مرۆڤدا وەرگێرِان هەیە و مرۆڤ دەتوانێ شت لە زمانەکانی تر وەرگرێ. سەرباری ئەمانە هەموی، مرۆڤ جگە لەو زمانە ئاڵۆزەی وەک هێمای دەنگی بەکاریدەهێنێ، هێشتا زمانە گیانەوەریەکەی خۆی لەدەستنەداوە، ئەویش بەکارهێنانی ئەو دەنگانەن کە لە هەڵچونە دەرونیەکان دێنەئارا، وەک: پێکەنینی خۆشی، گریانی خەم،ناڵەی ئازار، هاواری ژان، زیرەی ترس و نوزەنوز و....هتد. کەواتە (تەنیا مرۆڤ بەهرە و توانای قسەکردنی تێدایە، بێگومان ئاژەڵا و پەلەوەر و گیانلەبەرانی تر بەگشتی پێرِەوێکیان هەیە،.... لەبەر ئەم هۆیانە پێرِەوەکانیان ناچێتە ریزی زمان و ئەو بەهایەی نادرێتێ)(٣٣ل١٣-١٤).

**٢.١.٢. گریمانەکانی پەیدابونی زمان.**

یەکێ لەو پرسیارە نەمرانەی بەردەوام لە ئەندێشەی مرۆڤی نوێدا خولاوەتەوە، دەربارەی زمانەکەی بوە، کە لە گیانەوەرانی جیاکردۆتەوە و کۆمەڵگاکانی دابەشکردوە، کە چۆن زمان پەیدابوە؟ و پەرەیسەندوە؟

لە سەدەی حەڤدەدا، دو فەیلەسوف لەم بارەیەوە دو بیردۆزەی جیاوازیان خستەڕو، کە تا ئێستاش کاریگەرییان بەردەوامە. فەیلەسوفی فەڕەنسی دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠)ی ماتماتیکزان و سەر بە ڕێبازی هۆشەکی، سوربو لەسەر ئەوەی هۆش پشت بە بیرۆکە خۆڕسکەکان دەبەستێ، کە بۆ تێگەیشتن گرنگترن لە ئەزمونکاری لە جیهانی ماددیی دەوروبەر. لای ئەو هۆش و جیهانی دەرەوە دو شتی جیان. دەشێ بیرۆکە نوێیەکەی چۆمسکی دەربارەی بونی توانای خۆڕسک لە مێشکی مرۆڤ لەگەڵ بۆچونی دیکارت یەکبگرنەوە.

لە لایەکی تر لە هەمان سەدەدا فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن لۆک (١٦٣٢-١٧٠٤)ی سەر بە ڕێبازی ئەزمونگەری، خاوەنی ئەو بیرۆکەیەیە، کە مرۆڤ لە میانی تاقیکردنەوە و ئەزمونەکانی فێری شت دەبێ، بەتایبەتی لە ڕێگەی هەستەکانەوە. لای لۆک مێشکی مرۆڤ وەک تابلۆیەکی بەتاڵە و لە ڕێگەی هەستەکانەوە هەمو ئەزمونەکانی لەسەر تۆمار دەکرێ، کە دەبنە پێشڕەو و ڕێنمایی بۆ فێربون و تێگەیشتن. دوای ئەو کۆندیلاک یەکسەر بیردۆزەیەکی لەسەر پەرەسەندنی زمان و ئاخاوتن خستەڕو، بەوەی زمان شتێکی سروشتی و ڕەسەن نیە، دەسکردە و لە ڕێگەی فێربونەوە پەیدایدەکەین. بەڵام ڕەفتاریەکانی وەک سکینەر لەو باوەڕەدان فێرکردن کلیلی وەدەستهێنانی زمانە.

گرفتەکە لەوەدایە بە هۆی نەمانی بەڵگە و لەمێژی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تێکڕای بەڵگە و دیکۆمێنتەکان نەماون. بۆیە هیچ زانین و زانیاریەک لەم بارەیەوە دەستناکەوێ و دەنگەکان نەماون و کۆئەندامە نەرمەکانی ئاخاوتن شیبونەتەوە و ئێسکەکانیش بەڵگەیەکی ئەوتۆ پێشکەش ناکەن. بۆیە گریمانە لەم بارەیەوە سودێکی ئەوتۆ نادەن بە دەستەوە. بۆیە کۆمەڵەی زمانەوانان لە پاریس ساڵی ١٨٦٦ فەرمانێکی دەرکرد، کە گفتوگۆکردن لەم بارەیەوە لە کۆمەڵەکەیان

قەدەغەیە. بەڵام ئەم فەرمانە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبو و گریمانەکان ڕویان لە زۆربون دەکرد. تەنانەت لە ساڵی ١٩٧٥ لە ئەکادیمیای نیویۆرکی زانستی کۆنگرەیەک لەم بارەیەوە ئەنجامدرا، کە زمانەوانان، دەرونزانان، ژینگەناسان، زاناکانی نەشتەرگەری و دەمارناسی و ئاخاوتن تیایدا بەشدارییان کرد و تیایدا چەندین بیردۆزە لەسەر پەیدابون و پەرەسەندنی زمان پێشکەشکران(٧٧ل٣٥٦).

لەم دواییانەدا بەهۆی پێویستیی زۆر بۆ ئەوەی منداڵ باشتر و خێراتر فێری زمانی دایک، یان زمانێکی تری دوەم و سێیەم بکرێ، هەروەها هاوکاریی منداڵانی ناکام و کەڕ و لاڵ بۆ فێربونی زمان، مشتومڕی پەیدابونی زمان جارێکی تر لەنێوان زمانەوان و دەرونزانەکان سەریهەڵدایەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی چۆمسکی چەمکی گریمانەیەکی کۆنی وروژاندەوە و بایەخێکی تازەتری بەم دۆزە دا، بەوەی لە تیۆریە زمانەوانیەکەیدا ئاماژە بەوە دەکا، کە باشترین کارێک لە زمانەوانیدا بکرێ ئەوەیە، لە هۆشی مرۆڤ بکۆڵینەوە و زمانەوانی وردتر و ڕونتر دەبێ، ئەگەر بە لقێکی دەرونزانیی درککردن (Cognitive Psychology) دابنرێ(٥٠ل٢٥٤-٢٥٥). ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ، کە هەمو زمانەوانان هاوڕان لەگەڵ چۆمسکی، بەڵام زۆربەیان هاوڕان لەسەر ئەوەی پەیوەندیی زۆر هەیە لە نێوان زمانەوانی و دەرونزانی، بەتایبەتی لە بابەتی وەرگرتنی زمان، کە لە هەمو بابەتەکان پتر هاوبەشیی لە نێوان زمانەوانی و دەرونزانی پەیدا دەکا. بایەخدان بەم لایەنە دوای بۆچونەکانی چۆمسکی پتر بوە و برەوی پەیدا کردوە. هەروەک کریستاڵا دەڵێ: هیچ شتێکی ئەوتۆ دەربارەی وەرگرتنی زمانی منداڵ نەدەزانرا، بەتایبەتی دەربارەی سیستەمی وەرگرتنی ڕۆنانە ڕستەییەکان، هیچ کەسێ وەڵامی پرسیارە بەراییەکانی نەدەدایەوە، وەک، کەی و چۆن توانای منداڵ پەرەدەسێنێ بۆ ڕۆنانی پرسیار بە داڕشتنێکی گونجاو؟ کەی فێری سیستەمی وشەسازیی زمانەکەی دەبێ؟ دوای ئەوە هەوڵێکی زۆر درا بۆ وەڵامدانەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتانە بە ڕێبازی وەسفی بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەو بارەیەوە و شیکردنەوەیان(٥٠ل٢٥٤).

لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر بایەخ و پایەی زمان و پەیوەستیی بە زۆربەی چالاکیەکانی مرۆڤ بە پەسەند دەزانرێ، ئەو پرسیارە کلاسیکیە کۆن و نەمرە دوبارە بکەینەوە، کە ئایا مرۆڤی یەکەم چۆن پەیڤیوە؟ چونکە وەڵامی ئەو پرسیارە گەنگەشەیەکی زۆری لەسەر کراوە و چەندین ڕێبازی هێناوەتە ئارا، لە نێوان ئەوانەی بە (بەخششی خوایی)دادەنێن، یان (خۆکردێکی ڕێککەوتوی کۆمەڵایەتی)یە، یان (خوازگەریی ئاخاوتن / غریزە instinct الکلام)، یان (لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتیەکان). لە بواری دەروزمانیدا بۆیە ئەو پرسیارە دوبارە دەکرێتەوە، چونکە تا ئێستا بە تەواوی ساغ نەبۆتەوە، ئایا منداڵ توانایەکی بۆماوەیی هەیە بۆ فێربونی زمان؟ واتە؛ ئایا لە مێشکی مرۆڤدا کارگەیەک هەیە بۆ دروستکردنی زمان؟ یان ئایا منداڵ بە لاساییکردنەوەی دەنگی مرۆڤە هەراشەکانی دەوروبەری فێری زمان دەبێ؟ ئایا هیچ ئەگەری تر لە ئارادا هەن؟

بەگشتی گریمانەکانی پەیدابونی زمان وەک هاتنەئارای هەر شتێکی تر لە نێوان دو جەمسەردا دابەش دەبن، پەیدابونی زمان یان (سروشتیە)، واتە؛ لەگەڵ بونی مرۆڤدا هەر هەبوە و خۆکردی مرۆڤ نیە، ئیتر داهێنەر بە هەر شتێک دابنرێ، خودا، سروشت، ڕێکەوت، کارلێک و گۆڕانی ماددە و توخمەکان... یان، (دەسکردە)، واتە؛ دەسکردی مرۆڤە و لە دەسپێکدا مرۆڤ زمانی نەبوە، دواتر خۆی زمانی بۆ خۆی دروستکردوە.

(گریمانەی یەکەم - زمان سروشتیە): لایەنگرانی ئەم گریمانەیە لەو باوەڕەدان، لەگەڵ بونی مرۆڤ زمان هەر هەبوە و نیگایەکی(إلهام) خودابیە بەسەر مرۆڤدا هاتۆتە خوارەوە و فێری پەیڤین و ناوی شتەکانی کردوە. بۆیە هەندێ جار بەم بۆچونە دەوترێ (گریمانەی ئایینی). لە پەیڕەوکارانی ئەم بۆچونە، لە کۆندا فەیلەسوفی یۆنانی (هیراکلیت ٤٨٠پ.ز) و لە سەردەمی نوێدا فەیلەسوف دوبۆناڵد کتێبەکەی یاسادانانی سەرەتا (Legislation primitive ) لەم بارەوەیە(٤٥ل٣٠). تێکڕای زمانزانە ئاینیەکان لایەنگری ئەم گریمانەیەن، وەک قەشە لامی (Lami) لە کتێبەکەی (هونەری ئاخاوتن/LArt de parler)، ئیبن فارس لە کتێبەکەی (هاوڕێیەکەم/ الصاحبي) و ئیبن جینی لە کتێبەکەی

(تایبەتمەندیەکان/الخصـائص)(٥٧ل٩٧). بەڵگـەی هـەڵگرانی ئـەم بیرۆکەیـە دەقـە ئاینیەکانـە. بـۆ نمونـە مەسـیحیەکان پشـت بـە دەقێکـی کتێبـی پیـرۆز دەبەسـتن لـە برگەی ١٩ و ٢٠ی (سـفر التكوین)دا هـاتوە (خـوا هـەمو گیانـەوەرانی کێڵگـەکان و هـەمو باڵندەکانی ئاسـمانی لـە قـوڕ دروسـتکرد، ئینجـا خسـتیە بـەردەم ئـادەم بـۆ ئەوەی ببینێ چۆن ناویاندەنێ، تـاکو هەریەکە هەریەکە بەوە نـاوبنرێن کە مـرۆڤ بۆیان دادەنێ، ئادەم ناوی دانا بۆ هەمو گیانـەوەرە ماڵیـەکان و باڵندەکانی ئاسمان و وڵاخـی کێڵگـەکان)، هـەروەها موسـوڵمانەکان پشـت بـە ئایـەتی (٣١)ی سـوڕەتی بەقەڕە دەبەستن (و عَلَّمَ ادَمَ الاَسماء كُلَّهَا/ خوا ئادەمی فێری هـەمو ناوەکـان کـرد). لـەم بارەیـەوە پسـپۆڕی زمـان دکتـۆر فـەتتاح مامـە عـەلی دەیـوت: (ئـەم تیۆرانـەی دەربـارەی زمـان وتـراون، هیچیـان ڕاسـت نـین، زمـان شـتێکە خـوا بـە مرۆڤـی بەخشـیوە و تـەواو). (ئەپسـمەتیک)ی فیرعـەونی میسـر وتویـەتی: زمـانی سـەرەتا میسرِی بوە(٥١ل١٣). هەندێ جار بیرمەندانی ئایینی لەوەش تێدەپەڕن و جوەکـان وتویانە: زمانی سەرەتا عیبرِی بوە و (ئەبو عوسمانی جاحز) وتویەتی: خوا بە عەڕەبی قسەی بە ئیسماعیل پێغەمبەر کردوە(٦٠ل٦٩)، لە کوردەکانیشـم بیستوە کە ئیبراهیم پێغەمبەر کورد بوە، یان کوردەکان دوای لافاوەکە لە نوحەوە هاتون.

لێرەدا باسی ئەو ڕەخنانە ناکەین کە لە لێکدانەوەی ئـەم دەقانـەدا هـاتون، بـەڵام ئـەوەی جێـی بایـەخی دەروزمـانی بـێ، ئەوەیـە بـە پێـی ئـەم بۆچونـە مـرۆڤ هـیچ ڕۆڵێکی نامێنێ لـە فێرکردنـی زمـان و نـاتوانێ هـیچ ئاسـانکارییەک پێشـکەش بکـا و دەبێ لە سروشتی خۆی وازی لێ بێنێ.

(گریمانەی دوەم ـ زمان دەسکردە): لایەنگرانی ئەم گریمانەیـە لـەو بـاوەڕەدان، زمـان خـۆکردێکی مرۆڤـە و لەسـەرەتای هاتنـەئارای مرۆڤدا زمـانی نـەبوە و دواتـر توانیویەتی زمان بۆ خۆی دروست بکا. ئـەم گریمانەیـە کۆمـەڵێک بۆچـون دەگرێتـە خـۆی، ئەگـەر لێکدانەوەیـەکی زانسـتی بـۆ ئـەم بۆچونانـە بکرێ و بـە بێ لایـەنگری ڕیزبەنـدییێکی لۆجیکییـان بـۆ بکـەین، هیچیـان ئـەوی تـر ناسـڕنەوە و دەبـن بـە تەواوکەری یەکتر.

ــ زمــان و ڕێککــەوتن/دانان: ئــەفلاتون لــە ســاڵی (٣٦٦پ.ز) لــە وتــووێژی (کراتیلۆسLe Cratyle) دەڵێ: هیچ یاسایەکی نەگۆڕ لە ئارادا نیە، هەمو شتێک لە گۆڕانی بەردەوامدایە. ناوەکان لە سروشتی تەنەکانەوە هەڵدەهێنجرێن. دواتر (هێرمــۆجینHermogéne) کــە قوتــابییەکی ســوکراتە لــە مشــتومڕێکی لەگــەڵ هاوڕێکانی ڕەخنـە لـەو بۆچونـە دەگـرێ و دەڵـێ: ناوەکـان بـە ڕێککـەوتن( de convention) دانراون، بە بەڵگەی ئەوەی ئاغا دەتوانێ ناوی کۆیلەکەی بگۆڕێ بۆ ناوێکی تر بێ ئەوەی ڕوخسار و ناوەرۆکی کۆیلەکە گۆڕانی بەسەردا بێ. لەو دەمەدا مامۆستاکەی بەسەردا دێ و نێوانگیریان دەکا بەوەی هەندێ لە ناوەکان بە ڕێککەوتن دانراون و هەندێکیان بە ڕێکەوت. ئەگەرچی (ئەڕستۆ)ش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (پێویستە ملکەچی ئەوە بین، کە هەریەکە لە دانان و بەکارهێنان بە ڕادەیەک بەشدارن لەوەی لە مێشکدا هەیە کاتێ دەدوێین)، بەڵام تاوتوێکردنی ئەو بابەتە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە(٦١ل٤٣-٤٤).

لەســــــــەرەتادا کەســـــــــانێکی وەک فەیلەســـــــــوفی یۆنـــــــــانی دیمۆکرەیت(500)(Dêmocriteپ.ز)، لە سەردەمی نوێ فەیلەسوفەکانی ئینگلیز ئـادەم سـمیت(Adam Smith)، ڕیـد(Reid) و دۆگـلاد سـتیوارت( Duglad Stewart) لـەو بـاوەڕەدابون، زمـان بـە ڕێککـەوتنی ئەنـدامانی هـەر کۆمەڵگایـەک لـەنێوان خۆیانـدا بـۆ ناونـانی کەرەسـەکان دروسـتبوە(٤٧ل٩٨). ئەگـەرچی بـەبێ پەسەندکردنی هەر وشەیەک لە سیستەمی زمانیی کۆمەڵگایەک، ئەو وشەیە لەو زمانەدا ناتوێتەوە، وشە نامۆکان یان دادەتاشرێن، یان دەردەکرێن، ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی ئەو بۆچونە لە ڕاستی بەدەرنیە، بەڵام لەبەر بێ بەڵگەیی و پاســادانەکردنی بــە شــێوەیەکی زانســتی بــەردەوام نــەبو، بەتایبــەتی چونکــە لایــەنگرەکانی داکۆکییــان لــەوە نــەکرد، کــە مــەرج نیــە مەبەســت لــە ڕێککــەوتن کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی بێ و دانوستان لەسەر کەرەسەکانی زمان بکرێ. لە لایەکی تریش لێکدانەوەی زمانی سەرەتا و گۆڕانی زمانەکان لە توانای هەڵگرانی ئەو بۆچونەدا نەبو.

دواتر کۆمەڵێ بۆچونی تر هاتنە ئارا، وەک:

ـ زمان و هێمای جوڵەیی: مەبەست لە زمانی هێمای جوڵەیی ئەو نیشانە جوڵانەن، کە مرۆڤ لە سەرەتادا لە بری زمانی دەنگی بەکاریهێناون بۆ پەیوەندیکردن، کە تا ئێستاش هەندێک لەو جوڵانە بەکاردەهێنێ بۆ گەیاندنی هەندێ مەبەست، وەک:

☺ سەر نزمکردنەوە بۆ پێشەوە بە خێرایی بۆ وەڵامدانەوە بە واتای (بەڵێ).

☺ سەر نزمکردنەوە بۆ پێشەوە بە هێمنی بۆ وەڵامدانەوە بە واتای (سڵاو).

☺ سەربەرزکردنەوە بۆ دواوە بە خێرایی بۆ ئاماژەکردن بە واتای (نەخێر).

☺ سەر سوڕاندن بۆ ڕاست و چەپ بە خێرایی پتر لە جارێک بە واتای (نەخێر).

☺ شان هەڵتەکاندن بۆ سەرەوە بە واتای (نەخێر).

☺ بەرزکردنەوەی پەنجەی گەواهی و وەشاندنی بۆ پێش و پاش بە واتای (هەڕەشە).

☺ بەیەکەوە نوساندنی سەرپەنجەکان و بەرز و نزمکردنەوەیان، بە واتای (ئارام بگرە).

☺ کردنەوەی دەستی ڕاست و بەرزکردنەوەی بۆ لای سەر بە واتای (سڵاو).

☺ کەوانەکردنەوەی پەنجەی کەواهی و سڕینی نێوچەوان بە واتای (ماندوبون).

☺ نوساندنی پەنجەی گەواهی بە دەمی داخراو بە واتای (بێدەنگ بون).

بە هەمان شێوە دەیان نمونەی تر، وەک ئاماژە دەستیەکانی پۆلیسی هاتوچۆ و زمانی کەڕ و لاڵەکان و ئەو هەمو ئاماژانەی مرۆڤ لەکاتی ئاخاوتندا بە هۆی جوڵاندنی ئەندامانی لەشی ئەنجامیان دەدا.

ئەم بۆچونە هەندێ جار گریمانە یان تیۆری بزاوتن (Gesture Theory)یش پێ وتراوە. (هەندێ زمانەوان (ڤۆنت) لە ئەڵمانیاوە و (مار) لە یەکێتیی سۆڤیەت باوەڕیان وابوو کە لەیەکترگەیشتن لە ناو مرۆڤدا لە بنەڕەتدا لەم جۆرە بزاوتنەوە بووە کە لە دواییدا گۆڕاوە بە زمانی ئاسایی)(٣٣ل١٦).

جۆن بالور له كتێبی زانستی دەست (Chirologie) دەڵێ (له لێكۆڵینەوەی ڕەگەزی مرۆڤدا، كەلێنێكی بنچینەیی هەیە، كە كەس پەی پێ نەبردوە، ئەویش ئاماژەكردنە)(٥٥ل٥٧). چارلز داروینیش دانی بە بونی ئاماژە جوڵەییەكان كردوە له زمانی مرۆڤدا، كە دەڵێ (ناتوانم گومان لەوەدا بكەم كە زمان له بنەڕەتدا قەرزاری لاساییكردنەوەی دەنگەكان و دارشتنەوەیانە، لەگەڵ هاوارە تایبەتیەكانی مرۆڤ بە هاوكاریی هێما و ئاماژە جوڵەییەكان)(٥٥ل٨١).

مایكل كۆربالیس (Micheal C. Corballis) له كتێبی (له دەستەوە بۆ دەم بنچەكەی زمان/ From Hand to Mouth the Origins of Language)(55ل٥٧-٢٣٨) بە وردی و بە بەڵگەی زانستی باسی قۆناغەكانی گۆڕانی زمان دەكا له هێما جوڵەییەكانی دەستەوە تاكو هێما دەنگیەكانی دەم. تەنانەت بەڵگە زانستیەكان ئاماژە بەوە دەكەن، زمانی جوڵەیی ئاماژەكردن بە دەست بوەتە هۆی ئەوەی مرۆڤ هەولا بدا لەسەر دو قاچی بوەستێ و له گیانەوەرانی تر جیابێتەوە(٥٥ل٨٣-٩٩)، له هەمان كاتدا ئاماژەش بەوە دەكەن پێویستیی زۆری مرۆڤ بە دەست بۆ ئەنجامدانی ئەركەكان و كاروباری ڕۆژانە، سەرباری تاریكی و لەمپەرەكان پەیتا پەیتا دەستبەرداری زمانی هێما جوڵەییەكان بوە و گۆڕیویەتی بۆ هێما دەنگیەكان. تەنانەت كۆئەندامی ئاخاوتن له بنەڕەتدا بۆ هەناسە دروست-بو-ون نەک بۆ ئاخاوتن. سەرباری ئەوە بەپێی گۆڕانی شێوەكانی زمان ئەو بەشەی مێشكیش كە پەیوەستە بە قسەكردن، گۆڕانكاری و پەرەسەندنی بەسەردا هاتوە(٥٥ل١٦٨-١٨٠).

ـــ دەربڕینــی دەنگــه خوازگەریــەكان (أصــوات غريزيــة)، كــە ئــەو دەنگــە سروشــــتیانەن لــــە ئــــەنجامی هەڵچونــــە دەرونیــــەكان و كاردانــــەوە زیندەوەرزانیـەكان (Biological reaction) دێنـە ئـارا، تەنانـەت ئـەو دەنگانـە بـە شێوەی جیاواز له زۆربەی ئـەو گیانەوەرانـەدا هـەن، كە كۆئەندامی هەناسـەیان لـە مـرۆڤ دەچـێ. وەک ئـەو دەنـگ و قیـژە و هـاوارە جۆربەجۆرانـەی لـە كـاتی هەسـتدەربڕین بـە خۆشـی و ناخۆشـی، ئـازار، تـرس، خـەم، سەرسـامی، ئاگادارکردنـەوە، تورەبون، كارەسـات، مەرگەسـات، بەزمەسـات و....هتد. دەشـێ

پێیان بوترێ (دەنگە هەستدەربڕەکان). وەک پێکەنین، قاقا، گریان، زیرە، هاوارکردن، بانگکردن، ناڵەناڵا، نوزەنوز، نرکەنرک، کلولو(هەلهەلە) و....هتد. لە لایەنگرانی ئەم بۆچونە ماکس مۆلەری(Max Müller) ئەڵمانی(١٨٨٠ز) و ڕینانی(Renan) فەرەنسین. تەنانەت ماکس مۆلەر بۆ پشتگیری ئەم بۆچونە، بەڵگەی ئەوەی هێناوەتەوە کە زۆربەی وشەکانی زمانە هیندۆئەوروپیەکان دەگەڕێنەوە بۆ نزیکەی پێنج سەد وشەی بنچینەیی هاوبەش لەو زمانانە. لەو باوەڕەدایە ئەو وشانە زمانە بنەڕەتیە ڕەسەنەکەی ئەو زمانانە بێ(٥٧ل١٠٠). ئەم بۆچونە لە سەدەی نۆزدەدا لە لایەن زانای ئەڵمانی (شتاینتاڵ) و کۆمەڵێک لە هاوبیرانی پەرەیان پێدا و لەو باوەڕە بون یەکەم گوتن لە زماندا لە شێوەی سەرسوڕمان بوە(٣٣ل١٥). لە ڕاستیدا ئەگەرچی هیچ زمانێک لەم وشانە بەتاڵا نیە، بەڵام ژمارەی ئەو وشانە سنوردارە و ڕێژەیەکی کەم لە وشەکانی زمان پێکدەهێنن. تەنانەت (ستیڤن سۆندهایم) دەڵێ (هەر ڕۆژەی کەمێک لەو ئاماژە و هەنسکانە دەمرن)(٥٥ل٢٠٩).

لەم بارەیەوە بۆچونێک یا لێکدانەوەیەکی تر هەیە، هەندێ زمانەوانی وەک (یسپرسن) لەو باوەڕەدان زمان لە گۆرانی یان زنجیرە دەنگی ئاوازەداری وەک مۆسیقا سەریهەڵداوە، ئەو دەنگە درێژە هەستدەربڕانە وەک گۆرانیی بێ وشە بەرامبەریان لە مەبەستە ساکارەکان تێگەیاندوە و دواتر بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە تا وشەکان پەیتا پەیتا لە ڕوی دەنگ و واتاوە گۆڕانیان بەسەردا هاتوە. هەندێ ئەم بۆچونە گریمانەی مۆسیقا (٣٣ل١٧-١٨)شی پێ وتراوە. ئێستاش لە زماندا گۆرانی شایی، بەستە، لاوک، حەیران، سەردولکە، مەقامات و ئاوازی بۆنەی جیا جیا بەردەوامن، کە بە شێوەیەکی گشتی واتایەک لە ئاوازەکان بەدی دەکرێن.

ـ زمان و لاساییکردنەوەی دەنگە سرۆشتیەکان: ئەم بۆچونە پێنج سەدە پێش زایین لەلایەن (دیمۆکریتس) و (ئەفلاتون)ەوە باسکراوە و لە سەدەی هەژدەدا (لاینبز) پشتگیری کردوە(٣٣ل١٥)، هەروەها هەندێ لە زمانەوانانی وەک (ویتنیwithney)ی ئینگلیز لە کتێبەکانی (زمان و لێکۆڵینەوەی ١٨٦٧) و (ژیانی

زمـان ١٨٧٥) لـە سـەدەی نـۆزدەدا (داڕویـن) پەسـەندیان کـردوە. هـەڵگرانی ئـەم بیروڕایـە لـەو بـاوەڕەدان مـرۆڤ لـە سـەرەتادا بـەهۆی لاسـاییکردنەوەی دەنگـە سروشـتیەکان فێـری زمـان بـوە، وەک لاسـایی کردنـەوەی دەنگـی کەرەسـە یـان دیاردە سروشتیەکانی وەک گرمـەی هـەور، شـریقەی هـەورە تریشـقە، گڤـەگڤی بـا، ورشـەی بـاران، خـوڕەی تاڤگـە، هـاژەی ڕوبـار، زرمـەی کـەوتن، ڤـڕەی داڕمـان، بەیەککـەوتنی شـتەکان وەک شـەققەی بـەرد، ڕەققـەی تەختـە، تەققـەی دەرگـا، یـان لاسـایی دەنگـی گیانـەوەران، جریـوەی چۆلەکـە، ویـزەی مێشـولە، قاسـپەی کـەو، قوقـەی کەڵەشـێر، گمـەی کـۆتر، حیلـەی ئەسـپ، زەڕەی کـەر، بـاڕەی بـزن، باعـەی مەڕ، میاوەی پشـیلە، حەپـەی سـەگ، لـورەی گـورگ، نـەڕەی شـێر و مـڕەی بـەراز و....هتد. ئەگەرچی خـودی ئـەم دەنگانـە لـە هـەمو شـوێنێکدا وەک یـەکن، بـەڵام لـە هەر زمانێکدا ئەم دەنگە سروشتیانە بە شـێوەی جیـاواز دەردەبـڕدرێن و بـە دەنگـی جیاواز گۆ دەکرێن. بۆنمونە بۆ دەنگی سەگ لە کوردیدا (حەپە)، لە یابانیدا (بـاو)، لـە ئینگلیزیـدا (بـاڕکbark)، لـە فەڕەنسـیدا (ئێکـۆغسcorceé)، لـە عەرەبیـدا (نِباح) و لـە کۆریدا (نـامو کـاب جیـل) بیێ(٤٨ل٧٥). ئایا کۆئەندامی ئاخـاوتن و بیستنی ئاخێوەرانی هەر زمانێک جیایە؟ لە دەروزمانیدا بیر لـەوە دەکرێتـەوە چـی وای لـە نەتـەوە جیاوازەکـان کـردوە بـۆ لاسلییکردنەوە، یـان نـاوی هـەمان دەنـگ پەیڤی جیاواز بەکاربێنن؟

ئـەم بۆچونـەش بـە لێکدانەوەیـەکی تـر لایـەنی ڕاسـتیی زۆری تیایـە، بـەوەی لـە لایەک، هـەمو زمانێـک کۆمـەڵێک وشـەی لـەم بابەتـەی تیادایـە، ئەگـەر ئەمانـەش بـە بەراورد لەگەڵ تێکڕای وشەکان ڕێژەیان کەمە، لە لایەکی تریش، تا ئێستاش منداڵ زۆربـەی وشـەکانی زمـان بـە لاسـاییکردنەوەی مرۆڤـە هەراشـەکانی دەوروبـەری فێردەبێ. ئەگەر لە سەرەتادا هەر لە خۆیەوە ناوێکی جیا لـە توخمێـک بنـێ، دواتـر بەهۆی لاساییکردنەوە هەر دەگەڕێتـەوە سـەر ناوەکـەی کـە لـە کۆمـەڵگا بـاوە، ئـەم دیاردەیەش لە دەرونزانیدا بۆ فێرکردنی زمان لێکەوتەی سودبەخشی لێکەوتۆتەوە، بەتایبەتی لای ڕەفتاریەکان و ئەزمونگەرەکان.

تـا ئێسـتا چۆنیـەتی وەرگرتنـی زمـان یـەکلایی نەبۆتـەوە لـە لایـەن هـەڵگرانی گریمانەی یەکەم، بە پێشەنگیی (بورهوس فریدریک سکینەر ١٩٠٤-١٩٩٠)، کە لـەو باوەڕەدا مرۆڤ لە کاتی لەدایکبونی هیچ بناغـە و سـەرەتایەکی زمـانی لـە مێشکدا نیە و دواتر لـە ژینگـە فێری زمـان دەبێ، هـەروەها گریمانـەی دوەم بـە پێشـەنگیی (ئەڤرەم نۆئەم چۆمسکی ١٩٢٨-)، کە لەو باوەڕەدا بنەمایەکی بۆماوەیی لە مێشکدا هەیە و بناغەیەکی یارمەتیدەرە بۆ وەرگرتنی زمان.

لەبەشی سێیەمدا بابەتی خۆکردی و دەسکردیی زمان یەکاڵ دەکەینەوە و بە پێی بۆچون و بیردۆزە نوێیەکان، لە ڕوانگەی دەروزمانی بابەتەکە گەڵاڵە دەکەین.

**٢.١.٣. زمان و ئەفراندنەکانی منداڵ:**

(مارتن برین) لە ساڵی (١٧٩١) ئەم دەمەتەقێیەی لە نێوانی خۆی و منداڵەکەی تۆمارکردوە(٥٩ل١٨١):

جاران باوەڕ وابو، کە مەرجی سەرەکیی بۆ فێربون و وەرگرتنی زمان هاوکاریکردنی نێوان مرۆڤی هەراش و منداڵەکانە. زمان باشترین ئامرازە بۆ پەیوەندیی نێوانیان، بەڵام بە شێوەیەکی خۆکردی وەرناگیرێ و پێویستی بە مەشق و ڕاهێنان هەیە لەسەر فێربون و گۆکردن بۆ ماوەیەکی درێژ، تاکو بتوانێ زمانەکەی بەشێوەیەکی پەسەند بەکاربێنێ(٥١ل١٤٢). پێشتر هیچ دەربارەی وەرگرتن و فێربونی زمان لای منداڵ نەدەزانرا. چۆن سیستەمی زمان و ڕۆنانی ڕستەکان پیادە دەکا؟ چۆن تواکانی پەرەدەسێنێ بۆ دارشتنی ڕستەی جۆراوجۆر و گونجاو؟(٥٠ل٢٥٤).

هاوکات زانایان وێڕای بیرکردنەوەیان لە زمانی سەرەتا، لێکۆڵینەوەشیان لەسەر چۆنیەتیی وەرگرتنی زمان بە گشتی و فێربونی زمان لای منداڵ دەکردەوە و بیرۆکەکانیان تاوتوێدەکرد، هەندێ جار ڕەخنەکانیان لە یەکتر گەنگەشە و مشتومڕی لێدەکەوتەوە. بۆ نمونە (ڕینان) لە هاوبیرانی گریمانەی لاساییکردنەوە بو، بە بەڵگەی لاساییکردنەوەی منداڵ. (ماکس میلەر) سەردەستەی ڕەخنەگرانی ئەو بۆچونە بو بە بەڵگەی مرۆڤ لە گیانەواران ژیرتر و هەراشترە، چۆن لاسایی خوار خۆی دەکاتەوە؟(٥٠ل٢٢). بەم پێیە کۆمەڵێکی تر و لەسەرویانەوە

(جێسپێرسنJespersen) له کتێبەکەی (زمان و سروشتەکەی Language, its nature)، توێژینەوەکانیان چڕترکردەوە و بە پێویستیان زانی لە سێ لایەنەوە لەم دیاردەیە بکۆڵرێتەوە: قۆناغەکانی پەرەسەندنی زمان لای منداڵ. زمانی نەتەوە بەراییەکان و مێژوی پەرەسەندنی زمانی مرۆڤایەتی(٦٠ل٢٨).

هەرچەندە ئەو دۆخ و ژینگەیەی منداڵ تیایدا دەژی جیایە لە دۆخ و ژینگەی مرۆڤی بەرایی، زاناکانی زمانەوانی و دەرونزانی دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوەی زمانی مرۆڤ لە قۆناغی کۆرپەڵەوە تا هەراشبون و بەراوردیانکرد بە قۆناغەکانی زمانی مرۆڤایەتی. بینییان منداڵ لە هەمو زمانە جیاوازەکاندا هاوشێوەن(٥٩ل١٨٢). وەکو ئاستەکانی زمانەوانیش، بە شێوەیەکی گشتی بە سێ قۆناغدا دەڕوا دەنگ و وشە و ڕستە(٦٢ل١٣٤). لە قۆناغی یەکەمدا، کە دەشێ نزیکەی ساڵێک بخایەنێ، لە دو مانگی یەکەمدا تەنیا هاوار و دەنگ دەردەکا و پەیتا پەیتا دەنگەکان زۆرتر و جۆراوجۆر دەبن، لە مانگی سێیەم بە دواوە لە گریانەوە بۆ گمەگم و بغەبغ... دەشێ دەنگە بزوێنەکان بە تایبەتی (ا) و (ی) ڕێژەیان زۆرتر بێ، چونکە ئاسانن و هەوا بەبێ بەربەست لە دەمدا دەرەچێ و کەمتر کۆئەندامی ئاخاوتنی تیادا بەکاردێ، بە هەمان شێوە دواتر دەنگە لوتیەکان (م) و (ن)... لە دوای مانگی شەشەوە حەز لە دەنگەکانی خۆی دەکاتەوە و هەندیکیان دوبارە دەکاتەوە و ئەم دەنگانە واتادار و بە مەبەست نین. لە قۆناغی بڕگەدا، کە بە زۆری لە دوای مانگی نۆوە دەست پێ دەکا، هەوڵی لاساییکردنەوە دەدا و منالّی کورد ئەوەندە پێی دەوترێ: (وەرە دادەی! وەرە بابەی! ها مەمەی....) ئیتر هێندە وشەی (دادە) و (بابە) و (مەمە)ی لا دوبارە دەکرێتەوە، لە سەرەتادا فێری یەک بڕگەیان دەبێ (/دا/، /با/، /مە)، دواتر پەیتا پەیتا دەتوانێ بە تەواوی گۆیانبکا. ڕەنگە لەم قۆناغە هێشتا واتاکان بەرامبەر پەیڤەکان نەمەیبین.زانای دەرونی (ڤۆنWandt)دەڵێ (ئاخاوتن دەنیا دەربڕینی بیروڕا نیە، بەڵکو دەربڕینی هەست و سۆز و ئارەزو و هەڵچونەکانە)(٦٣ل٢٨). بەڵام لە قۆناغی وشەدا، کە لە دوای ساڵی یەکەم دەستپێدەکا، تاکو کۆتایی شەش ساڵی پەیتا پەیڤ و فەرهەنگی وشەکانی دەوڵەمەندتر دەبێ. هاوشان لەگەڵ

وشەکان بەتایبەتی لە کۆتایی ساڵی دوەمەوە بەهرەی پێکهێنانی سادەترین ڕستە و ئینجا پەیتا سیستەمی ڕێزمانیی کارامەتر دەبێ.

لە کرداری وەرگرتنی زماندا، جگە لەو دەنگانەی منداڵەکە خۆی دەریدەکا، کۆمەڵە دەنگێکی تر هەن کە کاریگەریی زۆریان لەسەر فێربونی بونی زمان هەیە لای منداڵ، ئەویش ئەو دەنگانەن کە دەیانبیسێ. ئەو دەنگانە دەبنە هۆی ناسینەوەی دەنگەکان و پۆلینکردنیان و جیاکردنەوەی دەنگی مرۆڤەکان لە دەنگەکانی تر. لە کاتی لاساییکردنەوەشدا سودێکی زۆر لەو دەنگانە دەبینێ (٤١ل١٠٦).

سیستەمی واتایی منداڵ لە قۆناغی یەکەمدا هەندێ دەنگ دەردەکا، کە بە زۆری خۆڕسک و کاردانەوەی هەست و پێویستیەکانی ناوەکین، لەوکاتانەی برسی دەبێ، هەست بە ئازار دەکا، بێزار دەبێ.....هتد. لە قۆناغی دوەمدا منداڵ ئەو دەنگ و هاوارانە دەردەکا کە دەیەوێ دەوروبەری ئاگادار بکاتەوە بۆ فریاکەوتنی هەر دۆخێکی پێویستی و هەستدەربڕین. لە قۆناغی سێیەمدا لە ئەنجامی دوبارەبونەوەی دۆخەکان، دەنگەکان پۆلین دەکا و دەزانێ لەو دۆخەدا بە چ دەنگێک بەپیریەوە دێن و فریای دەکەون، یان گرفتەکەی چارەسەر دەکەن. دەشێ بۆ نمونە گریان بۆ زۆربەی گرفتەکان بەکاربێنێ، دواتر گریانەکە جۆراو جۆر دەبێ لە بەرزی و نزمی و پچڕپچڕی و بەردەوامی و ئینجا دەنگی تری بۆ زیاد دەبێ تا دەگاتە قۆناغی برگە و ئینجا وشەیەک بۆ ڕستەیەک و ئینجا ڕستەی سادە...(منداڵ لە تەمەنی دومانگیدا تێکڕا (٧,٥) دەنگ دەردەکا، بەردەوام پەرەدەسێنێ تا لە تەمەنی هەژدە مانگیدا دەبن بە (٢١,٨) و لە تەمەنی دو بیست و چوار مانگیدا دەبن بە (٢٤,٤) دەنگ). (ولیەم ستیوارت) جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەنکانی منداڵ لە دوای شەش مانگیەوە واتایەک دەگەیێنن(٦٣ل٦٠). بە شێوەیەکی گشتی لە منداڵە تەندروستەکاندا لە پێش مانگی (٦)دا دەست بە گغەگغ و بغەبغ دەکەن، لە دەوری مانگی (١٠) و (١٢)دا وشەی یەکەم گۆ دەکەن، لە مانگی (١٨) بۆ (٢٤) وشەکان دادەڕێژن و لە مانگی (٤٨) بۆ (٦٠) دەستەواژەکان تەواو وەردەگرن(٤١ل١٠٧). لە لێکۆڵینەوەیەکی (سمیتSmith) لەسەر پەرەسەندنی

زمانی منداڵ، که لەسەر (٢٧٣) منداڵ ئەنجامی داوه و هەر (٦) مانگ جارێک تاقیکردونەتەوه، له ئەنجامدا ئەم خشتەیەی دەسکەوتوه(٦٥ل١٤٧).

لەم خشتەیەدا تێبینی ئەوه دەکرێ، توانای منداڵ له شەش مانگی سێیەمدا (٢,٦) هێنده پتر بوه، بەڵام له شەش مانگی چوارەمدا (٣٨,٥) هێنده پتر بوه، له شەش مانگی پێنجەمدا (٢٠,٦) و له شەش مانگی شەشەمدا (١٢,٦) پتر بوه. ژمارەی ئەو وشانه له سەرچاوەیەکەوه بۆ سەرچاوەیەکی تر جیاوازیی بەرچاو بەخۆوه دەبینن، بۆ نمونه له هەندێ سەرچاوه ژمارەی وشەکان له تەمەنی ساڵێ و نیویدا دەگاته (١٠٠) وشه و له دو ساڵیدا (٢٠٠) وشەیه(٦٩ل١٢٨).

دواتر ئەوەی وەریانگرتوه پڕاکتیزەی دەکەن و درک به جیاوازه سادەکان و ئینجا ئاڵۆزەکان دەکەن و پەیڕەوی هێز و ئاوازەی ڕستەکان دەکەن(٦٤ل٣٧٦). له تەمەنی سێ ساڵیدا گرفتیان لەگەڵ وشه دژواتاکان پەیدا دەبێ و به زۆری وەکو هاوواتا بەکاریان دێنن و کامه وشه پتر کاری تێکردوه، ئەوەیان بۆ هەردو مەبەست بەکار دێنێ. وەکو (سارد×گەرم)، (کەم×زۆر)(٤١ل١١٠).

وەرگرتن و پەرەسەندنی زمان لای منداڵ هاوکات و تەریبه له گەڵا گەشەکردن و پەرەسەندنی بەهره جوڵەیی و چالاکیەکانی تری، ئەمانەش هەمویان پەیوەستن به گەشەکردن و پەرەسەندنی مێشک و هەراشبونی بایۆلۆجی له لایەک و تێکەڵیی کۆمەڵایەتی له لایەکی تر(٥٩ل١٨٢).

**٢.١.٤. فێربونی زمانی دوەم:**

بەر له هەمو شتێک له زمانی کوردیدا دو چاوگی لێکدراو لەسەر وەرگرتنی زانیاری هەن، (فێربون) و (فێرکردن). فێربون چاوگێکی تێنەپەڕه و یەک کەس بەشداری تێدا دەکا، که کارەکەی وەک بەرکارێک بەسەردا دێ ئەویش به کاریگەریی (بون)، چونکه چاوگێکی تێنەپەڕی بەرکاریه، بەڵام فێرکردن چاوگێکی تێپەڕه و دو کەس تیایدا بەشداری دەکەن، بکەر و بەرکار، واته؛ فێرکەر و فێرکراو، که دەشێ هەردوکیان هەمان کەس بن و خۆی خۆی فێربکا(٧١ل٢٧-٢٩). بەم پێیه (فێربونی زمان) جیایه له (فێرکردنی زمان). فێربونی زمان به شێوەیەکی

گشتی بۆ فێربونی زمانی یەکەم، یان زمانی دایک بەکاردێ، هەروەها بۆ زمانی دوەمیش بەکاردێ لەو کۆمەڵگایانەی کە زۆربەی خەڵکەکە لەبەر هەر هۆیەک بێ دو زمان بەکاردێنن، واتە؛ بە شێوەیەکی گشتی پەیتا پەیتا لە خۆیەوە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی فێردەبێ. بەڵام فێرکردنی زمان، بەرنامە رێژە و پێویستە مامۆستا یا فێرکارێک هەبێ و زمانێکی بیانی فێربکا، دەشێ فێرخوازەکە خۆی هەردو رۆڵ ببینێ و خۆی هەوڵ بدا فێری زمانێکی بیانی بێ.

تۆمارکردن و لێکدانەوەی لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی ئاخێوەرانی پتر لە زمانێک، سەرنجی دەروزمانیەکانی راکێشاوە و بایەخی تەواویان پێداوە، بەتایبەتی لای منداڵ. (یەکەم دو توێژەری بەرایی کە تێبینیی دیاردە ئاڵۆزەکانی جوت-زمانییانکرد و خستیانە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەکانیان: (رۆنجاRonjat1913)ی فەرەنسی و (پاڤلۆڤیچPavlović1920)ی یۆگۆسلاڤی بون(٧٠ل١٣٢).

وەرگرتن و فێربونی زمانی دوەم لە دەروزمانیدا بایەخێکی تایبەتی پێدراوە، چونکە لە ژیانی هاوچەرخدا زۆربەی مرۆڤەکان پێویستییان بە پتر لە زمانێکە، بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی هێشتا زانست و تەکنۆلۆجیا بە زمانی ئەوان نیە. بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی کوردەکان جگە لە زمانی کوردی زمانێکی تر دەزانن، بە هۆی ئەوەی کوردستان کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی چەند نەتەوەیەکی بێگانە و کاروباری وڵات لە دەست ئەوانە، بۆنمونە کوردانی پارچەی باشور و رۆژاوا عەرەبی دەزانن و کۆردانی رۆژهەڵات فارسی و کوردانی باکور تورکی.

رادەی باشی و خێرایی فێربونی زمانی دوەم بەندە بە چەند هۆکارێکەوە:

ـ رادەی پێویستی: ئایا کەسەکە چەند پێویستی بە زمانی دوەمە؟ تا چ رادەیەک ژیان و کاروباری بەندە بە فێربونی ئەو زمانە؟ و ناچارە دەبێ فێرببێ. ئیتر بە هۆی فەرمانبەری، پیشە، خوێندن، سەربازی، بازرگانی... یا هەر ئەرکێکی تر بێ.

ـ رادەی تێکەڵی: ئایا تا چ رادەیەک کەسەکە لەگەڵ ئاخێوەرانی زمانی دوەم تێکەڵا دەبێ؟ هەڵبەتە زۆربونی رێژەی تێکەڵبون و ماوەی تێکەڵبون و ئاخاوتن بە زمانی دوەم، دەبێتە هۆی خێرابون و باشتربونی پرۆسەی فێربونەکە.

ـ باری دەرونی: هەرچەند کەسەکە لە ڕوی دەرونیەوە ئاسودە بێ بەرامبەر نەتەوەی بەرامبەر، هێندە زوتر و باشتر فێری زمانەکەیان دەبێ، بە پێچەوانەشەوە حەزنەکردن لە نەتەوەی بەرامبەر و ڕق لێبونەوەی کاردانەوەیەکی دەرونی بەرامبەر زمانی دوەم پەیدا دەکا و دەبێتە ئاستەنگێک لە ڕێگەی فێربونی. ئاشکرایە هەرچەند کاردانەوەکە توندتر بێ، بەربەستەکە ئەستورتر دەبێ.

ـ ڕادەی تەمەن: هەرچەن زوتر کەسەکە بکەوێتە جیهانی زمانی دوەم، پرۆسەکە باشتر و خێراتر دەبێ و پێچەوانەشی ڕاستە، بەڵام دەرکەوتوە گەورەکان لە هەنگاوی یەکەمدا بە تواناترن لەو منداڵانەی لە خوار تەمەنی شەش ساڵیدان، چونکە کاتێ منداڵ لەو تەمەندا دەکەوێتە بەرامبەر زمانێکی نامۆ، توشی تاسان دەبێ، بەڵام پاش ساڵێک ڕێڕەوی ئاسایی خۆی وەردەگرێ و لە توانادا پێش گەورەکان دەکەوێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە دواییدا بەراورد بکرێ لەگەڵ ئاخێوەرانی زمانی دوەم، هەست بەوە ناکرێ زمانی دایکی جیایە(٦٦ل١٩٩). جگە لەمەش مرۆڤ تاکو بە تەمەندا بچێ کۆگای مێشکی پڕتر دەبێ و کەمتر جێی کەرەسەی تازەی دەبێ، سەرباری جێگیرنەبونی کەرەسەکان و زو لەبیرچونەوەیان، وەکو فێربونی منالی نیە، کە لەیادگەدا دەمێنێ و ناسڕێتەوە.

هەندێ گرفتی لاوەکیش هەن گرفت لە ڕێگەی زمانی دوەم دروستدەکەن، کە لە زمانەوانیی نوێدا بایەخی گونجاوی پێدراوە، بە تایبەتی لە بواری (شیکردنەوەی زمانیی بەراورد67)(Contrastive Analysisل٨٨)، بەتایبەتی ئەگەر پرۆسەکە فێرکردن بێ نەک فێربون، وەک داڕشتنە دەستەواژەیی و ڕستەییەکانی زمانی دایک کە جیاوازن لەگەڵ زمانی دوەم. بۆ نمونە، ڕیزبونی کەرەسەکانی ڕستەی کوردی (بکەر، بەرکار، کار)ە، بەڵام لە ئینگلیزی (بکەر، کار، بەرکار) و لە عەرەبی (کار، بکەر، بەرکار)ە. بۆیە ڕیزبەندی ئینگلیزی و عەرەبی بۆ کورد نامۆن و ئەگەر کوردەکە کەرەسەکانی ئەو دو زمانە بە هەمان سیستەمی کوردی ڕیز بکا، ڕستەکە دەشێوێنێ. وەک:

ـ ئازاد دو سێو دەخوا. ≠ (Azad two apple* eat*)* = (Azad eats two apples).

ـ جوتیارەکە دو بەرخی لە بازاڕ کڕی. ≠ (الفلاح إپنین خروف من السوق إشتری)* = (إشتری الفلاح خروفین من السوق)(٦٦ل١٩٩).

هەروەها ڕاهاتن لەسەر زاراوە و ئیدیۆمەکانی زمانی دایک و بەراوردکردنیان لەگەڵ دەستەواژە و ئیدیۆمەکانی زمانی بەرامبەر کارێکی ئاسان نیە. بۆ نمونە لە کوردیدا دەوترێ: (لە گوێی گادا نوستوە)، (سەرێکت لێ دەدەم)، (ژن گواستنەوە)، (لە کەری شەیتان وەرە خوارەوە)....هتد.

تێبینیکراوە، منداڵەکان لەم جیاوازیە زمانیانەی بەرامبەر وردترن و کەمتر هەڵە دەکەن. تەنانەت زمانی دوەم وەکو خۆی بەکاردێنن، ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ بونی ڕوبەری بەتاڵ لە لاپەڕەی مێشکیان، سەرباری نەچەسپان و کەمی ئەو سیستەم و دەستەواژانە بە بەراورد لەگەڵ گەورەکان. لە لایەکی تریش زۆرجار گەورەکان ئەم وردەکاریانە فەرامۆش دەکەن و پتر بایەخ بە گەیاندنی تێکڕای واتاکە دەدەن(٦٨ل١٢).

**٢.٢. تێگەیشتن:**

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، زمان سیستەمێکی هێمای دەنگیی لەخۆوەیە. بە شێوەیکی تر بەرامبەر هەر توخمێک هێمایەکی دەنگی بەکارهاتوە، کە هیچ پەیوەندییەکی ژیربێژی (لۆجیکی) لە نێوان ئەو دەنگانە و خودی شتەکەدا نیە، بەڵام بەتێپەڕبونی کات و زۆری بەکارهێنانیان بەرامبەر یەکتر، پەیوەندییەکی پتەوی لەخۆوە لە نێوانیان پەیدادەبێ، کە پێی دەوترێ واتا. کەواتە، دەنگەکان وەک دەفرێکن واتاکانیان بخرێتە ناو، بە واتایەکی تر، دەنگەکان نە خودی شتەکانن و نە واتاکانن، بەڵکو هەڵگری واتاکانن، هەر بۆیەشە دەفرەکانی هەر زمانێک، مەبەستم دەنگەکانی هەر زمانێک جیاوازن بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی هەمان توخم. بۆ نمونە، زنجیرە دەنگەکانی زمانی عەرەبی بۆ وشەکانی (سێو، ئەستێرە، خانو، گوڵا)، دەبێتە (تفاحە، نجم، دار، زهرە)، بەڵام ئەگەر هەمان ئەو شتانە بدەینە ئینگلیزێک، دەیانخاتە دەفری تایبەتی خۆی و زنجیرە دەنگەکانی (Flower, House, Star, Apple) بەکاردێنێ:

دەربڕینی ئەم واتایانە بەم هێما دەنگیانە، واتا بۆ ئاماژەکردن بە ناوی ئەو توخمانەی لەناو دەفرەکاندا هەیە، بەو زنجیرە دەنگانەی لەخوار دەفرەکان نوسراوە، کردارێکە پێی دەوترێ ئاخاوتن. وێنەکان لە مێشکی قسەکەرەوە دەخرێنە سەر ئەو زنجیرە دەنگانەی لە دەم دێنە دەرەوە. بەرامبەر ئەوە، زنجیرە دەنگەکان لە گوێی گوێگر دەچنە ژورەوە و لە مێشکی ئەودا شیدەکرێنەوە بۆ وێنەکان، واتە، دەفرە دەنگیەکان کە لە مێشکی قسەکەر پڕ کرابون، لە مێشکی گوێگر بەتاڵا دەکرێنەوە و بارەکەیان هەڵدەڕێژن. ئەم گۆڕینەوەی دەنگانە بۆ وێنەکان لە مێشکی گوێگر، پێی دەوترێ تێگەیشتن. واتە؛ درککردن(پڕۆسەی وەرگرتن و هەڵبژاردن و لێکدانەوەی وروژێنەرێک یان زیاترە لە ژیینگەی دەوروبەرمان، پڕۆسەیەکی دەروونیە و ئامانجی شیکردنەوەی ئەو وروژێنەرانەیە، کە لە ڕێگای هەستەکانەوە بۆ مێشک هاتوون)(٧٤ل٧٩). لێرەدا (دەروزمانی لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی کارکردنی پڕۆسەی زمان دەکات. واتە هەوڵدەدات تا بزانێ چۆن پەیوەندیی لە نێوان ئاخێوەر و گوێگر دروستدەبێ.... هەروەها چ کاردانەوەی هۆشەکی لەناو هۆشی ئاخێوەر دەبنە ئەگەری ئەوەی ئەو واتایە بکاتە دەنگ و گوێگریش بە چ کاردانەوەیەکی هۆشەکی ئەو دەنگانە دەکاتەوە واتا)(٦٩ل٩٩).

دەروزمانی بابەتێکە ئەو لایەنە دەرونی و دەماریانە دەخاتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە، کە وا لە مرۆڤ دەکەن بتوانێ زمان وەرگرێ، فێرببێ، بەکاربێنێ، تێبگا، بەرهەمی بهێنێ و ئەفراندنی تیادا بکا. دەروزمانی لە تێکڕای ئەو درککردن و تێگەیشتنانە دەکۆڵێتەوە، کە دەبنە هۆی پەیدابونی ڕستەیەک لای قسەکەر بە پێی تەمەنەکەی لە سەرەتای سادەترین دەنگەوە تاکو کۆدکردن و بیستن و تێگەیشتن و داکردنی لە یادگەی گوێگر و دوبارە ئەفراندن و دەسکاری و بەکارهێنانەوەی.

درککردن (تێگەیشتن) بە واتای زانین و شیکردنەوەی ئەو هێمایانەی لە هەستەکانەوە دێن بۆ داتا و زانیاری، واتە؛ شکاندنی کۆدی ئەو هێمایانە و وەرگێڕانیان بۆ واتا. هەڵبەتە هەر هەستەوەرێک هێمای جیاوازی هەیە. هێماکانی

زمان بە شێوەیەکی گشتی لە ئاخاوتن دەنگەکانە و لە ڕێگەی هەستەوەری گوێ و کرداری بیستن کۆدەکە وەردەگیرێ، لە نوسیندا هێمای وێنەییە و لە زمانی کەڕ و لاڵەکاندا جوڵەیە.

بە شێوەیەکی گشتی زاراوەی فێربون یان زاراوە دەروزمانیەکەی وەرگرتن (الإکتسابAcquisition) سێ زاراوە دەگرێتە خۆی: هەستکردن (الإحساسSensation)، درککردن (الإدراکCognition) و تێگەیشتن (الفهمUnderstanding). لە (هەستکردن)دا، مرۆڤەکە هەستدەکا گۆڕانێک لە (بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن و بەرکەوتن) لە ئارادایە و بە ڕێگەی یەکێ لە هەستەوەرەکانی (چاو، گوێ، لوت، زبان و پێست) کارتێکەرەکان یان داتاکان لە شێوەی کۆد وەردەگرێ. لە (درککردن)دا ئەو کۆدانەی وەریگرتون، دەیانشکێنێ و دەیانکاتەوە و شییاندەکاتەوە بۆ زانیاری و دەستنیشانکردنی واتاکانیان. لە هەنگاوی دواییدا کە (تێگەیشتن)ە، مرۆڤەکە لێکدانەوە بۆ زانیاریەکان دەکا، پۆلینیاندەکا و بە پەیوەندی و ئاوێتەکردن و بەراوردکردن لەگەڵ سەرجەم کەرەسەکانی تری ناو کۆگای مێشک، پێکهاتەی نوێی لێ بەرهەمدەهێنێ و بە کۆدی نوێ دەیانخاتەوە دەرەوە.

مەرجەکانی هاتنەدیی تێگەیشتن:

١- بونی کارتێکەر (المثیرStimulus). کارتێکەر وەک: بونی دیمەنێک، دەنگێک، بۆنێک، تامێک یان بەرکەوتنی پێست بەتایبەتی دەست بە شتێک...). هەندێ جار باسی هەستی شەشەم و تەنانەت حەوتەمیش دەکرێ، بۆنمونە: ئێش، ئازار،... هەستی نامۆ و پێشنینی...هتد. بەڵام تایبەتمەندان ئەمانە بە کاردانەوەی کارتێکەرەکانی تر دادەنێن، وەک ئازار بۆ نەخۆشی و پێشبینی بۆ بەهرە و...هتد.

٢- هەستکردن بە کارتێکەر (الإحساسSensation). واتە؛ دەبێ هەنگاوی یەکەم ئەنجامدرابێ و کارتێکەرێک هەبێ، ئینجا کەسەکە لە ڕێگەی یەکێ لە هەستەوەرەکان هەستبکا کارتێکەرێک هەیە و وەریبگرێ.

٣- درککردن (الإدراکCognition). ئەم هەنگاوە زانین و شکاندنی کۆدی کارتێکەرەکە و ناسینەوە و شیکردنەوەی.

٤ـ کاردانەوە یان وەڵامدانەوە (الإستجابةResponse). کاردانەوە دوا مەرج و دوا هەنگاوی تێگەیشتنە. هەرکەسێ بە پێی سەرجەم بەهرە و زانیاریە کۆکراوەکانی کە درکی-پێکردوە و پێشتر کۆیکردونەتەوە، کاتێکەرە نوێیەکە هەڵدەسەنگێنێ و بە ڕۆنانێکی گونجاوی خۆی وەڵامی کارتێکەرەکە دەداتەوە. هەندێ جار بێدەنگیش وەڵامە. بۆیە کاردانەوەی هەر کەسێک بۆ هەمان کارتێکەر جیایە. کوردیش وتویەتی (تێنەگەیشتن لە بەڵای خوای ناخۆشترە!).

زۆر لە دەرونناسەکانی وەک (داریل بیم)، (لالاند) و (ئەبراهام بایز) لەو باوەڕەدان، کاتێ مرۆڤ لە ژینگەیەکدا دەژی، نمونەیەکی تایبەت بە خۆی لە ئەندێشەی دروستدەکا. واتە؛ ئێمە لە کەتوارێکی ڕاستەقینە (واقع حقیقی)دا دەژین، بەڵام هەستەکانمان وێنەیەکی کاتی و ڕەهەند کورتی تایبەت بە خۆمان لەو کەتوارە وێنا دەکەن و گریمانەی کاتیی لەسەر بنیات-دەنێین، کە دەشێ بسەلمێنرێن و پاسادان بکرێن، یان بەرپەچ - بدرێنەوە. بە واتایەکی تر؛ بە پێی پێوەرەکانی مێشکی خۆمان کۆدەکان شیدەکەینەوە و وێنەکان لێڵاوی (ambiguous image) تۆمار دەکەین، کە دەشێ پتر لە لێکدانەوەیەکیان بۆ بکرێ. بەم پێیە بۆ کارتێکەرێکی دەستنیشانکراو هەر کەسە تێگەیشتنێک و کاردانەوەیەک بەرهەم-دەهێنێ(٦٢).

هەرگیز دو کەس کوتومت تێگەیشتنیان بۆ هەمان دیاردە وەکو یەک نابێ، ئەگەر بە هەمان کاریگەریش هەردوکیانی وەکو یەک وروژاندبێ، چونکە هەریەکەیان بە پێی پاشخانی یادگەی خۆی لێکدانەوەی بۆ دەکا. (لەم ژینگەیەی تیایدا دەژین، پڕە لە وروژێنەر یارمەتیمان دەدات بۆ پۆلینکردن و ڕێکخستنی ئەوەی وەریدەگرین و هەڵسوکەوتمان بە پێی ئەو لێکدانەوەی ئەو ڕاستیەیە، کە دەیبینین و درکی پێ دەکەین، لە زۆر باردا ئەو ڕاستیەی کە ئێمە دەیبینین هەمان ئەو ڕاستییە نییە، کە کەسانیتر دەیبینن، وەیا درکی پێدەکەن. واتە ئەوەی دەیبینین لێکیدەدەینەوە و ناوی دەنێین ڕاستی، لە بارێکدا دەشێت ئەوەی درکمان پێکردبێت ڕاست یان ناڕاست بێت)(٧٤ل٨٠).

له بەشی یەکەمدا بەوە پێناسەی زمانمان کرد، کە بریتیە لە (دەنگ و واتا و سیستەم). دەشێ ئەم پێناسەیە پتر لای زمانەوانە وەسفیەکان ( descriptive linguists) باو بێ، بەڵام ئەگەر بمانەوێ لە ڕوانگەی دەروزمانی پێناسەی بکەین، دەوترێ: {(زمان توانایەکی هزری پەیداکراوە، بە سیستەمێکی هێمای گۆکراوی لەخۆوە پەیڕەو-دەکرێ بۆ پەیوەندیی تاکەکانی کۆمەڵگا). ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم پێناسەیە بدەین، دەبینین لە سێ بەشی تەواوکەری یەکتر پێکهاتوە. بەشی یەکەم جەخت لەسەر توانای هزری (زەینی/ذهني) دەکاتەوە، ئەم ڕاستیەش ئەوە دەگەیێنێ کە توانایەکی پەیداکراوە (مکتسب) و مرۆڤ لە سەرەتای منداڵیەوە دەست بە پەیداکردنی زمان دەکا، تا کۆتایی ژیانی، ئەگەر گرفتێکی نەبێ. بەشی دوەم ئەوە دەگەیێنێ، زمان سیستەمێکی ڕێکخراوی هێماکاریە لە میانەی دەنگ و ڕستە، ئەو پەیوەندیەی نێوان هێماکان و واتاکان بە پەیوەندییێکی لەخۆوە (arbitrary) دادەنێ. بەڵام لە بەشی سێیەمدا پێداگری لەسەر سروشتی کۆمەڵایەتیی زمان دەکا، کە پێگەی سەرەکیی زمان ئامرازێکە بۆ پەیوەندیکردنی (communicate) ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانەیان. ئاشکرایە، ئەم سێ بەشە تەواوکەری یەکترن و تێکڕا دو ڕاستی گرنگ دەدرکێنن کە سروشتی زمان و ئەرکەکەیەتی(٧٣ل١٥).

**١.٢.٢- تێگەیشتنی بیستن:**

مرۆڤی تەندروست خاوەنی کۆئەندامێکی ئاڵۆز و پەرەسەندوی بیستنە. بە شێوەیەک توانای وەرگرتنی دەنگە ناوەنجیەکانی هەیە، واتە؛ {ڕادەی بیستن کە بە یەکەی (دیسیبیل) ناودەبرێ و هەر دیسیبیلێک یەکسانە بە دەیەکی بیلێک و بیلیش کزترین دەنگە مرۆڤ تێیبگا، واتە هەر دەنگێک لە دە دیسیبیل کەمتر بێ گوێی مرۆڤ نایبیسێ، کە دەکاتە بەشێک لە دە هەزار ملیۆن وات لەسەر سەنتیمەترێکی دوجا. بەهێزترین دەنگیش کە گوێی مرۆڤ بتوانێ بیبیسێ، بێ ئەوەی ئازاری پێ بگا، پێویستە لە سەد یەکی واتێک لە سەنتیمەترێکی دوجا کەمتر بێ، کە دەکاتە چل دیسیبیل}(٧٥ل٢٣١). کەواتە کۆئەندامی بیستنی مرۆڤ ناتوانێ دەنگە زۆر بەرزەکان و زۆر نزمەکان ببیسێ.

کردەی بیستنی دەنگەکان بەس نیە بۆ تێگەیشتنی هێما دەنگیەکانی زمان، بەڵکو کۆمەڵێک کردەی ئاڵۆزی تری بە دوادا دێ کە بایەخیان لە بیستنەکە کەمتر نیە، وەک کرداری کۆدشکاندن و درککردن و بیرکردنەوە و شیکردنەوە تا دەگاتە ڕادەی تێگەیشتن. ئەو تاقیکردنەوە و توێژینەوانەی لە سەرەتای حەفتاکاندا (١٩٧٠-١٩٧٣) ئەنجامدران، بەتایبەتی لای وۆرن (Warren) و هاوکارانی سەلماندویانە، بە هۆی دوبارەبونەوەی بەردەوامی بیستن و لێکدانەوەکان و پاراستنی داتاکان لە یادگەی مێشکدا، کردەی بیستن کردەیەکی نێگەتیڤی ئەوتۆ نیە کە تەنیا کۆدی هێما دەنگیە بێخەوشەکان بکاتەوە، بەڵکو بوەتە کردارێکی ئایی پۆزەتیڤ و چالاک لە توانایدا هەیە، کەلێنە دەنگیەکان پڕبکاتەوە و دەنگە لارەکان ڕاستبکاتەوە و دوبارە بە ڕێکی دایانبڕێژێتەوە(٧٦ل٢٠٢). بۆ نمونە ئەو گروپە ڕستەیەکی لەم شێوەیەی خوارەوەیان لەسەر کاسێتێکی دەنگی تۆمار کرد:

ـ کۆبونەوەی ئەنجمەنی پارێگا ۆتایی ات.

دواتر دەنگی ئەم ڕستەیە بۆ بیست قوتابی لێدرایەوە و لێیان پرسین، کە ڕستەکە چی وت؟، (١٩) لەمانە وتیان:

ـ کۆبونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا کۆتایی هات. تەنیا یەکیان هەستی بە کەموکوریەکان کرد.

پێش ئەوانیش لە ساڵی ١٩٥٥ میلەر (Miller) و نایسلی (Nicely) تاقیکردنەوەیەکی هاوشێوەیان ئەنجام دا و لەسەر کاسێتێکی پڕ غەڵبەغەڵب ڕستەیەکی لەم شێوەیان بە دەنگێکی کز تۆمارکرد:

ـ ئەنڕۆ تورێگ هادە ژاقواسی حوسکم.

دوای پرسیار لە هەر کەسێک، کە ئەم ڕستەیە چی دەڵێ؟ دەیانوت، دەڵێ:

ـ ئەمڕۆ کوڕێک هاتە داخوازیی خوشکم.

{ڕەنگە لای خوێنەر زۆر سەیربێ، گەر بزانێ ئەو خەڵکە بەتەواوی وشەکانی زمان گۆ ناکەن. ئێمە دەدوێین بێ ئەوەی بایەخ بدەین بە گۆکردن. زمان بە شێوەیەکی ورد گۆناکەین. هەمان توێژەر میلەر لە ساڵی ١٩٧٦ گفتوگۆیەکی

ئاسایی لە نێوان چەند کەسێک تۆمار کرد، دوای ئەوەی دڵنیابو لەوەی هەمویان لەیەکتر گەیشتون، بە ڕێگەیەکی ئەلکترۆنی ئاخاوتنەکەی پچڕ پچڕ کرد و وشەکانی لەیەک جیا کردەوە. کاتێ وشەکانی یەک یەکە بۆ تاقیکاران لێدەدایەوە تەنیا ١٧%ی وشەکانیان دەناسیەوە}(٧٦ل٢٠٣).

ئێمە کاتێ گوێ لە کەسێک دەگرین، بەتایبەتی لە شوێنە قەرەباڵغەکاندا گوێمان لە چەندین دەنگی تری جیا جیا دەبێ، چۆن ئێمە تیشکۆ دەخەینە ئەو دەنگەی مەبەستمانە؟. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، توێژەران لاگنەر (Lagner) و گارێت (Garet) لە ١٩٧٢ و ماککای (MacKay) و کۆرتین (Corteen) و وود (Wood) لە ١٩٧٣ ئەم تاقیکردنەوانەیان ئەنجام دا:

توێژەر دو بیستەر (سەمماعە)ی لەسەر هەردو گوێی هەریەک لە تاقیکاران دانا. بەجۆرێک نامەیەکی دەنگی ئاڕاستەی یەکێ لە بیستەرەکان کرد و داوای لە کەسەکە کرد، گوێی لێ بگرێ و نامەیەکی دەنگیی تری ئاڕاستەی بیستەری گوێکەی تری کرد و داوای لێ کرد، فەرامۆشی بکا. لەم توێژینەوانە دەرکەوت: هەرچەند جیاوازیی نێوان نامەکان لە ڕوی دەنگ و بابەت و دوری زۆرتر بێ، هێندە کەمتر نامەی دوەم کار لە تێگەیشتنی نامەی یەکەم دەکا. بۆ نمونە، پەیامێکی دەنگی ئاڕاستەی بیستەری گوێی چەپی یەکێ لە تاقیکاران بکرێ، بە دەنگی ئافرەتێکی دور وەستاو کە دەربارەی نەمامەکانی گوڵا و ڕوەکەکان بدوێ و داوا لە کەسەکە بکرێ، فەرامۆشی بکا. ئەوا دەتوانێ زۆر ئاسانتر فەرامۆشی بکا ئەگەر پەیامەکەی بیستەری گوێی ڕاستی بە دەنگی پیاوێکی نزیک بێ و باسی بۆمبی ئەتۆمی بکا. بەڵام ئەگەر دو پەیامی جیا بە دەنگی هەمان کەس بگەنە گوێی بیسەر و دەربارەی هەمان بابەت بن، کەسەکە لە هیچیان تێناگا. هەرچەند گوێگر هەوڵبدا یەکێ لە نامەکان فەرامۆش بکا، ئەوا خۆنەویست سود لەو زانیاریانە وەردەگرێ، کە لە نامەی فەرامۆشکراودا هەن بۆ لێکدانەوەی ئەو لێڵیانەی لە نامەی یەکەمدا هەن. بۆ نمونە، ئەگەر داوای لێبکرێ گوێ لەو ڕستەیەی دادێ بگرێ (پیاوەکە لەبەردەم دەرگای کۆشکە کۆنەکەدا وەستا) و داوای لێبکرێ لە هەمان کاتدا گوێ لە ڕستەی داهاتوی بیستەری دوەم نەگرێ (دەرگا کۆنەکانم

خۆشدەوێ). ئەوا کەسەکە لە نامەی یەکەم وا تێدەگا، دەرگاکە کۆنە نەک کۆشکەکە.

لەمەدا دەرەکەوێ، تێگەیشتنی ئێمە بۆ بیستن دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم خاڵانە:

١) مرۆڤ وەکو زنجیرە برگەیەکی دەنگی لە ئاخاوتن ناگا، بەڵکو هۆشداری دەداتە ئەوەی دەوترێ. بۆ نمونە لە توێژینەوەیەکی مارلسن-ولسن چەند ڕستەیەکی بە هەڵەی ڕێزمانیی ورد تۆمار کرد و داوای لە تاقیکاران کرد، ئەو ڕستانە لە دوای تۆمارە بڵێنەوە، بینی هەمویان ڕستەکان بە ڕاستی و بێ هەڵە دەڵێنەوە بێ ئەوەی خەست بە هەڵەکان بکەن.

٢) تشیری (Cherry) لە ١٩٥٣ دەڵێ: ئێمە بەدوای زانیاریدا دەگەڕێین لە کاتی گوێبیستی ئاخاوتن دەبین. ئەگەر داوا لە تاقیکاران بکرێ، هۆشداری بدەنە چەند کەلیشەیەکی زمانی لە یەکێ لە بیستەرەکان و ڕستە ڕێزمانیە واتابەخشەکانی بیستەری گوێکەی تر فەرامۆش بکەن. دەبینین، بە پێچەوانە گوێگر بایەخ بە ڕستە واتا بەخشەکان دەدا، نەک کەلیشە بێ واتاکان.

٣) دەرکەوتوە، لە سەرەتادا مرۆڤ خۆنەویستانە ئاخاوتن شیدەکاتەوە، ئینجا فەرامۆشی دەکا یان دەیهێڵیتەوە. واتە؛ تەنانەت ئەو ڕستانەش کە بێ واتان، یان داوای لێکراوە فەرامۆشیان بکا، یەکەم جار شیyandەکاتەوە، دواتر بڕیاردەدا فەرامۆشیان بکا یان نا. بەڵام لە توێژینەوەیەکی ماککای (MacKay) 1970 دەرکەوت کە مرۆڤ بە شیکردنەوەی ڕستە لێڵواتاکان پتر ماندو دەبێ و کاتێکی زۆرتر دەخایەنێ (٧٦ل٢٠٣-٢٠٥).

**٢.٢.٢. تێگەیشتنی خوێندنەوە.**

جیاوازیی خوێندنەوە لەگەڵ بیستندا، لە دو خاڵ دەرەکەوێ:

١) بیستن لە ڕێگەی هەستەوەری گوێوە دەگوازرێتەوە بۆ مێشک. بەڵام خوێندنەوە لە ڕێگەی بینین و هەستەوەری چاوەوە دەگوازرێتەوە بۆ مێشک.

٢) لە بیستندا ئەرکی مێشک سوکترە، بەوەی تەنیا کۆدێک دەشکێنێ، ئەویش گۆڕینەوەی هێما دەنگیەکانە بۆ وێنەکان و واتاکان. بەڵام لە خوێندنەوەدا پێویستە

مێشک دو کۆد بشکێنێ، کۆدی یەکەم هێما وێنەی پیتەکان دەکاتەوە بە هێما دەنگیەکان و ئینجا هێما دەنگیەکان شیدەکاتەوە.

ئەگەر تاقیکردنەوەیەکی لەم شێوەیە ئەنجام بدەین:

تێگەیشتنی زمان وەکو بەرهەمهێنانی وایە. زنجیرە کردارێکی نەپچڕاوی ئۆتۆماتیکی بە ئاڕاستەیەکی خێرا ئەنجام دەدرێ. دەنگەکان یان پیتەکان بەبەر گوێ یان بەر چاومان دەکەون، لە شێوەی نەرمە هێڵێک و وشە پێکدەهێنن، کە زۆر بە خێرا دەبن بە دەستەواژە و لاڕستە و ڕستە. بەم پێیە تێگەیشتن وا دەرەکەوێ، کە تەنیا درککردنی داوێکی هێماکانی زمانەوانیە بە شێوەیەکی زۆر خێرا. لە ڕوکەشدا وا دێتە بەرچاو کردارێکی سادە و ڕونە، بەڵام لە ڕوانگەی دەروزمانیەوە پرۆسەیەکی پتەوی ئاوێتەیە.

لە ئەنجامی ژمارەیەکی زۆری توێژینەوەی دەروزمانی لەسەر تێگەیشتنی ئاخاوتن و نوسین دەرکەوتوە، کە خەڵک بە شێوەیەکی ڕێکوپێکی زمانەوانی پرۆسە (مامەڵە/process) لەگەڵ زانیاریەکان ناکەن، ئەوان بە نەرمی بە ڕیزبەندیی ئاستەکانی زمانەوانیدا گوزەر ناکەن، وەک ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەدا لە ژێرخانی دەنگسازی دەستپێناکەن تا دەگەنە بنمیچی واتاسازی. لە زۆربەی توێژینەوەکاندا دەرکەوتوە گوێگر و خوێنەر بڕێکی زۆر زانیاری بەکاردێنن، جگە لە ئەو بڕە زمانەی لەو کاتەدا بەرهەمهێنراوە، بۆ ئەوەی بتوانێ کۆدە زمانیەکانی ئەو هێمایانە بکاتەوە، کە دەیانبیسێ یان دەیانبینێ(٧٨ل٥٠).

لە توێژینەوەیەکی دەروزمانیدا، هەندێ ڕستەی ناتەواومان خستە بەر چاوی قوتابیانی قۆناغی پێنج و شەشی بنەڕەتی. ڕستەکان تا ڕادەیەک هاوشێوە بون و تەنیا پیتێکیان لێ کرتا بو، هەروەها بە هەمان شێوە بۆیان خوێنرایەوە و داوایان لێکرا وشە ناتەواوەکان بنوسنەوە، یان تەواوی بکەن، وەک لەم لیستەی خوارەوەدایە:

زۆربەی قوتابیان زۆر بە ئاسانی و خێرایی وشە ناتەواوەکانیان تەواو کرد و بۆ {(١) فیلێک، (٢) پیلێک، (٣) دیلێک، (٤) میلێک و (٥) ویلێک}یان دانا. ئەم کردارە لە دەروزمانیدا پێی دەوترێ (کردەی داکردنەوەی فۆنێم Phoneme

restoration effect). بەم پێیە بیسەر و خوێنەر دەقاودەق ئەو تۆمار ناکەن کە دەیبیسن یان دەیخوێننەوە، بەڵکو ئەوە تۆمار دەکەن کە خۆیان پێشبینی دەکەن کە لە دەقەکەدا هەیە، تەنانەت ئەگەر پیتەکە یان دەنگەکە لە وشەکەشدا نەبێ. چەندین توێژینەوەی دەروزمانیی جۆراوجۆر لەسەر ئەم بابەتە کراون و هەمان ڕاستییان سەلماندوە(٧٨ل٥١).

مەرج نیە خەڵک هەمو ئەو وشانە ببیسێ کە پێیان دەگوترێ. تێگەیشتن تۆمارکردنێکی سستی ئەو شتانە نیە کە دەبیسرێن یان دەبینرێن. گوێکرەکان کاسێتی تۆمارکەر نین و خوێنەریش کامێرای ڤیدیۆ نیە. تێگەیشتن بە توندی کاریگەر دەبێ تەنانەت بە سوکە گۆڕانکاریەکانی دوان کە گوێگر یان خوێنەر پەنای بۆ دەبا. بۆ نمونە، ئەگەر نامەیەکی وا لە مۆبایلەکەت بە دەستت بگا، چ جۆرە کاردانەوەیەکت دەبێ؟

(ئاگاداری دایکت بە! من زۆرم خۆش دەوێ! زۆر بیری دەکەم!)

١) ئەگەر نامەکە لە باوکتەوە بێ، چ جۆرە لێکدانەوە و کاردانەوەیەکت دەبێ؟

٢) ئەگەر نامەکە لە خاڵۆتەوە بێ، چ جۆرە لێکدانەوە و کاردانەوەیەکت دەبێ؟

٣) ئەگەر نامەکە لە بێگانەیەکەوە بێ، چ جۆرە لێکدانەوە و کاردانەوەیەکت دەبێ؟

٤) ئەگەر نامەکە لە داپیرتەوە بێ، چ جۆرە لێکدانەوە و کاردانەوەیەکت دەبێ؟

لێرەدا دەرەکەوێ تێگەیشتن شیکردنەوەی برگە دوای برگەی وشەکان نیە لەناو ڕستە و ڕیزبەندیی هێڵەکاندا. بیسەر یان خوێنەر بڕێکی زۆر زانیاری بەکاردێنی بۆ تێگەیشتنی هێمایەک و هەندێ جار چاوەڕێ دەکا تاکو هێماکانی دوای ئەو دێن و ئینجا بڕیار لەسەر تێکڕای هێماکان دەدا.

**٣.٢.٢. تێگەیشتنی وشەکان:**

ئەگەر جارێکی تر بە وردی سەرنجی پێنج ڕستەکانی سەرەوە بدەین لە کردەی داکردنەوەی فۆنێمدا دەبینین، وشە ناتەواوەکان وشەی کۆتایی ڕستەکان نەبون، بەڵکو دوەم وشەی ڕستەکان بون، بەڵام قوتابیان هەرکە ڕستەکان تەواو دەبون، هەڵیاندەهێنا کە چ وشەیەکە. لەمەوە دەرەکەوێ ئێمە هەر وشەیەک بە جیا

وەرناگرین، تا تێیبگەین و واتاکەی لێکبدەینەوە، بەڵکو دەقەکە ئەگەر کەموکوڕیشی لە هەندێ پارچەدا هەبێ، وەک یەکەیەکی تێکچڕژاو و ڕەوان وەردەگیرێ.

ئێمە لە کاتی بیستنی وشەکاندا هەرگیز فۆنێمەکان، گڕ و کپ، بزوێن و نەبزوێنەکان یەکە یەکە بە جیا نابیستین، بەڵکو میکانیزمی خێرایی گۆکردن زۆربەی فۆنێمەکان تێکەڵا دەکا، یان دەسوێن، یان دەگۆڕێن. بۆ نمونە: هەردو فۆنێمی (ە+و) بگەنە یەک، لە هەندێ ژینگەدادەبن بە (ۆ). وەک:

خوەردەن ← دەخوەم ← دەخۆم

شوەردن ← دەشوەم ← دەشۆم

دەرگاکە بکەرەوە ← دەرگاکە بکەرۆ

ماموەستا ← مامۆستا

هەردو دەنگی (ی+ە) بگەنە یەک، لە هەندێ ژینگەدا دەبن بە (ێ):

پەیرەو ← پێڕەو

تیایدا ← تێدا

سەیرکە ← سێرکە

یان ئەگەر دەنگی (د) بکەوێتە کۆتایی وشە، بە زۆری دەسوێ، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین:

ئێمە نانمان خوار.

ئێوە کارەکەتان کر.

ئەوان پارەکەیان بر.

باوکی بە شێرپەنجە مر.

دەنگەکان تەنیا توخمێکی بچوکی سەرەکیی پرۆسەی تێگەیشتنن. ئاشکرایە، تێگەیشتنی وشەکان زۆر ئاڵۆزترە لە شکاندنی کۆدی دەنگ و پیتەکان، چونکە تەنانەت کورتترین وشەی یەک بڕگەیی لە چەند دەنگێکی جۆراوجۆر پێکهاتوە، تەنانەت لە زمانی کوردیدا مۆڕفیمە یەک فۆنێمەکان (مۆڕفۆفۆنێم) ژمارەیان زۆرە و ڕێژەی وشە داڕێژراوەکانمان زۆر زۆرترە لە وشە سادەکان. لە لایەکی تریش ئەم ژمارە کەمەی فۆنێمەکان دەیان هەزار وشە لە هەر زمانێکدا دروستەکەن. جیا

لەوەش وشەکان هەڵگری واتاکانن و هەندێ جار واتای جیا، یان لێڵا و ئاڵۆز دەگرنەخۆیان. ئەمە وایکردوە تێگەیشتنی وشەکان ببێتە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزی دەروزمانی.

لە دۆزینەوەی واتای وشەکان کردارێکی ئاڵۆز هەیە، کە ناونراوە (پرۆسەی دورپانی تەریب /پ د ت/PDP/ Parallel Distributed Processing) و توێژینەوە نوێیەکانی زانستەکانی دەمار و کۆمپیوتەر و دەرون تیایدا هاوبەش بون بۆ تێگەیشتنی زمانی نوسین و ئاخاوتن. کار لەسەر ئەوە کرا، چۆن دەنگەکان وشەکان هەڵدەبژێرن و وشەکانیش ڕستەکان؟. چۆن کۆرپەلە وشەیەک دایکی خۆی لە کۆگا و یادگەی مێشکدا دەدۆزێتەوە، هەروەک لە فەرهەنگی ئەلکترۆنیدا دوای دو سێ پیت یەکسەر ئەگەرەکانی وشە پێویستەکەت بۆ دەدۆزێتەوە. ئەم کردارە لە دەروزمانیدا پێی دەوترێ کردەی وشەدۆز (logogen). کاتێ گوێگر یان خوێنەر فۆنێمە بەراییەکانی وشەیەک دەبیسێ یان دەبینێ، ئەم کردارە خێرایەی گواستنەوەی ئەو هێمایانە بە هەستە دەمارەکان بۆ کۆگای مێشک چەخماخە لە ژمارەیەکی زۆری وشە دەدا کە بەم فۆنێمانە دەستپێدەکەن و دادەگیرسێن، تاکو ژمارەی فۆنێمەکان زۆرتر دەبێ، وشە داگیرساوەکان کەمتر دەبن و دەکوژێنەوە، تا دەگاتە وشەی مەبەست. ئەم پرۆسەیە جگە لەوەی ئاوێتە و گرانە، بەڵام بەمەش کۆتایی نایێ، تا دڵنیا نەبێ کە ئایا ئەم دوا وشەیە لە ڕیزبەندیی ڕستەکەدا جێگەی دەبێتەوە؟ بەتایبەتی ئەگەر وشەکە هاوبێژ (homophone) بێ کردارەکە ئاڵۆزتریش دەبێ. لە ڕستەیەکی وەک:

شیری شێران پاشای ڕزگارکرد.

وشەی (شیر) واتای (حلیب/milk) دەگەیێنێ، هەروەها واتای شمشێر (سیف/sword)یش دەگەیێنێ. لێرەدا پرۆسەی تێگەیشتن بە کردەی وشەدۆز تەواو نابێ و ناچار پەنا دەبرێتە بەر واتای گشتیی ڕستەکە و دەشێ ئەگەر بەمەش چارەسەر نەبێ، پەنا ببرێتە بەر ڕەوتی ئاخاوتنەکە.

له پرۆسه‌ی تێگه‌یشتنی وشه‌دا، گوێگر یان خوێنه‌ر هێماکان ده‌کاته‌وه به وێنه، به‌ڵام له به‌رهه‌مهێنانی وشه‌دا وێنه‌کان ده‌کاته‌وه به هێما. هه‌ندێ جار ئه‌م دو کرداره تێکه‌ڵا ده‌بن، بۆ نمونه له ڕسته‌یه‌کی وه‌ک:

پێشـ........ به‌رگری له خاکی کوردستان ده‌که‌ن.

ئه‌گه‌ر له ده‌قه‌که وشه‌ی (پێشمه‌رگه) پچڕا بو، له هه‌مان کاتدا ئه‌م وشه‌یه له کۆگای مێشکی تۆدا میوان بێ و نه‌بوبێته ئه‌ندام، واته نه‌چه‌سپابێ، ڕه‌نگه یه‌کسه‌ر وشه‌که خۆی نه‌دا به ده‌سته‌وه و هه‌ندێ وشه‌ی تر له ئه‌ندێشه‌تا دابگیرسێن، وه‌ک (پێشه‌وا، پێشڕه‌و، پێشه‌نگ....). له‌و کاته‌دا له ده‌روزمانیدا زاراوه‌ی (سه‌ر زمان/TOT/Tip Of the Tongue) به‌کارده‌هێنرێ(٧٨ل٥٦).

له‌سه‌ر بنه‌ڕه‌تی زاراوه سه‌ر زمانه‌کان، وشه‌کانی فه‌رهه‌نگه‌کانیش به‌پێی ئه‌لفوبێیه‌کان ڕیزکراون. فه‌رهه‌نگی کۆگای مێشکی ئێمه‌ش که پێی ده‌وترێ (هێماکاریی زانینSchematic Knowledge) پشت به به‌هره‌ی هه‌مو ژیانمان ده‌به‌ستێ له پشکنین و کۆکردنه‌وه‌ی وشه‌کانی یادگه‌مان(٦٧ل٥٨). به‌ڵام سه‌لمێنراوه که به پێی پۆلینی وشه‌کان هه‌ر یه‌که‌یان ده‌چێته ده‌لاقه‌ی گروپه‌که‌ی خۆی، واته وه‌ک فه‌رهه‌نگی ئاسایی به پێی ئه‌لفوبێی وشه‌کان داناکرێن.

**٢-٢-٤. تێگه‌یشتنی ڕسته‌كان:**

تێگه‌یشتنی زمان فراوانتره له کۆدشکاندنی ده‌نگ و پیته‌کان واتای وشه‌کان، جگه له‌وانه شیکردنه‌وه‌ی واتای ڕسته‌کانیش ده‌گرێته‌خۆی. یه‌که‌م جار ده‌روزمانیه‌کان (Psycholinguists) ده‌ستیانکرد به لێکۆڵینه‌وه‌ی تێگه‌یشتنی ڕسته‌کان به پشتبه‌ستن به نمونه‌ی ئه‌و ڕسته ڕێزمانیانه‌ی له لایه‌ن چۆمسکی له په‌نجاکاندا خرابونه‌ڕو. چۆمسکی له نمونه‌کانیدا ئه‌وه‌ی ڕاگه‌یاند که هه‌مو ڕسته‌کان له ڕۆنانی فریزی (phrase structure) دێنه‌به‌رهه‌م و په‌یتا په‌یتا به ده‌ربڕینه‌کانی ڕۆژانه و یاسای گوێزانه‌وه‌ی جۆراوجۆر ده‌بن به ڕسته، که پێی وترا ڕێزمانی به‌رهه‌مهێنان و گوێزانه‌وه ( Transformation-Generative Grammar /TG). ڕسته بنه‌ڕه‌تیه‌که له ئاستی ژێره‌وه‌ی ڕێزمانه‌که، به‌هۆی ئه‌م گوێزانه‌وه به توانا و به‌رهه‌مدارانه ده‌توانن زۆر جۆری جیاواز له ئاستی سه‌ره‌وه

بەرهەم بهێنن بە: دارِشتنەوە، لادان، خستنەسەر یان لەبریدانانی وشەکان.... کە لە ئاستی ناوەوەدا هەن لە پەیکەرە بنچینەییەکەی فریزە رِۆنێنراوەکە. بەکارهێنانی ئەم نمونەی رِێزمانە وای لە دەروزمانیەکان کرد، رِاستەوخۆ سودوەرگرن لە بەراوردکردنی ژمارەیەکی زۆر گویزانەوە بۆ پیادەکردنی رِستەکان و چارەسەری گرفتەکانی تێگەیشتن لە رِستە زۆر واتاکانی ئاخێوەرانی زمانی دایک. بۆ نمونە:

١- من تۆم هەبێ لە کێ دەترسم؟ واتە؛ لەکەس ناترسم.

٢- ناوی خوا بێنە! واتە؛ هێور بەرەوە.

دەروزمانیەکان بەهرەیان لەم رِێزمانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکی وەرگرت و گریمانەیەکیان دانا بە ناوی تیۆری دارِشتنی ئالۆزی (DTC) (نظرية إشتقاقية للتعقيدDerivational Theory of Complexity)، چونکە ئالۆزیی تێگەیشتنی ئەو جۆرە رِستانە دەگەرِێتەوە بۆ ئەو رِستە لاوەکیانەی لە رِستەی سەرەکیی ناوک دەکەونەوە. واتە؛ رِستەی ناوک چەند رِستەی تری لێ وەربگیرێ، هێندە تێگەیشتنی ئالۆزتر دەبێ(٧٨ل٦٠). بۆ نمونە لە رِستەی یەکەمی سەرەوە، ئەگەر بە رِستەی ناوکی دابنێین، ئەگەری واتای ئەم رِستانەی لێ دەکەوێتەوە:

١- ئەگەری پرسیارکردن لەوەی کە ئایا لە کێ دەترسم؟

٢- ئەگەری ئەوەی کە لە کەس ناترسم.

٣- ئەگەری گاڵتەکردن بە کەسی دوەم و توانج لێدانی کە هیچی لەباردا نیە.

دەشێ لە رِەوتی ئاخاوتنی جیاوازدا مەبەستی تریشی لێ بکەوێتەوە.

هەروەها دەشێ، ئەو فرە واتاییە بۆ دەنگێک، وشەیەک، هێز، ئاوازە، یان تێکرِای رِستەکە بگەرِێتەوە. هەڵبەتە ژمارەی ئەگەری رِستەکان دەگەرِێتەوە بۆ بەهرە و دەوڵەمەندیی کۆگای مێشکی وەرگر. هەر ئەمەشە وایکردوە هەندێ وشە پتر لە واتایەک بدەن. بۆ نمونە، وشەی (بو) واتە؛ (هاتە ئارا)، بۆیە لەگەڵ هەر کەرەسەیەک واتایەکی جیاواز دەبەخشێ:

چایەکە بو. (کوڵ).

منداڵەکە بو. (لە دایک بو).

میوەکە بو.     (پێگەیی).
ئیشەکە بو.   (چارەسەرکرا).
قسەکەی وا نەبو.       (درۆی کرد).

تا ئێستاش دو ڕای جیا بەردەوامن لە ئاستی تێگەیشتنی ڕستەکان، گریمانەیەکی ئەزمونگەران کە خێرایی تێگەیشتن پەیوەست دەکا بە بەهرەی وەرگر لە ئەزمونی ڕۆژانەی ژیانی. گریمانەیەکی تر هەیە، کە چۆمسکی بە تیۆریە هۆشەکیەکەی سەرلەنویێ وروژاندیەوە، کە جگە لە ئەزمونی ڕۆژانە، توانایەکی خۆڕسک (قابلیة فطریةinnate ability) هەیە لە مێشکی مرۆڤدا بۆ تێگەیشتن، کە دەبێتە بنەمایەک بۆ بەرهەمهێنان و وەرگرتنی زمان.

**٢.٢.٥. تێگەیشتنی دەقەکان:**

سەرباری ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر تێگەیشتنی دەنگەکان، وشەکان و ڕستەکان، دەروزمانیەکان تاقیکردنەوەیان لەسەر پرۆسەی تێگەیشتنی دەقەکانیش کرد. ئایا چیمان لە یادە دەربارەی ئەو چیرۆکەی تازە بۆمان گێڕدرایەوە؟ یان ئەو نامەیەی ئێستا خوێندمانەوە؟.

جگە لە بونی کەسانێکی بیرتیژ (mnemonist) کە توانای داکردنی (خزنsave) هەر داتا و زانیارییێکیان هەیە، کە پێیاندەگا، یادگەی مرۆڤی ئاسایی بە بەراورد لاوازە لە لەبەرگرتنەوە (کۆپیکردن)، بەڵام تا ڕادەیەک زۆر وردە لە داکردنی ناوەرۆکەکان. سەرەتا بابەتەکە تۆزێک تەماویە، بەڵام ئێمە لە میانی بەهرەی تیۆری داڕشتنی ئاڵۆزی (DTC) سەرنجی دەدەین تا ڕوندەبێتەوە. توێژینەوەکان دەریانخستوە، ڕستە نەرێیەکان پێش ئەرێیەکان دەکەون بۆ بیرکەوتنەوە، ڕەنگە یادگەی ڕستەییمان نەختێ ڕون نەبێ، بەڵام ئەمە ڕێکەوت نیە(٧٨ل٦٦). ڕەنگە هۆی ئەوەبێ، ئێمە زوتر لە ڕستە ئاسانەکان بگەین و بیتەوە بیرمان، پێش ئاڵۆزەکان. ئاسانی نەرێیەکان لەوەدایە، کارەکە ڕوینەداوە. بەو پێیە ڕونەدانی کارێک ئاسانترە لە ڕودانی، هەروەها سەرنجراکێشترە، چونکە ڕودانی ئاساییە. بۆ نمونە:

ـ ئەمشەو دزێک چوبوە ماڵی دەوڵمەندێک. هەرچەندە دەوڵەمەندەکە دزەکەی بینیبو، بەڵام دزەکەی نەگرت و ڕێگەی دا بڕوا.

لێرەدا سەرەتای بیرکەوتنەوەکە بە ئەرێیە، واتە؛ بە شێوەیەکی ئاسایی دوای ئەوەی دزێک دەبینرێ و ئاشکرا دەبێ، دەگیرێ، بەڵام نەگیرانی پێچەوانەی پێشبینیکردنە، بۆیە خاڵێکی وروژێنەرە بۆ هاتنەوەیاد. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، تێگەیشتنی ڕوداوە ئاساییەکان ئاسانترە و ڕوداوە نائاساییەکان ئەگەرچی تێگەیشتنیان گرانترە، بەڵام لە داکردندا شوێنێکی هەستیارتر وەردەگرن و زوتر دێنەوە سەر پەردەی بیر.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، واتای گشتیی دەقەکە دێتەوە یاد، بەڵام وردەکاریە ڕستەییەکانی داڕشتن وەکو خۆی تۆمارناکرێن. داکردن و بیرکەوتنەوەی ڕوداوە هەستیار و سەرنجڕاکێشەکان وای لە چیرۆکخوان و زنجیرە تەلەفزیۆنیەکان کردوە، دوا برگەی ئەڵقەکانیان لە شوێنی هەستیار جێبهێڵن، تاکو کەسی بەرامبەر چاوەڕێی ئەڵقەی داهاتو بکا.

دەروزمانیەکان تاقیکردنەوەی زۆریان لەسەر ڕادەی تێگەیشتنی دەقەکان کردوە و چەند خاڵێکیان دەستنیشانکردوە، وەک هۆکار لەسەر ڕێژەی تێگەیشتنی دەقەکان:

١- ڕەنگدانەوەی ژینگەی وەرگر و بابەتەکە لای نامۆ نەبێ و دوبارە و بێزارکەر نەبێ.

٢- ئاسانیی داڕشتنی لە ڕوی ڕیزبەندیی ڕوداوەکان و ڕۆنانی ڕێزمانی.

٣- نزیکیی لە بەهرە و توانای وەرگر، کە تەمەن و شارەزایی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن.

٤- نزیکی لە خولیایی و ئارەزوی وەرگر، کە پێویستیی پیشەیی و تایبەتمەندی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن.

٥- بەشداریکردنی پتر لە هەستەوەرێک، ڕێژەی تێگەیشتن بەرزدەکاتەوە. وەک ئەوەی جگە لە دەقەکە بە کارەکی پڕاکتیزە بکرێ و لە تاقیگەدا ببینرێ.

ئایا چەند لەو دەقانەی لە ڕۆژانی قوتابخانەدا ئەزبەرمان کردون، تێیانگەیشتوین؟ و چەندیان دێنەوە یادمان؟.

**[سەرچاوەکان]**

١ الى من يعشق العلم. د. سرتيپ فتاح الكاكايى. ١٩٩٩. كوردستان – أربيل.
٢ أساسيات المنهج العلمي. سعد محمد الهجرسي. مجلة مكتبة الجامعة. المجلد الثانى. العدد الثانى. الكويت. ١٩٧٣.
٣ أصول البحث الإجتماعي. مكتبه الانجلو المصرية. القاهرة. ١٩٧١.
٤ أصول البحث العلمي و مناهجه. د. أحمد بدر. الطبعة الخامسة. وكالة المطبوعات. الكويت. ١٩٧٩.
5-The Merriam-Webster Dictionary. G. & C. Merriam co. 4th ed. New York. 1974.
6-Oxford Advanced Learners Dictionary. A. S. Hornby. 6th ed. Oxford University Press. 2001.
7-Longman Dictionary of Contemporary English. Lord Quirk & 7 others. 4th ed. London. 2003.
٨ ماهو العلم؟. الان ف. شالمرز. ترجمة لطيفة ديب عرنوق. دمشق، السورية. ١٩٩٧.
٩ دیوانی بێکەس. ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا. سنە.
١٠ چەند پیتێکی کێشەدار لە نوسینی کوردیدا. د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. گۆڤاری زانکۆی دهۆک. ژمارە (١). بەرگی (٧). ئابی (٢٠٠٤). لاپەڕە (١-١٢).
١١ مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. کۆلێژی پەروەردە- ئیبن ڕوشد. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥.

١٢ ئايا زمانەوانی زانستێكی سروشتيە يان وێژەييە؟. د.عبدالله حسين رسول. گۆڤاری زانستە مرۆڤايەتيەكانی زانكۆی سەلاحەددين. ژمارە (٢٢). ئابی (٢٠٠٤). لاپەڕە (١٦١ – ١٧٥).
١٣ جياوازيی نێوان فاكەڵتيی زانست و فاكەڵتيی ئاداب. پ.ی.د.عبدالله حسين رسول. گۆڤاری فاكەڵتيی زانست. زانكۆی سۆران. ژمارە (٢). نيسان (٢٠١٢). لاپەڕە (١١-١٢).
14- Phonetics. Peter Roach. Oxford University press. 2009.
١٥ مباديء علم النفس. أ.د.عبدالرحمن عدس، د.نايفه قطامي. الطبعة الثانية. دار الفكر، عمان، الاردن. ٢٠٠٢.
١٦ ديوانی ناڵی. مەلا عبدالكريمی مدرس، فاتح عبدالكريم و محمدی مەلا كريم. چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد، بەغدا. ١٩٧٦.
١٧ علم النفس. الدكتور أحمد يحيى الرزق. دار وائل للنشر. عمان، الاردن. ٢٠٠٦.
١٨ المدخل الى علم النفس. الاستاذ الدكتور عبدالرحمن عدس، الاستاذ الدكتور محى الدين توق. دار الفكر للطباعه والنشر، عمان، الاردن. الطبعة الخامسة. ١٩٩٨.
19-Oxford Advanced Learners DICTIONARY. Sally Wehmeier & Michael Ashby. Oxford University Press. 6th ed. 2001.
٢٠ مباديء علم النفس. الدكتور محمد بنى يونس. دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن. ٢٠٠٤.
21-LONGMAN Dictionary of Contemporary English. Longman. 4th ed. Tehran, Iran. 2003.
٢٢ مباديء علم النفس. الدكتور صابر خليفه. دار أسامة للنشر و التوزيع، عمان، الاردن. ٢٠٠٣.

٢٣ مدخل علم النفس. لندا ل دافيدوف، ترجمة دكتور سيد الطواب، دكتور محمود عمر، دكتور نجيب خزام. دار ماكجروهيل للنشر، الولايات المتحدة الامريكية. الطبعة الرابعة. ١٩٨٣.
٢٤ علم النفس الإجتماعى. د. معتز سيد عبدالله، د. عبداللطيف محمد خليفه. دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة. ٢٠٠١.
٢٥ مدخل الى علم النفس. د.حكمت درو الحلو، د.زريمق خليفه العكروتى. المكتب المصرى لتوزيع المطبوعات. القاهرة. ٢٠٠٤.
٢٦ سايكۆلۆژیای ڕێنماییکردنی دەرونی. د. کەریم شەریف قەرەچەتانی. هەولێر. ٢٠٠٥.
٢٧ سایکۆلۆژیای گشتی. د. کەریم شەریف قەرەچەتانی. هەولێر. ٢٠٠٦.
٢٨ سەربردەی فەلسەفە، بەرگی یەکەم. ویڵ دیورانت. وەرگێڕانی تاریق کارێزی. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی. هەولێر. ٢٠٠٧.
٢٩ دیوانی گۆران. کۆکردنەوەی محمدی مەلا کەریم. چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق. بەغدا. ١٩٨٠.
٣٠ الحصيلة اللغوية. د.أحمد محمد المعتوق. سلسلة كتب عالم المعرفة. عدد (٢١٢). الكويت. ١٩٩٦.
31-Glossary of Linguistic terms. Mario Pei. New York. 1966.
32- An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages. David Crystal. USA. 1992.
٣٣ زمانەوانی. پرۆفیسۆر د. محمد معروف فتاح. هەولێر. ٢٠١١.
٣٤ فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن. بەشی دوەم. دکتۆر جەمال ڕەشید. هەولێر. ٢٠١٠.
٣٥ عەقلانیەت. نەجمەدین سمان. وەرگێڕانی چالاک سەلاح. گۆڤاری توێژینەوە. ژمارە (١). دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان. هەولێر. نیسانی ٢٠٠٥.

36-A Dictionary of Applied Linguistics. Dr. Muhammad Ali Al Khuli. Lebanon. 1986.

٣٧ زمانەوانی. بەرگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم. سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو. چاپخانەی منارە، هەولێر. ٢٠٠٩.

٣٨ زمانەوانی، کۆمەڵێک وتار. د. رەفیق شوانی. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی. هەولێر. ٢٠٠٩.

٣٩ زماننناسی و هەندێ بابەتی وماننناسیی کوردی. سەلام ناوخۆش. چاپی دوەم و زیادکراوە. هەولێر. ٢٠١٠.

40-An Introduction to Applied Linguistics. Norbert Schmitt. New York. 2002.

٤١ سيكولوجية اللغة والمرض العقلي. د. جمعة سيد يوسف. مجلة عالم المعرفة. العدد (١٤٥). الكويت. كانون الثاني،١٩٩٠.

٤٢ العلاج السلوكى الحديث، أسسه و تطبيقاته. محمد محروس الشناوي، محمد عبدالرحمن. دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع. القاهره، ١٩٩٨.

٤٣ تطور علم اللغة منذ ١٩٧٠م. جرهارد هلبش (Gerhard Helbig). ترجمة أ.د. سعيد حسن بحيري. القاهره. ٢٠٠٧.

٤٤ زمانەوانی و گشت ئەو لقانەی کە لەوەوە سەریان هەڵداوە. بەشی سێیەم و کۆتایی. پ.د.یوسف شەریف سەعید. گۆڤاری زمانناسی. ژمارە (٨ی ئاب،٩ی ئەیلول و ١٠ی تشرینی یەکەم). ڕێکخراوی زمانناسی. هەولێر. ٢٠١٠.

45-A Lexicon of Linguistic Terms. Abdelkader Fassi Fehri. Dar al Kitab al Jadid United Co. 2009.

46-Communicative Language Testing. Cyril, J. Weir. UK. 1990.

47-Language tests at school. Oller, J. W. Longman. London. 1979.

٤٨ اللسانيات الإجتماعية عند العرب. أ.د. هادي نهر. دار الامل للنشر والتوزيع، الاردن. ١٩٩٨.

٤٩ فلسفة اللغة. سيلفان أورو. ترجمة عبدالمجيد جحفة. دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان. ٢٠١٠

50- Linguistics. Crystal. Penguin Books. 1968.

٥١ محاضرات في علم النفس اللغوي، الطبعة الثانية. د. حنفي بن عيسى. الشركة الوطنية للنشر والتوزيع. الجزائر. ١٩٨٠.

٥٢ زمانەوانی، سەرەتایەک لە زمانەوانی بە کەرەسەی کوردی. محمد معروف فتاح. زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر. ١٩٨٧.

٥٣ مدخل الى علم اللغة. د. محمد حسن عبدالعزيز. دار النمر للطباعة، قاهرة. ١٩٨٣.

٥٤ فى نشأة اللغة، من إشارة اليد الى نطق الفم. مايكل كورباليس. ترجمة محمود ماجد عمر. سلسلة عالم المعرفه. العدد (٣٢٥). الكويت. مارس ٢٠٠٦.

٥٥ إكتساب اللغه. مارك ريش ل. ترجمة د. كمال بكداش. المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع. بيروت. لبنان. ١٩٨٤.

٥٦ نشأة اللغة عند الإنسان و الطفل. د.على عبدالواحد وافي. مكتبه غريب، القاهره. ١٩٧١.

٥٧ علم اللغة. د.على عبدالواحد وافى. دار نهضه مصر للطبع والنشر، القاهره. ١٩٧٢.

58-Kurdish-Korean-English Dictionary for Kurdish. Zaytun Division. 2005. Erbil.

٥٩ معرفة اللغة. جورج يول. ترجمه أ.د.محمود فراج عبدالحافظ. دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر. أسكندرية. ٢٠٠٠.

٦٠ في علم اللغة. د.عبدالصبور شاهين. الطبعة الثالثة. مؤسسة الرسالة. بيروت. ١٩٨٠.

٦١ اللغة بين العقل والمغامرة. د.مصطفى مندور. منشأة المعارف بالاسكندرية. ١٩٧٤.

٦٢ الالسنية (علم اللغة الحديث) المباديء والاعلام. د. ميشال زكريا. الطبعة الثانية. المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع. بيروت. لبنان. ١٩٨٣.

٦٣ سيكولوجية لغة الاطفال. صباح حنا هرمز. دار الشؤون الثقافية العامة. بغداد. ١٩٨٩.

64-Psychology and Language. An Introduction to Psycholinguistics. Clark, H. H. & Clark, E. V. New York. 1977.

٦٥ الاسس النفسية للتكامل الإجتماعي. د. مصطفى سويف. الطبعة الثالثة. دار المعارف. القاهرة. ١٩٧٠.

٦٦ علم نفس اللغة من منظور معرفي. أ.د. موفق الحمداني. دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة. عمان. الاردن. ٢٠٠٦.

٦٧ اللغات الاجنبية. تعليمها و تعلمها. د. نايف خرما، د.على حجاج. سلسلة عالم المعرفة. العدد (١٢٦). الكويت. حزيران ١٩٨٨.

68-Second Language Acquisition and Second Language Learning. Stephen D. Krashen. Prentice Hall International (UK) Ltd. 1988.

٦٩ زمانڤانییا کارەکی. شێرزاد سەبری عەلی. عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدولا. سپیرێز. دهۆک. ٢٠١١.

٧٠ إتجاهات البحث اللساني. ميلكا إفيتش. ترجمة سعد عبدالعزيز مصلوح. وفاء كامل فايد. المجلس الاعلى للثقافة. المشروع القومي للترجمة. الجزائر. ١٩٩٦.

٧١ پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی. پ.د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. چاپی سێیەم. پڕۆژەی هاوبەشی گۆڤاری زمانناسی و ناوەندی ئاوێر. هەولێر. ٢٠١٤.
٧٢ ویکیبیدیا. الإدراک الحسي. http://ar.wikipedia.org/....

٧٣ اللغه والحياة والطبيعة البشرية. بروفسور. روى. سى. هجمان. ترجمة د. داود حلمي أحمد السيد. الكويت. ١٩٨٩.
٧٤ زمانەوانیی دەروونی. پ.ی.د. عەبدولواحید موشیر دزەیی. هەولێر. ٢٠١٤.
٧٥ الكلام تحليله و إنتاجه. د. عبدالرحمن أيوب. الكويت. ١٩٨٤.
٧٦ اللغة و علم النفس. د. موفق الحمداني. مديرية دار الكتب و النشر جامعة الموصل. ١٩٨٢.
٧٧ أساسيات علم الكلام. د.جلوريا ج.بوردن، د.كاثرين س. هارس، د.لورانس ج. رافائيل. ترجمة د.محيى الدين حميدي. دار المدى للثقافة والنشر. بيروت. لبنان. ١٩٩٨.
78- Psycholinguistics. Thomas Scovel. Oxford University press. UK. 2009.

# زمانەوانیی ئەمەریکی یا زمانەوانیی جولەکە؟

## قسە لە سەر شوناسی مەعریفەی کەمایەتیی دینی و قەومی لە کۆمەڵگای فرەنەتەوەدا

**پ.ی.سەلام ناوخۆش**

**دەروازە**

مرۆ کاتێ بە تەنیشت سیاسەت و دوور لە دەمارگیری دینی و نەتەوەییەوە، بە دیدێکی زمانەوانی پەتی لە ڕەوشی زمانەوانی ئەمەریکی ورد دەبێتەوە، تووشی هێدمە دەبێت، چونکە زوو دەرک بەوە دەکات، کە زمانەوانیی ڕۆژئاوایی لەم کێشوەرە ونن، هەروەها تیۆرانین و جیهانبینی زمانەوانی ئەمەریکی لە بارەی زۆر چەمک و تێرمی زمانەوانی جیایە لە زمانەوانی ئەورووپی. لە لایەکی دیش، کە باس لە زمانەوانی بونیادگەری و گواستنەوەی ئەمەریکی دەکەی، دەبینی زۆربەی کەسایەتییە زمانەوانییەکان، لە ڕەگەزدا جولەکەن.

جولەکە لە مێژوودا هەر بێ شوناس و خاک بوونە. بە چەندین قۆناغ تێپەڕیون هەتا بە کۆمەڵگای ئەورووپی ئاشنا بوونە. موسەوی ٢٠١٠ لە ل٢٩ ی کتێبی History of the Jews دا دەڵێ: " لە سەردەمی ئیمانویلدا ١٤٩٥-١٥٢١ دا جوو لە پورتوگالەوە بەرەو فەرەنسا و ئیتالیا و ئینگلتەرە...کۆچیان کرد، ئەو جووانە بە جووی سەفێرادیم ناوزەد کران هەتا لە جووی ئەورووپی جیابکرێنەوە". ئەو کۆچبەرییە بەشێکی گرینگ لە ژیانی سیاسی جوو پێک دێنێت. جەواهیر لال نەهرۆ دەربارەی چەوساندنەوەی نەتەوەیەکی چەوساوە بوو بۆ نەتەوەیەکی دی،

دەبێژیت: " سەیرم بەوە دێت هەر نەتەوەیەکی پێشتر چەوساوە بووبێت، نەتەوەیەکی دی بچەوسێنێتەوە ".

جوو لەو هەموو کۆچبەرییەوە لە پێش میلادەوە تا کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەم، ڕەوشە سیاسی و ڕەوەندییەکە خەزێنە و ئەزموونێکی زۆریی زمانەوانی بۆ دروست کردوون، هەتا لە ئەمریکا ببنە پێشەنگ.

لە کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوە و فرە زمان و فرە کەلتووری وەک ئەمریکا، جولەکە وەک ڕەگەزێکی ئەتنیکی و دینی پێکهێنەری مەعریفەی زمانەوانی ئەمەریکین.

لەم نووسینەدا تیشک دەخەینە سەر زمانەوانی نوێی ئەمەریکی، چونکە ئەو جۆرە زمانەوانییە پێکهێنەری مەعریفەی زمانەوانیی ئەمەریکییە و ئەوە سەدەیەک زیاترە هەژموونی بە سەر ڕەوت و قوتابخانەی ئەمەریکییەوە هەیە، لەمەش زیاتر، زۆربەی زمانەوانە ڕۆژئاواییەکان قسە لەسەر ئەو حەوت زمانەوانە دەکەن.

**کۆمەڵگای فرە- کولتوور لە ئەمەریکادا**

کولتوور جیایی و زمان جیایی و نەتەوە جیایی بەشێکە لە مێژووی سروشتی کۆمەڵگا. زمان جیایی و نەتەوە جیایی دوو بوونی خوداییین، مرۆ دەستی لە بوونییان نییە، هەرچی کولتوورە جیاییە، بەرهەمێکی جیۆگرافیە، یا زادەی سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگایە. لە ڕووی ئیتنۆلۆژییەوە، نەتەوە بەرهەمی جیۆگرافی و سۆسیۆلۆژیایە، بۆیە زمانی هەر گروپە ئەتنکییەک، باوکە زمانێکی دووری هەیە، بۆ نموونە (گریم) باوەڕی وابوو، کە (زمانی سانسکریتی) پرۆتۆ –زمانیماڵباتە –زمانی هیندۆ ئەوروپییەکانە. "

ئەمەریکا وڵاتی نەتەوەیەکی دیارکراو نییە، بۆیە وشەی-nation نەتەوە لە کولتووری ئەمەریکادا نامۆیە، ئەوەی هەیە، وشەی-people گەل- ە، گەل کۆکەرەوەی هەموو زمان و کولتوورەکانە لە ئەمەریکا، بێ چەوساندنەوەی نەتەوەیەک بە سەر نەتەوەیەکی دی. ئەمەریکا لە سنووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەک فەرەنسا، باوەڕی بە چەمکی (نەتەوەی سەردەست) و (نەتەوەی ژێردەست) نییە، ئەوەی ئەمەریکا لە بەرایی و تا شەستەکانی سەدەی بیستەم

کاری له سه‌ر ده‌کرد، بریتی بوو له سڕینه‌وه‌ی شوناسی هیندییه ڕه‌سه‌نه‌کان و جیاوازی نێوان سپی و ڕه‌شه‌کان، وه‌ک بڵێی ئه‌مه‌ریکا وڵاتی سه‌روه‌ری سپی پێسته‌کانه، بۆیه وه‌ک که‌مالییه‌کانی تورکیا ئه‌وه‌نده باوه‌ڕیان به هه‌بوونی کورد له تورکیای نوێ هه‌بوو، که نۆکه‌ر بێ، زۆربه‌ی سپی پێسته‌کانی ئه‌مه‌ریکا وا بیریان ده‌کرده‌وه که ڕه‌ش پێسته‌کان له هه‌موو مافێک بێبه‌ری بکرێن!

له نێو ئه‌و فره کولتوورییه‌دا، له ١٩١١ هه‌تا ١٩٣٣ زمانه‌وانی ئه‌مه‌ریکی له نێو کولتوور و زماندا، ده‌هات و ده‌چوو.

## که‌سه دیاره‌کانی زمانه‌وانی ئه‌مه‌ریکی 1911 - 1933

ده‌رباره‌ی هه‌ژموونی کولتوور له ناو زماندا یان به پێچه‌وانه‌وه، زمان له نێو کولتووردا. له‌و قۆناغه‌دا، سێ فیگه‌ر له‌و حه‌وت فیگه‌ره که حزووری هه‌یه و پێکهێنه‌ری ئه‌و ڕه‌وته زمان و کولتوورییه‌ن.

له‌م نووسینه‌دا ئاماژه به به‌شداری کولتووریی ئه‌و سێ که‌سه له مه‌عریفه‌ی زمانه‌وانی ئه‌مه‌ریکی، ده‌که‌ین:

**یه‌که‌م: فرانز بۆواس**

بۆواس زانایه‌کی ئه‌لمانی په‌نابه‌ری ئه‌مه‌ریکی بوو. ئه‌و وه‌ک باوکی زمانه‌وانی وه‌سپی بوو له ئه‌مه‌ریکادا، چونکه زمانه‌وانی نوێ له سه‌ر ده‌ستی ئه‌و، ده‌ستی پێ کرد. ئه‌و وه‌ک ئه‌نترۆپۆلۆژییه‌ک له کولتووره‌وه، کولتووری هیندییه‌کانی باکووری ڕۆژئاوای زه‌ریای هێمن، ده‌ستی پێ کرد، چونکه بواری مرۆناس –ئه‌نترۆپۆلۆژی هێنده‌ی گرینگی به کولتوور ده‌دا، هێنده گرینگی به زمان نه‌ده‌دا. له ئه‌نجامی توێژینه‌وه، بۆواس گه‌یشته شتێکی پێچه‌وانه، وای لێ هات بڵێت: " بۆ ئه‌وه‌ی له کولتووری میلله‌تێک بگه‌ی، پێویسته له زمانی ئه‌و نه‌ته‌وه‌یه بگه‌ی" هه‌ر له سه‌ر ئه‌و بنه‌مایه‌ش، بۆواس له کولتووره‌وه ڕووی کرده زمان، تا له کولتووری ئه‌و هیندییانه بگات. به‌شدارییه زمانه‌وانییه‌کانی بۆواس، بریتین له:

١- ئه‌و بۆچوونێکی نوێی هێنایه ناو شیکاری زمان به‌بێ سه‌پاندنی مۆدێلێکی زمانه‌وانی به سه‌ر زمانی هیندییه‌کان.

٢- ئەو باوەڕی وا بوو کە هەر زمانێک ئەدگاری خۆی هەیە، فۆنەتیکی جیا، سیستەمی ڕێزمانی.

٣- باوەڕە کولتووری و زمانەوانییەکانی لە کتێبی
" Handbook of American Indian language ڕێبەری زمانە هیندییە ئەمەریکییەکان" خستەڕوو.

٤- وانە وتنەوەی لە زانکۆ دەربارەی فەلسەفەی کولتووری و پێکهاتەی زمانەکانی تر، گەورەترین بەشداری بۆواس بوون. ئەو مامۆستای ساپیر و ۆرف بوو.

دووەم: **ئیدوارد ساپیر** ١٨٨٤- ١٩٣٩

هەرچەندە بۆواس مامۆستای ئیدوارد ساپیر بوو، بەڵام نیو هێندەی ئیدوارد ساپیر لە نێو کورددا، ناسراو نییە. کەواتە ئیدوارد ساپیر کێیە ؟

ئیدوارد ساپیر ئەویش توێژەرێکی جوولەکەی ئەڵمانی بوو. ساپیر وەک زمانەوان لە ئەمەریکا دەستی پێ کرد. ئەویش وەک مامۆستاکەی شرۆڤەکاری کولتووری بوو، کەواتە کولتوور بە تایبەتی کولتووری هیندییە سوورەکان بەشێک لە زمانەوانی ساپیری پێک دەهێنا. بوارە کولتوورییەکەی ساپیر لە بۆواس فراوانتر بوو، بۆیە جگە لە زمانی کولتووری هیندییە سوورەکان، کاری لە سەر زمانی چینی و ئەفریقیش کرد، بۆیە توێژینەوەکەی لەسەر زمانی هەر سێ کولتوور بوو .

بەشدارییەکانی ساپیر لە بواری زماندا بریتین لە:

بیرۆکە زمانەوانییەکانی لە زانکۆکانی ئەمەریکا، بە قوتابییەکان دەوتەوە، زۆربەی حزووری ئەو لە بواری زماندا، وانە وتنەوەکانیەتی لە بارەی زمانەوە.

کتێبی زمان -١٩٢١ یەکەم کتێبی زمانەوانییە لە ئەمەریکادا. ئەو کتێبە شرۆڤەی زمان دەکات هەروەها ئەو کتێبە هێشتا تەرجومەی کوردی نەکراوە، کەچی زۆر ڕۆمان و دراما و هەتا شیعری ئینگلیزی لە زمانی یەکەم وەرگێردراون. ئەمەش یەک شت دەگەیەنێت، کە بیرۆکەی زمانەوانی کتێبەکە زۆر قورسترە لە ژانرە ئەدەبییەکان. لەم کتێبەدا، ساپیر بە دیدێکی نوێ دەڕوانێتە زمان، بۆیە لە پێناسەی زماندا، لە ل١٧ دا دەڵێت: " زمان بە تەنها مرۆ زادە و میتۆدێکی نا-غەریزی (نا-

سەلیقەیی) پەیوەندیکردنی ئەندێشەکان، سۆزەکان و ویستەکانە، کە بە هۆی سیستەمی خۆویستی هێماکان بەرهەم دێت."

## هزر و زمان یا زمان و هزر

هزر پێش زمانە ؟ یان زمان پێش هزرە؟ ساپیر لەگەڵ لی ۆرفی قوتابی لە گریمانی ساپیر – ۆرفدا، باوەڕی وا بوو کە زۆری لێکسیکۆن لە هەر زمانێکدا، کاریگەری هەیە لەسەر مەودای بیرکردنەوەی کۆمەڵگەیەک. لە کۆتاییدا، ساپیر گەیشتە ئەو قەناعەتە، کە هزر حزووری هەبێت، بێ ئامادەبوونی زمان لە پرۆسەکە. لە پرسی زمان و هزردا، ساپیر هەمان شتی دی سۆسێری لە بارەی زمانەوانی و ئاماژەناسی دووبارە کردەوە. کەواتە چۆن (ئاماژە) لە (زمانەوانی) لاوەکییە، بە هەمان شێوەش (هزر) لە زماندا، (لاوەکییە).

لای دی سۆسێر زمان سیستەم بوو، لای ساپیریش زمان گۆڕانی بەسەردا دێت و لە پێکهاتەی خۆی لا دەدات.

## ٣- بنیامین لی ۆرف١٨٩٧-١٩٤١

ۆرف لە قوتابییە باش و ناسراوەکانی ساپیر بوو. سەرەتا دوور بوو لە بواری زماندا. هەر کە لە زمان نزیک بووەوە، ژمارەیەک توێژینەوەی لەبارەی زمانە ڕەسەنەکانی ئەمەریکا و کەنەدا، ئەنجام دا، ۆرف ئارگومێنتێکی کولتووری داهێنا، بەوەی " پێکهاتەی زمان، بڕیار لە شێوەی وەرگرتن و بیرکردنەوەمان دەدات، بۆ نموونە خەڵکی ئەسکیمۆ ژمارەیەکی زۆر لە لێکسکۆنیان هەیە دەربارەی (بەفر)، کەواتە جیهانبینی خەڵکی ئەسکیمۆ لەگەڵ جیهانبینی ئینگلیزی جودایە." هەروەها، ۆرف نموونە بە زمانی (ناڤاهای ئەریزۆن) دەهێنێتەوە، کە لێکسیکۆنی زۆری دەربارەی ئەندازە هەیە، کەواتە کەسی ئاڤاهی بە شێوەی جیاواز لە گەلانی دی، جیهان دەبینن.

ئەم دیاردە لە زمانەوانیدا پێی دەوترێت "دیتێرمینیزم" هەروەها ۆرف لەگەڵ مامۆستاکەی بیرۆکەی " ڕێژەیی " relativity– لە زماندا داهێنا. بیرۆکەی ڕێژەیی لە زماندا بریتییە لەوەی لە زمانێکدا هەیە، لە زمانێکی تر نییە.
ۆرف هاوچەرخی بلومفیلد بووە، بە واتای ئاگاداری خەم و جیهانبینی بلۆمفیلد لە بارەی زمانەوە بوو.
بە مردنی ئیدوارد ساپیر و ۆرف و فرانس بۆواس، بیرۆکەی " توێژینەوە لە کولتوور " تەواو کاڵ بووووەوە، هەتا لە قۆناغی دووەمی ژیانی لۆنارد بلومفیلد، کولتوور بە تەواوی لە توێژینەوەی زمانەوانی کۆتایی پێ هات.

**ڕێژەیی زمانەوانی یا پەیوەندی نێوان هزر و زمان**

دی سۆسێر لە سەرەتای سەدەی بیستدا گەورەترین شۆرشی لە زمانەوانی بەرپا کرد، چونکە ڕەوتی زمانەوانی لە ڕواڵەتییەت ڕزگار کرد، بە دڵنیاییەوە لە خودی زمانی کۆڵییەوە، نەک شتەکانی دەرەوەی زمان.
ئەوە بوو بۆ یەکەم جار لە ئەوروپا وتی زمان سیستەمە، هەموو ڕەگەزەکانی ناو زمان وەک داشەکانی شەترەنج پەیوەستن بە یەکەوە، بۆیە لە ئەوروپا، بە باوکی زمانەوانی ناویان دەبرد.
لە پاش ئەو داهێنانە لە بواری زمانەوانیدا، بیروڕاکانی دی سۆسێر بە لای کەمەوە بووە هۆی دەرکەوتنی چوار قوتابخانەی زمانەوانی:

1. قوتابخانەی زمانەوانی پراگ ١٩٢٦-١٩٣٨.
2. قوتابخانەی زمانەوانی لەندەن.
3. قوتابخانەی زمانەوانی کۆپێنهاگن.
4. قوتابخانەی بونیاتگەری ئەمەریکی.

پاش ئەوەی باسمان لەوە کرد، کە سێ کەسی بەرایی، زمانەوانییان لە نێو کولتوور دۆزیەوە، چوار کەسەکەی تر دەوری سەرەکییان بینی لە بونیاتگەری ئەمەریکی و زمانەوانی گواستنەوە و بەرهەمهێنان:

**زمانەوانیی ڕێژەیی بەرهەمی هۆشەکی ئیدوارد ساپیر و ۆرف بوو؟**

پرسی پەیوەندی دایەلێکتی هزر و پێکهاتەی زمان، زۆر مرۆناس و زمانەوانی سەراسیمە کردووە: لەم هاوکێشەیەدا " زمان " بکەرە و " هزر " بەرکار " یان بە پێچەوانەوە؟ ڕیچارد هۆرسێی ٢٠٠٢ لە ل ٧٦دا باس لەوە دەکات کە ئیدوارد ساپیری مرۆناس ١٨٨٤-١٩٣٩و زمانەوان لەگەڵ بێنیامین لی وۆرف – زمانەوان ١٨٩٧-١٩٤١ تیۆرێکیان دارشت بە ناوی گریمانی ساپیر –وۆرف. لەو تیۆرەدا گریمانی ئەوە دەکەن، کە جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤ پەیوەستە بە زمانی مرۆڤەکەوە، ئەو تیۆرە بێجگە لەو ناوەی سەرەوە بە زمانەوانی تەسمیمی یان (زمانەوانی ڕێژەیی) ناوزەد دەکرێت. ئەو دوو پرەنسیپەی کۆتایی (بڕیاڕی زمانەوانی و زمانەوانی ڕێژەیی) گریمانە زمانەوانییەکەی ساپیر- وۆرف پێک دەهێنن، لەو بارەیەوە دەیڤید کریستال ١٩٩٣ لە ل٣٤٢ کتێبی ئینسکلۆپیدیای زمان و زمانەکاندا ئاوا لێیان دەدوێت: " زمان بڕیار لە سەر جۆری بیرکردنەوە دەدات، دووەمیش ئەو دیاردەی لە زمانێک بوونی هەیە، لە زمانێکی تر نییە."

ئۆکسفۆردی ئینگلیزی –ئینگلیزی لە لاپەڕە ١٢٨٦ باسی دوو جۆری چەمکی ڕێژەیی دەرەوەی زمانەوانی دەکات: یەکەم، کە لە ڕوانگەی ڕیلەتیڤیزم– Relativism، ئەو باوەڕەیە کە" ڕاستی" هەردەم و بەگشتی ڕاست و دروست نییە، واتە ڕاستی موتڵەق نییە، بەڵکو (ڕاستی) شتێکە پەیوەندی بە شتێکی ترەوە، قەزاوەتی لێ دەکرێت. دووەم، ڕێژەیی جووڵەی گەردوونی، تیۆرەکەی ئەنشتاین لە فیزیادا دەڵێت: " بوونەوەر- گەردوون لە سەر ئەو پرەنسیپ دامەزراوە کە هەموو جووڵەکان لە بوونەوەردا ڕێژەیین و (کات) ڕەهەندی چوارەمە سەبارەت بە (بۆشایی)ەوە".

**ڕیلەتیڤیزم و دیتێرمینیزم لە گریمانی ساپیر- وۆرف دا**

ڕێژەیی بوونی هەندێ لێکسیکۆن لە زمانی ئەسکیمۆدا، پاڵی بە ساپیر و وۆرفەوە نا، بیر لەوە بکەنەوە کە بوونی ئەو هەموو لێکسیکۆنە لە زمانێکدا، وەک بوونی لێکسیۆنی زۆر دەربارەی (بەفر) لە زمانی ئەسکیمۆدا وای کردووە جیاواز بن لە نەتەوەی دی دەربارەی گەردوون! حەیدەر عەبدڵلا لە فەرهەنگەکەیدا، لە بارەی

جیاکاریی لێکسیکۆنی عەرەبی لە هەندێ بواردا دەنووسێت:" لە عەرەبیدا وشەیەکی زۆر دەربارەی (شێر) هەیە"، بەڵام بوونی ئەو هەموو لێکسیکۆنە لە زمانی عەرەبی، جیهانبینی عەرەبی دروست کرد؟ بەڵام لە ڕاستیدا، هەبوونی ئەو هەموو (هاوواتا)یە دەربارەی بەفر و شێر، کاری لە بیرکردنەوەی ئەسکیمۆ و عەرەب نەکردووە، کەواتە مەرج نییە وشە زۆری دەربارەی شتێک، تەواو کار لە بیرکردنەوەی تاکەکان بکات.

لە لایەکی دی، ساپیر و ۆرف لەو گریمانەیەدا گریمانی ئەوە دەکەن کە ئەوەی لە زمانێکدا هەیە، لە زمانێکی تر نییە. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا ڕستەی ناوی هەیە، کەچی لە (زۆربەی) زمانە هیندۆ- ئەورووپییەکان نییە. لە زمانی کوردیش، لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا، وەک زمانی عەرەبی وایە ڕستەی ناوی هەیە، وەک:

- من مامۆستام.
- ئازاد مامۆستایە.
- تۆ مامۆستای.

ئەو (هەبوون) و (نەبوون) ەی دیاردە زمانەوانییانە، ڕیلەتیڤیزم – ڕێژەیی دەگەیەنن، بەڵام پلەبەندی زمانەکان دروست ناکەن. بە ڕای من ئەوەی جیکاریی زمانی دروست دەکات، هەژموونی سیاسی و بەشداریی دینی و شارستانییە. بۆ نموونە زمانی عەرەبی پێش ئەوەی قورئان دابەزێت لە کۆمەڵگایەکی نەخوێندەواری لە تاو کۆتایی تەمەنی گینگڵی دەدا، بەڵام هەژموونی سیاسی و تەبشیریی ئیسلام (گەیاندنی بە نەتەوەکانی تر) و بەشداریی شارستانی قورئان، هەم زمانی عەرەبی زیندوو کردەوە وە هەم جیهانبینی عەرەبی زۆر فراوانتر کرد، بە جۆرێک لە کولتووری مردوو (بۆ نموونە پەرستنی بەرد) ڕزگاری ببێت و بەرەو خوداپەرستی لە جەرگەی سەدەی حەوتەم هەنگاو بنێت.

**بونیادگەری ئەمەریکی ١٩٣٣-١٩٥٧**

قۆناغی دووەم، دوای بڕینی قۆناغی کولتوور و هزر لە نێو زماندا، قۆناغی خوردکردنەوەی لێکسیۆنەکانی زمان بوو. لەو قۆناغەدا، بابای زمانەوان دەرک بە

بوونی پرەنسیپ بنەڕەتییەکانی دی سۆسێری ئەوروپی لە ئەمەریکا دەکات. لیۆنارد بلۆمفیلد، لە قۆناغی دووەمی تەمەنی زمانەوانیدا، قۆناغی هەژموونی کولتووری لە زمان دابڕی و ڕووی کردە پێکهاتەی خودی زمان، هەتا سەرەتایەکی بونیادگەری ئەمەریکی بەرهەم بێنێت:

**لیۆنارد بلومفیلد ١٨٨٧-١٩٤٩**

لیۆنارد بلومفیلد لە ساڵی ١٨٨٧ لە دایک بووە، سەرەتا وەک سێ کەسەکەی بەرایی، ڕەوشی زمانی هەر لە نێو کولتوور دەبینی. هەر لەو ڕوانگەوە لە زمانی دەڕوانی، هەتا زمانەوانی وەسفی لە ئەمەریکا دروست کرد. بلۆمفیلد باوەڕی وابوو کە زمانی نەنووسراو لای نەتەوەی ڕێزمان نەنووسراوە. زانیاری گوازەر-informantلای بلومفیلد بوون، نەک زمانی ئەدەبی باڵا. ئەمەش خاڵی جیاوازی زمانەوانی ئەوروپی و زمانەوانی ئەمەریکی بوو. جیفری فینچ ٢٠٠٠ لە ل٨ ی کتێبی Linguistic Terms and Concepts لە بارەی بەرایی کاری بلومفیلد دەنووسێت:" بۆچوونەکەی بلومفیلد زۆر وەصفی بوو، تا ڕادەیەک نزیک بوو لە بونیاتگەری سۆسێر، هەر ڕستەیەک لە سەر بنیاتی پێکهێنەری بەرایی شرۆڤەدەکرێ تا دەگاتە پێکهێنەری کۆتایی. کەواتە ڕستە وەک هەرەمی پێکهێنەری تێکچرژاو وایە " لە ل٩ دا فینچ دەربارەی ئاکامی ئەو هەرەمە شرۆڤەکاریە دەنووسێت: " شتی گرینگ بۆ زمانەوان بریتیە لە دۆزینەوەی یەکە زمانەوانییەکان یا پێکهێنەرەکانی زمان ئەمەش تەنیا بە پرۆسەی ئیجرائاتی دۆزینەوە– Discovery Procedures. دەبێت. ئەو ئیجرائاتە بریتییە لە کۆمەڵە پرەنسیپێک کە (ڕیزبەندی) و (دابەشکردن) و (لەجیاتی دانانی وشەکان) لە خۆ دەگرێت".

لە لایەکی دی، بلومفیلد لە پەیوەندی زمان و هزری کۆڵییەوە، بەوە گەیشت کە ئەو تێڕوانینەی ئیدوارد ساپیر و بنیامین وۆرف ڕەت بکاتەوە کە دەڵێن: "پێکهاتەی زمان ڕەنگدانەوەی پێکهاتە هزرە، بەڵکو وتی پێکهاتەی زمانەوانی ئەو کاتە دەتوانرێ بڕیاری لە سەر بدرێت کە پشت ئەستور بێت بە شرۆڤەکارێکی هێمنانەی زمانی ئاخاوتن، ڕیچارد هۆرسێی ٢٠٠١، ل١٦."، کۆکردنەوەی داتای

زمانی هیندییە سوورەکان، کە ڕێزمانێکی نەنووسراویان هەبوو، کێشە نەبوو، چونکە بلومفیلد و یاوەرانی تەنیا جەختیان لە سەر زمانی ئاخاوتنی هیندییەکان دەکرد.

بلومفیلد موعجیب بوو بە هەوڵی ڕێزماننووسە لاوەکانی ئەورووپا، کە هەوڵ و پێکۆڵیان دەکرد بۆ دۆزینەوەی باپیرە زمانی هیندۆئەورووپیەکان، ئەویش هەوڵی دا باپیرە زمانی هیندییەکانی ئەمەریکا بدۆزێتەوە.

بەشی یەکەمی ژیانی زمانەوانی بلومفیلد شتێکی ئەوتۆی لەگەڵ فرانس بۆواس و ئیدوارد ساپیر و ۆرف جودا نەبوو، ئەویش وەک ئەوان لە کولتووری هیندییەکانەوە، هەوڵی دا لە زمان نزیک بێتەوە. ئەو، وەک بینیمان، هەندێ بنەمای توندی وەسفی دارشت، هەر بەو بنەمایانە ویستی لە هەرەمی وشەکانی زمان بکۆڵێتەوە. بلومفیلد لەو وەسفە زمانییەدا بەوە گەیشت کە زمان پێکهاتە و چەند یەکەیەکی زمانەوانی دەوری پێکهاتەسازی و دابەشبوون دەگێڕن. ئەو دیتنەی بلومفیلد هەم بەشی دووەمی ژیانی زمانەوانی پێک دەهێنێت هەم لایەکی ڕوئیا بونیادگەرییەکەی پێک دەهێنا، لایەکەی تری تیۆری ڕەفتارسازی بوو. ڕیچارد هۆرسێی لە هەمان لاپەڕەی سەرەوەدا، دەنووسێت:" بلومفیلد تەواو لە ژێر هەژموونی رەفتارسازیدا بوو، ئەو باوەڕی بە ئەندێشە هۆشەکییەکان نەبوو، بەڵکو هەوڵی دەدا تەنیا ئاماژە بە رەفتارە کۆنکریتەکان لە شرۆڤەکانیدا بکات".

کتێبی زمان -١٩٣٣ بووە مانیفێستی زمانەوانی لە ئەمەریکا بە تایبەتی لە سییەکان هەتا بەرەو کۆتایی پەنجاکان.

هەردوو لاکەی زمانەوانییەکەی، وەسفی و نا- هۆشەکییەکەی، بوونە هۆی سەرهەڵدانی" زمانەوانییە پێکهێنەرەکەی" نۆوام چۆمسکی.

زمانەوانییەکەی بلومفیلد دوو ڕەخنەی سەرەکی لە خۆ دەگرێت: واتا یا واتاسازی، دژوارە شرۆڤەی واتای پێکهێنەرەکان بکەی. بلومفیلد دەیووت: " مانا لە دەرەوەی زمانەوانییە." دووەم، بلومفیلد باوەڕی وابوو وەسفکردن بە تەنیا بەسە بۆ گەیشتن بە یاساکانی زمان.

**چارلز سی فرایز**

چارلز فرایز هاوچەرخی بلومفیلد بوو. ئەو لە ئەمەریکا بە پۆست- بلومفیلدی ناسراوە. لە تیۆرانینە زمانییەکانیدا دیارە هەم لایەنگر و ڕەخنەگری بونیاتگەری بلومفیلد بووە. بەشدارییە زمانەوانییەکانی فرایز، دەتوانین لە دوو خاڵدا کورت بکەینەوە:

ئەو دژی بیرۆکەی تیۆرەزیکردنی سەر کورسی بووە لە بارەی زمانەوە. لێرەدا ئەو دژی هەوڵی ڕێزماننووسە لاوەکان بوو، چونکە بە بێ گەڕانی گۆڕەپانی چەند پێچوون و جیاوازیەکیان لە بارەی زمانێکی کۆن و زمانێکی نوێ تیۆرۆزە دەکرد. ئەوان زیاتر کاریان لە سەر ڕێزمانی نووسراو دەکرد، هەرچی کەسێکی وەک بلومفیلد بوو، کاری لە سەر زمانی ئاخاوتن دەکردەوە، بۆیە زانیاری پێدەرەکانی، خەڵکی ڕەسەنی زمانەکە بوون. بەوە، فرایز پشتگیری لە بۆچوونەکانی بلۆمفیلد، دەکرد. ئەو دەیویست زمانەوانی لە سەر داتای کۆنکریتی بێ، نەک زانیاری ئەندێشەیی.

ئەو باوەڕی وابوو، زمانەوانە بەراییەکان هیچ بایەخیان بە (واتا) نەداوە، هەتا بلومفیلد باوەڕی وابووە " واتا، بوونێکە لە دەرەوەی زمانەوانی" ئەو بە پێچەوانەی بلومفیلد، باوەڕی وابوو کە واتای پێکهێنەرەکانی زمان گرینگە، تەنانەت واتا لە فۆنۆلۆجیش دایە، نەک هەر تەنیا خودی زمان.

کەواتە ڕەوتی پۆست –بنیادگەری لە ئەمەریکا لە زۆربەی ئایدیا زمانەوانییەکانی نێو کتێبی بلومفیلد، زمان -١٩٣٣، پاشگەز نەبوونەوە، بەڵکو ڕەوتێکی زمانەوانی ڕیفۆرمیان لە ئەمەریکا بەرپا کرد.

**زەلیگ هاریس ١٩٠٩-١٩٩٢، مامۆستای چۆمسکی**

زۆر جیاوازی لە نێوان زمانناسی ئەوروپی و زمانناسی ئەمەریکیدا هەن، کە شوناسی جودا بە هەردوو ڕەوت دەبەخشن، گەورەترین جیاوازی بونیادگەری ئەمەریکی ئەوەیە، کە بونیادگەری ئەمەریکی هیچ گرینگی بە واتای وشە و ئەرکەکانی وشە و ئاخاوتن، نەدەدا، بەڵکو تەنیا جەختیان لە سەر شەکڵی زمانەوانی دەکردەوە.

فرایز و هاریس به جیا وەک دوو نیمچه نەیاری بلومفیلد دەرکەوتن، دەرکەوتنی باوەڕە زمانەوانییەکانی ئەو دوو زمانەوانە، ڕێخۆشکەر بوون بۆ زۆرێک له ڕەخنەکانی چۆمسکی له بلومفیلد.

هاریس وەک ۆرف سەرەتا دوور بوو له بواری زمانەوانی، زیاتر خەریک بوو به سامیگەری و زمانی عیبری(زمانی جولەکە) ئەو دووه به سیاسەتەوه، به تایبەتی به پرسەکانی جولەکەی دەبەستەوه.

له لای دووەمی ژیانیدا، ژیانی زمانەوانی، ئەو زوو به هۆی کتێبی Structural linguistics – زمانەوانی پێکهاتەیی هەروەها شرۆڤەکاری ئاخاوتن– Discourse Analysis هەروەها دۆزینەوەی پێکهاتەی گواستنەوه له زماندا، دەرکەوت.

هاریس، به چاوێکی ڕێزئامێز تەماشای ڕەوتی زمانەوانی له ئەمەریکا دەکرد، ویکیپیدیا دەربارەی ئەو ئیعجابه به ساپیر و بلومفیلد دەنووسێت: " هاریس له نووسینه بەراییەکانیدا، زۆر له ژێر کاریگەری ئیدوارد ساپیردا بوو، هەتا خۆی به میراتگری ڕۆناکبیری ئەو دادەنا. هەروەها شەیدای کتێبی زمان- ی بلومفیلد و کەسی بلومفیلد بوو". قسەکردن له سەر بیرۆکەی گواستنەوه له زماندا هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ڕسته بۆ پێکهێنەرەکانی، دیاردەیەکی دی زمانەوانی بوو، که چۆمسکی وەک قوتابییەک له مامۆستاکەی وەریگرتن.

بۆ نموونه ڕستەی خوارەوه بۆ ڕستەی بچووکتر و بچووکتر کورت دەکاتەوه، بەوەی هەموو پری –مۆدیفایەر و پۆست- مۆدیفایەرەکان (وشه وەسفییەکان) له ڕستەدا دەقرتێنی:

The attitudes (that) (people) (in power) (express) are for (public) effect.

ئەم دیتنه بنەمای دەرکەوتنی ئیکۆنۆمی له زماندا بوو، چونکه لەو پرۆسه زمانەوانییەدا، چەند وشەیەکی زێده له یەکەم هەنگاودا، دەقرتێندرێت، وەک:

Attitudes that people express are for effect.

بەڵام هێشتا ڕستەکه هەڵگری چەند وشەیەکی زێدەیه وەک (that people express)، بۆیه له هەنگاوی دووەمدا، له ڕستەکەدا تەنیا سەرەبابەتەکان دەمینن:

-.Attitudes are for effect هەڵوێستەکان بۆ کاریگەری نواندنن"

ئەو بیرۆکەی هاریس لە نێو قوتابییەکاندا بە سەیر و پەڕگیر ناوزەد کرا، بەڵام زۆر کاریگەری لە سەر چۆمسکی بەجێهێشت.

**چۆمسکی، زمانەوانی بەرهەمهێن**

چۆمسکی لای زۆرێک لە زمانناسان بە هەڵگیرسێنەری شۆڕشی زمانەوانی لە ئەمەریکا دادەنرێت، بە تایبەتی دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی پێکهاتە سینتاکسییەکان لە ساڵی ١٩٥٧. زمانەوانی چۆمسکی لە سەرەتادا لەوانی تر تەواو جیابوو، میتۆدەکەی لە سەر ڕەخنەگرتن لە بونیادگەری بلومفیلد دامەزرا بوو.

نۆوام چۆمسکی کۆمەڵێک ژێدەری مەعریفی و زمانەوانی لە ژێر دەست بوو، لە هەمووی کۆنتر شیکاری بازنەی زمانەوانی پۆرت رۆیال بوو، هەروەها لە ڕێگای باوکییەوە خودان مەعریفەیەکی ئیسلامی بوو، زێلیگ هاریس هەم مامۆستای بوو، هەم ڕێپیشاندەری زمانەوانی بوو، ئەو هەمووە بیرۆکەیەکی لا گەڵاڵە کرد، کە بە توندی ڕەخنە لە بونیادگەری ئەمەریکی بگرێت. پاش مردنی بلومفیلد، چۆمسکی تەمەنی ٢١ ساڵ بوو هەروەها لە کاتی نووسینی کتێبی (پێکهاتە سینتاکسییەکان) تەمەنی ٢٩ ساڵ بوو. لەم کتێبە نۆبەرەیەدا، چۆمسکی لاو ئیعلانی شۆرشێکی زمانەوانی لە ئەمەریکا کرد. لەم کتێبەدا چەند بیرۆکەی کۆن و نوێ بەرچاو دەکەون وەک:

١- یاساکانی پێکهاتەی فرێیزی

٢- ڕوئیای بەرهەمهێنی ناسراو بە ڕێزمانی بەرهەمهێن،

٣- ڕێزمانیبوون،

٤- یونیڤێرساڵیتی،

٥- سایکۆلۆژی هۆشەکی،

٦- ڕەوشی مانا

چۆمسکی باوەڕی وایە کە لە چەند یاسایەکی سنووردارا، دەتوانین ژمارەیەکی بێ کۆتا لە ڕستە بەرهەم بێنین. ئەم بیرۆکەیە گوزارشت لە ئیکۆنۆمی لە زمان دەکات هەروەها تەوزیفکردنی زیاتری بیرۆکەکانی زێلیگ هاریسی ئەمەریکی بوو. یاساکانی وەک:

١- ڕ.... ف ن + ف ک (ڕسته: فرێیزی ناوی فرێیزی کرداری، )
٢- ف ن....د +ن (فرێیزی ناوی: دیارخەر + ناو)،
٣- ف ک...ک +ف ن (فرێیزی کرداری: کردار + فرێیزی ناوی) هتد
ژمارەیەکی بێ کۆتا لە ڕستەی ڕێزمانیی پێک دەهێنن. ئەو ڕستانەی ڕێزمانی بەرهەمهێن بەرهەمی دەهێنن، ڕستەی ئەرێی و خاوەن پێکهاتەی قووڵن، بە واتای واتادارن. واتاداریش هەر ئەو کاتە دروست نابێت، کە لێکسیکۆنەکەکانی ڕستەکە پابەندی یاساکانی پێکهاتەی زمانەکە بن، بەڵکو دوو ئەدگاریان هەبێت:
أ. لێکسیۆنەکە واتادار بێت.
ب. لێکسیۆنەکە پابەندی ڕیزبەندی زمانەکە بێت.
لەو هەمووە دەردەکەوێت، کە تەنیا فاکتەر و پێکهاتەی سینتاکسی بەس نییە بۆ پێوەری ڕێزمانیبوون، بەڵکو فاکتەر و پێکهاتەی سیمانتیکیش لایەکی دی ڕێزمانبوون دەگەیەنێت.
لە لایەکی دیش، سەلیقەی زمانەوانی کە دەرهاوێشتەی کولتووری نەتەوەیە، حاڵەتێکی سەرووی ڕێزمانبوون دەگەیەنێت، ئەویش مەقبوڵبوونی ڕستەیە لای تاکەکانی نەتەوە. بۆ نموونە خوێندەوار و نەخوێندەوار دەرک بە نا- ڕێزمانیبوون و نا- مەقبووڵبوونی ئەم ڕستانەی خوارەوە دەکەن:
١- ئازاد چوو بازاڕ.
٢- کچە قەیرەکە دوو منداڵی هەیە.
هەمان حاڵەت لە زمانی دیش هەیە، ئایچسین لە کتێبی Teach yourself Linguistics دا، نموونەیەکی هاوشێوەی ئەوانە لە زمانی ئینگلیزیدا دەهێنێتەوە:
My brother is a spinster.
واتا، کە لە زمانەوانی بونیادگەری غائیب بوو، لای چۆمسکی لە ڕێزمانی یەکەمیدا لە پێکهاتەی قووڵ deep structure– بوو. پرسی واتا و جێی واتا لای چۆمسکی لەرزۆک بوو، بۆیە ڕەوتێک لە زمانەوانییەکەی چۆمسکی جیابوونەوە و کاریان لە سەر " واتاسازی بەرهەمهێن Generative Semantics – کرد.

چۆن زوبان – لسان لە مرۆڤدا گشتیە بە هەمان شێوەش، زمانیش language– گشتیە، چونکە هەموو زمانەکان هەڵگری (ناو) و (کردار)ن، هەر بەو دووەش ڕستە دروست دەبێت.

**بەراوردێکی خێرای ڕەوەندی کورد بە ڕەوەندی جووەوە**

**عەلمانیەتی کوردی یا سەدەیەک دواکەوتن؟**

هەردوو ڕیفۆرمی دانتی لە چەرخی دوازدە و مارتن لوثەر لە پازدەدا مۆرکێکی قەومی هەبوو. دانتی داوای زمانی ئیتالی دەکرد، هەروەها یەکێک لە دروشمەکانی ڕیفۆرمی مارتن لوثەر لە ئەوروپا، دروستکردنی شوناسی دینی و قەومی ئەڵمانیا بووە، چونکە تا ئەوسا ئینجیل لە لاتینییەوە نەکرابووە ئەڵمانی. ئەو دوو ڕیفۆرمە شۆڕشی فەرەنسی دروست کرد. شۆڕشی فەرەنسیش، شوناسی نەتەوەیی دروست کرد.

حەمید مەتبەعی لە زاری مەسعود محەمەدەوە دەگوێزێتەوە، کە پروشکی شۆرشی فەرەنسی گەیشتۆتە میرنشینە کوردییەکان، بە تایبەتی میرنشینی بابان، هەروەک لە دیدارێکدا لەگەڵ مەسعود محەمەد لە لاپەڕە ٩٢ باس لەوە دەکات، کە تەنیا شەش حەوت ساڵ دوای شۆڕشەکە، پڕوشکی گەیشتۆتە باشووری کوردستان:

**" انه اکتشف ان روح الشعور القومی برزت بین الاکراد علی عهد امارة عبدالرحمن باشا البابانی ١١٩٨-١٢٢٨ ه و قد تقطن الی ذلک من نص الوقفیه التی کتبها عبدالرحمن فی نهایه کتاب صحیح البخاری الموقوف من عبدالرحمن باشا علی جد مسعود الاکبر عبدالرحمن الجلی، و ورد فیها انه موقوف علی فلان فأولاده فأن لم یجدوا فعلی اولاد اخیه، فعلی العلماء العاملین بأرض الکرد. فکان ورود کلمة أرض الکرد فی وقف اجل کتاب دینی امرا استرعی نظر مسعود فقلب تأریخ کتابته ١٢١١ ه الی المیلادیه فتبین انها تقع بعد ست او سبع سنین من قیام الثورة الفرنسیة".**

له سه‌ده‌ی نۆزده‌دا میرنشینی بابان و میرنشینی سوران و بادینان و بۆتان دروست بوون، به‌ڵام زۆربه‌ی ئه‌و میرنشینانه وه‌ک شۆرشی فه‌ره‌نسی خه‌ریکی یه‌کتر خواردن بوون، هه‌تا هه‌ر هه‌موویان له دوای یه‌ک له نێو چوون.
دوای ئه‌و کوژاندنه‌وه و کپکردنه، باڵی عه‌لمانی کوردی یا بۆرژوای شار، یه‌که‌م ڕێکخراوی عوسمانلیی عه‌لمانی له کۆتایی سه‌ده‌ی نۆزده دروست کرد. له ئه‌ده‌بیاتی ئه‌و ڕێکخراوه‌دا، یه‌که‌م شه‌پۆلی عه‌لمانی کوردی ده‌رکه‌وتن، که بریتی بوون له دکتۆر عه‌بدوڵڵا جه‌وده‌ت و ئیسحاق سکوتی...دووه‌م شه‌پۆلی عه‌لمانی کوردی، دوای قۆناغی دووه‌می ڕۆژنامه‌ی کوردستان دروست بوو، که میقداد به‌درخان به عه‌بدلره‌حمان به‌درخان گۆڕدرا.
د. فه‌رهاد پیرباڵ له کتێبی ڕۆژنامه‌گه‌ریی فه‌ره‌نسیدا ئاماژه به‌وه ده‌کات که له سه‌رده‌می عه‌بدولره‌حمان به‌درخاندا، ڕۆژنامه‌ی کوردستان له هه‌مان چاپخانه‌ی ئیتحاد و ته‌ره‌قی ده‌رده‌چوو هه‌روه‌ها له نامیلکه‌یه‌کی تری ئه‌و شه‌پۆله عه‌لمانییه‌ی کورد به ( کورده لاوه‌کان ) ناوزه‌د ده‌کات.
جوله‌که‌ی عه‌لمانی و کوردی عه‌لمانی له سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیسته‌وه وه‌ک دوو نه‌ته‌وه‌ی موهاجیر له ئه‌ورووپا و ئه‌مه‌ریکا ده‌رکه‌وتن. ئه‌و دوو نه‌ته‌وه‌یه له زۆر ئه‌دگار به یه‌ک ده‌چن، له‌وانه: کۆچپێکردن و به کۆیله و پاشکۆکردنی کورد دوای کوده‌تای کۆرش له ٥٤٩ پ. م. ڕه‌وشی هه‌ردوو نه‌ته‌وه زۆر ناجێگیر بووه.
وه‌ک گوتمان له سه‌ده‌ی نۆزده و  سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیسته‌مه‌وه، ڕووناکبیری کورد له ئه‌ورووپا و جوله‌که له ئه‌مه‌ریکا ده‌رکه‌وتن. ئه‌وسا ئه‌وه‌ی جێی له ئه‌ورووپا ده‌بووه‌وه، بابای سیاسه‌تمه‌دار و ڕووناکبیر بوو، نه‌ک ڕه‌شۆکی.
ڕه‌وشی ئه‌ورووپا هه‌تا دوای ئیعلانکردنی ئیسرائیل -١٩٤٨ بۆ جوو شامی شه‌ریف نه‌بوو، به‌ڵکو وه‌ک موسه‌وی (٢٠١٠) ل٣٢-٣٣ ئاماژه‌ی پێ ده‌کات " جوو له سه‌رده‌می جێنراڵ فرانکۆ نه‌ده‌بوو هیچ پایه‌کی حکومیان له ئیسپانیا پێ بدرێت، هیتله‌ریش له ماوه‌ی ١٩٣٣-١٩٤٤ به قیتار جووله‌که‌ی ڕه‌وانه‌ی ئیسپانیا ده‌کرد تا ده‌وڵه‌ت له نێویان به‌رێت هه‌روه‌ها له ئه‌ورووپا دووریان خه‌نه‌وه ".

کوردیش له هەر پێنج بەشی کوردستان له ژیانێکی پڕ کولەمەرگی دەژیا. هەر له پێش سەدەی بیستەوە، ڕووناکبیری کورد به ئەوروپا و ئەرمینیا ئاشنا بوو. گەلی جولەکە توانی دوور( له دەوڵەتی) خۆی، له وڵاتێکی فره نەتەوه و کولتووردا شەپۆلێکی زمانەوانی و کولتووریی و هزریی و بونیادگەریی هێنایه ئاراوه، کەچی ڕووناکبیری عەلمانیی کورد چی بۆ زمانی کوردی کرد؟

له بیست و سییەکانی سەدەی بیستەم، ئەلفبێی لاتینی گواستەوه ناو زمانی کوردی. له ئەرمینیا کورده کۆمۆنیست و ئێزیدییەکان ئەلفبێی ئایدیۆلۆژیان هێنایه ناو زمانی کوردی، که سەفارەتی فەرەنسی دەوری سەرەکی هەبووه له هاندان و جێگیرکردنی ئەلفبێی لاتینی له لای کوردی باکوور و کوردی ڕۆژئاوا. له لایەکی دی، د. جەمال نەبەز له شەستەکانەوه له ئەوروپایه، وەک زمانەوانێک جگه له خەریکبوون به کولتووری زەردەشتی، چ ڕەوتێکی له زمانەوانی کوردی دروست کرد... هەر خۆیشی له زۆربەی کتێبەکانی که له نەوەدەکان دەرچوون، ئاماژه بەوه دەکات که هیچ بەڵگەیەکی کۆنکریتی نییه بیسەلمێنێت ئاڤێستا کوردییه، وەک د. نەبەز له کتێبێکی خۆیدا، دەنووسێت: "گەلێک بەڵگه هەن بۆ ئەوەی که زەردەشت پەیامبەر و داهێنەری ئاینی مەزدایەسنی له ناوچەی مادەکاندا (کوردستانی ئەمڕۆ) له دایکبوو بێ و به زمانی خەڵکی ئەو شوێنەش قسەی کرد بێ، بەڵام هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەوه نییه که کتێبی ( ئاڤێستا) به تەواوەتی به زمانی مادەکانی ئەو سەردەمه نووسرا بێتەوه" بەڵکو ئەوەی هەیه نزیکییه، ئەو نزیکییه لەگەڵ زمانی فارسیش هەیه، هەروەها چۆن له نێو زۆربەی زمانەکانی هیندۆئەورووپی هەیه. لەیەکنزیکی زمانەکان، کۆپی پێستی زمانەکان ناگەیەنێت.

له لایەکی دی، کەسێکی وەک عیسمەت شەریف وانلی پاش ئەو هەموو ساڵه له ئەوروپا بوون بەوه گەیشتووه، ئاخێوەری زاری کرمانجیی سەروو له ئاخێوەری زاری سۆرانی زیاتره، کەواته با ئەو ستاندەر بێت.... ئایا زیادبوونی ئاخێوەری زارێک، زارەکه له نێو زارەکان دەکاته ستاندەر؟ هەڵبژاردنی زارێک بۆ ستاندەربوون، چ پەیوەندی به " ژمارەی ئاخێوەر "ه وەیه ؟ هەر ئەو بیرکردنەوه دەڤەرپەرستییه، دکتۆر ئەمیری حەسەنپووری دانیشتوی کەنەدای بەرهەم هێنا که

پێشنیازی دوو زمان و دوو نەتەوە دەکات بۆ بادینی و سۆرانییەکانی باشووری کوردستان! ئایا پرۆسەی نەتەوە- دروستکردن، ئەوها دەبێت؟
پاش سەدەیەک لە ئەوروپا بوونی زۆربەی ڕووناکبیری عەلمانی کورد، نەک ڕەوت و قوتابخانەیەکی زمانەوانی دروست نەکرد، بەڵکو ( کۆمەڵە ژەهرێک )یان بۆ زمان و ئەلفبێ و نەتەوەی کورد گواستەوە، کە کورد پاش ڕزگاربوونی لە دەسەڵاتی تورکی و عەرەبی و فارسی، دەبێ خۆی بەرهەڤ بکات بۆ شەڕە زمانەوانی و هزرییەکانی حیزبی کوردی!

## سەرچاوەکان


1- Aitchison, Jean (1999) Teach Yourself Linguistics, London: Hodder Headline Plc.
2- Al –Mosawi. Jawad M. (2010) History Of the Jews from the Romans Ages to the Reign of Franco, Translated By: Sanaa Lazim Hassan. Bagdad.
3- Jack ( 2003) Text and context Tehran: numa.
4- Edward Sapir (1988) Languaghe. Tehran: bibliobazar .
5- Noam Chomsky (2003) On Language, India: Penguin Books India.
6- Noam Chomsky (1969) Aspects of the Theory of Syntax. Cambridge: Cambridge University Press.
7- Robins, R.H. (1967) A Short History of Linguistics, Indiana University Press, Bloomington.
8- Trask and Mayblink (2000) Introducing Linguistics, London: book limited.
9- Trask R. L (2003) Historical Linguistics. London: Hodder Headline Group
10- Yule, George (2006). The Study of Language: An Introduction. Cambridge: Cambridge University Press.

# تیشکێک بۆ سەر بەرکار

سیروان خەلیل حەداد

**بەرکار و ناساندنی:**

یەکێ لە کەرەسە گرنگەکانی ڕستە بریتییە لە بەرکار، بەتایبەتی ئەو ڕستانەی کارەکانیان تێپەڕن، چونکە ئەو ڕستانە واتایان تەواو نابێ بێ بوونی بەرکار، چونکە بەرکار دەکەوێتە ژێر کاریگەری کارەکە، هەر ئەمەشە وای کردووە هەندێ زمانەوان لەبری بەکارهێنانی زاراوەی بەرکار زاراوەی تەواوکەر بۆ هەمان مەبەست بە کار بێنن.

زمانەوانانی نێوخۆ و بیانی هەوڵی ناساندنی ئەم ئەرکە ڕێزمانییەیان داوە:

عمر محمود کریم دەڵێ (( ئەم زاراوەیە لە شیکردنەوەی ئەرکە ڕێزمانییەکاندا بە کار دێ، ئاماژە بە دروستبوونی پێکهاتەیەکی سەرەکی ڕستە و فرێز دەکات، لە ڕێزمانی چاولێکەریدا بەرکار ئەو کەسەیە یا ئەو شتەیە کە کاری بکەری دەکەوێتە سەر بە ئامانجی کارەکە ناو دەبرێت.))[١]

عبدالواحید مشیر و ابراهیم عزیز دەڵێن (( ئەو ناوەیە کاری بکەری بە سەردا تێدەپەڕێت، هەندێ جاریش ڕاناو یا گروپێکی سینتاکسی دەبێت ))[٢]

کریستەڵ دەڵێ (( پێکهاتەیەکی سەرەکی ڕۆنانی ڕستەیە لە دێرینەوە لەگەڵ ڕەگی کار و ئامانجی کار تێکەڵ بووە.))[٣]

ئەگەر سەیری پێناسەکانی سەرەوە بکەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە، پێناسەکان پێناسەی گشتی بەرکارن وەک ئەرکێکی ڕێزمانی، واتە باس لە جۆرەکانی بەرکار نەکراوە بۆیە بە پێویستی دەزانین کە چەند پێناسەیەکی بەرکاری ڕاستەوخۆ بخەینە ڕوو:

((بەرکاری ڕاستەوخۆ ئەوەیە یەکەم جار و ڕاستەوخۆ کاریگەری کارەکەی دەکەوێتە سەر و مەرجیش نییە، لە سەرەتای ڕستەوە بێت.))[٤]

بەرکاری ڕاستەوخۆ لە وەڵامی چی یا کێ دادێ، کە بە بێ یاریدەی ئامرازێک کارەکەی بە سەردا جێبەجێ دەکرێت.[٥]

لە کۆی گشتی پێناسەکانی سەرەوە دەکرێ بڵێین بەرکار بریتییە لەو وشە/ فریزەی هاوبەشی ناوییە و دەکەوێتە نێو فریزی کاری وەڵامی پرسیارێک دەداتەوە کە بە ( چ – کێ ) دەکرێ، ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری کار دایە، واتای ڕستەکە تەواو دەکات.

جۆرەکانی بەرکار:

کاتێ ئێمە باس لە جۆرەکانی بەرکار دەکەین، ئەوە مەبەستمان ( بەرکار )ە لە ڕووی لۆژیکیەت و ڕێزمانی بوونەوە، نەک ئەو باسەی خۆی بە جۆرەکانی بەرکارەوە خەریک دەکات لە ڕووی کاریگەرییەوە.

بەرکار بە هەمان شێوەی بکەر لە ڕووی سیمانتیکی سینتاکسییەوە دابەش دەبێتە سەر دوو جۆری سەرەکی:

بەرکاری لۆژیکی ( سیمانتیکی )

بەرکاری ڕێزمانی ( سینتاکسی )


جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرەی بەرکار کارێکی وا سانا نییە، چونکە هەردوو جۆری بەرکارەکە دەچنە خانەی بەرکاری ڕاستەوخۆ و تەنیا ئەوە هەیە لە ڕووی واتاییەوە لە یەکتری جیاوازن. بۆیە کەسێ زمانەکە بە باشی نەزانێ ناتوانێ ئەم دوو جۆرەی بەرکار لە یەکتری جیا بکاتەوە، چونکە (( جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرەی بەرکار پەیوەندی بە زانینی زمانەوە هەیە.))[٦]


بەرکاری لۆژیکی ( سیمانتیکی ):

یەکێکە لە پێداویستییەکانی ڕستە، بە گشتی ئەو گرێ ناوییە، کە دەکەوێتە نێو گرێی کار و زۆربەی کات لە دوای بکەرەوە دێت. ئەم جۆرەی بەرکار لە ڕووی سیمانتیکییەوە هەست بە بوونی دەکرێ، واتە لە ڕووی واتاوە دەزانین ئەوە بەرکارە نەک کەرەسەیەکی تر چونکە

(( ئەو جۆرەی بەرکار پەیوەندی بە بۆشایی بەرکار و ڕیزبوونی کەرەسەکانەوە نییە، واتە لە ڕووی سیمانتیکییەوە دەزاندرێ بەرکارە نەک لە ڕووی شوێنی بەرکارەوە.))[٧] هەروەها ئەم جۆرەی بەرکار زیاتر لەو جۆرە کارانە دەردەکەوێت


کە لە ڕووی هێزەوە ( تێنەپەڕ)ن. لەو حاڵەتەشدا لە ڕووی ڕیزبوونی کەرەسەکانەوە، بەرکار دەکەوێتە سەرەتای ڕستە، بە واتایەکی تر بەرکار لە شوێنی بکەردا دێت و دەبێتە یەکەم گرێی ناوی لە ڕووی فۆرم و لە ئاستی سەرەوە، واتە ڕیزبوونەکە دەبێتە ( v،S ) بەڵام لە ڕووی سیمانتیک و لۆژیکەوە ڕیزبوونەکە بەم شێوەیە دەبێت (، O ، V )، بەڵام کاتێ بکەری ڕستە دەردەکەوێت ئەوە کارەکە پاشگری تێپەڕاندنی ( اندن ) وەردەگرێت. دارەکە شکا.



بەرکاری ڕێزمانی ( سینتاکسی ):

ئەم جۆرەی بەرکار بە گشتی دەکەوێتە ژێچر کاریگەری کارەکە و لە ڕووی شوێن و ڕیزبوونی کەرەسەکانەوە، دەکەوێتە نێوان ( بکەر، کار ) هەروەها دەکرێ بڵێین ئەم جۆرەی بەرکار بە هۆی شوێنی دەرکەوتنی لە ڕستە دا دەناسینەوە، هەروەها ئەگەر لە ڕووی سیمانتیکیش لێکدانەوەی بۆ بکەین، ئەوە هەر چەمکی بەرکار دەگەێنێت. چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆی کاری لەسەرە و پێشوازی لە کاری بکەر کردووە. بە گشتی ئەم جۆرەی بەرکار تەنیا لەو جۆرە کارانە دەردەکەوێت کە، لە ڕووی هێزەوە ( تێپەڕ)ن. بۆیە دەکرێ بڵێین بەرکاری لۆژیکی بکەری ڕێزمانییە.




**لە نێوان بکەر و بەرکاردا:**

ئەگەر ورد بینەوە لە هەر دوو کەرەسەی سەرەکی ڕستە(بکەر، بەرکار) دەبینین کە دابەش دەبن بۆ جۆری ڕێزمانی لۆژیکی. لەم سۆنگەیەوە پەیوەندیەکی تێکەڵ لە نێوان (بکەری ڕێزمانی، بەرکاری لۆژیکی)دا هەیە، بە پێوەری واتایی (سیمانتیکی) چونکە ((هەندێ شیکردنەوەی ڕستە لە ڕووی ڕێزمان و مەنتیقەوە جیاواز دەبێت، واتە بکەری ڕێزمانی دەبێتە بەرکاری مەنتیقی و بەرکاری

ڕێزمانیش دەبێتە بکەری مەنتیقی))[٨] ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە، بەشێک لە بکەری ئەو کارانەی کە تێنەپەڕن و لە چاوگی ئەلفییەوە وەرگیراون، دەبنە بەرکاری لۆژیکی، وە ئەم حاڵەتە لە بابەتگەلێکی وەک بکەر نادیار بە تایبەتی بکەر نادیاری ئاماژەپێکراو بەرچاو دەکەوێت.

من نان دەخۆم.

لە ڕووی ڕستەسازییەوە (من) بکەری ڕستەیە، چونکە لە سەرەتای ڕستەدا هاتووە و یەکەم گرێی ناوییە و چاڵی بکەریشی پڕ کردۆتەوە، لە ڕووی لۆژیکیشەوە بکەرە چونکە هەڵساوە بە ئەنجامدانی کردەی کاری خواردنەکە.(نان) بەرکاری ڕستەیە، چونکە دووەم گرێی ناوییە و کەوتۆتە نێو گرێی کاری و چاڵی بەرکاریشی پڕکردۆتەوە.

مناڵە کەوت.

(مناڵ) بکەری ڕێزمانییە و بەرکاری لۆژیکییە ئەگەر لە ڕووی واتاییەوە سەیری بکەین، چونکە مناڵ لە خۆیەوە ناخنکێت، بەڵکو دەبێت هێزێک یا کەسێ یا شتێ یا هۆێ بووبێتە هۆی خنکانی. کەواتە (مناڵە) هەرچەندە لە سەرەتای ڕستەوە هاتووە و گرێی ناویشە بەڵام نابێتە بکەر لە ڕووی لۆژیکیەوە چونکە ڕیزبوون لەم ڕستەی سەرەوە بەم شێوەیە (، O ، V )

**بەرکار و بە لووتکەکردن:**

کرداری بە لووتکە کردن بریتییە لە هێنانە پێشی کەرەسەیەک لەسەر حیسابی کەرەسەکانی تری نێو ڕستە، واتە قسەکەر بەپێی ویست و مەبەستەکانی خۆی یەکێک لە کەرەسەکانی ڕستە دەهێنێتە سەرەتای ڕستە و جەختی لەسەر دەکات. بێگومان ئەمەش لە دەوروبەرێکی دیاری کراو بە ئەنجام دەگات، بۆیە مەبەستی قسەکەر تا ئەندازەیەکی باش دەدات بە دەستەوە، (( هۆکارێکی پراگماتیکی وا دەکات ئەم بە لووتکە کردنە ئەنجام بدرێت ))[٩] هەروەها هەریەکە لە قسەکەر و گوێگریش ڕۆڵیان هەیە، لە کردەی بە لووتکە کردن، چونکە هەردووکیان لە هەمان

ژینگە و دەوروبەری قسەکردندان، بۆیە ئەگەر قسەکەر ئەم کردارەی بە ئەنجام گەیاند ئەوە مەبەستێکی پراگماتیکی هەیە.
ئەوەی ئەم بابەتە و بەرکار بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوەیە بەرکاریش یەکێکە لە کەرەسە پێکهێنەکانی ڕستە بەژدارە لە ڕۆنانیدا. بۆیە دەکرێ وەک هەموو کەرەسە پێکهێنەکانی تر دەکرێ ئەم کردارەی لەسەر ئەنجام بدرێ، بەڵام بە لووتکەکردنی بەرکار هەندێ جیاوازی هەیە، لەگەڵ کەرەسەکانی تری ڕستە کە، لە خوارەوە لە چەند خاڵێک چڕی دەکەینەوە:

١ – بەرکار دەهێندرێتە سەرەتای ڕستە.
٢ – نیشانەی (،) لە دوای بەرکار دادەندرێت.
٣ – وەستان Stop دەخرێتە سەر بەرکار.
٤ – مۆرفیمی ناسیاوی ( ەکە ) بۆ بەرکار زیاد دەکرێت.
٥ – جێناوی لکاو لە بەرکارەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەر کار.

هەڤاڵ کتێبی دڕاندن.
کتێبەکە، هەڤاڵ دڕاندی.
لە ڕستەی یەکەمدا ڕیزبوونێکی ئاسایی هەیە، کە لەسەر قاڵبی ( S،O ،V )یە، واتە کرداری بەلووتکەکردنی لەسەر ئەنجام نەدراوە. لە ڕووی واتاوەش واتایەکی ئاسایی هەیە، کە بەکارهێنەرانی زمانەکە لێی تێدەگەن. بەڵام لە ڕستەی دووەم ڕیزبەندی ڕیزبوون کەرەسەکان گۆڕاوە بۆ ( O،S ،V ) و بەرکار هاتۆتە سەرەتای ڕستە و هەندێ گۆڕانی تری وەک دانانی (،) گواستنەوەی جێناو لە بەرکارەوە بۆ سەر کار و مۆرفیمی ناسیاوی بۆ بەرکار زیاد کراوە، کەواتە کرداری بە لووتکە کردن ئەنجام دراوە، جگە لەم گۆڕانکارییانەی بە سەر ڕۆنانی ڕستەدا هاتووە، ئەوە واتای ڕستەش گۆڕاوە چونکە ڕستەی دووەم هەمان واتای ڕستەی یەکەمی نییە، واتای ڕستەی یەکەم واتایەکی ئاساییە کە ئەویش بریتییە لەوەی بکەری ڕستە هەڵساوە بە ئەنجامدانی کرداری دڕاندنی کتێب، بەڵام ڕستەی دووەم واتای لە دەوروبەر بەپێی مەبەستی قسەکەر وەردەگیرێت، واتای

ڕستەکەش بەم شێوەیە دەبێت، ( کتێبەکە دراوە نەک شتێکی تر ) واتە قسەکەر ( کتێب)ی لا گرنگە بۆیەشە زیاتر جەختی لەسەر کردۆتەوە.

**پەراوێزەکان:**

(١) عمر محمود کریم، ٢٠٠٤، ٣٤
(٢) خەسرۆ أحمد، ٢٠٠٨، ٦٢
(٣) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە
(٤) هەمان سەرچاوە، لا٦٨
(٥) هەمان سەرچاوە، لا٦٧
(٦) هەمان سەرچاوە، لا٦٨
(٧) مزگین عبدالرحمن، ٢٠٠٦، ١٣
(٨) تالیب حسێن، ١٩٩٨، ٤٠
(٩) ڕەحیم سورخی، وانەکانی ڕێزمانی بەراورد،، کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەدین٢٠١٣ – ٢٠١٤

**سەرچاوەکان:**


١ئاوات أحمد محمد صالح، وانەکانی ڕستەسازی، قۆناغی سێیەم، کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەدین٢٠١٢ – ٢٠١٣

٢ئاواز حەمە سدیق، ڕیزبوونی کەرەسەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر کۆلێژی، ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر١٩٩٦

٣تالیب حسێن علی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی واتای ڕستە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٤ خەسرۆ أحمد خۆشناو، بەرکار لە زمانی کوردیدا، هەولێر ٢٠٠٨

٥ڕەحیم سورخی وانەکانی ڕێزمانی بەراورد،، کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەدین٢٠١٣ – ٢٠١٤

٦ مزگین عبدالرحمن أحمد، دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر، ٢٠٠٦

٧عمر محمود کریم، کاری تێپەر و تێنەپەر، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە (ابن الرشد)، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٤.

# ئەرکەکانی فۆنۆلۆجی

**خۆشناو عەزیز حەمەئەمین**
**مامۆستای زانکۆ/ کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی**

فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی لە زمانی کوردیدا وەک زۆر دیاردە و بابەتی دیکەی زمانەوانی تێکەڵ بە یەک کراون و، زۆربەی زمانەوان و زمانناسان بابەتەکانی فۆنۆلۆجی بە فۆنەتیک ناو دەبەن، بە پێچەوانەشەوە. لە کاتێکدا کە دوو بوار و لایەنی جیاوازن و، هەریەکەیان باسی لایەنێکی دیاریکراو و تایبەتی زمان دەکات و، ئامانج و پێڕەو و تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیای دەکاتەوە لەوەی دیکە...

فۆنۆلۆجی لقێکی زمانەوانییە باس لە چۆنییەتی کارکردنی دەنگەکانی زمانی مرۆڤ دەکات لە چوارچێوەی زمانێکی تایبەتدا... بە واتایەکی دیکە ئەگەر فۆنەتیک چۆنییەتی دروستکردن و گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگەکانی زمان وەک دیاردەیەکی گشتی بگرێتەوە، ئەوا فۆنۆلۆجی چۆنییەتی کارکردنیانە لە زمانێکی دیاریکراودا، لە فۆنەتیکدا یاسامان نییە ئەوەی هەیە تەنیا وەسفە، بەڵام لە فۆنۆلۆجیدا هەر زمانێک یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین: کە فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی دوو شێوازن، کە لە بنەڕەتدا جیاوازن و، نزیک لە یەکدین بۆ باسکردن و خوێندنی دەنگەکانی زمان...

ئەم باس و نووسینەی ئێمە هەوڵێکە بۆ دەرخستن و دیاریکردنی ئەرکەکانی فۆنۆلۆجی و، چۆنییەتی کارکردن و بایەخی ئەو لقەی زمانەوانی لە لێکۆڵینەوەی زماندا و، بە تایبەتیش لە زمانی کوردیدا... چونکە زانین و ناسینی دەنگەکانی زمان و چۆنییەتی لە یەکدانیان بۆ دروستکردنی بڕگە و، کارکردنیان بەشێکی گرنگە لە زانیاری قسەکەر دەربارەی زمانەکەی خۆی، گرنگترین لایەنی ئەو زانینەش ناسینی ئەو سیستەمە تایبەتەیە کە دەنگ و مانا پێکەوە دەبەستێت، زۆرجار کە زمانێکی بێگانە دەبیستین و هیچ لێی تێ ناگەین و، نازانین وشەکانی

له کوێوه دەست پێ دەکەن و کۆتاییان دێت، ئەوا هۆیەکەی نەزانینی ئەو سیستەمەیە که دەنگەکان و مانا لەو زمانەدا پێکەوە دەبەستێت....

هەروەها یاسا فۆنۆلۆجییەکانن، که چۆنییەتی دەستنیشانکردن و بەکارهێنانی کەرەستە دەنگییەکان دەگرنە خۆیان، وردبوونەوە لەو یاسایانە و زانینیان یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بزانین چ فۆنیمێک لەگەڵ فۆنیمێکی تردا نایەت یان ڕێک ناکەوێت...

بۆیە دەتوانین بڵێین: ناسینی فۆنۆلۆجی و سیستەم و یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی و، چۆنییەتی کارکردنیان بەشێکی زانیاری قسەکەرە دەربارەی زمانەکەی خۆی و، لێرەدا هەوڵ دەدەین به کورتی هەندێک لەو ئەرک و یاسایانەی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی بخەینەڕوو...

**یەکەم: فۆنیمەکان له دەنگەکانەوە دەستنیشان دەکات**

دەنگەکانی زمان که له سنووری فۆنۆلۆجیدا به فۆنیم ناودەبرێن پێویستە لەسەر بناغەی گۆڕینی واتای وشەکان جیا بکرێنەوە، هەروەها باشترین پێڕەو بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێک ئەوەیە که فۆنیم به نیشانەیەکی جیاکەرەوە دادەنێ له نێو چوارچێوەی زمانێکی تایبەت و دیاریکراودا، واتە: بۆ سەلماندن و دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی دەبێت له فەرهەنگی زمانی کوردیدا تاقی بکرێنەوە... دیاریکردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێکیش له ڕێگەی (جووتۆکە) و (سێتیلە)کانەوە دەبێت و، مەبەستیش له:

جووتۆکە: ئەو وشانەن که هەموو دەنگەکانیان وەکویەکە و تەنیا له تاکە دەنگێکدا جیاوازن، ئەو جیاوازییەش مانای جیا به وشەکە دەبەخشێت.

سێتیلە: هەر کۆمەڵە وشەیەک هەریەکەیان تێیدا جووتۆکەی ئەوی تریان بێت سێتیلەیەک پێک دەهێنن.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە:

ئەگەر دەنگی (س) خرایە جێی (ش) له وشەی (شێو)دا دەبێتە (سێو) که وشەیەکی دیکەیە و واتایەکی دیکەی هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت / س / و / ش

/ دوو فۆنیمی جیان و دوو نرخی جیایان هەیە و، وشەکانی (سێو) و (شێو)یش جووتۆکەن...

ئەگەر (م) خرایە جێی (هـ) لە وشەی (هار)دا دەبێتە (مار) کە وشەیەکی دیکەیە، هەروەها ئەگەر (ب) بخرێتە جێگەی (م) یان (هـ) لە وشەی (مار) و (هار)دا دەبنە (بار) واتای سێیەم سەر هەڵدەدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە / م / و / هـ / و / ب / سێ (فۆنیم) ن و سێ نرخی جیایان هەیە...

هەروەها لە وشەی (بار)دا ئەگەر (ز) خرایە جێگەی (ب) دەبێتە (زار) کە وشەیەکی دیکەیە و واتایەکی دیکەی هەی، ئەگەر (ش) بخرێتە جێگەی (ب) یان (ز) ئەوا وشەیەکی دیکەیە و واتایەکی دیکە دێتە گۆڕێ.

بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێت، کە / م /، / هـ /، / ب /، / ز /، / ش /، پێنج فۆنیمن و، پێنج نرخی جیایان هەیە لە زمانی کوردیدا، هەروەها وشەکانی (هار) و (مار) و (بار) و (زار) و (شار)یش سێتیلەیەک دروست دەکەن.

بەم چەشنەی خوارەوەش سیستەمی فۆنیمی زمانەکەمانی زمانی کوردی دەستنیشان دەکرێت...

| سێتیلە | فۆنیمە دەستنیشانکراوەکان | فۆنیمی تازە | ژمارە |
|---|---|---|---|
| یاڵ، خاڵ، ماڵ، تاڵ، ناڵ، حاڵ، شاڵ، کاڵ، داڵ، چاڵ، باڵ، ساڵ، پاڵ، زاڵ، فاڵ، قاڵ، لاڵ | ی، خ، م، ت، ن، ح، ش، ک، د، چ، ب، س، پ، ز، ف، ق، ل | ی، خ، م، ت، ن، ح، ش، ک، د، چ، ب، س، پ، ز، ف، ق، ل | ١٧ |
| کوڕ، کووڕ، کڕ، کەڕ | و، وو، بزرۆکە، ە | و، وو، بزرۆکە، ە | ٤ |
| دڕ، زڕ، شڕ، تڕ، کڕ، وڕ، بڕ، پڕ، خڕ، سڕ، فڕ، جڕ(هێز)، چڕ، قڕ، مڕ، هڕ (لیخورینی مەڕ) | د، ز، ش، ت، ک، و، ب، پ، خ، س، ف، ج، چ، ق، م، هـ | و، ج، هـ | ٣ |

| سێتیله | فۆنیمه دەستنیشانکراوەکان | فۆنیمی تازە | ژمارە |
|---|---|---|---|
| کەر، کەڕ، کەو، کەی، کەم، کەت، کەپ، کەس، کەف، کەل، کەش، کەژ، کەچ، کەڵ، کەن (کەند) | ر، ڕ، و، ی، م، ت، پ، س، ف، ل، ش، ژ، چ، ڵ، ن | ر، ڕ، ژ | ٣ |
| لاو، فاو، باو، خاو، ناو، تاو، جاو، چاو، داو، ڕاو، زاو، ئاو | ل، ف، ب، خ، ن، ت، ج، چ، د، ڕ، ز، ا | ا | ١ |
| غەم، کەم، دەم، تەم، شەم، زەم، حەم، مەم | غ، ک، ت، ش، ز، ح، م | غ | ١ |
| گەڕوو، زەڕوو، سەروو، دەڕوو، فەڕوو | گ، ز، س، د، ف | گ | ١ |
| چەتر، عەتر، وەتر (جۆرێکە لە نوێژ)، مەتر | چ، ع، و، م | ع | ١ |
| بن، بۆن، بان، بەن | بزرۆکە، ۆ، ا، ە | ۆ | ١ |
| بەست، بست، بیست | ە،، بزرۆکە، ی | ی | ١ |
| دۆڵ، دێڵ (مێیەی سەگ) | ۆ، ێ | ێ | ١ |
| ڤز (دەنگی مێشولە و زەرگەتە)، دز، کز | ڤـ، د، ک | ڤـ | ١ |
| خیل، خێڵ | ل، ڵ | ڵا | ١ |
| لۆر، شۆر، بۆر، جۆر، خۆر، زۆر، سۆر، کۆر، مۆر | ل، ش، ب، ج، خ، ز، س، ک، م | — | ٠ |
| وشک، ڕشک، مشک، ژشک، پشک | و، ڕ، م، ژ، پ | — | ٠ |
| هۆبە، تۆبە، سۆبە، نۆبە | هـ، ت، س، ن | — | ٠ |
| ڕۆن، ڕوون، ڕان، ڕەن | ۆ، وو، ا، ە | — | ٠ |

هەرچەندە کۆمەڵە وشەی دیکە زیاد بکەین هیچ فۆنیمێکی دیکەمان بۆ نادۆزرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٦)ن... بە (غ) و(ع)یشەوە، کە لە هەندی وشەدا بەر چاو دەکەون.

زۆر جووتە دەنگ هەن لە دوو زماندا هاوبەشن کەچی لە یەکێکیان دوو فۆنیمی جیان و، لەوی دیکەدا دوو دەنگی هەمان فۆنیمن، بۆ نموونە:

دوو دەنگی (ر) و (ڕ) لە زمانی عەرەبیدا دوو دەنگی جیای هەمان فۆنیمن، چونکە دوو وشە نادۆزیتەوە کە ئەم دوو دەنگە ئاڵوگۆڕ بکەیت واتایان بگۆڕێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەم دوو دەنگە سەر بە دوو فۆنیمی جیان، چونکە زۆر وشە لە زمانی کوردیدا هەن، یەکێک لەم دوو دەنگەیان تێدایە و، گەر بە دەنگەکەی دیکە گۆڕیمان ئەوا واتاکەی دەگۆڕێت:

| کوردی | عەرەبی |
|---|---|
| پەری: پەڕی | برد: حر |
| کەر: کەڕ | کریم: رحیم |

بە پێچەوانەشەوە دەنگی (س) و (ص) لە زمانی کوردیدا سەر بە هەمان فۆنیمن، چونکە هیچ وشەیەک نادۆزیتەوە یەکێک لەم دەنگانەی تێدا بێت و بە گۆڕینی بە دەنگەکەی دیکە واتاکەی بگۆڕێت، کەچی لە زمانی عەرەبیدا زۆر وشە هەیە کە یەکێک لەم دەنگانەی تێدایە و، بە جێگیرکردنی بە دەنگەکەی تر واتاکەی دەگۆڕێت:

| کوردی | عەرەبی |
|---|---|
| سەگ: صەگ | فسیح: فصیح |
| سەد: صەد | سار: صار |
| ساڵ: صاڵ | عسیر: عصیر |

هەرچی دوو دەنگی (ل) و (ڵ)شە، ئەوا لە زمانی کوردیدا دوو نرخی جیا پیشان دەدەن، چونکە زۆر وشە هەیە کە یەکێک لەو دەنگانەی تێدایە و کاتێک بە

دەنگەکەی دیکە جێگیر دەکرێت، واتاکەی دەگۆڕێت، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا ئەم دوو دەنگە دوو دەنگی جیای هەمان فۆنیمن، چونکە هیچ وشەیەکمان لەو زمانە دەست ناکەوێت یەکێک لەو دەنگانەی تێدابێت و بەوی دیکەی جێگیری بکەین، واتاکەی بگۆڕێت:

| کوردی | عەرەبی |
|---|---|
| چل: چڵ<br>گول: گوڵ | علم: الله |

بەم جۆرە بۆمان ڕوون بۆوە هەر شەش دەنگی (س، ص، ر، ڕ، ل، ڵ) پێنج فۆنیم لە زمانی کوردی و، چوار فۆنیم لە زمانی عەرەبی دروست دەکەن:

| دەنگ | کوردی | فۆنیم لە کوردیدا | عەرەبی | فۆنیم لە عەرەبیدا |
|---|---|---|---|---|
| ڕ | وەڕین | ڕ | حر | ر |
| ر | وەرین | ر | برد | |
| س | سەوز | س | سار | س |
| ص | سەد | | صار | ص |
| ل | چل | ل | علم | ل |
| ڵ | چڵ | ڵ | الله | |

دەبێت ئەوەشمان بیر نەچێت، کە ئەلفوبێی هەر زمانێک لەسەر بناغەی فۆنیمەکانی دادەنرێت و، ڕێک دەخرێت، بۆ هەر فۆنیمێکیش لە نووسیندا نیشانەیەک دادەنرێت پێی دەگوترێت پیت (حرف – letter).

پێویستە ئاماژەش بەوە بدەین، کە گەلێک جار لێرەو لەوێ چەند بیروڕایەکی نازانستی و هەڵە لە بارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردییەوە دەبینرێن، لەوانە:

١. هەندێک لە زمانەوان و زمانناسان پێیان وایە، کە (س) و (ص) دوو فۆنیمی جیان لە زمانی کوردی لە کاتێکدا وەک لە پێشەوە ڕوونمان کردەوە کە دوو دەنگی جیای هەمان فۆنیمن لە زمانی کوردیدا..

٢. هەشە پێی وایە (گ) و (ت)ش دوو فۆنیمی جیان، بەڵام ئەوانە دوو دەنگی جیای هەمان فۆنیمن.

٣. بیرڕوای وا هەیە، کە پێی وایە (ح، ع، ق) فۆنیمی کوردی نەبن، چونکە لە نەژاددا کوردی نین، بەڵام ئەو دیاردەیە هەر تایبەت نییە بە زمانی کوردی بەڵکو لە زۆر زمانی دیکەی جیهاندا ئەم دیاردەیە و، دەنگی لەم چەشنە هەن، کە بەکاریگەریی زمانانی دیکە پەیدا بوون.

٤. یان بیرڕوای وا هەیە پێی وایە لەبەر ئەوەی هەموو (ڕ)یەکی سەرەتای وشە (ڕ)ی قەڵەوە ئەوە پێویست بە نیشانەی قەڵەویەتی ناکات لە نووسیندا.

به وردبوونەوەی تەواو لە بنەماکانی فۆنیم بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو بیروباوەڕانە هەموویان هەڵە و نازانستی و بێ بنەمان....

سەبارەت بە دەنگی (ئـ)ش ئەوە دوو بۆچوون لە ئارادایە و، بە بڕوای هەندێک نووسەر فۆنیمێکی سەربەخۆیە، چونکە مانای وشە دەگۆڕێت، بە نموونە (ئاو) دەکاتە (ناو) یا (تاو) کە مانایەکی دیکە دەبەخشن، بەڵام بە بۆچوونی هەندێک نووسەر فۆنیم نییە، چونکە مەرجەکانی بوون بە فۆنیمی تێدا نییە، لەوانە ناتوانێت لە ناوەڕاستی وشەدا بێت....

ئێمەش پێمان وایە کە فۆنیم نەبێت و، بە (پیتهەڵگر) ناوی دەنێین، چونکە لە هەموو زمانێکدا کە بزوێن کەوتە سەرەتای وشە و بڕگە ئەوا دەنگی (ئـ) لە پێش خۆیەوە دروست دەکات، بۆ نموونە: لە زمانی ئینگلیزدا هەردووک وشەی (umbrella) و (analysis)، کە بە بزوێنی (u) و (a) دەست پێ دەکەن بەم جۆرە دەخوێندرێنەوە: (ئەمبرێلە) و (ئەنالەیسس)، لە زمانی کوردیشدا بە هەمان شێوەیە...

**دووەم: ئەرک و دریاردەیەکی دیکەی فۆنۆلۆجی ئەوەیە، کە لە ناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیکیدا فۆنیمەکان لە یەک دەدرێن و بۆ پێکهێنانی بڕگەی فۆنۆلۆجی:**

لە سەرەتادا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە بڕگەش وەک زۆر دیاردەی دیکە، تاوەکو ئێستا هیچ قوتابخانەیەکی زانستی زمان نەیتوانیوە پێناسەیەکی ورد و گشتگیری بۆ بکات و، بە وردی ئاماژە بە سروشت و ڕاستەقینەی پێکهاتنەکەی بکات...

بەشێوەیەکی گشتی، بڕگە دوو جۆری لێ جیاکراوەتەوە، یاخود دەتوانین لە دوو ڕووەوە سەیری بکەین و لێی بکۆڵینەوە، وەک دیاردەیەکی هاوبەشی نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی سەیری بکەین، بەم شێوەیە:

**بڕگەی فۆنەتیکی:**

لێرەدا وەکو شتێکی گشتییە و لە هەموو زمانەکاندا وەکویەکە پێوەندی بە فسیۆلۆجیەتی هەناسە وەرگرتن و دانەوە و، چۆنییەتی کارکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە هەیە، لەم بارەوە دوو جۆرە تیۆر دێتەکایەوە:

**تیۆری نەبز (هەناسە):** بەپێی ئەم تیۆرە بڕگە بریتییە لەو کۆمەڵە دەنگەی، کە بە یەک تەوژم، یان بە یەک هەناسە لە سییەکانەوە دەردەچن....

**تیۆری دەرکەوتویی دەنگ:** بەپێی ئەم تیۆرە لەو بڕگانەی، کە لە دەنگێک یان زیاتر پێک دێن یەکێک لەو دەنگانە دەرکەوتوویی زیاتر دەبێت لەوانی تر، ئەگەر تەنیا یەک دەنگی دەرکەوتوومان لە وشەیەکدا هەبێت ئەوا ئەو وشەیە یەک بڕگەیە ئەگەر دوو دەنگی دەرکەوتوو یان زیاتر هەبوو ئەوا ئەو وشەیە وشەیەکی فرەبڕگەیە.

لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی وشەی یەک بڕگەیی تا پێنج بڕگەیی هەیە:

فۆن...............١بڕگە

فۆنیم.............. ٢ بڕگە

فۆنەتیک............٣بڕگە

فۆنۆلۆجی............ ٤ بڕگە

مۆرفۆسینتاکس....... ٥ برگە

دەبێت ئەوەش بڵێن: کە وشە هەیە بە (٦ برگە) کەر دەکرێت، وەک(خاوێنکردنەوە: خا / وێن / کر / د / نە / وە) هەندێ وشەی دروستکراوی وەک (مۆرفۆفۆنۆسینتاکس: مۆر / فۆ / فۆ / نۆ / سین / تا / کس)یش (٧برگە)یە..

**برگەی فۆنۆلۆجی:**

بەپێی ئەم بۆچوونە برگە بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێک، کە لە زمانێکی دیاریکراودا بە یەکەوە دێن، هەر زمانێک لەم ڕووەوە یاسای تایبەت بە خۆی هەیە....

برگە لە سێ بەشی سەرەکی پێک دێت، ئەوانیش (پێش) و (لوتکە) و (پاش)ن، لە هەموو زمانێکدا بزوێن (ناوک) یان (لوتکە)ی برگەیە بەڵام مەرج نییە هەموو برگەیەک پاش و پێشی هەبێت، بۆ نموونە:

هەردوو برگەی وشەی (بارزان) هەر سێ بەشەکەیان تێدایە، بەڵام هەندێک برگە خانەی پێشەوەی نییە، بۆ نموونە: (ئاو، ئارد)، برگەی واشە پێش و لوتکەی دەبێت بەڵام خانەی پاشەوە نییە یان بەتاڵە، بۆ نموونە (با، کا)، هەروەها هەندێک برگە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە تەنیا ناوەڕاستییان هەیە، وەک برگەی یەکەم لە وشەی (ئاوایی)دا...

لە زمانی کوردیدا دەشێت لە یەکەوە تا چوار کۆنسنانت لەگەڵ ڤاوڵی ناوەڕاست (ناوک)دا دەرکەون بەڵام بە مەرجێک دوو فۆنیمی کۆنسنانت زیاتر نەکەونە تەک یەکەوە...

ئەو قاڵبە فۆنۆلۆجییانەی برگەی کوردی تێدا دادەڕێژرێ ئەمانەی خوارەوەن:

| | |
|---|---|
| نواند | CCVCC |
| سوار | CCVC |
| کوا | CCV |
| کوڕ | CVC |
| تا | CV |

| | |
|---|---|
| دەشت | CVCC |
| ئا | V |
| ئاخ | VC |
| ئاگر | VCC |

## سێیەم: کەرەستە ناکەرتییەکان چین و چۆن کار دەکەن؟

ئەرکێکی دیکەی فۆنۆلۆجی ئەوەیە کە ڕوونی دەکاتەوە کەرەستە نادەنگییەکانی هەر زمانێک کە بە (ناکەرتییەکان) و (فۆنیمی بێ وێنە) ناو دەبرێن چین و چۆن کار دەکەن؟ چونکە هەر زمانە و یاسای تایبەتی خۆی هەیە بۆ بەکارهێنانیان...

⁂ **کەرەستە ناکەرتییەکان:** کەرەستەی (دەنگی)ترن کە زۆر گرنگن لە زماندا بەڵام لە نووسینی ئاساییدا هیچ نیشانەیەکیان نییە، کە ئەوانیش (هێز) و (ئاواز) و (تۆن) دەگرێتەوە، (تۆن) لە زمانی کوردیدا بوونی نییە، بەڵام دووەکەی دیکە هەن... بە کورتی دەیانناسێنین:

**هێز:** زیادە وزەیەکی دەنگییە لە پڕ لەسەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە سەر هەڵدەدت.

یان وزەیەکی زیاترە و بە گوێرەی بەشەکانی تر دەخرێتە سەر یەکێک لە بڕگەکانی وشە.

لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشەوە ئەگەرچی هەندێک نموونەی ناوێزە (شاز) بەر چاو دەکەون، وەک (چونکە، بەڵام....)، کە لەم وشانەدا هێز کەوتۆتە سەر بڕگەی یەکەم.

لەم نمونانەی خوارەوە دەبینین کە چۆن بە گۆڕینی شوێنی هێز واتاکانیشیان دەگۆڕێت:

لە (نووستن)دا ئەگەر هێز لەسەر دوا بڕگە بێت، واتای چاوگ دەگەیەنێت، ئەوەی کە دەڵێن:

ـ نووستن بۆ منداڵ پێویسته.

ئەگەر هێزیش خرایە سەر بڕگەی یەکەم ماناکەی دەگۆڕێت و دەبێتە:

ـ ئەوان نووستن.

هەروەها لە وشەی (سەوزە)دا ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی دووەم یان کۆتایی واتای (خواردەمەنی سەوزە (تەڕە) دەگەیەنێت، بۆ نموونە:

ـ سەوزە بکڕە.

بەڵام ئەگەر هێزەکە خرایە سەر بڕگەی یەکەمی ئەوا واتای ڕووەکەکە یان شتەکە ڕەنگی سەوزە.

ـ کراسەکە سەوزە.

ـ دارەکە سەوزە.

**ئاواز**: گۆڕینی لەرەی ژێیەکانی قوڕگ دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاوازی ڕستە و، هەر ئاوازەش واتایەکی جیا بە ڕستە دەبەخشێت، بۆ نموونە:ڕستەیەکی وەک:

ـ ئازاد ئینگلیزی باش دەزانێت.

ئەگەر ڕستەکە بکەینە وەڵامی ئەم پرسیارانە (کێ، چی، چۆن) بۆمان دەردەکەوێت کە هەریەکەیان ئاوازێکی هەیە و، جوودایە لەوانی دیکە.

ئەم دیاردانەش (هێز و ئاواز) دەتوانین بە دیاردە هاوبەشەکانی نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی ناویان ببەین، چونکە لە هەردوو ڕووەوە سەیر دەکرێن و، لێیان دەکۆڵدرێتەوە، فۆنەتیک لەمانە هەموو دەکۆڵێتەوە بێ ئەوەی بایەخ بدات بەوەی ئەوان چۆن لە نێو چوارچێوەی زمانێکی تایبەتدا کار دەکەن، تەنیا چۆنییەتی دروستبوونەکەیان دەخاتە ڕوو، واتە: ئەم دیاردانە لە ڕووی دروستبوون و هەبوونەوە دەکەونە نێو فۆنەتیکەوە، بەڵام چۆنیتی بەکارهێنان و کارکردنیان لە زمانێکی تایبەتدا وەک دیاردەیەکی فۆنۆلۆجی سەیردەکرێت....

## چوارەم: گۆڕان و پەیدابوون و توانەوەی دەنگەکان...

ئەرکێکی دیکەی فۆنۆلۆجی ڕوونکردنەوە و نیشاندانی گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکانە، چونکە دەنگەکانی زمان لە ئەنجامی لێکدان و کەوتنە پاڵیەکیان

کارلێک دەکەن. دەنگ هەیە سیمای دەگۆڕێ، هەیە دەتوێتەوە یا دەقرتێ، هەیە لەگەڵ دەنگی تردا ئاوێتە دەبێ و دەنگی سێیەم دێنێتە ئەنجام و، هەندێک جاریش دەنگی دیکە پەیدا دەبێت...ئەم کارلێککردنانە هەمووی بە هۆی دەستەیەک یاسا دێنە ئەنجام کە بە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانەکە ناسراون...لێرەوە گۆڕانە دەنگییەکان و یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە کورتی دەخەینە ڕوو:

سەرەتا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین  لەگەڵ ئەوەی زۆربەی زمانەوانان و زمانناسان وەک تەنێکی داخراوی ئاڵۆز و ڕێکوپێک سەیری زمان دەکەن، بەڵام بەردەوام زمان لە گۆڕاندایە، چونکە گۆڕان یاسایەکی ئەزەلی ئەم سروشتەیە و، باری ئێستای هەر شتێک جیایە لە هی هەر کات و سەردەمێکی دیکە، لەو گۆڕانانەی کە لە زمانیشدا ڕوو دەدەن پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١. گشت زمانەکانی جیهان لە گۆڕاندان و، لە توانای کەسدا نییە ئەم گۆڕانە بوەستێنێت.

٢. مەرج نییە گۆڕان، زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشانەوە ببات، بەڵکو گۆڕان لەوانەیە زمان ئاسانتر بکات و وزەپارێزتری بکات.

٣. گۆڕانی هەر زمانێک بەپێی یاسا و دەستورە و، لە خۆوەو بێ سەرە و بەرە و هەرەمەکی نییە.

٤. زمان زۆر لەسەرەخۆ دەگۆڕێت و هەرگیز قسە پێکەرانی هەستی پێ ناکەن، ئەو زمانانەی لە قۆناغەکانی پێشوودا لە نووسیندا پارێزراون ئەم گۆڕانە بە ئاسانی دەردەخەن.

ئاشکرایە، کە گۆڕان لە هەموو ئاستەکانی زماندا (فۆنەتیک، فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس، سیمانتیکدا) ڕوودەدات و، لە هەر ئاست و لقێکی زمانەوانیدا چەند شێوەیەکی گۆڕان بە دی دەکرێت...

بەڵام ئێمە لێرەدا و لەو باسە کورتەدا کار لەسەر ئەم گۆڕانانە دەکەین کە (دەنگسازی)دا ڕوودەدەن، چونکە ئەم ئاستەی زمانەوانی لە هەموو ئاستەکانی

دیکە زیاتر ڕووبەڕووی گۆڕانکاری دەبێتەوە...ئەم کارلێککردنانەش هەمووی بە هۆی دەستەیەک یاسا دێنە ئەنجام کە بە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانەکە ناسراون.

ئەم گۆڕان و توانەوە و پەیدابوونی دەنگانەش زۆربەی کات لە کاتی لێکدانی دوو مۆرفیم یان زیاتر ڕوودەدات کە ئەمەش بە (مۆرفۆفۆنیم) ناودەبرێت، چونکە گۆڕانەکە لە هەردوو ئاستی (مۆرفۆلۆجی) و (فۆنۆلۆجی)دایە پەیدابوونی ئەم گۆرانکارییانەش بۆ دوورکەوتنەوەیە لە دروستبوونی:

١. هێشووە بزوێن چونکە یاسایەکی بنەڕەتی زمانی کوردییە، کە دوو بزوێن لە تەک یەکەوە نایەن.

٢. هێشووە کۆنسنانت چونکە هێشووە کۆنسنانت درکاندنی قورس و گرانە

لێرەدا بەپێی توانست و سنووری باسەکە هەریەکە لەو کارلێککردنانەی دەنگەکانی زمان دەخەینەڕوو و، بە نموونە و لێدوانی پێویستیش ڕوونیان دەکەینەوە...

## ـ گونجانی کۆنسنانتەکان

بریتییە لە گۆڕانی دەنگێکی کۆنسنانت بۆ ئەوەی لە دەنگێکی دراوسێی خۆی بچێت، مەبەست لە گونجانیش ئاسانکردنی درکاندنە، هۆی ڕوودانی ئەم دیاردەیەش بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەندامەکانی ئاخاوتن، واتە ڕێکخستن و گونجاندنی جووڵاندنەوەی ماسولکەکان لە کاتی درکاندنی دەنگەکان دەبێتە هۆی ئەم گونجانە لە نێو دەنگە دراوسێکاندا....

گونجانی دەنگەکانیش بەپێی جۆری گۆڕان دەکرێنە دوو جۆری سەرەکی:

**١. گونجانی تەواو**: لەم جۆرە گونجانەدا دەنگێک دەگۆڕێت بۆ ئەوەی بە تەواوی لە دەنگێکی دیکە بچێت، واتە دەنگی کارتێکراو دەگۆڕێت بۆ دەنگی کارتێکردوو، ئەمەش بۆ ئەوە دێتەکایەوە کە کەمترین تین و وزە بەکاربێت، بۆ نموونە:

لە شێوەزاری (سلێمانی)دا دەنگی (م)ی گڕ لە پاش دەنگە لوتییەکانی (م) و (ن) بە تەواوی دەگۆڕیت:

لێم دا........... لێم ما

کتێبەکەم پیشان دا........... کتێبەکەم پیشان نا

لەم نموونانەی پێشوە گونجانەکە بەرەو پێشەوەیە واتا دەنگی پێشەوە کاری لە دەنگی دواوە کردووە، هەندێکجار دەنگی دواوە کار لە دەنگی پێشەوە دەکات و دەیگۆڕێت، واتە گۆڕانەکە بەرەو دواوەیە بۆ نموونە:

سەرت داگرە............ سەرد داگرە

لەگەڵت دێم.............. لەگەڵد دێم

٢. **گونجانی ناتەواو:** لەم گونجانەدا بەشێک لەو دەنگە، واتە سیفەتێک لە دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێک پەیدا بکات لەگەڵ دەنگی کارلێکردووە، ئەم جۆرە گۆڕانەش لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا بەدی دەکەین:

**أ. گونجان لە ڕووی گڕی دەنگەوە:**

واتە گۆڕانی دەنگێکی کپ بە دەنگێکی گڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگێکی تردا بگونجێت لە ڕووی گڕییەوە، ئەمەش لە ئەنجامی پەیدابوونی ژینگەیەکی دەنگییەوە دروست دەبێت، بۆ نموونە:

پاش + نوێژ.......... پاژ نوێژ

هەشت + دە......... هەژ دە

دەست + گا......... دەزگا

خواستن............ خوازتن / دەخوازێ

**ب. گونجان لە ڕووی کپییەوە:**

واتە گۆڕانی دەنگێکی گڕ بە دەنگێکی کپ، بە مەبەستی گونجان لەگەڵ دەنگێکی دیکەدا لە سیفەتی کپیدا، ئەم گۆڕانەش دیسانەوە بەهۆی کارتێکردنی ژینەگەی دەوروپشتی دەنگە گۆڕاوەکەیە، بۆ نموونە:

چی بکەم.......... چی پکەم

ڕۆژتان باش....... ڕۆشتان باش

**پ. گونجان له ڕووی قەڵەوییەوە:**

واتە گۆڕانی دەنگێکی سووک بۆ قەڵەو بە مەبەستی گونجان لەگەڵ دەنگێکی دیکە لە سیفەتی قەڵەویدا، بە جۆرێک دەنگی قەڵەو کاردەکاتە سەر دەنگەکانی دەوروپشتی خۆیان و سیفەتی قەڵەویان پێ دەبەخشێت، بۆ نموونە:

لەگەڵ دەنگی (ڵ)ی قەڵەو: سەڵتە، گاڵتە، سەڵتە

لەگەڵ دەنگی (ڕ)ی قەڵەو: تەڕ، پەڕ، کەڕ

**ت. گونجان له ڕووی لێوخڕبوونەوە:**

واتە ئەو دەنگە کۆنسنانتەی لێوخڕبوونەوەی لەگەڵدا نییە درکاندنیان دەگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگێکی تردا بگونجێن لە سیفەتی لێوخڕبوونەوەدا، بۆ نموونە:

کوڕ، قووڵ، دۆ

**ـ گۆڕانی ڤاوڵەکان:**

واتە گۆڕینی دەنگێکی ڤاوڵ بە دەنگێکی دیکە، هۆی ئەم گۆڕانەش ژینگەی دەوروپشتی ڤاوڵەکەیە:

١. گۆڕانی دەنگی (ۆ) بە دەنگی (و)ی شێوە بزوێن (نیمچە کۆنسنانت) کاتێک جێناوی (ات)ی کەسی سێیەمی تاک دەچێتە سەر ئەو ڕەگە ڕانەبردووانەی کۆتاییان بە دەنگی (ۆ) هاتووە:

دەڕۆ + ات............. دەڕوات

دەخۆ + ات........... دەخوات

٢. هەروەها گۆڕانی دەنگی (ی)ی کۆتایی وشە و (ە)ی سەرەتای مۆرفیمی ناسیاوی بە دەنگی (ێ) کاتێک مۆرفیمی (ەکە)ی ناسیاوی دەچێتە سەر ئەو ناوانەی کۆتاییان بە دەنگی (ی) هاتووە:

کانی + ەکە............ کانێکە

ماسی + ەکە............ ماسێکە

**ـ توانەوە یا لە ناوچوون و سوانی کۆنسنانتەکان**

بریتییە لە سووانی دەنگێک یان زیاتر بە مەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین، ئەم جۆرە گۆڕانەش لە ئەنجامی ژینگەیەکی فۆنۆلۆجی تایبەتەوە دێتە کایەوە، دەتوانین ئەم دیاردەش، واتە سوانی کۆنسنانتەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

**أ. لە سەرەتای وشەدا:**

لێرەدا دەنگێکی کۆنسنانت لە سەرەتای وشەدا لەناو دەچێت بۆ ئاسانی دەربڕین یان هەندێک جار لە ئەنجامی پەلەکردن  بە تایبەتی کە دوو دەنگی کۆنسنانت لە سەرەتای وشەدا بە سەریەکەوە دێن، بۆ نموونە:

ددان.............. دان

هوشیار.......... وشیار

حوشتر.......... وشتر

ببە بە پیاو....... بە پیاو

**ب. لە ناوەڕاستی وشەدا:**

هەندێکجار دەنگیکی کۆنسنانت یان زیاتر لە ناوەڕاستی وشەدا لەناو دەچێت ئەمەش لە ئەنجامی لێکدانی دوو مۆرفیم یان زیاتر بۆ ئەوەی هێشووە کۆنسنانت دروست نەبێت، چونکە هێشووە کۆنسنانت درکاندنی قورس و گرانە، ئەم دیاردەیەش لەم نموونانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

١. لەناوچوونی مۆرفیمی (ب)ی داخوازی لە کاری داڕێژراو و لێکدراودا

هەڵگرت.............. هەڵ بگرە........... هەڵ گرە

دانیشتن.............. دابنیشە.............. دانیشە

بی دەنگبوون........ بێ دەنگ ببە......... بێ دەنگ بە

٢. لەناوچوونی مۆرفیمی (ب)ی ڕێژەی دانانی، بۆ نموونە:

بم خواردبایە.............. بم خواردایە

٣. لەناوچوونی دەنگی (ت) لەم وشانەی خوارەوەدا:

دەست ماڵ............ دەسماڵ

دەست گر.............. دەسگر / دەزگر

٤. لەناوچوونی دەنگی (د) بە شێوەیەکی فرەوان، بە تایبەتی لە ناوچەی سلێمانیدا، بۆ نموونە:

منداڵ............ مناڵ

خودا............ خودا

بەغداد........... بەغا

٥. لەناوچوونی دەنگی (د) لە پاشبەندەکاندا:

لە هاویندا.............. لە هاوینا

لە شەودا.............. لە شەوا

٦. لەناوچوونی دەنگی (ک) لە هەندێک وشەدا، کە کۆتاییان بە دەنگی (ک) دێت و، ئەو وشەیەی کە بە دواشیدا دێت هەر بە دەنگی (ک) دەست پێ دەکات:

چاک + کردن........... چاکردن

پاک + کردن............ پاکردن

٧. هەروەها لەناوچوونی دەنگی (ک)ی وشەی (چاک) کاتێک دەکرێتە پلەی بەراورد:

چاک + تر.............. چاتر

٨. لەناوچوونی دەنگی (هـ) لە هەندێک وشەدا، بۆ نموونە:

هەڵهات............ هەڵات

بهێنە................ بێنە

٩. لەناوچوونی دەنگی پیتهەڵگری (ئـ) لە زۆربەی ئەو حاڵەتانەی کە (ئـ)ی پیت هەڵگر دەکەوێتە ناوەڕاستی وشەوە:

ماست + ئاو........... ماستاو

گوڵ + ئاو............. گوڵاو

له + ئەوێ............. لەوێ

پ. له کۆتایی وشەدا:

لەم جۆره گۆڕینەدا دەنگێکی کۆنسنانت له کۆتایی وشه یان مۆرفیم دەسوێت بۆ مەبەستی ئاسانی دەربڕین، هەندێک لەو له ناوچوونانه:

١. لەناوجوونی دەنگی (ت) له جێناوی کەسی سێیەمی تاک (ات/ ێت) و کەسی دووەمی تاک (یت)، بۆ نموونه:

دەخوات............. دەخوا

دەنووسێت......... دەنووسێ

دەچێت............... دەچێ

٢. لەناوجوونی دەنگی (د) لەم وشانەی کۆتاییانی به (اند) دێت

سوتاند........... سوتان

٣. لەناوچوونی دەنگی (ک)ی نیشانەی ناسیاوی:

پیاوێک.......... پیاوێ

**ـ سووان (لەناوچوون)ی ڤاوڵەکان:**

کاتیک دوو مۆرفیم یان زیاتر لێک دەدرێن و، دوو ڤاوڵ دەکەونه تەک یەکەوه ڤاوڵێک لەناو دەچێت به تایبەتی ڤاوڵی بێهێز، هەروەک ئەم نمونانەی خوارەوه:

١. کاتێک مۆرفیمی (ان)ی کۆ دەخرێته سەر ئەو ناوانەی کۆتاییان به ڤاوڵی (ە) هاتووه:

پەنجەره + ان........ پەنجەران

٢. لەناوجوونی فۆنیمی (ە) له ڕەگی ئەو کارانەی که (ات)ی کەسی سێیەمی تاک وەردەگرن:

ده + گه + ات........... دەگات

دە + کە + ات........... دەکات

٣. لەناوچوونی (ە)ی کۆتاییی پێشبەندی (لە) و (بە) کاتێک دەلکێن بە وشەکانی (ئێرە، ئەوێ، ئەو، ئەم)

لە + ئێرە............ لێرە

بە + ئەو............ بەو

**- پەیدابوونی دەنگ**

أ. لە دەنگە کۆنسنانتەکاندا:

لە هەندێک حاڵەتدا دوو دەنگی وەک یەک کە لە پاڵ یەکدیدا دەردەکەون یەکێکیان دەگۆڕێت بە دەنگێکی تر یا دەنگێک دەچێتە نێوانیانەوە، ئەمەش لەبەر قورسی درکاندنی ئەوو دوو دەنگەیە بەسەر یەکەوە، جاری واش هەیە نەگونجان یا لەناوجوونی دەنگەکان دەبێتە هۆی لێڵی واتایی و پەیدابوونی هاوبێژی (هاودەنگ) لە فەرهەنگی زماندا، بۆ نموونە:

کاری (بردن) کە بەهۆی مۆرفیمی (ر)ی نادیاری و (ا)ی کاتی ڕابردوو دەکرێتە نادیار

بر + ر + ا.......... بررا

لێرەدا بۆ ئاسانی و سووککردنی دەربڕین دەنگی (ر) لەناو دەچێت و دەبێتە (برا) لەگەڵ ناوی (برا)دا دەبنە هاودەنگ، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە ئاڵۆزییە لە واتادا پەیدا نەبێت زۆرجار دەنگێک لە نێوان هەردوو دەنگە لێکچووەکە پەیدا دەبێت و بەم شێوەیەی لێدێت:

بر + د + ر + ا........... بردرا

ب. لە دەنگە ڤاوڵەکاندا:

زۆرجار کە دوو مۆرفیم یان زیاتر لێک دەدرێن دوو ڤاوڵ دەکەونە تەک یەکەوە بۆیە دەنگێکی نیمچە کۆنسنانت هەردوو ڤاوڵەکە لێک جیا دەکاتەوە، بە زۆریش (ی) و (ر) و (ت) ئەم ئەرکە دەبینن، لە ڕاستیشدا پەیدابوونی ئەم فۆنیمانە بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

١. دوورکەوتنەوە لە دروستبوونی هێشووە ڤاوڵ یا ڤاوڵی دوو لایەن (دیفسۆنگ).
٢. بۆ پاراستنی ڤاوڵەکان لە سووان و گۆڕانیان

فۆنیمی (ی)ی (شێوە بزوێن) لەم حالەتانەدا بە دیار دەکەوێت:
أ. کاتێک (ە)ی کاری ناتەواو دەلکێت بە دوای ئەو وشانەی کە کۆتاییان بە بزوێن هاتووە:

- ئەوە دەرگایە.
- ئەوە کانییە.

ب. هەروەها کاتێک ناوێک کۆتایی بەبزوێنی (ا) هات بێت و بە مۆرفیمی (ان) کۆ بکرێتەوە، وەک:
مامۆستا + ان............. مامۆستایان

(ر)ش لەم حاڵەتەدا بە دەردەکەوێ:
أ. هەندێک جار بە تایبەتی لە کاتی لکاندنی پاشگری (ەوە/ وە) بە ڕەگی ئەو کارانەی کە کۆتاییان بە ڤاوڵ هاتووە (بە مەرجێک کارەکە داخوازی بێت) دەنگی (ر) لە بەینی هەردوو ڤاوڵەکە پەیدا دەبێت، وەک:
ب + کە + وە.......... بکەرەوە
ب + خۆ + ەوە.......... بخۆرەوە

هەرچی(ت)شە ئەوا بەم شێوەیە لە نێوان دوو ڤاوڵدا پەیدا دەبێت، بۆ نموونە:
کاتێک پاشگری (ەوە/وە) دەلکێت بە کاری ڕابردووی تەواوەوە
هات.......... هاتووە............ هاتووەتەوە/ هاتۆتەوە
برد.......... بردووە............ بردووەتەوە / بردۆتەوە

<u>لێرەوە هەندێ گۆڕانی دیکەی دەنگەکانی زمانی کوردی بە کورتی تۆمار دەکەین:</u>

**ـ جێگۆڕکێی دەنگ:**

لێرەدا دوو دەنگ یان دوو برگە جێگاکانیان دەگۆڕنەوە و، هەندێک جاریش وشەکە بە هەردوو شێوەکەی لە یەک زاردا دەبینرێت، هەندێک جاریش وا رێک دەکەوێ هەر شێوەی دەکەوێتە زارێکەوە، بۆ نموونە:

تەزرە (سلێمانی)................ تەرزە (هەولێر)

بەفر (سلێمانی)..ب............. بەرف (کرمانجی ژووروو)

روانین............... نوارین

هەندێکجاریش ئەو جێگۆڕکییە پێوەندی بە چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی رۆشنبیرییەوە هەیە، بۆ نموونە:

جومعە............. جوعمە

روبع............... روعب

لەعنە............. نەعلە

**ـ دەنگە گۆڕکێ:**

ئەم دیاردەیە هەمان دیاردەی گونجانی تەواوی کۆنسنانتەکان...

لێرەدا دەنگی هەندێ وشە لە قسەی هەندێ کەسدا دەگۆڕێت بە دەنگێکی تر بێ ئەوەی ئەو گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە، یان بە واتایەکی دیکە هەمان وشە لە دوو فۆرمی جیاوازدا دەبینرێت، بۆ نموونە:

ئەسپ........... هەسپ

سوور........... سۆر

**سەرچاوەکان**

**کتێبەکان:**

١. ڕۆژان نوری عبدالله، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٢. ڕەفیق شوانی (د.)، زمانەوانی ـ کۆمەڵە وتارێک، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩.

٣. غازی عەلی خورشید، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠

٤. غازی فاتح وەیس، فۆنەتیک، چاپی یەکەم، چاپخانەی الادیب البغدادی، بەغداد، ١٩٨٤

٥. محەممەد مەعروف فەتتاح، زمانەوانی، چاپخانەی دارالحکمە، بەغداد، ١٩٩٠

٦. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (د.)، دەنگسازی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

١. لاوین تەحسین ڕەشید دزەیی، فۆنۆلۆجی زمانی کوردی لە دیدی ماتماتیکەوە، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (٤ – ٥)ی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی (٢٠٠٩)

٢. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، بڕگە لە زمانی کوردیدا، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٩١٤)ی (یەک شەممە/٩/٢/٢٠٠٣).

٣. وریا عومەر ئەمین (پ. د)، ئیملای کوردی و چەند تێبینییەک، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد، ژمارە (٩)ی ساڵی (١٩٨٢)

٤. ـــــــــــــ، فۆنیمەکانی زمانی کوردی، گۆڤاری نووسەری کورد/ گۆڤاری یەکیەتی نووسەرانی کورد، ژمارە (٨)ی ساڵی (١٩٨٢)

٥. ـــــــــــــ، فۆنۆلۆجی، گۆڤاری کاروان / ئەمینداریەتی گشتی بۆ ڕۆشنبیری لاوان، ژماره (٢٠)ی ساڵی (١٩٨٤)
٦. ـــــــــــــ، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق / دەستەی کورد، ژماره (٢٠)ی ساڵی (١٩٨٩)
٧. ـــــــــــــ، جووتۆکە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژماره (١١٧٠)ی ساڵی (١٩٩٠/٤/١٦)
٨. ـــــــــــــ، هێز و ئاواز، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژماره (١٣٤)ی ساڵی (١٩٩٤)
٩. ـــــــــــــ، سێتیلە، ڕۆژنامەی بەدرخان، ژماره (٩٠)ی ساڵی (٢٠٠٨/٢/٢٢)

**موحازەرەکان (وانەی زانکۆیی):**

١. چیا عەلی مستەفا (م.ی)، وانەی (زمانەوانی)، قۆناغی چوارەم، کۆلێژی زمان/ قەڵادزێ، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨ - ٢٠٠٩.
٢. عومەر مەحمود کەریم (پ. ی. د.)، وانەی (دەنگسازی) قۆناغی یەکەم، کۆلێژی زمان/ قەڵادزێ، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦.

# زمانە ئێرگاتیڤەکان

**شاسوار هەرشەمی**

ئێرگاتیڤ بارێکی ڕێزمانییە، لەو زمانانەدا دەردەکەوێت، کە پێیان دەگوترێت زمانە ئێرگاتیڤییەکان.

زمانە ئێرگاتیڤەکان، بریتین لەو زمانانەی کە بکەر(سەبجێکت) لە باری ئینترانسیتیڤدا (لازم)، هیچ بەرکارێکی نییە، بۆیە بکەر، لە ڕستەی وادا، وەکو خۆی و بێ گۆڕان بەکار دێت. واتا چونکە لە ڕستەی سەرەکیدا، تەنیا یەک لایەن هەیە، کە ڕۆلی چالاکانەی دەردەکەوێت، بۆیە گوێگر، بێ هیچ کێشەیەک تێ دەگات مەبەستی قسەکەر کێیە.

نمونە: تۆپەکە لەسەر پەیژەکاندا گلۆر بووەوە.

بەڵام هەر بکەر، لە ڕستەی ترانسیتیڤدا (متعدی)، واتا لە ڕستەیەکدا، کە بکەر لە ناو ڕستەکەدا، لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆ(ئۆبجێکت) دایە.

نمونە: ئازاد تۆپەکەی لەسەر پەیژەکاندا گلۆر کردەوە.

وەک دەبینین لەو دوو ڕستەیەی سەرەوەدا، (ئازاد) لە زمانی ئێرگاتیڤیدا بکەرە، بەڵام (تۆپ) لە هەر دوو ڕستەکەدا، لە باری ئەبسۆلاتیڤدایە، چونکە هەرگیز بکەرێکی چالاکی بڕیاردەر نەبووە، وەک ئازاد. ئەوا لە ڕستەی ئاوادا، بۆ جیاکردنەوەی بکەر( لێرەدا ئازاد)، لە بەرکار (لێرەدا تۆپەکە)، نیشانەیەک دەچێتە سەر بکەرەکە. ئەمەش تەنیا بەو مەبەستە هاتۆتە کایەوە، تا ناوی بکەرەکە (سەبجێکت)، لەگەڵ ناوی کار لەسەر کراوەکە (ئۆبجێکت)، لای گوێگر تێکەڵاو نەبێت. واتا بزانێت و تێ بگات کە ئەوە کامە کاری لەسەر کامە کردووە. وەک ئەوە ئازادە کە لە کوڕەکەی دا، یان کوڕەکەیە کە لە ئازادی دا.

ئەگەر بە شێوەیەکی کورت و پوختەتر هەمان شت دەرببڕم، ئەوا دەڵێم لەو جۆرە زمانانەدا. واتا جۆرە زمانە ئەرگاتیڤییەکانی وەک (زمانەکانی کەفکاسی، لەوانە گورجی. هەروەها ئەسکیمۆیی، باسکی، تیبتی، هەروەها زمانی کۆنینە و نەماوی سومێری و... زۆر زمانی دیش)، ئەگەر بکەر لە ڕستەی سەرەکیدا، خۆی شتێک (کارێک)، لە سەر شتێکی دی، یان کەسێکی دی، واتا (بەرکاری ڕاستەوخۆ) بکات، ئەوا بکەرەکە، نیشانەیەکی تایبەتی دەچێتە سەر، تا بزاندرێت کە ئەمە ئەوە و خۆیەتی، کە کارەکەی لەسەر ناوەکەی دی ناو هەمان ڕستەدا، واتا (بەرکار) کردووە. کەچی بەرکار، لە ناو ڕستەکەدا، هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە. هەر لەو جۆرە زمانانەدا، بکەر لە باری ڕستەی ئینترانسیتیڤ (لازم) و، بەرکاریش لە باری ڕستەی ترانسیتیڤ (متعدی)، لە شێوەیەکی وەک یەکدا دەبن، کە پێی دەگوترێت باری (ئەبسۆلوتیڤ، Absolutiv ) یان ( مگلق، کامل). واتا هەردووکیان لەو دوا بارەدا، هیچ نیشانەیەکیان ناخرێتە سەر. واتا باری ئێرگاتیڤی ڕستە، تەنیا لەو بارانەدا دەردەکەوێت، کە کە بکەر (سەبجێکت) لە باری ترانسیتیڤ دایە.

با دوو نمونە لە زمانی ئێرگاتیڤی باسکی وەربگرین:-

باری ئەبسولوتیڤ: Gizona etorri da.

واتا: پیاوەکە گەیشت.

باری ئێرگاتیڤ: ikusida Gizona- k mutila.

واتا: پیاوەکە کوڕەکەی دیت.

وەک دەردەکەوێت، لە ڕستەی یەکەمدا، هیچ شتێکی نامۆ نابیندرێت، لە ڕستەی دووەمدا، کە بکەر و کار لەسەر کراوی تێدایە و، لە باری ئێرگاتیڤدایە، بۆ جیاکردنەوەی بکەر، قسەکەر (دەبێت) دەنگی (ک) بخاتە کۆتایی جێناوە بکەرەکە، تا گوێگر کوڕەکەی لێ نەبێتە بکەر.

ناو، یان باری ناوی، ئەو بارو شێوەی ناوە کە لە کاتی (بکەری، subjekt)دا هەیەتی. ئەمەش ئەو کاتە دەبێت، کە ناوەکە لە ناو ڕستەیەکدا کارێک دەکات. هەندێک ڕستە وەک دەردەکەون، هەرگیز ئەو بار و شێوانەیان بەخۆوە نەگرتوە.

ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە باری (ناو)ی، لە سەرەتادا تەنیا بۆ دیاریکردنی بکەر، لە باری (ڕستەی متعدی،transitiv sats) بە کار هاتووە. واتا ناو لە ڕستەیەکدا بە کار هاتووە کە بەرکار (مفعول بە، objekt)ی ڕاستەوخۆی تێدا بووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە زمانی کەونارای داپیرە و باپیرەی پرۆتۆهیندۆروپیمان، یان بە کورتکراوەیی، زمانی PIE، یەکێک بووە لە زمانە (ئێرگاتیڤیەکان، ergativ). بەمەش ناو لە ڕستەدا، بە گوێرەی باری ڕستەکە، کە ئاخۆ (متعدی،transitiv) بووە، یان (نامتعدی، لازم ) بووە، شێوەی جۆراو جۆری وەرگرتووە.

لە باری یەکەمدا، ناوەکە هەروەک بەرکار، نیشانەی چۆتە سەر. ناو لە باری ئەکوساتیڤیش بە کارهاتووە. لەو بارەدا ناوەکە بکەر نییە و، (بە ناچاری) ڕۆڵی بکەری پێ دراوە. لە ڕاستیدا، ناو لەو بارەدا، هەمیشە کار لەسەر شتی (نابکەر)، یان مردوو و هیچ پێ نەکراو دەکات، کە ناتوانێت کاریگەریی لەسەر کەسان، یان شتانی دی هەبێت. یان بە شێوەیەکی دی، ئەو جۆرە ناوانە، ناتوانن ببنە هۆی هاتنە ئارای کاری دییەوە. لەوانەشە هەر ئەمە هۆی سەرەکی بێت، کە ئەم جۆرە ناوانە لەباری ئەکوساتیڤدا، لە سەرەتاوە ڕۆڵی بکەریان نەبووە. ئەم جۆرە ناوانە، بە ڕوونی باری ناچالاکیان هەیە و، بێکارەن. یان ڕاستر بڵێین، ئەوا ئەو جۆرە ناوانە خۆیان نین، بە ویستی خۆیان کارێک بکەن.

بۆ ئەوەی باشتر لە کار لەسەر کردنی ناوێک لەسەر ناوێکی دی بگەین، نمونەیەک دەخەمە پێش چاوت: زۆر سەختە بیر لەوە بکەینەوە، کە پەڵە هەورێک، شتێکی لە پەڵە هەورێکی دی کردووە. سەرەڕای ئەوەش دەزانین، کە ئەوە بارگەی (-) و (+)ی سەرە جەمسەری دوو هەورن، کە بە هۆی گورژومی جوڵەی باوە، دەجوڵێن، یان یەکێکیان بە خێراییەکی پتر دەجوڵێت، لە ئەنجامدا، هەردوو پەڵە هەورەکە پێکدا دەدەن و، بروسک و هەورەتریشقە پێک دێنن. دوور نییە، هەر دیاردەی ناوی لەم جۆرەش، لە سەرەتاوە بووبێتە هۆی داهاتنی وشەی بێلایەن لە هەندێک زماندا. واتا ئەو ناوانە بە بێلایەن داندراون، کە لە ڕستەیەکی تەواودا، ناتوانن ببنە بکەر و ڕووداو پێک بێنن. یان ناوی لەم جۆرە، کار لەسەر شتی دی بکەن.

ئەم دیاردەیە بۆتە هۆکاری، یان بناغەی یاسایەکی گشتی لە زمانە هیندۆرووپییەکاندا. کە دەڵێین لە وشەی بێلایەندا، هەردوو باری ناوی کارا و ئەکوساتیڤ وەک یەکن و، هیچ جیاوازیەکیان لە نێواندا نییە، هۆکارەکەی ئەمەیە، کە شارەزایان لایان وایە، هەر لەکۆندا هەردوو جۆرەکە، هەر کۆنە ئەکوساتیڤ بوون. ئەم بناغەیە تا ئەمڕۆش لە زمانێکی وەکو ئەڵمانیدا ماوە. لەو زمانەدا دەربڕینی (das)، لە هەردوو باری، ناوی کارا و ئەکوساتیڤدا، وەک نیشانەی ناسینەوەی ناوی بێلایەن بە کار دەهێندرێت.

دیاردەیەکی لەم جۆرەش، لە زمانی کوردیدا ماوە. وەک دەزانین جێناوی (ئەوان، ئەمان) کارایە و، دەتوانێت ببێت بە بکەر، بەڵام (ئەوانە، ئەمانە)، لە باری ئەکوساتیڤیدایە و، بۆ هێماکردن بۆ ناوی (شت) بە کار دێت. لە کاتێکدا ئەو (ناو)ی شتانە، ناتوانن ببن بە بکەر. نهێنییەکە لەوەدایە، کاتێک کە کەسێک بیەوێت، توانای (بکەری کارا)، لە جێناوی (ئەوان) بسەنێتەوە و، سوکایەتیان پێ بکات و، بێ مافیان بکات، ئەوا هەمان وشەی (ئەوانە، ئەمانە) بۆ مرۆڤەکان بەکار دێنێت. وەک لە دەربڕینی: ئەمانە بەرە زیندان. ئەمانە دەرکەنە دەرەوە. لە کاتێکدا ئەو کەسانەی بە جێناوی (ئەوان، ئەمان) بانگ دەکرێن، مافی بەرگریکردن لە خۆیان هەیە. مافی دەنگهەڵبڕینیان هەیە. لەوەش پتر، ئەوان و ئەمان، هێشتا توانای کاریان هەیە و، بکەری چالاکن.

لێرەدا تێبینیەکی گرنگ هەیە، کە بەو نمونەیەی کە من لە سەرەوەدا هێناومەتەوە، نابێت، خوێنەر و شارەزایان، وا لەم بابەتە بگەن کە زمانی کوردی، زمانێکی ئێرگاتیڤییە، بەڵام بوونی شوێنەواری ئێرگاتیڤی لە زمانەکە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بارەکە، شوێنەوارێک، یان ماکێکی کۆنی بوونی دیاردە زمانەوانییەکەیە، لە زمانی هاوبەشی پرۆتۆهیندۆرووپی. زمانی هاوچەرخی کوردی، وەک هەموو زمانە هیندۆرووپیەکانی دی، زمانێکی ئەکوساتیڤە. واتا وەکو زمانە ئێرگاتیڤیەکان نابێتە ئەبسۆلوتیڤ.

واتای زاراوە بەکارهاتووەکان:-

ئینترانسـیتیڤ:- Intransitiv. یـان بـاری (لازم). کـردارێکە کە ناتوانێـت بەرکـاری هەبێـت. وەک: مـن حەزم لێـیە بـڕۆم. ئێسـتا کـاتی ئەوەیە بخەویـن. ترانسـیتیڤ:- Transitiv. (متعدی). لە ڕێزمانـدا، کـردارێکە کە یەک، یـان چەنـد بەرکـار (تەواوکەر)ی هەیە. وەک: مـن زەوییـەکە دەکـێڵم. مـن پیـاڵە چـایەک تـێ دەکەم. ئەو گۆرانی دەڵێ.

ئەبسـۆلوتیڤ:- Absolutiv. کاسـوس، یـان بـارێکی زمـانەوانییە، لە هەنـدێک لە زمانەکانی کەفکاسی، یان زمانی سومێری، یان (زمانە ئێرگاتیڤەکان) هەیە. لەو زمانانەدا، بەرکار لە باری ترانسیتیڤدا (متعدی) وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام بکەر بـۆ تـێکەڵاو نەبـوون لەگەڵ بەرکـار، پاشـگرێکی دەچێـتە سـەر. لە بـاری ئینترانسیتیڤیشـدا (لازم)، هەر بـکەر هەیە، بـۆیە وەکـو خـۆی دەردەکەوێت. واتـا پاشگرەکەی ناچێتە سەر.

ئەکوسـاتیڤ: Acusativ. بریتییە لە بارێکی ڕسـتەی واتـا تەواو ( بە هەردوو جۆری، ڕستەی سەرەکی و ڕستەی ناسەرەکی)، کە بەرکاری ڕاستەوخۆ ( مفعول بە مباشـر)، ئاراسـتەی کـردارەکە دیـاری دەکـات. لە زمـانی کوردیـدا، هەنـدێک جێنـاوی بەرکـاریی، لەمجـۆرەن وەک (- وان. - وی. - وێ. - ویە. - مە. - ەنگۆ). بۆ هێشتا باشتر ڕوونکردنەوە، سـەرنج لەو ڕسـتانە بدەن: ئەو لەگەڵ- وان چوو. ئەو لەگەڵ -ویە. لەگەڵ-ەنگۆ-مە و... هیـدیش بەم شـێوەیە. لە زمـانی لاتینیـدا، ئەم دیاردەیە لە ناودا زۆر زەقە. بۆ نموونە ناوی، یان وشەی کۆیلە، بە لاتینی بـریتییە لە (servus، سـێرڤوس). هەمـان نـاو، لە بـاری ئەکوسـاتیڤیدا، دەبێـتە (servum، سێرڤوم). وشە نێونەتەوەییە زۆر ناسـراوەکانی، وەک سـتادیوم، موزیـوم، هەر لە لاتینییەوە هاتوون و، بە هەمان شێوە لە باری ئەکوساتیڤی دان.

تێبینی: داوای لێبوردن لـەو کەسـانە دەکـەم کـە بـاش لـە بابەتەکە ناگەن. ئـەم بابەتە پتر تایبەتە بە شارەزایانی زمان، بەڵام هەموو ئەوانەش کە چێژ لـە زانسـتی زمان وەردەگرن، بێگومان سودی لێ دەبینن.

# تۆپۆگرافیای چیا و ناوە جیاوازەکانی

د. هاوژین سلێوە

زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە دەوڵەمەندەکانی جیهان، و کۆمەڵێک شێوەزار و بێچوەزاری لێ دەبێتەوە. هەر مرۆڤێکیش زمانەکەی خۆی هەرچەند چاک بزانێت ناگاتە ئەوەی سەرجەم فەرهەنگی زمانەکەی خۆی بزانێ، چونکە زمان چوارچێوەیەکی فراوانی هەیە و بە درێژایی هەزاران ساڵ لە فراوانبوون و گەشەکردن و گۆڕاندایە. مرۆڤ، سوود لە بەشێکی ئەو توانا و شارەزاییە زمانییە وەردەگرێت.

ئەم وشانەی لەم توێژینەوەیەدا کۆم کردۆتەوە ناوی چیا و شوێنە جیاوازەکانە. تۆپۆگرافیا واتا بەرزی و نزمی و شێوە و پێکهاتەی ناوچەکانی چیاکان کە ناوی جیاوازیان هەیە. هەرچەندە بەپێی شوێنی چیاکان ناوی تایبەتیان وەرگرتووە، زۆرجار لە ناوی مرۆڤەوە وەرگیراون وەک چیای هەیبەت سوڵتان لە کۆیە، یان لە ڕەنگی چیاکەوە ناوەکەی وەرگیراوە، ئێمە لەمانە نادوێین، ئێمە لە ناوە جیاوازەکان دەدوێین کە بە گوێرەی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوی جیاجیان وەرگرتووە.

ڕەنگە بەلای هەندێ کەسەوە کاتێ بە نزیک چیایەک تێدەپەڕیت، یاخود بە چیایەک هەڵدەگەڕێیت، هەر ئەوە بزانێت ئەمە چیایە و لووتکەی هەیە و یەک دوو ناوی تری بزانێت، بەڵام وردەکاری و ناوەکانی تری نەزانێت، بەڵام پێکهاتەی چیاکە لە هەوراز و نشێو و کەند و کۆسپ و جۆری ڕووەکەکان و دار و درەخت و هەڵکەوتەی چیاکە هەریەک لەم شوێنانە ناوی خۆیان هەیە.

چەند ساڵێکە بیرۆکەی کۆکردنەوەی ئەم ناوانەم لە خەیاڵدایە، هەرچەندە کوڕە جوتیارم و لە گوندی هەرمۆتەی بناری باواجی لە کۆیە لە دایک بووم، واتا لە

ناوچەیەکی نیمچە شاخاوی ژیاوم و لە ناو دەشتایی و شاخ و کێو گەڕاوم، بۆیە سەرەتا ئەوانەی خۆم دەمزانی نووسیومەتەوە، دواتر لە نێو فەرهەنگەکانیشدا گەڕاوم، ئینجا لە زۆر کەسی ناوچە شاخاوییەکانم پرسیوە لەگەڵ پرسیارکردن پێ بەپێ ناوی شوێنەکانم پێ دەگوتن ئەو شتانەی کە پێشتر تۆمارم نەکردبوون و نەمدەزانی ئەوانم تۆمار دەکرد.

ئەمە بووە خەمێک و لە دەیان کەسم دەپرسی، ئەم شتەی لێ پێک هات، ئەگەرچی هەست دەکەم هێشتا زاراوە و ناوی تر ماوە، کە لە داهاتوو هەوڵی تری لەگەڵ دەدەم، بێگومان هەندێ لەم ناوانەش بۆ ناونانی منداڵ گونجاون و کە ڕەنگە پێشتر بە کار نەهێنرابن، وا ئێستاش پەیتا پەیتا ئەم ناوانە دەخەمەڕوو پێناسەیان دەکەم و لە مانا و شوێنەکانیان دەدوێم، بەپێی پێویست لە هەندێ شوێنیش بە نموونەی شیعری ڕوونیان دەکەمەوە.

چیا، کەژ، زەردوماە، کوە: زنجیرەیەک لووتکەی بەرز دەگرێتەوە، کە بەسەریەکەوە ئەلقەیان بەستووە، ناوچەیەکیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. گارا، لەئاڤێستادا بە واتای شاخ هاتووە، (چیای گارا)مان هەیە لە نزیک ئامێدی، ڕەنگە هەر خودی چیاکە واتای خۆی بگەیێنێت، لە کۆیە لە نێو چیای هەیبەت سوڵتاندا (سەری کۆسار)هەیە (کۆسار) لە(کۆە)وە هاتووە، واتا کۆی چیاکان.

هێمن دەڵێ:

گەیشتمە سەر ترۆپکی ئارەزوو ڕۆژێ، کەچی ڕوانیم:
لە پێشمدایە زەردوماە و سەخت و ئەستەمێکی تر

عەبدوڵڵا پەشێو دەڵێ:

**ئەی چیایە دوورەکان!**
**ئێستا بڕوام نەماوە**
**بە هێڵی سنوورەکان،**
**بە مەودای نێوان دوو شوێن**
**بە ئەلفوبێی جوگرافیا و**
**نەخشە زەرد و سوورەکان**

شاخ: زۆرجار لەبری چیا بە کار هاتووە، بەڵام واهەست دەکرێت لەچیا بچووک تربێت، بۆنموونە ئێمە دەڵین (چیای هیمالایا)ناڵێین شاخی (هیمالایا).

لاشاخ: شانی شاخ.

تەمباق: چاڵی بەرین لەناو چیادا.

ڕەدە: جێگەی سەخت و بەرداوی لە چیادا.

کەپکەشاخ: لەنێو زەوی کشتوکاڵیدا بە تایبەتی لە ناوچەی زورگەکاندا پارچە شاخی بچووک بچووک کە لە شێوەی زنجیرە چیایەکی بچووک دێنە بەرچاو کە پارچە پارچەن. لە ناو چیاش هەن، چەند پارچە شاخێک بە دوای یەکدا هاتبن کە پارچە شاخەکان زۆر گەورە نەبن. زۆر جار مەڕدارەکان (خوێ) بۆ مەڕوماڵاتەکانیان لەسەر ئەم کەپکەشاخانە ڕوو دەکەن، چونکە خوێیەکە بە پاکی دەمێنێتەوە و مەڕ و بزن بە ئاسانی دەیلێسنەوە، بەم کردارەش دەڵێن: (خوێ ڕێژ)یا (خوڕیس).

لووتکە، قوتکە، دوند، ترۆپک، پۆپە، نووک، سەرشان، چەگات، هەڵەمووت، بەمانای بەرزترین شوێنی چیا دێن. زۆر جار لەنێو زەوی کشتوکاڵیدا، کاتێ زەوییەکە تۆ دەکرێ، تاوەکو تۆ دەر لێی تێک نەچێ کە چەندی تۆداوە و چەندیشی ماوە، قوچەکێک دروست دەکات، دیارە قوچەک لە قوتکەوە وەرگیراوە، بەردێکی پان لە ژێرەوە دادەنرێ، دواتر پێ بەپێ پانە بەردی بچووکتر تاوەکو دوا بەرد کە لە سەرەوەی دادەنرێت شێوەی قوتکە وەردەگرێ، زۆرجار بە(کەستەک)یش ئەم قوچەکەیە دەکرێ، نیشانەی(ەک) بۆ بچووککردنەوەیە، زۆرجاریش لە کاتی دابەشکردنی زەوییەک لە نێوان دوو کەس و دوو برا، (تخوب)ەکە بەم قوچەکانە داری دەکرێ، دواتریش کە نێوانی دوو زەوی کە پانییەکەی مەترێک بۆ دوو مەتر بە(بەیار)ی بە جێ دەمێنێ دەبێت بە(چیلییە)، ئەم چیلیانە بۆ ئەوە دەست نادەن بەهاران مەڕ و بزنیان تێدا بلەوەڕێنرێت، چونکە مەودای نێوان دوو زەوییەکە کەمە و زەڕ دەکەن(زەرەر دەدەن) لە کشتوکاڵی هەردوو زەوییەکە، تەنها بۆ(دەست لەوەڕ)، یان دورینەوەی گیا سوودیان

لێوەردەگیرێت، (دەست لەوەڕ)ئەوەیە کەسێک گوریسی مانگایەکی بە دەستەوە بێت و پێ بەپێ لەگەڵ چیلییەکە بڕوات و مانگاکە بلەوەڕێنێت، ئەو جوتیارەی چیلیلە بکێڵێت و هەوڵبدات دزی لە زەوییەکەی دراوسێی بکات دەڵێن (تخوبی بەزاندووە)، زۆر جار زەوی هەردوو لا بەردی زۆرە بەردەکان کۆ دەکەنەوە و لەسەر تخوبەکە فڕێی دەدەن، ئەگەر ڕێژەی بەردەکان زۆر بەسەر یەکەوە کەڵەکە بوون، بەو کۆمەڵە بەردە کۆکراوەیە دەڵێن (غەرە بەرد)، نێو غەرە بەردەکان دەبێتە حەشارگەی مشک و مار، جا (فسۆس) زۆر حەزی لە ژیانی نێو غەرە بەردە، چونکە زۆر قاندڕی مشک و مارە و کون و لانەی خۆی لە نێو بەردەکان چێ دەکات، هەڵبەتە جاران کاری هەرەوەزی زۆربوو، زۆر جار بە هەرەوەزی کۆمەڵێ کەس چووون بۆ پاک کردنەوەی زەویی بەردەلانی کەسێک بەردەکانیان لەسەر چیلییەکان داناوە، خەڵک زۆر هەژاربوون بیستوومە جاری وا هەبووە بەو مەرجە چوون کە خاوەن زەوییەکە ئیشکەرەکان تێر نان و چا بکات، واتا بە ئارەزووی خۆیان نانی وشک و چای شیرین بخۆن تا تێر دەبن.

هێمن دەڵێ:

**دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون**
**دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون**

گۆران دەڵێ:

لەسەر هەر لووتکەیەک، تەپۆلکە و یاڵێ
هەر بنەدار بەڕوویەک ئەکەین بە ماڵێ...

شێرکۆ بێکەس لە پۆستەرە شیعرێکدا دەڵێ:

**(کڵێتە)**
**هەندێ قوتکە**
**بەفر زووتر کڵێتەیان بۆ ئەچنێ.**
**ئەو کڵێتەیەی دوێنێ شەو کردیە سەری**
**ئەو قوتکەیەی بەرامبەرم،**
**بەرەبەیان**

**ڕەشەبا هات هەڵیوەشاندەوە و داو..داو**
**لە قاچی شاخەوەی ئاڵاند!.**

ناولانک: لە شۆڕبوونەوەی لووتکەکان بەرەو خوارەوە لووتکەی بچووکتر هەبێت، کەلێنێک دروست دەکات.

لێڕ، جەنگەڵ: دارستانی لاپاڵ و نێوقەدی چیا.

تارینان: نزمایی بەینی دوو شاخان.

پانک، پاناوک، پاناو: قەدی چیا بەر لەوەی بگەی بە لووتکە، پانایی شاخەکان، تەختان و گۆڕایی قەدی چیا، پانایی قەدی گردەکانیش هەمان شتی پێ دەڵێن، بە تایبەتی لە گردەکان پاناوک شوێنی لەوەڕی مەڕوماڵاتە، واتا پاوان و لەوەڕگایە، لەنێوگرد و زورگەکاندا زەوییێک فراوان بێت پێی دەڵێن (پانکە)

هێمن دەڵێ:

**دێم بەرەو پاناوک و هەوراز و نشێو**
**دێم بەرەو ئەشکەوت و زەندۆڵ و پەسێو**

گاپێڵ، گەوە: پێچی شاخ، بەرزی و نزمی لاپاڵ و ڕەوەزی شاخ.

شێرکۆ بێکەس دەڵێ:

**تەوێڵی شاخ لاپەڕەی بەردینی سەرتە...ڕووم لەوێیە**
**ئەو گەوانەی کە باڕێزە و ڕنوبەفر تۆفی شیعر و**
**کرێوەی ئەم زەمانەیان لێ نووستووە.**

داوێن: ناوەڕاستی چیا، لە مرۆڤەوە وەرگیراوە، داوێنی مرۆڤ ناوەڕاستی مرۆڤ دەگرێتەوە.

بنار، بەرکاو: دیوی بنەوە، ئەو دەشتاییانەی دەکەونە دەوروبەری چیاکان.

شێرکۆبێکەس دەڵێ:

**ڕابردوو بەرکاوی خەونێکە زەرد و سوور**
**بە پێڵوو ئەیکێڵێ و ئەیکێڵێت...**

ڕەوەز: دانە بەردی بەسەریەکەوەی شاخ، کەپکە شاخی پارچەپارچە لە شێوەی زنجیرە خۆی پیشان دەدات، کە دار و بنەدەوەن و هەندێ ڕووەکیشی تێدا دەڕوێ.

نسار، نیسار، نزار، نسێ: قەتپاڵ و لاملی چیاکان، واتا ئەم شوێنانەی هەتاو نایانگرێتەوە و بەفری لێ دەمێنێتەوە و فێنک بن، شوێنی سێبەری چیا.

گۆران دەڵێ:

**یا کەو لەسەر لووتکەی نزار**

**بۆ لووتکەی هەزار بەهەزار**

بەربەڕۆچکە، بەربەڕۆژکە: ئەوناوچەیەی چیایە کەهەتاوێکی زۆری لێ دەدات.

گۆران دەڵێ:

**بەربەرۆچکەی ئەشکەوتم،**

**زستان جێگای سرەوتم...**

زنە: کانی بچووک، ئەو کانییە ئاوەیە لە لاپاڵی چیاکاندا، ئاوەکەی لە شێوەی چۆڕاوگەی بچووک دێتەخوارێ، لە شێوەی کانییەکی بچووک خۆی نیشان دەدات.

ئەشکەوت: هەڵکەوتەی شێوەی ژووری خانوێکە زۆرجار دەرگاکەی بچووکە و ناوەوەی فراوانە، مرۆڤی کۆن سەرەتا لەم ئەشکەوتانەدا ژیاوە، دواتر بیری کردۆتەوە بەماددەی تر خانوو یاخود شتێک دروست بکات کە شێوەی لە ئەشکەوت بچێت و تێیدا بحەوێتەوە، ئەشکەوتی سروشتی و ئەشکەوتی دەستکردیش هەیە. لە ناوچە کوێستانییەکاندا تاکو ئێستاش بۆ هەڵگرتنی پەنیر بە کار دێن، چونکە ناوەوەی ئەشکەوتی کوێستانان ساردە و، هەر مەڕدارە و چەند پێستە پەنیرێکی لێ دادەنێ و ناوی خۆی یا هێمایەکی لەسەر دەکا و پاسەوانی تایبەت چاودێری دەکات لە ترسی دزی و لەترسی ئەوەی نەوەک ورچ زەفەری پێ ببات، لە شۆڕشەکانی کوردیش دیسانەوە ئەشکەوت بوویتەوەماڵی شۆڕشگێڕان، تاکو ئێستاش هەر پەناگەی شۆڕشگێڕانی کوردە.

زنار، گابەرد: بەو بەردە زلانە دەڵێن کە لە نێو چیاکاندا هەن، لەوەوە هاتووە کە بەردەکان گەورەن، زۆرجار هێندەی گایەک دەبن.

گۆران دەڵێ:

**دیمانەت بەخێر یەکەم دار بەڕوو،**
**گابەردی لاڕێ لاڵ و پاڵ کەوتوو!**

زاخان، بەردەڵان: شوێنێک لە ناوچە چیاییەکاندا بەردی زۆری لێ بێت.

شێرکۆبێکەس دەڵێ:

**زاخان زاخان**
**دەریاچەیەک لە مێژووی بەرد**
**هەموو بەردێ حیکایەتی خۆی هەیە...**

تەنگەبەر: ڕێگای تەنگ و باریکی نێوان دوو لووتکەی زۆر لەیەکەوە نزیک.

لاجان: دۆڵ و شیوەکانی نێوان چیاکان کە بووبێتە دارستانێکی زۆر سەوز و جەنجاڵ و جوان.

گەری، گەڕوو: قولایی نێوان دوو چیا کە تەڕایی و دار و ڕووەکی تێدا بێت، وەک گەری تۆبزاوە لە کۆیە، ڕەنگە لە گەرو(قوڕک)ی مرۆڤەوە هات بێت.

بندین: بنی تەختی چۆم و ڕووبار.

باخت: لە ناوچەی چیاکان شوێنێک کە بای زۆر لێ بێ و بە دایم وژە وژی بێ.

گەلی: قەڵبەز، سوول، تاڤگە، ئاو هەڵدێر، بافڵ.

سولاوک: لە شێوەی تاڤگەیە، بەڵام ئاوەکەی کەمترە، دەسکاوە ئاوێکی پێدێتە خوارەوە، دیارە (ۆک- وک) بۆ بچووککردنەوە بە کار دێت، وەک ناوی (حەمەد)دەبێت بە حەمەدۆک.

جۆگە ئاو: ئەو ئاوەی لە کانیاوەکانەوە ڕێ دەکەن، یان وەک لقێکی بچووک لە ڕووبار دەبنەوە.

جۆگەلە: جۆگە ئاوی بچووک.

خەرەند، هەڵدێر: لووتکە شاخی بەرز، کە بوونەوەرەکان ناتوانن لێیەوە بێنە خوارەوە، وەک خەرەندی ڕەواندز. هێمن دەڵێ:

**دێم بەرەو لێڕو چڕ و بەستێن و چۆم**

**دێم بەرەو هەڵدێر و گێژ و بەند و گۆم**

سفێک: دەشتایی نێوان دوو شاخ.

شێرکۆ بێکەس لەم شیعرەدا دەڵێت:

**بۆنی چەند تاڵێ لەو قژە زەردەت ئەکەم**

**هەردوو چاوم ئەنوقێنم و ئەگەمە ناو سفێک و**

**لە بەرایی تولە زردا ڕائەکشێم**

بەرزەخ: لووتکەی بەرزی چیایەک کەبەسەر لووتکەکانی تر بڕوانێ.

ڕک: ئەوشوێنەی چیا کە زۆر هەوراز بێت، پێداهەڵگەڕان و سەرکەوتنی زۆر زەحمەت بێت، زۆر جار بزنەکێوی دەچنە ئەم ڕکانە بۆ ئەوەی بوونەوەری تر زەفەریان پێ نەبەن.

قەدپاڵ، لاپاڵ، ناوقەدی چیاکان: واتا لەسەڕووی داوێنی چیاکان، ئەمەش لە قەد و کەمەری مرۆڤەوە وەرگیراوە.

سێلاو: ئەو ئاوەیە کە لە سەر تەختایی شاخەکاندا کۆ دەبێتەوە، واتا ئەو شاخانەی کە قوڕ و لیتەیان لەسەرە، بەهاران ئاژەڵی کێوی و کەو...ئاوی لێ دەخۆنەوە، لە دەشتاییەکانیشدا دوای باران بارین و لافاو ئەو ئاوانەی لەشێوەی گۆمەئاوی بچووک کۆ بوونەتەوە هەمان شتی پێ دەڵێن.

کاپیلە: ڕەنگە لە پێ یا پێپیلەوە هات بێ، ئەو ڕەوەزە شاخەیە کە شێوەی (پەیژە) وەردەگرێ، بۆ پیادا هەڵگەڕان خۆشە و لە پارچە پارچەی شاخ پێک هاتووە.

تەق تەق: ڕێگای بەردەلانی پلە پلە.

(گۆران)ی شاعیر دەڵێ:

**ناو ڕێگا تەق تەق، لاڕێ بەردی زل**

**کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل!**

باسک، بستی: لەقەتپاڵی شاخەکاندا تەختاییەکی باریک هەبێت، کە زۆر درێژ نەبێت و ئەم دیو و ئەودیوی شیوەرو دۆڵ بێت، ناوەکەشی لەباسکی کرۆڤ وەرگیراوە، چونکە شێوەی ئەوی هەیە.

بوار: شوێنی پەڕینەوە لە ئاودا.

نەورایی، نوار: ئەم جێگایە دەکەوێتە دامێنی بەرزاییەکان و جێگایەکی ڕاست و مەیلە و نزمە، ئەم جێگایانە کرداری باش دەبێ، واتا بۆ چاندن و تۆکردن باش و بەپیتە.

لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا هاتووە:

**دوو ڕەشماڵی ڕەشکۆکە**

**لە نوارێ هەڵیان داوە**

**لە مابەینی دوو مەمکان**

**دوو مامزەی تیا نووسراوە..**

تیش: لەشێوەی باسکە، بەڵام مەوداکەی درێژترە، ڕەنگە لە تیژەوە وەرگیرا بێ، واتای مەودای درێژ و باریک وەربگرێت.

ڕاز: شوێنێکی چیا زۆر ڕک و هەوراز بێت، بەڵام پڕاوپڕ بێت لە دارودرەخت و زۆر چڕ و ئاڵۆز بێت، شوێنێکە بوونەوەرەکان خۆیان لێ دەشارنەوە، ڕاز بە واتای نهێنیش دێت، ڕەنگە لەمەوەش وەرگیرا بێت، چونکە ئەم شوێنە عاسێیەی چیا بوونەوەری تێدایە و نهێنی تێدایە و ڕووتەن نییە تاوەکو ببینرێت، ڕازی مرۆڤیش ئەوەیە لە ناخیەتی و کەسانی تر پێی نازانن.

کونە شاخ: لە ناو چیادا وادەلوێ جێ جێی قەدی شاخەکان کونی تێدا بێت، جاری وەها هەیە کونەکە بچووکە و دەبێتە تاقێکی بچووک باڵندە هێلانەی تێدا دەکەن، شوێنی وەهاش هەیە کونەکە ڕەنگە مەترێک قووڵ بێت و دەمی کونەکەش واتا پانییەکەی چارەگە مەترێک یا زیاتر بێت ئەم شوێنانە چگە لەوەی بوونەوەر و پەلەوەڕ دەیکەنە مەکۆ و حەشارگە و هێلانەی خۆیان، زۆرجاریش هەنگ(مێشەنگوین)کە شەرغەی دا شەرغەکە دەچێتە ناو ئەم کونەشاخە و بەشی پێشەوەی بە (مێش مۆم)دەگرێت و کونێکی بچووک دەهێڵێتەوە، زۆر جار گەر

شوێنەکە زۆر عاسێ نەبێ ورچ دەستی تێڕا دەکا و هەنگوینەکە دەخوات و لەناوی دەبات، بۆیەش لە ناو دەچێت، چونکە مێش گەر لەنێو زەبیل بێت بەشێک لە هەنگوینی بەشی پشتەوەی لێ دەبردرێت، شاهانەی هەنگ لە بەشی پێشەوەی پووره هەنگ دەبێت، مرۆڤیش زۆرجار دەستی دەگاتێ ئەگەر زۆر وریا و شارەزا نەبێت پووره هەنگەکە لە ناو دەچێت، بە لەناوچوونی (شا) هەنگەکانی تر خۆیان چوار بۆ شەش مانگ دەژێن و کاتێ شاهانە نەمابێ وەچەی نوێ بنێتەوە پوورەکە لە ناو دەچێت، ئێستا فێر بووین موەلیدە و ئێڵتی دەبەن و شاخەکە دەشکێنن، جاری وەها هەیە دە بۆ دوازدە کیلۆ هەنگوینی لێ دەردەهێنن و هەنگەکەش لە ناو دەبەن، هەنگ لەنێو قەڵشی شاخ و لە نێو کلۆرە داریش دەژیێت.

تات: پارچەبەردی پان، پارچەشاخی پان، وەک تاتی نوێژکردن وایە.

تولەڕێ: ڕێگای پێچاوپێچی نێو دەوەن و گابەردان، کە باریک بێت تەنها کەسێک، یا بوونەوەرێک، بتوانێ پیایدا بڕوات، بوو بێتە ڕێچکەی بوونەوەران و بەرەو بەرزایی هەڵکشابێت، لە بناری چیاکەشدا ڕێگاکە دیار بێت، واتا ڕێگایەکی باریک و بە پێچ، وەک دەڵێن تولەمار، تولەمێو کە مانای باریکی و هەڵکشان دەگەیێنێت، هەروەها چەند ناوێکی ترش هەن وەک: تولەسەگ:جۆرە سەگێکی بچووک و باریکەلەیە، (تولە زەڕە- تولە زڕە)ش ئەوەیە کە زۆر جار تەماتەی کێویشی پێ دەڵێن، چونکە ڕێک وەکو تەماتەیە و بەری تەماتەی بچووک دەکرێت کە هێندەی دەنکە ترێیەکی خڕ دەبن و لە شوێن خۆی پنج دەکات و بەرێکی زۆر دەگرێ، زۆر جار کە بێستان بەرێکی زۆری گرت بێ دەڵێن ماشەڵڵا دەڵێی تولە زەڕەیە، یان دەڵێن وەک کوچک و کەرەک بەری گرتووە، کوچک: ئەو بەردەیە کە زۆر گەورە نییە کە دەڵێن سێ کوچکە واتا دانانی سێ بەرد کە شێوەی سێگۆشە وەردەکرێ و دەتوانرێت مەنجەڵ یان قۆرییە چای لەسەر دابنرێت، کەڵەک ( پاردە) (وشکەکەلەک): ئەم دیوارەیە کە لە دەوری باخچە و لە دەوری کانی و کارێزەکان دەکرێت، ئەم دیوارە بە شێوەیەکی زۆر کارامە دروست دەکرێ، بێ ئەوەی قوڕ یا گەچ یا چیمەنتۆ...لەگەڵ بە کار بهێندرێ، ئەم جۆرە کەڵکە بەردانەی لە ناوچەی هەورامان لە تەوێڵە و بیارە زۆرە، کەڵەکەبەردی وای لێیە مێژووەکەی

زۆ کۆنه وەک ئەوەی ئەم بەردانه پێکەوە ئاوێته بوو بن ڕەگی دارودرەختیان به ناودا دەڕوات و قوڕ و لیتەیان به ناودا دەچێت و قایم دەبن، جاران بیری دەستی و ئەو بیرەی به شۆڤەڵ و حەفارەش لێ دەدرا به وشکه کەڵەک دەهاتەوە، بەڵام وشکه کەڵەکی بیر له خوارەوە تەسکه و وەردە وردە پەل دەبێتەوە بۆ ئەوەی بەردەکان خۆیان بگرن چونکه بیرەکه قوڵە، بەڵام هی وشکەکەڵەک دیوارەکه ڕاسته، جا کاتێ بۆ نموونه تەماته بەری زۆر گرتب ێ دەڵێن وەک کوچک و کەڵەک بەری گرتووە، واتا وەک چۆن ژمارەی بەردی دیواری وشکەکەڵەک زۆرن و ڕووتن و جوان دیارن، ئەم پارچه تەماتەیه (ئەم قەدەتەماته)ئەوها بەری گرتووە، ئەم کەڵەکه بەردەش بۆ ئەوە دەکرێ تاوەکو چاوگەی کانییەکه یان کارێزەکه دیار بێت، بۆئەوەشه کاتێ چارچه خۆڵ و بەرد کلۆر دەبنەوە نەکەونه نێو ئاوەکه و کانییەکه کوێر نەبێتەوە، له دامێنی چیاکانی کوردستان کانی زۆری لێیه ئەو شوێنەی ئاوەدانی زۆر بێت ئەم کەڵکه بەرده به دەوری کانییەکەدا دەکرێ، گۆرانی شاعیر لەشیعری( گەشت له هەورامان)دا له کۆپلەی (کانی ژنان)دا دەڵێ:

**سەرچاوه ئاوێک: کەڵەکێک لەسەر**
**ژنێک تێی ئەچێ، ژنێک دێتەدەر..**
**ئەمەش له دێدا کانی ژنانه**
**قیبلەی دڵداری هەرزەکارانه!...**

گۆران دەڵێ:

**توله ڕێی باریک، تووناوتوون پشکن**
**ڕێبوار ئەخاته ئەندێشەی بێ بن..**

ڕێچکه: هەرشوێنێکی چیا کەمرۆڤ، یان ئاژەڵانی زۆر پیادا ڕۆیشت بێت و دڕکوداڵ و درەخت و گژوگیای لێ شین نەبێت، له ناوچه پێدەشتەکانیش هەمان ناوی هەیه.

کۆرەڕێ، کوێرەڕێ: ئەو ڕێگایەیە جاروبار هاتووچووی لەسەرە، جاروباریش بزر دەبێ، ڕێگاکە بۆ هاموشۆکردن زۆرخۆش نییە، چونکە پیادەی زۆر لەسەر نییە بۆیە بای هەندە دڕک و داڵی تێدایە، بەڵام هەستی پێ دەکرێ کە ڕێگایە.

پیادەڕێ: ئەوڕێگایەیە تەنها دەتوانی بە پێ پیایدا بڕۆی.

بزنەڕێ: ڕێگایەکی زۆر عاسێ و سەختی نێو چیا، کە مرۆڤ لە ترسی هەڵدێران دەبێ زۆر بە وریاییەوە پێیدا بڕوات و زۆریش ماندوو دەبێت، واتا ڕێگایەک کە تەنها بۆ بزنەکێوی ئاسانە پێیدا بڕوات، بەڵام مرۆڤ جاری وا هەیە بە ناچاری پێیدا دەڕوات.

هەوێزەچیا: شوێنێکە پانابیەکە بە چیاوە دەورە دراوە، ڕەشەبا نایگرێتەوە و، سێ لای شاخە و لایەکی کراوەیە، مەڕی لێ ڕادەگرن، چونکە چاودێری کەمتری دەوێ.

گەوەڕ، کەوەڕگەشاخ: لێواری شاخەکان کە شێوەی ئەشکەوتی بچووک وەردەگرن.

قەڵشتەشاخ: نێوانی دوو شاخی قەڵشیو بووە بە حەشارگەی مار و زیندەوەران، زۆر جار درەختیشی لێ شین دەبێ، واتا لەناو شاخە قەڵشیوەکەدا شین دەبن.

چک چکە: ئەو دڵۆپە ئاوانەی لە بنمیچی ئەشکەوتەکاندا دێنە خوارەوە.

سوولاوک، چۆڕاوگەی ئاوی بەردەوام کە بە قەد شاخ دێتە خوارەوە، زۆر جار ئاوەکە بە هێواشی و بە پەرتی دێتە خوارەوە.

تاتوک: پارچە شاخی گەورە و تەخت.

شوتکە: ڕێگایەک کە بەرەو لووتکەی چیا بڕوات.

ماقۆڕ: بەردێک کە شێوەی تەشتێکی وەرگرت بێت و ئاوی بارانی تیا کۆ بێتەوە.

تیوەڕ،تەچ: ریگای بە پێچاوپێچی نێو چیا.

یاڵ، لاملی کێو: زۆر جار بۆ گردیش بە کار هاتووە، بە نێوچەوانی ماین و ئەشپیش دەڵێن یاڵ، وەک دەڵێن: ئەم ئەسپە یاڵ سوورە.

گۆران دەڵێ:

**کوردستان: جێگای جێی هەزار ساڵەم؛**

**پەروەردەی ئەم دۆڵ و سەرلووتکە و یاڵەم!**

کێڵ: لووتکەی گەورەی شاخ کە بۆ ئاسمان هەڵچوو بن وەک کێلەقەبر قوچ و درێژ بن.

بەرداو: قۆڵتی سەر شاخان کە ئاوی تیادا کۆ دەبێتەوە.

نوا: جێی حەوانەوەی بەر سێبەری شاخ.

باپزو: ئەو تیشەیە کە لە نێوان دوو بەرزایدا دروست دەبێت، کاتێکیش با هەڵدەکات لەم شوێنەدا تینی نامێنێ، بە هۆی ئەوە لە کاتی بارینی بەفردا با بەفرەکە ڕادەماڵێتە ئەم شوێنە و بەفرێکی زۆری لێ دەکەوێت.

ڕوو: تەختایی لووتکەی چیا.

گەردنکەش: چیای بەرز و بڵند.

(گۆران)ی شاعیر دەڵێ:

**کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردنکەش**

**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش.**

بەرزان: کۆمەڵێ شاخی زۆر بەرز.

کەلەپۆ: ئەو کەلەی خۆری لێ ئاوا دەبێ.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

**کەلەپۆی خۆرنشین ئەیبینێ و نازانێ**

**چ پشکۆ و ژیلەمۆ و ئاگرێ وان لەناو**

**ئاتەشگەی ئەم شیعرە ئاوارە و وێڵەدا**

دۆڵ: نزمایی نێوان دوو لووتکەی چیا، بە نزمایی نێوان دوو گردیش دەڵێن دۆڵ زۆر جاریش پێی دەڵێن کەند یان کەندولەند. ئەگەر نزمایی نێوان گردەکان قووڵ بن پێیان دەڵێن دۆڵ، واتا دۆڵ لە کەند قووڵتر و درێژترە.

هێمن دەڵێ:

**کەند و کۆسپ هەنگاوم پێ ناکا شل**
**بێتە سەر ڕێم هەزاران گابەردی زل**

شیوەر،شیو: نزمایی نێو شاخان، بە نزمایی نێوان دوو گردیش دەوترێ شیوەر، شیوەر لە دۆڵ بچووکترە و پێچوپەناشی تێدایە.
گۆران دەڵێ:

**وەرگەڕاینەوە بۆ دۆڵی ئەودیو**
**شاخ بوو لەسەر شاخ، شیو بوو لەسەر شیو..**

کەندولەند، بەرزونزم، کەند: نزمایی، چاڵایی، لەند:بەرزایی.
هێمن دەڵێ:

**دێم بەرەو زورگ و تەلان و کەندولەند**
**دێم بەرەو بژوێن و زەنوێر و زەمەند**

کانی: ئەو ئاوەی لە دامێنی چیاکان هەڵدەقوولێ.
مێرگ: پارچەزەوی نێوان چیاکان گوڵ و گوڵزار و چیمەنی زۆری لێ ڕوا بێ.
هێمن دەڵێ:

**دێم بەرەو ئەو دارو بەرد و بەندەنە**
**دێم بەرەو ئەو باخ و مێرگ و چیمەنە**

ئاوەسو: ئەو بەردە تەخت و پانانەی کە ئاوی باران و کانیاوەکانی بە سەر ڕۆیشت بێت و زۆر لووس بوو بێت.
بەندەن، چۆڵ، کێو: دەرەوەی ئاوەدانی.
هێمن دەڵێ:

**وەک (سیامەند)ێ لە چۆڵ و بەندەنێ**
**جەرگی لەت کردم پەلی دارەبەنێ**

زیخەلان: بەرزاییەکە پێکهاتەی خاکەکەی لە ئەنجامی کۆبوونەوەی لم و زیخی ئاوی ڕووبار و دەریاوە دروست دەبێت دوای ئەوە یەکی گرتووە و بەرزاییەکی پتەوی پێک هێناوە و گژوگیای بەژن کورتی لێ دەڕوێت.

تەمۆخ: لە هەندێک ناوچە تیوەڕە شاخی تەمۆخ هەیە، ئەمانە بەرد نین وەک سەلکە قومی گەورە وان، خۆیان لە شێوەی شاخ نیشان دەدەن، بەڵام ک ەسەرنجیان دەدەیتێ، یان دەستیان لێ دەدەی هەست دەکەی شاخ نییە، ناوەکەشی لەوەوە هاتووە، کەزوو دەشکێن زۆر جار دەڵێن ئەم بەردە مردەیە، یا مردۆخە، یا دەڵێن ئەم تەماتەیە داتلۆخاوە، یا داتروخاوە، واتا شتێک سیفەتی وردبوون و هەڵوەرینی هەبێ. لە تەپینەوە هاتووە، کە دەڵێن کاڵکەکە تەپیوە، یان کاتێ لایەکی بیرەئاوێک ڕۆدەچێ دەڵێن بیرەکە تەپی، خۆی لە دەنگی ڕۆچوونی گڵەکە بۆ ناوەوە هاتووە، کە تەپەی دێت، دیارە کاتێ بەردێک بشکێنی تەقەی دێت بەڵام کە سەرکە تەمۆخێک دەشکێنی تەپەی دێ.

کەل: ئەو بۆشاییە تەسکەیە کە لەشێوەی ژمارە حەوتدایە دەکەوێتە نێوان دوو بەرزایی یان دوو لووتکەوە وەک: کەلی سوور.

بەرگێرە: بەر ئەشکەوت.

ساکۆ: چیای ڕووتی بێ دارودرەخت.

پەسێو، نەدیو، پەناگە: جێگایەک لە نێو چیادا کە پەنا بێت و بۆ خۆشاردنەوە، یا بۆ خۆماتکردن، ئەمە لە نێو دارستان و شوێنەکانی تریش هەمان شتە.

هێمن دەڵێ:

**دێم بەرەو پاناوک و هەوراز و نشێو**

**دێم بەرەو ئەشکەوت و زەندۆڵ و پەسێو**

هەوێزە بەرد: ئەو شوێنەیە لە ناوچە چیاکاندا، کە بەردی گەورەی لێ کۆبۆتەوە، واتا شێوەی هەوێزە مەڕ دێتە پێش چاو.

هەوێزەکەو: چاڵایی بەینی شاخان کاتێ کەوێکی زۆری لێ کۆ دەبێتەوە، دەڵێت ئەم شوێنە کەوی لێ نابڕێ، هەوێزەکەوە، بەڵام ئەم ناوە وەک هەوێزە بەردەکە جێگیر نییە، چونکە بە قڕبوونی کەوی ئەم ناوچەیە ناوەکەی نامێنێ، یان ڕەنگە خەڵکی نزیک لە چیاکە ئەم ناوەی پێ بڵێن.

سێ کوان: دۆڵێکی تەسکی نێوچیا کە پێیدا بڕۆی وردە وردە بەرین و فراوان بێتەوە.

ماهی: شاخێکی لووس کە نەتوانرێت لە هیچ لایەکەوە پێی هەڵگەڕێیت.

دوو ڕووگە: ئەو شوێنەیە لە نێو چیاکاندا کە دوو ڕووبار پێگ دەگەن و تێکەڵ دەبن، وەک: دوو ڕووگەی تۆبزاوە لە شاری کۆیە.

دڕارەبەرد: ئەو شوێنەی کە بەردی لێ کۆبێتەوە و لە سیمای بەردەکانیش دیار بێ کە لەسەری شاخەکانەوە غلۆر بووبێتنەوە و لە شوێنێک کۆ بوو بێتەوە.

تیوەر: چەند پەراسووە شاخێک کە شێوەی پەیژەیان وەرگرت بێت، (تی+ وەر)، تی: واتای خواربوونەوە دەگەیێنێ.

ئاوڕێژ: ئاوی بارانی سەر لووتکەی شاخ کە بەسەر هەردوو دیوی دێتە خوارەوە.

چارک: ئەو شوێنەیە کە بنەدەوەنی زۆر لێ ڕوا بێت.

زەنەکاو: لە ئەنجامی بارینی بارانی زۆر و توانەوەی بەفر لە نێو چیاکاندا لە شوێنێک ئاوەکە دەردەداتەوە، دەبێتە قوڕ و لیتەیەکی خەست، زۆر جار دەڵێن بەم زەنەکاوەدا مەڕۆن بەرازی لێ دەرناچێت، دیارە ئەم شوێنەش بەپێی دروستبوونی ئاوەکەی ئەم ناوەی هەیە لە وەرزی هاوین و لە ساڵی وشکە ساڵی کە شوێنەکە ئاو و لیتەی نەبێ ناوەکە لە دەست دەدات.

زەلکاو: لەژم

کەپک: ئەو چیایەی سەری پان و بەرین بێت، وەک کەپکی حەمەد ئاغا، کەپکی کڵاو لە کانی ئۆمەر ئاغا.

بەردەڵان: شوێنێک لە ناو چیا زۆر چەقێن و بەردی زۆر بێ پیادا ڕۆیشتنی ناخۆش بێت.

گاشە: بەردێک کە بەدەستی بهاوژترێت، وەک دەڵێ گاشەبەردێکم تێ گرت.

خڕکە: ئەو بەردەیە کە دەهاوێژرێ و شێوەی گۆی هەیە و خڕە، بۆ هاویشتن خۆشە و بە تەواوی ناولەپی دەست دەگرێ.

پەلەبەرد: پارچە بەردی بچووک کە زۆر جار بۆ دانانەوەی تەپکە بە کار دێت، یان لە کۆندا چیمەنتۆ نەبووە، لە چیاوە بە پشتی کەرێ هێناویانە حەوشەی ماڵانیان پێ بەرد چن کردووە، یان لە زەوی (سەرشۆرکە)دا ڕایان خستووە، بۆئەوەی لە کاتی بەکارهێنانی ئاودا قوڕ و لیتە لە بەینیان دروست نەبێ.

پلەبەرد: ئەمە زۆر بچووکە لە ئەنجامی پێککەوتنی بەردەکان دروست دەبێت، کە شێوەکەی لە پێنج فلسی بچووکترە، واتا گەورەترین بەردی نێو چیا پێی

دەڵێن(گابەرد)، بچووکترینیشیان(پلەبەرد)ە، لەو بچووکتر پێی دەڵێن (زیخ) پێی ناڵێن بەرد.

تاوێر: ئەو پارچە شاخ و پەلانەن کە لە چیاکانەوە کەوتوون، یان لە شوێنی خۆیان ڕاقەناون و ئامادەن بۆ غلۆربوونەوە، کە شێوەیان لە سێر دەچن و کەوتوونەتە پاڵ یەک.

هێمنی شاعیر دەڵێت:

**منداڵ لەڕژد و هەڵدێر**

**بەردەدەنەوە تاوێر**

ڕژد: شوێنی عاسێی سەر چیاکان کە هاتنە خوارەوە لێییەوە زۆر زەحمەت بێت.

نشێو: شوێنی نزمایی، ئەو شوێنەی کە پێی دێیتە خوارەوە، هەمان شوێن لە خوارەوە پیایدا سەربکەوی پێی دەڵێن هەوراز.

تەلان: قەدی چیا کە زیاتر تیوەرە شاخ و شوێنی عاسێ و هەڵدێری تێدایە، زۆرجار ناوەکەی لەگەڵ باسک دێت وەک دەڵێن باسک و تەلان، واتا شوێنە بەرزەکەی باسکە، کە شۆڕیش دەبیتەوە بۆ ئەم لاو ئەولا ئەمە تەلانەکانیەتی.

گڵەجان،گردۆشاو: ئەو شوێنەیە لە چیادا جۆرە خۆڵێکی سپی لێیە، جۆرە کڵێکی کلسییە، هەوێنی ڕسکاندنی دۆشاو و سرکەیە، لە کاتی سازکردنیاندا، یەک دوو گۆلمە گڵی تێ دەکرێ، دۆشاوەکە یا سرکەکە باشتر ساز و ئامادە دەبێ، بۆ نموونە لە کۆیە لەیەک شوێنی چیای باواجی هەیە.

دوولانە شاخ: لەهەندێک شوێنی شاخەکاندا پێکاتەکەی وایە کە دوو شاخ پێک دەگەن لە نێوانیاندا پەناگەیەک حەوشێکی بچووک دروست دەبێت.

چەرت: شاخێکی ڕاست و سەر تەخت، لە ناوەڕاستیدا زیادەیەک بەرزییەک هەبێت بە بەرزییەکە دەڵێن چەرت، هەندێ جار لە بری لووتکەش بە کار دێت.

دەرە، دەرو، دەر،دەربەند: لەنێوان لووتکەی چیا عاسێکان کە بەحاڵ تاکە ڕێگایەک هەبێت، زۆرجار شوێنێک کە زۆر فێنک بێت دەڵێن: دەڵێی دەربەندە، چونکە دەربەند هەمیشە هاموشۆی بای تێدایە. بۆنموونە: دەرە شێر لە

خۆشناوەتی، لەناحیەی بالیسان، دەرەدار لە شێخ وەسانان، گادەر لە ڕەواندز، دیارە دەر بە واتای دەرچوون دێت، دەرگاش نزیکە لێیەوە.

گۆران دەڵێ:

**جوانی شاخی سەخت و، دۆڵی قوڵ و مەنگ،**

**ملەی بەرز، پلەی خز، دەربەندی تەنگ..**

ملەی شاخ، هەندێک شاخ لە خوارەوە فراوانن و پێش بگەیە لووتکەکەی باریک دەبێتەوە، واتا هەر لە ملی مرۆڤەوە وەرگیراوە، بەر لەوەی بگەی بە لووتکە.

کەپکە گەچ، لە نێو چیاکانی کوردستاندا ئەو ناوچەیەی کە بەردی گەچی تێدا بێت لە شێوەی تیوەرە شاخی سپی خۆی نیشان دەدات، کە بەردەکانی مەعدەنی گەچن.

زوورگ: بەرزاییەکی خۆڵ و بەرداوییە بە لم و چەو و گردی بچکۆڵە بچکۆڵەی یەک لەدوای یەک، وەک: زوورگە زراو.

بەن: ئەو جۆرە کێوەیە کە دەتوانی لە هەموو لایەکەوە بۆی سەر بکەوی و بێیتە خوارەوەش، وەک: بەنی پیرمەم و چیای قەرەچوغ و هەیبەت سوڵتان، بەنهباوی لەچیای باواجی لە کۆیە.

داخزایی: کاتێ نیوەی شاخێک دادەخزێ و، شوێنی خۆی دەگۆڕێ، جا هەست دەکرێ ئەم شاخە گەورەیە لە شاخێکی تر بۆتەوە.

زەندۆڵ: زەندۆر، کە لە بەردی نێو تاشە بەردان، قڵشی گەورەی زەوی، لە ئەنجامی داخزانی زەوی دروست دەبێت، ناوچەیەک شەقار شەقار دەبێت و، کاتێ ئاویشی تێ دەچێت ئاوەکە غەور دەبێت و نازاندرێ بۆ کێ دەچێت، شەقارەکانیش بچووک و گەورەیان هەیە، شەقار هەیە ناو لەپی دەستی تێ دەچێت هەشە گەورەترە.

ئاسێ: ئاستەنگ، سەخت و دژوار، هەڵەموتی هەزار بە هەزار، چیای زۆر عاسێ، لەوەوە گواستراوەتەوە بۆ نەزانینی مانای شتێک...

سەماک: ئێجگار بەرزو بڵند.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

**تەمەشا ڕیزەژان**

**زنجیرە سەماکی کۆتەڵمان**
**چۆن بە سەر پێدەشتی**
**سۆزماندا**
**ئەڕوانن!**

**سەرچاوەکان**

١- ئاریانڤاج، د.هەورامانی.

٢- هەنبانەبۆرینەی هەژار.

٣- هەوارگەی وشە و کەلەپووری کوردەواری، حەمید ڕەشاش.

# باڵدار،

# ئەو پیاوە مەزنەی ڕێزی لێ نەگیرا..!

**بەکر کاکۆ**

یەکێک لە پیاوە هەرە مەزنەکانی بواری پەروەردە، کە توانی کتێبێک بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی دابنێت، (ئیبراهیم باڵدار) بوو. ئەم پیاوە دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٠ دەبێتە مامۆستا، لە کاتی فێرکردنی قوتابیان، بەهۆی ناتەواوی شێوەی نووسینی کتێبە کوردییەکان گیروگرفتی زۆری دەهاتە ڕێ، کە هەر دێرێک بە گەلێک جۆرە ڕێنووسی تێکەڵاوی (کوردی-عەرەبی- فارسی) نووسرابوون. ئەم نووسینانەش لەسەر هیچ دەستوور و یاسایەک نەدەڕۆیشتن، قوتابیان لەم جۆرە شێوازە سەریان لێ شێوا بوو.

باڵداریش، وەک مامۆستایەک لە خەمی ئەوەدابوو، کە چۆن بتوانێت ڕۆژێک زووتر، کارێکی وا بکات کتێبێکی وا دابنێت خوێندنەوە و نووسین بۆ قوتابیان ئاسان بکات.

ئەم کارە لە ساڵی ١٩٤٨/٢/١ بە باڵدار سپێردرا، ئەوەی زیاتر هەلی بۆ باڵدار ڕەخساندبوو کە کارێکی پەروەردەیی سەرکەوتوو ئەنجام بدات، ئەو ژینگە خۆشە بوو کە تیایدا مامۆستایەتی دەکرد، لە گوندی قەمچوغە لە ناوچەی سورداش کە گوندێکی پڕ لە باغ و کانیاوی سازگار بوو.

دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر و سوودوەرگرتن لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد وەکو سەعید صدقی کابان و مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ و حامد فەرەج بە تایبەت کتێبەکەی لەبارەی ئەلفوبێیی کوردیی لە ساڵی ١٩٣٦، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٤٩ کتێبی ئەلفوبێی کوردی ئیبراهیم باڵدار تەواوبوو، لە لایەن وەزارەتی مەعاریف

بڕیار لەسەر چاپکردنی درا، بەڵام لەبەر نەبوونی ئەو شێوە پیتە نوێیانەی کە تیادا بە کار هێنرابوو، چونکە لە چاپخانەکانی ئەو سەردەمە دەست نەدەکەوتن، بۆیە بیر لەوە کرایەوە، کە کتێبەکە بە دەستنووس بنووسرێتەوە، ئینجا وەک(کلێشە) لە چاپ بدرێت. خەتخۆشی بەناوبانگ (صبری خگاگ)کە هیچ کوردی نەدەزانی، دوای ماندووبوونێکی زۆر بە دوو مانگ کتێبەکەی بە دەستخەت نووسییەوە. (حاجی سوعاد سەلیم) ی نیگارکێش کە هیچ جێگایەکی کوردستانی نەدیبوو، بە ماندووبوون و کاتێکی زۆر وێنەکانی بۆ بابەتەکان کێشا، ئینجا پاش ئەم هەموو دەردەسەرییە، لە ساڵی ١٩٥١، لە چاپخانەی (نەجاح) لە بەغدا بە شێوەی کلێشە چاپ کرا، و بە سەر قوتابخانەکان دابەش کرا.

دوای چاپکردن و بڵاوبوونەوەی کتێبەکە، هەندێک گیروگرفتی ڕێنووسی بۆ نووسەر باشتر ڕوون بۆوە، لەگەڵ وەرگرتنی ئامۆژگاری بەنرخ لە مامۆستا (تۆفیق وەهبی بەگ)، بەم جۆرە لەجیاتی ئەوەی هەموو پیتێکی پێوەنووساوی وەک:(ب) بە چوار جۆر بنووسرێت، کرا بە دوو جۆر لە کتێبەکە دوو(رر) دەنووسرا لەجیاتی (ڕ) قەڵەو، بۆیە لە چاپکردنی کتێبی دووەم لەسەر شێوەیەکی پێشکەوتووتر ڕێکی خستبوو، ناوی نا (ئەلفوبێی منداڵان)، ئەم کتێبە لە لایەن هونەرمەند بەدیع باباجانەوە بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی جوانی کوردی ڕازێنرایەوە و لە ساڵی ١٩٥٣ چاپ کرا، و نووسەر لە ساڵی ١٩٥٥ کتێبێکی تری دانا بە ناوی (ئەلفوبێ بۆ گەوران)، و لە ساڵی ١٩٥٦ نووسەر کتێبەکەی (ئەلفوبێی نوێ بۆ منداڵان) جارێکتر گۆڕی، ئەم جارە کتێبەکە بە پوختەکراوی، لە ساڵی ١٩٥٦ چاپ کرا. ئەم جارە ژنە هونەرمەندێکی ئەڵمانی (ترودی میتلمان) نیگارە ڕەنگاورەنگەکانی ناو کتێبەکەی کێشابوو.

ئەم کتێبەی باڵدار لە بواری خوێندن و پەروەردە مێژوویەکی پڕشنگداری تۆمار کرد، دەکرێ بڵێین باڵدار بە شێوازێکی پەروەردییانە ئەم کتێبەی دارشت بوو، جگە لە فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین، گەلێک ئامۆژگاری گرنگی تێدابوو وەک: (تف لەسەرزەوی مەکە، ئازاری مەل مەدە...هتد)وە ئەمە سەرەڕای چەندین هۆنراوەی خۆش بۆ قوتابیان، جگە لەمانەش ڕیزبەندییەکی جوانی پیتەکانی

دانابوو، دەقی زۆر جوان، کە قوتابیان دەیان کردە تەمسیل، هەموو هۆیەکانی فێرکردنی سووک و سانابوو، لەگەڵ گەیشتنە هەر بابەتێک قوتابییەکان بۆ بەیانی پێکەوە پێداویستییەکانیان بۆ مامۆستا دابین دەکرد، بابەتەکان بۆ نموونە ئەمانە بوون: (هێلکە، مێوژ، فرفرۆکە....هتد).

ئەوەی من لێرەوە دەمەوێ باسی بکەم، ئەمرۆ وەک دەبینین کە چەندان پەیکەر و یادکردنەوە بۆ نووسەر و هونەرمەند و شاعیران کراوە و دەکرێت، بەڵام بە داخەوە ئەو ڕۆژەی من سەردانی وەزارەتی پەروەردەم کرد پێشبینی ئەوەم دەکرد کە پەیکەری باڵدار ببینم، بەڵام نەمدیت، دوای ئەوە پرسیارم کرد، هیچ قوتابخانەیەک لەناو پایتەخت بە ناوی ئەم کەڵە پیاوە کراوە، بەڵام بە داخەوە ئەویش نەکرابوو. لە کاتێکدا قوتابخانە بە ناوی کەسانێک کراوە، نە ئەوەندە خزمەتی پرۆسەی پەروەردەیان کردووە و نە کەسانێکی ئەوەندە ناسراو و دیار بوون.

ئەمە بێجگە لەوەی، ماوەی چەند ساڵێکیشە هەندێ کەس کەوتوونەتە دژایەتیکردنی ئەم کتێبە، بە بیانووی ئەوەی کە تەمەنی ئەم ئەلفوبێیە زۆر درێژە و دەبێت کۆتایی بێت. بە براوی من چۆن یادی جەژنی نەورۆز تەنها بە سرووودەکەی پیرەمێرد و دەنگە زوڵاڵەکەی هونەرمەندی نەمر حەسەن زیرەک دەکرێتەوە، کە پیرەمێردی شاعیر لە ساڵی ١٩٤٨ شیعرەکەی داناوە، شایانی ئەوەیە منداڵانی کوردیش، بەتایبەت پۆلی یەکەمەکان تەنها بە ئەلفوبێیەکەی باڵدار فێرە نووسین وخوێندنەوە بن.

# هۆکارەکانی دروستنەبوونی زمانێکی ستاندەری کوردی

محەمەد تۆفیق بالیسانی

کاتێک لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کورد هەڵدەدەینەوە دەبینین پڕیەتی لە نەهامەتی و دەردەسەری و مەرگەساتی ژیان، بە تایبەت دانیشتوانی لادێنشینەکان، کە لە هەمووان زیاتر دوچاری ماڵوێرانی و دەردەسەری هاتوون. ڕژێم و دوژمنە سەرسەختەکانی پێشوو، گەلێک جۆرە ڕێوشوێنیان گرتۆتە بەر بەرامبەر بە کورد بۆ ئەوەی بە ئازادی ڕای خۆیان دەرنەبڕن و بەردەوام ببنە خۆراکی جەنگەکان و چەوسانەوەیان و ژێردەستە بن، هەموو جۆرە ئەشکەنجەدانێکیان بەرامبەر بە گەلی کورد بە کار هێناوە، ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی، سەرەڕای ئەو هەموو ئازارەی گەلی کورد بینیویێتی، بەڵام تاکو ئێستا بە مافە ڕەواکانی خۆی نەگەیشتووە، ئەمەش بۆ جێبەجێکردنی یان پێگەیشتنی ئەم مافانە لەلایەک خۆمان کەمتەرخەم بووین وەکو کورد لە لایەکی ترەوە هیچ پاڵپشتییەک نابینرێ لە وڵاتانی دەوروبەر بگرە دژایەتیشمان دەکەن، بەڵام زیاتر ململانێ و تێنەگەیشتنیی لایەنی پەیوەندیدارەکانن بە هۆی هەبوونی دوو ئایدیای جیاواز ئەوەش وا دەخوازێ ململانێ بکەن، بۆیە بە مافە ڕەوایەکانی خۆمان ناگەین.

لەم باسە دەمانەوێ ئاوڕێک لە کێشەی نەبوونی زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو بۆ کورد بدەینەوە، باس لە گرنگترین ئەو هۆکارانە بکەین کە بوونەتە بەربەست بۆ ئەوەی کورد نەبێتە خاوەن زمانێکی ستاندەر:

١- هۆکاری سیاسی: نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی بەهێز و سەربەخۆ لە لای کورد وای کردووە هەمیشە ڕێگر بێ بۆ دروستبوونی زمانێکی ستاندەر. ئەگەر مێژووی کورد بخوێنینەوە لە دوای هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام چەندین میرنشین

له کوردستان پەیدا بوون و تا ڕادەیەک له لایەنی سەربازی و هێز و دەسەلاتەوه هەوڵیان داوه یەک بگرن، بەڵام له ڕووی زمانەوه ئەم میرنشینانه هیچ هەوڵێکیان نەداوه یەک بگرن، گەلی کورد تاوەکو ئیستایش له گەڵدا بێت به درێژایی مێژوو به بەردەوامی بووه به سوتەمەنی بۆ جەنگەکان، داگیرکەران سوودیان لەم میللەته وەرگرتووه، بۆیه ئەو گەله به بەردەوامی چەوسانەوەی به خۆیەوه بینووه هەنگاوەکانی بەرەو دواوه دەچێت، هەر میللەتێکیش له ژێر چەوسانەوەدا بێت و خۆراکی جەنگ بێت دوژمن و داگیرکەران به کاری بهێنن بۆ جەنگەکان بێگومان ئەم هەلەی بۆ نارەخسێ بۆ ئەوەی میللەتێک خۆی خەریکی زمان بکات، له هەموویان گرنگتر بۆ نەڕەخسانی زمانێکی یەکگرتوو ئەوەیه، پارچه پارچه بوون و دابەشبوونی کوردستانه به سەر ولاتانی تردا و مانەوەی گەلی کورد له ژێر حوکمڕانی چەند دەوڵەتێکی دیکتاتۆردا.

٢- هۆکاری جوگرافی: له بەرئەوەی کوردستان ولاتێکی شاخاوییه و پڕه له زنجیره شاخی دووروودرێژ ئەمه هۆکارێک بووه بۆ پارچه پارچه بوونی زمان، جگه لەمەش ئەو دەشته فراوانەی که له نێوان زمانەکاندا هەیه، هەروەها ڕووبارەکانیش کاریگەرییان هەیه له سەر لێکدابڕانی زمانەکان، به هۆی ئەمانەی باسمان کرد زمانەکان لێک دوور کەوتوونەتەوه و وای لێ هاتووه هەریەک به جیا گۆڕانکاری تیادا ڕوو بدات، بەمەش جیاوازی قسەکردن له نێوانیاندا پەیدا بووه و بۆته هۆی دروست بوونی دیالێکتەکان بۆ نموونه زێیەکی وەکو زێی بادینان وای کردووه که خەڵکی ئەم بەر و ئەو بەر به دوو دیالێکتی جیاواز قسه بکەن.

٣- نەبوونی ئەدەبیاتێکی فراوان، ئەگەر کوردستان خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆ بوایه، توانای ئەوەی هەبوایه شێوەیەک له شێوەکان بکرد بوایه به زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو ئەوا دەبووه هۆی ئەوەی شاکاره ئەدەبییەکان بەو زمانه بنووسرێ، بەڵام له ڕابردوودا میرنیشنه کوردەکان هەوڵی ئەوەیان داوه که سەربەخۆ بن و لەگەڵ یەکتری تێکەڵ نەبن، هیچ کاتێک نەیان ویستووه له ژێر یەک دەسەلاتدا کار بکەن، بۆیه له هەر شوێنێک جۆره شاکارێکی ئەدەبی پەیدا بووه و به دیالێکتی ئەو ناوچەیەش گەشەی کردووه.

٤- زاڵبوونی هەستی ناوچەگەریەتی و خۆشەویستی شێوەزارەکەیان به سەر هەستی نەتەوەیی خۆشویستنی زمانێکی نەتەوەیی هاوبەش. ئەم دیاردەیه له هەموو گەلێکدا هەیه و بەدی دەکرێت وەکو دیاردەیەکی ئاساییه و نەک هەر له

ناو میللەتی کورد، بەڵکو لە ناو زۆربەی میللەتان، بەڵام میللەت هەیە هەستی نەتەوایەتی ئەوەندە بەرزە و زۆر بەرزترە لە هەستی ناوچەگەری، واتە قوربانی لەهجەی ناوچەیەی خۆیان دەدەن لە پێناو دروستبوونی زمانێکی یەکگرتووی نەتەوەیی، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان هەستی ناوچەگەری زۆر زیاترە لە سەر هەستی نەتەوایەتی، بۆیە تاوەکو بەم شێوەیە بیر بکەینەوە بوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی ئەستەمە.

٥- فرە ئەلفوبێی: لە بەرئەوەی کوردستان پارچە پارچە بووە و هەر یەکێک لەو وڵاتانەی کە تیادا دابەش بوون جۆرە شێوازێکی نووسین بە کار دەهێنن، ئەمەش بۆتە کۆسپێک لەبەردەم دروستبوونی زمانێکی ستاندەر، بۆ نمونە لە باکووری کوردستان کە لە ژێر حوکمڕانی کۆماری تورکیادایە ئەلفوبێی لاتینی بە کار دێنن، بەڵام لە پارچەکانی تری کوردستان ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بە کار دێنن، ئەمەش یەکێکە لەو گرفتە دیارانەی کە بۆتە کۆسپ بۆ دروستبوونی زمانێکی یەکگرتوو چونکە هەر پارچەیەک زمانەکەی بکرێتە زمانێکی یەکگرتوو ئەوا گرفت بۆ پارچەکانی تر دروست دەبێت.

٦- نەبوونی پلانێکی تۆکمە و بەهێز و سەرکەوتوو بۆ زمانێکی ستاندارد: نەبوونی ڕەخساندنی هەلومەرجەکان خۆی لە خۆیدا گرفتە و واتە خۆ ئامادە نەکردن بۆ ئەم پرسە گەورەیە، هەرچەندە لەم دواییەدا چەندین بڕیار و کۆبوونەوە کراوە سەبارەت بەم پرسە، بەڵام بڕیارەکان هەمووی پوچەڵ کرانەوە و هیچ ئەنجامێکی لێ نەهاتۆتە دی، هەر لە کۆنفرانسەکانی شەقڵاوە لە شەستەکان و حافتاکانی سەدەی بیستەم تا کۆنفرانسی زمانی یەکگرتووی کوردی ساڵی ٢٠٠٩ ی هەولێر، سەبارەت بە ڕێکخستنی دیالێکتی سەڕوو و خواروو و ناوەڕاست، وەزارەتی پەروەردە پلانێکی لەم جۆرە دارشت، ئەویش ئەوە بوو کە لە قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتیدا ئەو دوو دیالێکتەی تێکەڵ کرد، بەڵام جارێکی تر پوچەڵ بۆوە، ئەمەش هۆکاری نەبوونی پلانێکی تۆکمە بوو، بۆیە گرنگە پلانێکی پێش وەختە لە ساڵی ١٩٩١ بۆ ئەم زمانە یەکگرتووە دانرابوایە، ئێستا لە ساڵی ٢٠١٤ بەرهەمەکەی پێ دەگەیشت، لەو کاتەشدا دەتوانرێ پلانێکی لەم جۆرە دابنرێت هەر لە قۆناغەکانی داینگەوە زمانێکی یەکگرتوو بخوێنرێ تاوەکو قۆناغەکانی پاشتریش، لە پاش ٢٠ ساڵی تر نەوەیەکی کورد بە زمانێکی یەکگرتووی نەتەوەیی دێتە دی، بۆیە زۆر پێویستە لەم کۆنگرەی پەروەردەیەدا کە

بڕیاره له ساڵی ٢٠١٥ ببەستریێت، ئەم پرسە گرنگە بێتە گفتوگۆکردن و پلانی بۆ دابڕێژرێت بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا بێتە بواری پراکتیکەوە و نەتەوەی کورد ببێتە خاوەن زمانێکی یەکگرتوو.

# زمان، ماڵی هەمیشەیی نەتەوە

**ئیسماعیل ئیسماعیل زادە**

کاتێ سەرنج دەدەینە هەرێمێکی ئینسانی، خاڵێک وەکو دەستپێک بۆ وەگەڕکەوتن بەرەو هەرێم یان جوگرافیایەکی سیاسیی دیاریکراو دەبینین کە وڵات پێک دێنێ. دیاریکرانی هەرێم یان وڵاتێک مێژوویەک دەخوازێ کە ڕەگی لە زمانێکی تایبەتدا هەیە. لە خوێندنەوەی مێژووی وڵاتانی جیهاندا ئەمە ڕوون دەبێتەوە کە ئاماژەی مێژوویی بەو هەرێمە ئینسانییە زۆر لە پێناسەی وڵاتانی هاوچەرخ کۆنترە، بە واتایەکی دیکە گۆڕانێکی بنەڕەتییان بە خۆوە بینیوە. لە لایەکیترەوە، بەهۆی ئەوە کە سنوورە(سیاسی)یەکان دەستکردن، بەگوێرەی دەسەڵات و گوشارەوە واتە سەرەڕۆیانە و بە پاڵپشتی هێزێک کە زۆر جاران هێزە ئیستیعمارییەکان زۆر کارەساتاوی ئەم ڕۆڵەیان گێڕاوە، داڕێژراون. ئەم چەشنە کردەوەیە بەبێ سەرنجدان بە دابەشکردنی جوگرافی لە ڕووی دەستەی ڕەگەزی یان زمانی ئەنجام دراوە. لێرەشدا ناوی زۆربەی وڵاتان لەگەڵ سەرلەبەری پێکهاتەیەکی سروشتی (وڵاتێکی بەتەواو مانا کامڵ) ناگونجێ. ئاوا سەرجەم حکومەت و دەوڵەتەکانی لەم جۆرە لە هەوڵی ئەوەدان خۆیان بە جۆرێک پێناسە بکەن و وای بنوێنن کە هەبوونی جوگرافیای هەنووکەییان مێژوویەکی دێرینی هەیە و بە درێژایی سەدەکان مانای دیاریکراوی ئێستایان هەبووە و پاراستویانە. ئەمە چەشنێک هەوڵدانە بۆ دەستدرێژیکردن بۆ سەر ڕاستییە مێژووییەکان و دیرۆک دەستکاری دەکەن. بەم پێیە کەشوهەوای کۆمەڵگای ئینسانی، هەرێمی جوگرافی و چوارچێوەی ئەم جۆرە وڵاتانە هیچ پێشینەیەکی مێژووییان نییە و ڕەگێکی دەستکرد و زۆرەملێیانەی داکوتاوە. هەر مرۆڤێک ڕەنگە بیەوێ بە دوای پەیوەندیی ئەندێشەی تایبەت بە خۆی لەگەڵ دەستەیەکی تایبەتدا

بگەڕێ، دابونەریتی کۆمەڵایەتی هەرچەندە لە شوێنی خۆیدا بە شێوەی جۆراوجۆر و جیاواز ئامادەیە، بەڵام لە هەر کام لەم چەمکە کۆمەڵایەتییانەدا بە شێوەیەک پەیوەندیی خۆی لە نێو چینێکی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیەک یان قەومێکدا دەدۆزێتەوە و بەم جۆرە مرۆڤ لە ڕووی سۆز و عاتیفە و خوێن و ڕەگەز و زمان و لە دیدی پێناسەی کۆمەڵایەتییەوە خۆی تایبەت بەو چوارچێوەیە دادەنێ. ئەمە دەتوانێ لە هەستکردی هەر مرۆڤێکدا هەبێ یان بە شێوەی زەینی و عەینی خۆی لەو قەوارەیەدا پێناسە دەکا و لەئاست و پلەی خۆی بە پێی دۆخی ژیان و بنچینەی کولتووری، پێویستییەکانی لەو کۆمەڵگایەدا دەردەخا. ئەمانە سەرەکیترین پرس و بابەتن کە مرۆڤ دەتوانێ شوناس و چیەتی و کەسایەتی خۆی تێدا بدۆزێتەوە و فەڕزبوونی خۆی لە بارودۆخی دەڕوونی مرۆڤی و نەتەوەییدا ئاراستە بکا.

بە کورتی و لە دوا خوێندنەوەی ئەم بەشەدا، گەڕانی مرۆڤ بەدوای شوناس و چییەتیی خۆی ئایدیالۆژیەکی بەهێز بە نێوی نەتەوەخوازیی دەستنیشان دەکا، ئەویش نەتەوەخوازییەکی نەیارە لەبەرامبەر ئایدیالۆژی زاڵ کە دەکەوێتە نێو چوارچێوەی دوایین دەسکەوتەکانی جیهان و ئەم جۆرە فەرامۆش نەکردنەی نەتەوەخوازییش بە دوای دەسەڵاتی نەتەوەییدا دەگەڕێ.

گەلی کورد وەکو زۆربەی گەلانی دیکە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان و لە بەرامبەر هەرکام لەو هێزە بەرچاوتەنگ و دەستدرێژیکار و تێکدەرانەدا بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆی نیشان داوە و بەرگری و شەڕی بۆ مانەوە کردووە. گەر دەسەڵاتی سیاسی دەستنیشان بکەین، بە هۆی هەڵکەوتنی کوردستان لە شوێنێکی گرینگی جوگرافیی کە لەباری مێژووییەوە بە میزۆپۆتامیا ناسراوە و لە دابەشکردنی هەنووکەییدا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاماژەی بۆ دەکرێ، دەبینین کە لە شەڕی ئاڵۆزی وڵاتاندا، چ دراوسێکانی و چ وڵاتانی دوور هەمیشە بەرکار بووە و دەستاودەستی پێ کراوە. یان بە هۆی بەرژەوەندیی زلهێزانی سەردەم و پێشوو هەر جارەی بەشێکی بۆتە خەڵاتی وڵاتێکی دیکە. لە دوو سەدەی دواتردا کێشەی سیاسیی لەسەر ئەم ناوچەیە لە لایەکەوە لە لایەن پێکهاتەی ئەندێشەیەکی کۆنەخواز وەکو ئیمپراتۆری عوسمانی و عەرەب و

تەختنشینانی ئێرانی و لەلایەکی دیکەوە بە هۆی ئەندێشەیەکی نوێخوازی داگیرکار وەکو ئیستیعماری نوێ لەچەشنی ئینگلیز، ژیانێکی چوارپارچە بە دنیا پێناسە دەکرێ و لە لای کوردیش وەکو ئەندێشەیەکی ناخخواز ئامادەیە و لەگەڵ تاکخوازیی وەکو دیارترین مەیدانی ئازاد رادێ.

لێرەدا پێویستە لەسەر ئەمە داکۆکی بکرێ کە لە مێژووی جیهاندا هەر کە ناوی قەوم و نەتەوەکان دێتە ئاراوە، لەلایەکەوە لەگەڵ زانیارییەکی دەستکاری کراو سەبارەت بە نەتەوەکان ڕووبەڕوو دەبینەوە کە لە لایەن حکومەتەکانەوە بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی تۆمار کراوە، بەم جۆرە پلە و ئاستی وڵاتانی فەرمی و ناسراو بە چوارچێوەیەکی جوگرافیی سیاسیی دەبەنە سەرێ. ئەمەش هۆکارێکی گونجاو و بێ مەترسییە بۆ فەرامۆشکرانی نەتەوە ژێردەست یان بچووکەکان.

ستراتیژییەکانی ئەم چەشنە چەمکانەی دەسەڵات کە بەرچاوتەنگیی لە پێکهاتەی ئارمانج پەروەریی و نموونە پڕ هەڕەشەکانیاندا، پێویستییەکی گشتگیرن بۆ سەرهەڵدانێکی قووڵی بێگەڕانەوەی ژێردەست، هەمیشە لە دیدی بیچم، چوارچێوە و ناوەڕۆک و لە زەمان و پانتادا دەگۆڕدرێن.

کاتێ دەڕوانینە مەیدانێکی جوگرافی و تێیدا دەسەڵات بە گشت چەمکەکانییەوە وەکو بەڕیوەبەر هەڵسوڕان و چالاکی هەیە، نیشتەجێکانی ئەم هەرێمە ڕەنگە لە چەندین ڕەگەز و زمانی جۆراوجۆر و جیاواز پێکهات بن، واتە وڵاتێکی فرەنەتەوە لە چوارچێوەیەکی جوگرافیدا کە بە وڵات دەناسرێ. بە هۆی دیاریکرانی زمانێکی فەرمیی، ناوەندێک بۆ پەیوەندیکردن یان زاڵکردنی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی دیکەدا زاڵ دەکەن. لێرەدا زمانی کام ڕەگەز ئەم جوگرافیایە پێکدێنێ، دەگەڕێتەوە سەر بە بنچینەکردنی دەسەڵات.

دەبێ دەسەڵات لە چنگی کام نەتەوەی ناو جوگرافیای هاوبەشدا بێ؟ یان هۆکارەکانی پێکهاتنی ئەم هێزە زاڵانە کامانەن و بزوێنەرەکانی لە کام سەرچاوەوە وەگەڕ کەوتوون؟ هەروەها بە چ شیوەیەک ئەم دەسەڵاتە هەڵدەسووڕێنن و پێناسەی دەکەن؟

حکومەتەکان ویستویانە پێناسەیەکی تایبەت بە خۆیان بۆ چەمکی نەتەوەخوازی ئاراستە بکەن هەتا ببێتە یەکێک لە شوناسەکانی دەسەڵاتدارێتی یان بەم جۆرە هەوڵیان داوە چەشنی تری راستەقینەی نەتەوەخوازی واتە نەتەوەخوازیی ناڕازی بسڕنەوە، یان خۆی لێ بدزنەوە و بەفەرامۆشی بسپێرن. ئەم شێوەیە لە دەسەڵات شوناسێکی بەرچاوتەنگ و پاوانخوازانەی هەیە و بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتی و شاردنەوەی دەڕوونی پاوانخوازانەی، خۆی بە پشتیوانی وڵات و نەتەوە و پارێزەر دادەنێ و لەبەرامبەردا نەیارانی خۆی بە هێرشکار و زۆرجارانیش بە پیلانگێڕ و رەشەکوژ و راسپاردەی دەرەکیی ناوزەد دەکا. ئیدی ئەم چەشنە خۆشاردنەوەیە لە پشت چەمکی پیلانگێر و رەشەکوژ جۆرێک خۆحەشاردانە بۆ راپێچدانی خۆی لە چنگی سزا و ئیدانە کران. ئەو چوارچێوە جوگرافییانەی کە کوردیان تێدا دەژی و لە توخمی ئابووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کورددا وەکو بکەر ژیان دەکەن، لە هەرێمی کولتوور و دابونەریتدا نا، بەڵکو لە ژیانی پەیوەندیی بنەڕەتیی لەگەڵ جەختی بۆرۆکراتیک و سیاسیی و ژیانی کۆمەڵایەتی و گشتگیرکردنی کولتووری زاڵی خۆی و دەستداگرتن بە سەر ڕاگەیانە گشتییەکانەوە ناوەڕۆکی شۆڤێنی خۆیان دەردەخەن. بە جۆرێک کە ئاراستەکانی ئەوان ڕەوتێک لە دژایەتییەکان، شوێنەواری مێژووی و سیاسیی و هەروەها شێواندنی کولتووری ژێردەستەکان دەخەنە ڕوو، ئەمەش هەر ئەو ئایدیۆلۆژیەیە کە وەکو چەمکی نەتەوەیی، کولتووری، ئایینی یان سیاسیی کە لە دەستی سیاسەتی پەرە پێدەردا بۆتە بیچمگرتنی دەوڵەتە سەرەڕۆ و پاوانخوازەکان. بەم شێوەیە نایەکسانی و دوابەدوای ئەویش ناعەداڵەتی و هەڵاواردن، نەتەوەی ژێردەست دەخاتە ژێر پرسیار و توشی مەترسی دەکا. ئەم نایەکسانیانەش لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی چەند بزووتنەوەی مەزن کە مێژوو بۆ دەرخستنیان چەند ڕەوتێکی گرینگی دیاری کردووە و بەهۆی سنووربەندیی نوێ کە بەرهەمی ململانێی زلهێزانە و لە ژێر گوشاری دابەشکردندا دانران. ئەمەش بۆخۆی چەند رەوتی دیکەی دەستنیشان کردووە کە بۆتە هۆی کۆڕەو، پارچەپارچەکرانی نەتەوە و خاک و کارەساتی مرۆڤی، دروستبوونی

دەوڵەتی نوێ و داگیرکرانی خاک و... تاد. جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەین کە کەمینەبوون یان جیاوازبوون و باڵادەستبوونی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی لە دەستەیەکی دیکە بەهۆی ڕەگەز و نەتەوە، زمان، ئایین و... تاد ئەم جیاوازی یان هەڵاواردنە لە هەر کام لە قەوارەی سیاسی، ئابووری و کولتووریدا خۆی نیشان دەدا، یان هەر کام لەم بوارانە دەبنە هۆکاری نایەکسانییەکان. بەم جۆرە دەستنیشان دەکرێ کە لایەنی زاڵی نێو کۆمەڵگا لە چاو لایەن یان توێژی کەمینە زیاتر دەتوانێ بە ئاست و شوێنی گرینگ و تایبەت لە هێز و دەسەڵاتی سیاسی، نەتەوەیی و ناوچەیی بگا و لە هەموو بەشەکانی پێکهاتەی وڵاتدا گشت مافەکانی بۆ مسۆگەر دەکرێ و مافی چینی کەمینەش بۆ لای خۆی ڕاکێش دەکا. ئەگەر لە سەرەوە ئاماژە بە چەند چەمکی دیار کرا کە هۆی جیاوازی و بەرچاوتەنگیی نەتەوەیەکن لە بەرامبەر نەتەوەیەکی دیکەدا، لە هۆکارەکانی دەتوانین ڕەگەز، کولتوور، زمان و ئایین... دەستنیشان بکەین. لە بەشێک لە وڵاتاندا ڕەگەز هۆکاری جیابوونەوە یان باڵادەستیی دەستەیەکی ڕەگەزییە بەسەر دەستەیەکی دیکەدا. لە سووچێکی تری جیهان، ڕەنگی پێستی مرۆڤ هۆکارێکە بۆ سەروەریی. واتە هەنووکەش تەنانەت لە دنیای پیشەکاریدا رەشپێستی و سپی پێستی، پێگەی کۆمەڵایەتیی دیاری دەکا و چارەنووسی هەر مرۆڤێک بەهۆی ئەم جیاوازییەوە دەستنیشان دەکرێ یان ئایین (مەسیحی، موسڵمان، جوولەکە و...)، ڕەگەز (ژێرمەن وەکو ڕەگەزی سەرەوەری ئاڵمان)، زمان (لە وڵاتە ئینگلیزی زمانەکاندا یەکێکە لە بەرچاوترین و دیارترین هۆکار بۆجیاکردنەوەی دەستەیەک لە دەستەیەکی دیکە)١.

ئەم وتارە لێرەدا زمان وەکو سەرەکیترین و زیندووترین هۆکاری جیاوازی و هەڵاواردنی نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی دیکە یان زمان وەکو یەکێک لە گرینگترین شوناسەکانی هەر نەتەوەیەک ئاراستە دەکا و هەوڵ دەدا کە لە بارودۆخی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوریی هەنوکەییدا لە زمان وەکو هۆی زیندوو مانەوەی ژیانی هەر نەتەوەیەک بکۆڵێتەوە.

زۆربەی زمانناسانی جیهان، لە سەرەتاوە تا بە هەنووکە لەسەر ئەم باوەڕە یەکدەنگن کە زمان ئامرازێکە هەتا مرۆڤەکان بتوانن لە ڕێگەی ئەم ڕەهەندەوە پەیوەندیی لەگەڵ یەکتریدا ساز بکەن. ئەوان ئاستی لێکدانەوەی فەلسەفیانەی زمان بە سەرتر لە ئامرازی پەیوەندیگرتن نازانن، تەنانەت تیۆرە مۆدێرنە زمانناسانەکانیش بەجۆرێک لە جۆرەکان مۆرکی قبووڵ لە سەر حاڵەتی بە کەرەستەیی بوونی زمان دەدەن. ئەوە لەحالێکدایە "هایدگێر" لەو بیرمەندانەیە کە دژ بەم بۆچوونە هەڵوێست دەگرێ و زیاتر لەوە دەڵێ: "زمان ماڵی بوونی ئێمەیە". بەمجۆرە زمان لەو پێناسە کۆنە خۆی لادەدا و بەشێوەی "لەناخداهەڵگر" توانای هەڵگری ئەو ژێدەرانەی هەیە بۆ ئەوەی مانا بەرهەم بێت. واتە بەرەو ئەو شوێنانە پەل دەهاوێ کە دەستی ئێمە پێیان ڕاناگا و لەوپەڕی ئەزموونەکانی ئێمەوەن. هەروەها لە هەمانکاتی کە بەرەو داهاتووین ماناکانی ڕابوردووشمان پێ ئاراستە دەکا کە سەرچاوەکەیان لە زمان و کولتووری ئێمەدا زیندووە.

زمان هەوێنی نائامادەی زەینی تاکی مێژووییە و لە بەکارهێنانی دەتوانرێ ڕەهەندەکانی داهاتوو و هەروەها ئاست و پێگەی چیەتیی کولتووری پەیوەست بە شوناسی نەتەوەیەکی پێ بدۆزرێتەوە یان دیاریی بکرێ. بە سەرنجدان بە بەرهەمە ئەدەبیەکانی جیهان وەکو شیعر، چیرۆک، ڕۆمان دەبینین کە لە بارودۆخ و کات و شوێنی تایبەت بە نەتەوەکان، زمان بۆ نموونە دەبێتە هەڵگری ڕەهەندێک کە ناڕەزایەتی و بەربەرەکانیی لەبەرامبەر دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان وەبیر دێنێتەوە، بەپێی گێڕانەوەی هەر کام لەم ژانرە ئەدەبییانە، بەرگریکردن وێناکراوە و ڕێکخراوە (بۆ نموونە شیعرەکانی شاعیری گەورەی یۆنانی یانیس ریتسوس، جۆرج سێفریس، لەنگستن هیوز، حاجی قادری کۆیی، ئەحمەد موختارجاف...). ئەگەر تەوژم و تینی دەسەڵات و زنجیرەی ڕووداوەکان فەزای ناهومێدی دادەسەپێنێ، بەڵام ئازادیی ئەگەری هەیە، شێوازی بەرگریکردن و ڕماندنیش هەن کە لە سەر زەین و هەست و نەست و لەهەموویان گرینگتر لە سەر زمان کاریگەرییان دەبێ، بەواتایەکی دیکە زمان هەمیشە لەو شوێنە ئامادەیە کە بەربەرەکانیی و ناڕەزایەتی و ناعەداڵەتی سەرهەڵدەدا. واتە چینی دەسەڵاتدار لە

ڕێگەی دەستکاری و چەواشەکاری و هەوڵەکانییەوە ڕەنگە زۆر خێرا نەتوانێ سەرکوتی ئەو زمانە کەمینانە بکا کە لە دەرەوەی دامەزراوەی زمانی یاساییە و زمانی فەرمی نەتوانێ ببێتە هەڵگری سەرجەم پێکهاتە و چەمکی ژیانی نەتەوە ژێردەستەکان، چونکە زمانی بەرکار (کەمینە) هەرچەندە لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ناوەندی سەقامگیری هێزن، بەڵام بەهۆی ئەوە کە هەڵگری ئەزموونی کارلێکی کۆمەڵایەتین دەکەونە ئەوپەڕی گوشار و کارتێکردنی پێناسەی فەرمییەوە. لە بەرامبەر پێشگرتن لە ئازادیی کارکردی زمان کە دەسەڵات دەیکا، نمونەیەکی دیکە بۆ پاشەکشەکردن، یان باشترە بڵێین بەربەرەکانێ کردنی زمان لە بەرامبەر هێزی زمانی بکەر دەخەینە ڕوو، ئەویش لادانی زمانە لە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ قسەکردن و بەمجۆرە زمان یاسا و پێکهاتەی خۆی تێک دەشکێنێ و بەرەو خوازە و هێما و فۆرمەکانی دیکە وەکو تەنز و... تاد دەڕوا. بەم شێوەیە خۆی لە خەسار کە ڕاستەوخۆ و ئاشکرا دەربڕین هۆکاریەتی دوور دەخاتەوە.

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا وڵاتی وا هەیە لەبەر هێز و گەشەی زمانەکەی مەزنترین شارستانیەتی پێک هێناوە و بۆ زۆربەی هەرێمەکانی دیکە پەرەیسەندووە و بەهۆی ئەم بەرفراوانی و زاڵیەی زمانەکەیەتی کە دەسەڵاتی ڕاگەیاندن و سیاسی و..تاد مسۆگەر کردووە. ئەمەش لەبەر گەشەکردنی کۆمەڵگا و هۆشیاری و چەندڕەهەندی هێزی بیرکردنەوەی نەتەوەییە کە زمان توانیویەتی پەرە بستێنێ و جۆرێک ئاماژەکردنە بەو وتەیەی "دۆسۆسێر" و "چۆمسکی" کە دەڵێن: زمان سیستمێکی داماڵدراوە و هەموو ڕۆڵەکانی کۆمەڵگا بەشداریی تێدا دەکەن٢.

لە بەشێک لە وڵاتاندا بە چەندین زمان قسە دەکرێ و دەنووسرێت. واتە لەو شوێنانەدا چەند زمانی هۆی ئامادەبوونی چەند دەستەی ڕەگەزیین. هەر وەک گوترا، لەم جۆرە وڵاتانەدا یەکێک لە زمانەکان بە زمانی فەرمی لە چوارچێوەی جوگرافیدا و بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری... دەناسرێ و ئەوانی دیکە کە وەکو زمانی ناوچەیی و زۆر جارانیش بە زاراوە دادەنرێن و تەنیا لە ئاخافتنی

ڕۆژانەی دەستەی زمانیدا بە کار دەهێنرێن، یان بەهۆی هەلومەرجی دانراو لە لایەن دەسەڵاتەوە پێشی پێ دەگیرێ و هەرچەشنە بەکارهێنانی تاوانە و قەدەغەیە. بەم جۆرە ڕەخنەگرتن لە تاک دەسەڵاتیی بە هۆی سەقامگیربوونی دەسەڵات دەستێندرێتەوە. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی تری خەسارناسییەوە سەرنجی ئەم کردەوانەی دەسەڵات بدەین، دەردەکەوێ کە وردە وردە زمان بەرەو نەزۆکی دەڕوا و ئەم نەزۆکییەش بازنەی وشەکان بەرتەسک دەکاتەوە و هەر بەم پێیەش مانا لە زمان بە ڕادەی وشەکان کەم دەبێتەوە. کردەوەی لەم چەشنەی سیستمە تۆتالیتێرەکان دەبێتە هۆی ستاندنەوە و سڕینەوەی تایبەتمەندییەکان لە زمان. ئاوا بەبێ وەبەرچاوگرتنی ڕێژەی دەستەی زمانی، زمانی دەسەڵاتدار بە زۆرینە و زمانەکانی دیکە بە کەمینە دادەنرێن. نەتەوەی سەروەر بۆ بەبنچینەکردنی دەسەڵاتی خۆی و حکومەتکردن بە سەر نەتەوەکانی دیکەدا سیاسەتی یەکدەستکردنی کولتوور و زمانەکان بەکاردێنێ و ئەویش جێنشینکردنی کولتووری سەروەرە کە یەکێکە لە پێناسەکانی کولتووری سەرکەوتووان و داگیرکەران. دەرەنجامی ئەمە بەرەو سڕینەوەی کولتووری نەتەوەیەک دەچێ و لەئاکامدا ئەو نەتەوەیە بەهۆی ناچاربوونیەوە لە کۆیەکی گەورەتردا دەتوێتەوە و لەناو دەچێ. کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە بەهۆی دۆخی مێژوویی و نەبوونی دەسەڵات و داگیرکرانییەوە، لەلایەن چوار دەسەڵاتی عەرەب، تورک و فارسەوە لە مەترسی لەناوچووندایە. ئەگەرچی لە گۆشەیەکی بچووکی وەک باشووری کوردستان هەوڵ بۆ دۆزینەوەی شوناسی کورد دەدرێ، بەڵام هێشتا لەم پارچە بچووکەش چارەنووسی هەروا لێڵە و لە مەترسی سات و سەودادایە.

هەرچەند خاک و زەویی کەمینەی ئاماژە پێ کراو بەهۆی داگیرکرانی ئەندێشە و مێژوو و هەنووکەی لەسەر جوگرافیای جیهاندا ئاوارەیە، بەڵام ئەوەی تا بە ئێستا بۆتە پاڵپشت و هاندەر و زمانەکەیەتی، یانی تەنیا نیشتمان و هۆی مانەوە. بۆ پێداگرتن و زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە تیۆرێکی سیاسیی ڕاست دەکەینەوە: لەئاکامدا ستەم لە شێوازێکدا ڕەگاژۆی کردووە کە بە پێی ئەو شێوازە ئێمە و دیتران لە دیدی زمانناسییەوە پێناسە دەکرێین، شێوازێک کە تێیدا پێگەی

ئێمە بە هۆی وشەکان پێوەندییان لەگەڵ وشەی تر دیاری دەکرێ. بوونی ئێمە، شوناسی ئێمە و وێناکردنی ئێمە لە رێگەی دیالۆگ و زمانەوە دروست دەبێ، بەڵام کورد بەو پارچە پارچەبوونەی ژیان بەسەر شۆڤینەکانی ناوچەکەدا و لەبەردەستی هەرکام لەم دەسەڵاتە زاڵانە کەمینەیە، ئایا زمانەکەشی تووشی خەسار نەبووە؟ یان لەمەترسیی فەوتاندا نییە؟

بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و کولتووری و هەروەها هێرشی ئەندێشە و کولتوور و سیاسەتی دەسەڵاتی زاڵ، زمانی کوردی لە گشت بوارەکاندا (نووسین و قسەکردن و بیرکردنەوە) توشی لاوازییەکی بەژان هاتووە و ناتوانێ سادەترین هەستەکانیشی لە ئاستی گشتیدا بە زمانی خۆی دەرببڕێ. هەروەها بە هۆی نایەکسانی و ڕکەبەرایتی نێوان زمانی دایکی و زمانی دیاریکراوی شوێنە فەرمییەکان (زمانی قوتابخانە و ڕاگەیاندنە گشتییەکان و... تاد) لاوازی و لە ئاکامدا توانەوەی زمان خێراتر دەبێ.

ئەم چەشنە کردەوەیەی دەسەڵات هەستپێکردنی ئەوانە بەوەی کە ڕەنگە کورد بە زمانەکەیەوە بەرەو یەکێتیی نەتەوەیی هان بدرێ، بەم جۆرە هەر وەک "دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی" دەڵێ: پێشگرتن لە زمان و کولتوور.. سەرکەوتووترین شێوەی کۆیلەکردنی نەتەوەیە. ئەم دەسەڵاتانە زمانیان بە پێکهاتە و ناوەندی ناڕەزایەتیی کەمینە داناوە و بەوەیان زانیوە کە دۆزینەوەی پەیوەندیی زمانی لە لایەن کەمینەکانەوە (کورد) هەستکردن بە هێزێکی زۆرە و ئەوان (کەمینەکان) بەرەو پێکەوەلکانی کولتوورە لێکپچڕاوەکان کە لە بنەڕەتدا سەرچاوەیەکیان هەیە، هان دەدا و لە ئاکامدا ئەو زمانە دەتوانێ دەسەڵاتی تێدا سەقامگیر بێ. هەروەها جەختکردن لە سەر زمان بە بیانوویەک بۆ تێکەڵاوبوون لەگەڵ وڵاتێکی دیکە دەناسێنن و بە ویستێکی جیاییخوازیی دادەنێن، بە واتایەکی دیکە یەکگرتنەوەی زمان بەرەو یەکێتی و یەکدەست بوونی سیاسیی و دەڕوونی دەڕوا. تەنانەت ئەوان قەت دان بە زمانی کوردیدا نانێن و بە زاراوەیەک ناودێری دەکەن. بۆ وێنە دەبینین کە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا زمانی کوردی بە یەکێک لە زارەکانی زمانی فارسی دانراوە و وەکو سیاسەتی شۆڤێنی ئەو هەمووە بەڵگەنامە و

شوێنەوارە مێژووییە فەرامۆش دەکا کە بە زمانی کوردین و ئەگەریش لێرە و لەوێ زۆر بە کورتی وەک زمان ئاماژە بە زمانی کوردی دەکا، بە زمانێکی نوێی دادەنێ کە لەم سەد ساڵەی دواتردا زمانی کوردی دروست بووە. هەروەها هەڵوێستەکانی حکومەتی تورکیاش نابێ فەرامۆش بکەین کە نەک هەر بۆ قسەکردن حەساسیەت لە خۆی نیشان دەدا بەڵکو تەنانەت ناوی کوردهێنانیش تاوان بووە، ئەگەرچی ئەم حکومەتانە لە هەلومەرجی ئێستادا و بەپێی سیاسەتی ڕوو بە دەرەوەیان لە بەشێک لە سیاسەتەکانی پێشوو پاشەکشەیان کردووە و لە بەرامبەردا دەستیان داوەتە ڕاهێنانی زۆرەملێیانەی زمانی فەرمی کە حکومەت بەڕێوەی دەبا و بەم جۆرە پەرە بە کولتووری دەسەڵات دەدا. ئەم شێوە کردەوانە جۆرێک زمانکوژی، یان لەناوبردنی گەلێکی تایبەتە کە بنەمای نەتەوەکوژیی مسۆگەر دەکا٣. ئەم چەشنە هەڵوێستانە ڕوانگەی حکومەتەکانی ئاوا دەرخستووە کە هەمیشە وەکو ئامراز بۆ سەرکوتی کەمەنەتەوەکان، زمان بە هۆکاری ناڕەزایەتی دەزانن و پێیان وایە کە زیندووکردنەوەی خواستەکان لە نێو چەمکی زماندا زۆر بەهێزترە لە چەمکەکانی تر.

ئەو خەسارانەی کە تووشی زمانی کوردی دێن بە هۆی قەدەغەکرانی ئاشکرا و نائاشکراوە بەرەو توانەوەی یەکجارەکی شوناس و کولتووری ئێمەیە. دەبینین کە بیرکردنەوەی کورد بە شەپۆلی ڕاگەیاندنە گشتییەکان و شوێنەکانی پەروەردەیی زمانی زاڵ کە بنچینەی زمان دیاری دەکەن، دەئاخندرێن. لە لایەکی دیکەوە لە غیابی شوناسی زماندا دروستبوونی دەوڵەتیش فەرامۆش دەکرێ. نەتەوەیەکی وەکو کورد دەبێ (بە سەرنجدان بە سەرجەمی ئەو بزووتنەوە نەتەوەییانەی کە زمانەکەیان لە مەترسیدا بووە، بۆ وێنە ئەوەی کە لە ئێرلەندی سەدەی نۆزدەدا دەبیندرێ٤ بەرەو زمانی ستانداردی هاوبەش بۆ گەشەی زمانی لە بەشەکانی تر هەوڵ بدا و داکۆکیی لێ بکا. هەر نەتەوەیەک بیەوێ کەسایەتی خۆی بدۆزێتەوە و بەرەو گەشەی جوگرافی و شوناسی مرۆڤایەتی خۆی بڕوا، دەبێ بۆ بنچینەکردنی ئەو چەمکانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا کار لە سەر پێکهاتنی یەکدەستیی زمانی بکا.

## پەراوێزەکان:

١. میشێلیَ دەڵیَ: مێژووی فەرانسە لەگەڵ زمانی فەرەنسی دەست پیَ دەکا. زمان نیشانەی سەرەکیی نەتەوەیە (مێژووی فەرانسە، کتێبی سێیەم. ١٨٤٠ زایینی).

٢. دۆسۆسێر لە کتێبی وانەکانی زمانناسیی گشتیدا کە لە ساڵی ١٩١٥دا بڵاو بۆوە ئەمەی راگەیاند کە: عادەتی نەتەوەیەک لە سەر زمانی ئەو نەتەوەیە کاریگەریی دەبیَ و لەلایەکی دیکەوە ئەمە زمانە کە تارادەیەکی زۆر دەبێتە هۆی دروستبوونی. نەتەوە.

٣. بۆ وێنە تورکیا بۆ ئەوەی وەک ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا وەربگیرێت و رەخنەی پێشێکلکردنی مافی مرۆڤی لەسەر کورد و نەتەوەکانی تری هاتۆتە سەر لەبەرامبەر هێندێک لە داخوازییەکانی گەلی کورددا دابەزیوە، وەکو دانهێنان بە بوونی نەتەوەی کورد، کردنەوەی چەند کاتژمێر تەلەڤزیۆنی کوردی و... تاد.

٤. لەم بزووتنەوەیەدا خواستی سیاسی – نەتەوەیی بەرگری بەردەوامی لە زمانی ئێرلەندیی گالیک کرد. هەروەها دەبیَ ئاماژە بە نەتەوەی باسک لە ئیسپانیا بکەین یان بزووتنەوەی بۆتۆنی لە فەرانسە.

سەرچاوەکان:

١. سرگشتگی نشانەها، نمونەهایی از نقد پسامدرن، (نویسندگان: بودریار، لیوتار، فۆکۆ...)، مترجمان (بابک احمدی، افشین جهاندیده...)، چاپ دوم (١٣٧٨)، تهران، نشر مرکز.

٢. بارت، فوکو. ێلتوسر/ مایکل پین، ترجمەی پیام یزدانجو، چاپ اول، (١٣٧٩)، تهران، نشر مرکز.

# لاوازبوونی زمانی کوردی
# لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی کارگێڕیی هەرێم

ئازاد عزیز هەرتەلی
ماموستا لە زانکۆی گەرمیان

هێنانی جالیەییێکی ژمارە زۆری زمان جیاواز بۆ ناوچەیەک ک ببێتە هۆی زیاتربوونی ژمارەیان لە پێکهاتە ڕەسەنەکە، کاریگەریی دەبێت بۆ سەر زمانی ڕەسەنی ناوچەکە، بۆیە دەبینین حکومەتی عێراق بۆ دروستکردنی ئەو کاریگەرییە لە سەر زمانی کوردی، هەوڵی داوە ژمارەیەکی زۆری هۆزی عەرەب بێنێتە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی کارگێری هەرێم، بۆ نموونە تەنیا بۆ ناو شاری کەرکوک لە ساڵی (١٩٦٨ – ٢٠٠٣) نزیکەی (٢٦٤٧٦)خێزان هاتووە، کە کۆی گشتی گەڕەک و کۆمەڵگە و گوندی ئەو ناوچانە بۆ پێکهاتەی عەرەب دروست کراوە، کە هاوکات ناوی هەموو کۆمەڵگە و شوێنەکانی بە ناوی عەرەبی ناو ناون، زۆر لە ناوەکان لە ڕووی دەنگ و وشەوە نامۆن بە زمانی کوردی، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لە لایەک ئەم ناوانە بخزێنە نێو فەرهەنگی کوردی و لە لایەکی تر بە هۆی بەردەوامی لە دووبارە کردنەوەیان و تێکەڵاوبوونیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی وایکردووە هەندێک لە ڕۆشنبیران بە هۆی ئەوەی خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بووە، ئەو ناوانە بە هەمان سیستەمی دەنگی زمانی عەرەبی دەرببڕن و بە هەمان فۆرمی زمانی عەرەبی بنووسن کە بۆ دواجار ئەمەش وایکردوە ئەم دەنگانە

بخزێنە نێو دەنگەکانی زمانی کوردی. بۆ بینینی ناوی چەند گەڕەکێکی دروستکراو، هەروەها دەروازەیەکی تر بۆ زیادکردنی ژمارەی قسە پێکەرانی زمانی عەرەبی لە ناوچەکەدا بریتی بووە لە هێنانی فەرمانبەر و کرێکار و جوتیاری عەرەب لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاست بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی کارگێری هەرێم، بێگومان ژمارەی ئەمانەش بە لێشاو بووە بە جۆرێک تەنیا لە نێوان ساڵانی (١٩٦٨ ز ـ٢٠٠٣ز) تەنیا بۆ پارێزگای کەرکوک (١٦١٠٤) فەرمانبەری عەرەب هێنراون بە شێوەیەک کاری کرۆتە سەر ناوچەکە لە ئیستاشدا ڕێژەی فەرمانبەری کورد لە ناوچەکانی عەرەبنشین، هەروەها لە نووسراوێکدا هانی فەرمانبەرانی کورد دەدات، بۆ گواستنەوەیان بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق، ئەم مەبەستەش بە هەمان شێوە کۆمەڵێک جیاوگی (امتیازات) خستۆتە ڕوو، بۆ ئەوەی ڕوو بکەنە ئەم ناوچانە، کە زمانی کوردی لە هیچ کایەیێکی ژیان بە کار نایەت، هەروەها لە یەکێک لە بڕگەکان دەڵێت قوتابییەکانیان وەردەگێرنەوە لە هەمان پۆلی خوێندان، لە کاتێکدا یەک تاکە قوتابخانەی کوردی لە ناوچانەدا بوونی نەبووە. ئەوەی جێگای سەرنجە حکومەتی عێراق لە بەرزترین ئاستی دەسەڵات کاری بۆ ئەم مەبەستە کردووە، کە ئەویش سەرۆک کۆمارە کە لە نووسراێکدا بۆ لێژنەی باکوور ڕەوانەی کردووە داوا دەکات کە دەبێت لە کاتی ڕاگواستن چەند خاڵێک سەبارەت بەو ڕاگواستنە بە جیاوگانە ڕوون بکرێتەوە وەک نووسراوی ژمارە (١١٣٣) لە ڕێکەوتی (١٨ / ١٠/ ١٩٩٨) ی پارێزگای کەرکوک دیارە، کە دەدرێتە هەر فەرمانبەرێک ئەگەر بۆ باشووری عێراق بڕوات، وەک پێدانی زەوی و پارە و کەرەستەی خانوو، گواستنەوەی کەلوپەل و تۆماری ناسنامە(نفوس) بۆ ئەو پارێزگایەی دەڕوات هەروەها قەرەبوو کردنەوەی هەر موڵک و زەوییەک کە هەیەتی لە کەرکووک، لە لایەکی دیکەوە، ژمارەی کوردی کەم کردۆتەوە، هاوکات ئەو فەرمانبەرانەی ئەوەی ئەو شوێنانە دانیشتوانەکانیان

زۆرینەی ڕەهایان زمانی ئاخاوتنیان زمانی عەرەبیە، هەروەها زمانی عەرەبی گفتوگۆ و گەڕەک و قوتابخانە و بازاڕ و فەرمانگەکان تەنیا زمانی عەرەبیە، چونکە زمانی کوردی لە عێراقدا وەک زمانێکی ناوچەیی مامەڵەی لە گەڵدا کراوە، کە ئەمەش وایکردووە دانیشتوانی کورد لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق لە هەموو مافێکی زمانی بێبەش بن، بۆیە مەترسیەکی گەورە ڕوو لە کەرکووک دەکات ڕۆژ بە ڕۆژ نەتەوەی کورد بەرەو کەمی دەچێت، ئێمەش تەنیا ئەوکات بە قسە دەڵێین کەرکووک کوردستانییە و هیچ کوردێکی تێدا نییە، بۆیە ئەرکی بەرپرسە باڵاکانە کار بۆ ئەم مەبەستە بکەن لە دوارۆژی کەرکووک بپێچنەوە.

# چاككردنی هەندێ هەڵەی زمانەوانی لە (ڕۆمانی مەسخ)ی (پێشەوا فەتاح)

**سەروەر سەعدوڵلا ساڵح**

**زانكۆی گەرمیان- فاكەڵتی پەروەردە**

زمان یەكەمین پردی پێوەندی نێوان تاكەكانی نێو كۆمەڵەو پێوەندییەكی هەمیشەیی و توندوتۆڵی بە نەتەوە و لایەنە ژیارییەكانی تری نەتەوە هەیە. زمان یەكێكە لە پێداویستییە هەرە گرینگەكانی مرۆڤ و یەكەیەكی سەربەخۆی یەكگرتووی تەواوە و تانوپۆ و ڕەنگرێژی هەموو جۆرە دەربڕینەكانە. هەر نەتەوەیەك زمان و كلتوری خۆی بپارێزێت، بە نەتەوەیەكی زیندوو دادەنرێت، نەتەوەی زیندوویش بە بەردەوامی دەژی و بەرەو پێشەوە دەڕوات.

سەبارەت مەسەلەی وەرگێڕان، چی وەكو هونەر، یان زانست بە هۆكارێكی پەرەپێدانی پێوەندی كلتوری، كۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئابوری و شارستانی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی دیكەی جیهان دادەنرێت. ئەگەر چاوێك بە كتێبخانەی كوردیدا بخشێنین، نەخشەیەكی دیاری لە دەوڵەمەندكردنی زمانی كوردیدا هەیە. دەبینین سەدان و هەزاران كتێب بۆ سەر زمانەكەمان وەرگێردراون، كە بێشك كەلێنێكی زۆریان لە كتێبخانەی كوردیدا پڕكردووەتەوە.

دیارە كەسانی وەرگێڕش سیما و مەرجی تایبەتی خۆیان هەیە و ناكرێت هەر كەس زمانێك، یاخود دوو زمانێكی زانی، پێی بوترێت وەرگێڕ. كەواتا ئەمانە گرینگترین مەرجەكانی وەرگێڕن:

١- هەردوو زمانەكە چی زمانی (دایك) وەكو زمانی یەكەم، چی زمانی (سەرچاوە) وەكو زمانی دووەم بەباشی بزانێت.

٢- دەبێت شارەزایی لە ڕێزمان هەبێت و خاوەن سەلیقەیەكی زمانەوانی بێت.

٣- خاوەن ئەزموون بێت، سەلیقەیەکی باشی کلتوریی و فەرهەنگی هەبێت.

لە چەند مانگی پێشودا، چاپی دووەمی رۆمانی " مەسخ" ی (کافکا)، کە (پێشەوا فەتاح) لە زمانی (ئەڵمانی) یەوە، بە قەبارەی (١٠٨) لاپەڕە وەری گێڕا. دواتر لە لایەن کتێبفرۆش و خوێنەرانەوە پێشوازی لێکرا، کە لێرە بەداوە رۆمانەکە دەکەین بە کەرەستەی باسەکەمان، هەوڵدەدەین لێکدانەوەی زمانەوانی بۆ وەرگێڕانەکە بکەین.

بێگومان داتاشینی وشە و زاراوە، کاری دەستەی ئەکادیمیا و کەسانی پسپۆڕە، نەک هەر کەسە و بەئارەزووی خۆی وشە و زاراوەی هەڵە و دوور لە یاسای زمانی دابرێژێت، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت ئەو کەسانەی پسپۆڕی بوارێکی تایبەت نین، ناتوانن وشە و زاراوە دابتاشن، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەوانە شارەزاو هۆگری زمانی کوردی و خاوەن چێژ و سەلیقەی زمانەوانی ببن، ئەوا دەتوانن وشە و زاواوانە ساز بکەن. نووسەر لە وەرگێڕانەکەیدا سەرباری داتاشینی چەندین وشە و زاراوەی هەڵە لە رووی زمانەوانییەوە، هەروەها لە رووی رێنووسەوە چەندین وشەی بە هەڵە بەسەردا تێپەڕیوە. ئەمە وێڕای ئەوەی چەندین وشەی ناوچەیی و زمانی ئاخاوتنی خستووەتە نێو وەرگێڕانەکەیەوە، بۆیە دەمانەوێت لەم باسەماندا بە مەبەستی چاککردن و خزمەتکردنی بە رۆمانەکە چەند هەڵەیەکی زمانەوانی دەستنیشان بکەین و چاکیان بکەینەوە. .

هەڵبەت زۆربەی زمانەکان بەدەر نین لە لە کاریگەریی زمانەکانی دەوروبەریان. زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی دیکە لە ئەو نێوەدا کارلێکەر و کارلێکراوە و چەندین وشە و زاراوەی لە زمانانی دیکەوە بۆ هاتووە...

تا ئێرە شتێکی سروشتییە، بەڵام وردبوونەوە لەو وشە و زاراوانە ئەو راستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە هەندێکیان دوور لە پێوانەی زمانی کوردی، وەرگێڕ بە هەڵە وەریگێڕاون. بۆیە لەم باسەدا پەنجە دەخەینە سەر هەندێک لەو وشە و زاراوانە و راستیان دەکەینەوە، چونکە زمان بڕبڕەی پشتی نەتەوە و ناسنامەی سەرەکییەتی، پاکڕاگرتن و پاراستنی، ئەرکێکی پیرۆزە و ئەم ئەرکەیش دەکەوێتە ئەستۆی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ.

پیش ئەوەی بێمە سەر جەوهەری باسەکە، بەباشی دەزانم، ئاماژەیەک بە ناونیشانی رۆمانەکە بکەم، کە لە زمانی ئەڵمانیدا بەم شێوەیە ( Die

verwandlung) یە، وەرگێڕ ( مەسخ)ی بۆ بەکارهێناوە. ریشەی وشەکەش لە هەردوو زمانی (عەرەبی و فارسی) دایە و بە واتای ( گۆڕانێکی خراپ و نالەبار) دێت . ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین، دەگەین بەو راستییەی کە لە فەرهەنگی کوردیدا وشەیەکی لەبار و بەجێمان لە بری وشەی ( مەسخ) نییە، هەڵبەت ئەمەیش پاکانە نییە بۆ وەرگێڕ، چونکە ئەمەش خزمەت و کۆمەکی ناکات. خولاسە باشتر وا بوو لە بری ئەوە شتێکی کوردانەی بەکار بهێنایە.

وەکو دەبینین بۆ هەمان رۆمان (حەکیم کاکە وەیس)، (بەد گۆڕان) هەڵبژاردووە، کە شتێکی زۆر جوانە، هەرچەندە وشەی (بەد) ریشەکەی لە زمانی (فارسی) دایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە باوەڕی ئێمە لە (مەسخ) رەوان و باشترە.

باسەکەمان لە سێ بەش پێکهاتووە کە بریتین:

بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ لایەنی چاککردن و دووبارە دارشتنەوەی ئەو وشە و زاراوانەی کە لە نێو رۆمانەکە بە هەڵە بەکارهێنراون:

١- نووسەر لە لاپەڕەی (٥) دا، وشەی (خەونگەل) ی بەکارهێناوە. لە بەرانبەردا لە زمانی کوردیدا زۆر لە مێژە ئەوە روون بووەتەوە کە مۆرفێمی (گەل) دەچێتە سەر هەندێک ناوی گیانلەبەر و دەیکات بە ناوێکی کۆ، وەک:

کور+گەل= کوڕگەل

گا+گەل= گاگەل

ئەمەیش ئەمەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە مۆرفێمی (گەل) ناچێتە سەر ناوی (خەون) کە ناوێکی واتاییە، بەڵکو دەچێتە ناوی بەرجەستە وەکو ناوی ( کوڕ،گا). باشتر وا بوو نووسەر وشەی (کۆمەڵێک خەون، یان خەونەکان)ی لەبری (خەونگەل) بەکاربهێنایە.

٢- هەروەها لەهەمان لاپەڕەدا (سەدەفئاسا) پێکەوە نووسراوە و وەکو وشەیەکی لێکدراو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، پێش ئەوەی بۆچوونمان بخەینە روو، واتای فەرهەنگی (سەدەف)ش، ( شتی رەقی پێشە ئاسایی لە زەریادا، یان جێگەی تیارسکانی مراوی) دەگرێتەوە. بۆیە (ئاسا) لێرەدا ئامرازی چواندنە و جودایە لە (سەدەف). بۆیە دەبێت بەم شێوەیە بێت:

(سەدەف ئاسا).

٣- له لاپەڕە (٧) دا، ( جێ خواردن) له دەقەكه نووسراوه، كه وای بۆ دەچین، وەكو وشەكی لێكدراو خۆی دەرخستبێت، بەڵام له راستییدا وشەیەكی به هەڵە ڕۆنراوه، بەڵكو له راستییدا بەم شێوەیه دەبێت:
(شوێنی خوارد، یان جێی خواردن).

٤- نووسەر له لاپەڕەی (١٣)دا، (بەبێ چەندوچونكاری) نووسیوه، بەڵام مۆرفێمی (كاری) لێرەدا كەرەستەیەكی زیاد و رەزا قورسه، پێویستمان به لابردنی هەیه، بۆیه دەیكەین به:
(بەبێ چەندوچوون).

٥- هەر له هەمان لاپەڕەدا رستەی ( بەشی خوارەوەی جەستەی هەستیارترین جێی بوو) نووسراوه، ئەوەی نابەجێیه، مۆرفێمی پلەی باڵای (ترین)یه له وشەی ( هەستار)دا، بۆیه وا باشه بیكەین به:
(بەشی خوارەوەی جەستەی زۆر هەستیار بوو).

٦- هاوكات له لاپەڕە (١٧)شدا، ئەم رستەیه ( گەر هەرگیز پێویستی به پرسیار و پرسیاركارییانه بكردایه) نووسراوه، كه له راستتیدا زاراوەی ( پرسیاركارییانه) زۆر ناساز و نابەجێیه، چونكه هەردوو پاشگری( كاری، انه) لەگەڵ ناوی كارای (پرسیار) دا ناگونجێن، بۆیه دەكرێت ئەو زاراوەیه له دەقەكەدا لابدەین.

٧- له لاپەڕە (١٨) دا، ( دەستەچەپ) نووسراوه و وەك ناوێكی لێكدراو تەماشا كراوه و مۆرفێمی (ە)،خزێندراوەته نێو هەر دوو وشەی (دەست، چەپ)ەوه، كه ئەمەیش بێگومان هەڵەیه و پێویستمان بەوه هەیه، هەردوو وشەكه جودا بكەینەوەو مۆرفێمی (ە) بگۆڕین به مۆرفێمی گەیەنەری (ی)، پاشان وەكو گرێ ( فرێز) مامەڵەی لەگەڵ بكەین، كه دەبێت به :
(دەستی چەپ).

خاڵی جەوهەر و هاوبەش لێرەدا، كه نووسەر له هەمان لاپەڕەدا ( دەستی چەپ)ی بەكارهێناوه، ئەوەی كه ئێمه بەباشی دەزانین. كه ئەمەیش كۆمەكی زیاترمان دەكات و وامان لێدەكات، شلێگیرانه درێژه به باسەكەدا بدەین.

٨- هەروەها له لاپەڕە (٢٦) دا، نووسەر رستەی (كەمێك خۆی كۆكاند) نووسیوه، له راستییدا وەرگێڕ هەڵەیەكی زەق و بەرچاوی كردووه !

له زمانی کوردیدا به هیچ چەشنێک چاووگی (کۆکین)، مۆرفێمی تێپەڕاند(اندن) وەرناگرێت و چاووگی (خۆ کۆکاندن)مان نییه، بەڵکو ڕەوایه، بەم شێوەیه بێت:

(کەمێک کۆکی).

٩- له لاپەڕە (١٤)دا، ئاوەڵکاری کاتی (هەمدیس) بەکارهێنراوه، ئەگەر چاوێک له وشەکه بکەین، ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوه، وشەکه به هەڵه ڕۆنراوه و دووره له پێوەره وشەسازییەکان. ئەمه ئەوه ناگەیەنێت، تەنها وەرگێڕ ئەم وشەیەی به هەڵه بەکارهێناوه، بەڵکو وشەکه سنوری بەرفراوان بووه، بووه به هەڵەیەکی باو، چونکه پێشگری (هەم) بنج و بنەوانەکەی دەگەڕێتەوه بۆ زمانی فارسی، بۆیه دەکرێت بەم شێوەیه بێت:

(دیسان)

١٠-دیسان نووسەر له لاپەڕە (٢٢)شدا، ڕستەی ( سەرلەگێژەوەچوونێک ڕێیان لێگرتووم) ی نووسیوه، ئەوەی جێی سەرنجه ( سەرلەگێژەوەچوونێک) هێنده ئاڵۆزه و قورسه، که نه گرێ (فرێز)یه، نه وشەیه، نه ڕستەیه. خوێنەر له گۆکردنی هەناسەی سوار دەبێت!

له ڕاستتیدا دەبێت بەم شێوەیه بێت:

(سەره گێژەیەک ڕێیان لێگرتووم).

١١-لاپەڕە (٣٦)دا، هاوەڵناوی (وەختکوژ) نووسراوه، که له ڕاستییدا هیچ گرفێتکی ئەوتۆی تێدا نییه، بەڵام ناوی (وەخت)، بکەین به (کات)، ئەو کات ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوه هاوەڵناوی ( کاتکوژ) له چاووگی (کاتکوشتن) ەوه سازبووه :

(کاتکوژ).

١٢-له لاپەڕە (٣١)شدا،( دەرەنجام) نووسراوه، ئەوەی لێرەدا هەڵەی بەرچاوه، مۆرفێمی (دەر) کەرەستەی زیادەیه، هەروەها هەمزەیش له بیرکراوه:

( ئەنجام)

١٣- له لاپەڕەی ( ٢٩) دا، ئاوەڵکاری ( دوژمنکارانه) نووسراوه، که لێرەدا پاشگری ( کار) دەبێت لابدەین و بەم شێوەیەی لێبکەین:

(دوژمنانە).

١٤-هاوکات لە لاپەڕەی (٤٠)شدا، ئاوەڵکاری (نائومێدانە) بە هەڵە رۆنراوە و مۆرفێمی (انە) لێرەدا شوێنی خۆی ناگرێت، بەڵکو پێویستمان لابردنی هەیە: (بەنائومێدی).

١٥-هەروەها لە لاپەڕە (٢٩)دا، رستەی ( بەشێک لە بینایەکی ناکۆتای رەشی خۆڵەمێشی دیار بوو) نووسراوە، کە لێرەدا (ناکۆتای) زۆر ئاڵۆزە. دەبێت بەم شێوە بێت:

(بەشێک لە بینایەکی تەواونەکراوی خۆڵەمێشی دیار بوو).

بەشی دووەمیش: وەک تەواوکەر و پارسەنگی بەشی یەکەم، تایبەتمان کردووە بۆ راستکردنەوەی هەندێک لەو وشانەی کە لە رووی رێنووسەوە بە هەڵە لە رۆمانەکە نووسراونەتەوە:

| هەڵەکان | راستییەکانیان |
|---|---|
| بە هۆی | بەهۆی |
| شەشونیو | شەش و نیو |
| بە توندی | بەتوندی |
| هەستانەسەرپێ | هەستانە سەرپێ |
| بە ئاسانی | بەئاسانی |
| بەرامبەر | بەرانبەر |
| سەرجێگا | سەر جێ |
| بە تەواوی | بەتەواوی |

| هەڵەکان | راستییەکانیان |
|---|---|
| لەوەدەچوو | لە ئەوە دەچوو |
| بە تایبەتی | بەتایەتی |
| لەبەر ئەوەی | لەبەرئەوەی |

| | |
|---|---|
| بڕەپارە | بڕە پارە |
| ئێستە | ئێستا |
| دوێنێشەو | دوێنێ شەو |
| بە ئارامی | بەئارامی |
| هەموان | هەمووان |
| هەتاوەکوو | تاکو |
| جێیهێشتوون | جێی هێشتبوون |
| هەڵیبگرن | هەڵی بگرن |
| لە پێشیدایە | لە پێشی دایە |

بەشی سێیەمیش: تەرخانکراوە بۆ بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە ناوچەیی و دیالێکتین و دوورن لە زمانی نووسین و ستانداردەوە. هەرچەندە، تاوەکو ئێستا زمانیکی ستانداردمان لە کوردستانی باشور نییە، بەڵام ئەمرۆ دیالێکتی (ناوەڕاست) قۆناغی ستانداردی بڕیوە، وەکو زمانی ستاندارد مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام ئەوەی ماوەتەوە تەنها بڕیاری سیاسییە .

| زمانی ئاخەوتن و زارەکی | زمانی نووسین |
|---|---|
| دەبایە | دەبووایە |
| بەرابەر | بەرانبەر |
| لەویادا | لەوێدا |
| ناکا بە شتێتمان بزانن | نەکا بە شتێشتمان بزانن |
| کۆخە | کۆکە |
| چاتر | چاکتر |
| چابوو | چاک بوو |
| بە گری گرییەوە | بەگریانەوە |

| | |
|---|---|
| کچۆڵانه | بچکۆلانه |
| له دیوەکەی کەوه | له دیوەکەی دیکەوه(ترەوه) |
| چابوونەوه | چاکبوونەوه |

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

*- نەریمان عەبدوڵڵا کەریم و مستەفا سەید مینه( ٢٠٠٩)، چاککردنی هەندێک وشەی بەکارهێنراوی زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی کۆیه، ژماره (١٣)، ل: ٦٣.

٢- ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٩)، رێزمانی کوردی (مۆرفۆلۆژی)، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم(ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ل: ١٥٢.

٣ - هەژار موکریانی، هەمبانه بۆرینه، فرهنگ کردی- فارسی، چاپی شەشەم، سروشت، تهران، ١٣٨٨، ل: ٤٣٢.

# زمان و ناسنامە

گەشبیر ئەحمەد

**زمان و ناسنامە:**

ناسنامە و بوونی هەر گەلێک پابەندە بە بوونی زمان و کەلتوور. زمان گیانی گەلە، کە زمان نەبوو ئەوا گەلیش نابێت، هەگبەی زاراوەش وشەیە و گەنجینەکەشی فەرهەنگە. گەورەترین کارەسات ئەوەیە کە میللەتێک بە دەستی خۆی زاراوەی بنەڕەتی خۆی لە سێدارە بدات. لەسەر ئاستی تاک، زمان ئەو تفەنگە شاراوەیەیە کە مرۆڤ هەر کات پێویستی پێ بوو دەتوانێت بە کاری بهێنێت لەسەر ئاستی گۆمەڵگاش زمان بۆ بەرگریکردن لە قەڵای سەخت و ئاسنین بەهێزترە، چونکە قەڵا دەڕوخێ بەڵام زمان هیچی لێ ناکرێ.

**زمانی کوردی:**

لە مێژوودا گەلی کورد بە زۆر ڕووداوی سەخت و کارەساتاویدا تێپەڕیوە بۆ نموونە خاکی داگیرکراوە مێژووی پەت پەت کراوە، جوگرافیای لەت لەت کراوە، کیماباران و ئەنفال کراوە، زمانی کوردیش دژایەتی زۆری لەگەڵ کراوە، لەبەر ئەوە زمانی کوردی وەکو خۆی نەماتەوە و ئازاری زۆری دراوە، تا ڕادەیەک کەرت و پەرت بووە، وەلێ دوژمن زۆر هەوڵی داوە کە زمانی کوردی خەفە بکات، بەڵام هەمیشە شکست خواردوو بووە، چونکە هێزی گەل ئەوەندە بەهێز بووە کاری لە ڕۆحی زمانی دایک نەکردووە چونکە زمانی دایک ناتوانرێ داگیر بکرێت.

زۆر بە کورتی نامەوێ بچمە بنج و بنەوانی. زمانی کوردی زۆر زەنگینە، تژییە لە وشەی جوان و واتای جیاواز و وجۆراوجۆر کە لە بیستی و حەوت پیت پێک

دێت، چەندین شێوەزارمان هەیە وەکو کرمانجی ژووڕوو و کرمانجی خواروو و هەتا دوایی. وەلێ زۆربەی زمانەکانی تری دونیا لە بیست و شەش پیت یان کەمتر پێک دێت و ناتوانن بەتەواوەتی وشەکان بخوێننەوە، بەڵام ڕەهەندی کورد لەهەر کوێ بێت دەتوانێت زۆر بەباشی بە زاراوە بیانییەکان ڕاڤە بکات. کورد خاوەنی چەندین کەسایەتی نیشتیمان پەروەر و دڵسۆز بووە بەرامبەر بە زمانی شیرینی دایک کە زۆربەی ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی ئەو داناوە وەکو (شێخ محەمەدی خاڵ، بە دانانی فەرهەنگی خاڵ)(مامۆستا هەژاری موکریانی، بە دانانی فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە)... هیتر. لەگەڵ هەوڵ و ماندووبوونی چەندین شاعیری بەئەزموون کە توانیان چەندین وشەی نوێ بۆ زاراوەی کوردی زیاد بکەن وەکو (مامۆستا شێرکۆ بێکەس و مامۆستا عەبدوڵا پەشێو) هیتر.... و

## <u>زمان و ڕاگەیاندن:</u>

لە دوای گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و ڕامیاری هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ هەتا ئێستا ڕاگەیاندنی کوردی زۆر خەمسارد بووە بەرامبەر بە زمانی دایک، مەبەست هەموو ڕاگەیاندنە کوردییەکانە بە گشتی، چونکە ڕاگەیاندن ئەو کەناڵەیە کە دەتوانێت نەوە یان کۆمەڵگایەکی تەندروست بەرهەم بهێنێت. لەکاتێکدا کورد لەم سەدەیەدا بە کەلتوورێکی چاولێکەریدا تێپەڕ دەبێت ئەوەی لە میدیاکان پیشان دەدرێت و دەوترێت لە نێو کۆمەڵگاشدا بڵاودەبێتەوە زۆر بە خێرای. من زۆر کرانەوەم پێخۆشە لەگەڵ گەلانی تری دونیا، بەڵام ئێمە هەتا ئێستاش سنوورەکانمان تۆپباران دەکرێت لەلایەن دراوسێکانمانەوە و چارەنووسمان نادیارە.

ئەوەی کە مەبەستی سەرەکیمە لەم ووتارەدا ئەوەیە کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ وە هەتا ئێستا دیاردەیەکی زۆر ترسناک بڵاوبۆتەوە لە نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و نووسین و بڵاوکردنەوە کوردییەکاندا ئەویش بەکارهێنانی وشەی زاراوە بیانییەکانە لەپاڵ زمانی کوردیدا بەبێ هۆ. ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت کە بەبێ هۆ دەیانەوێت زمانی دایک لە سێدارە بدەن، هیچ لێپێچینەوەیەک نییە بۆ ئەو بێژە

یان پێشکەشکارە چۆن برگە و بابەتەکانی پێشکەش دەکات یان دەیخوێنێتەوە، نە عەرەبیە و نە ئینگلیزی و نە فارسیە کەس نازانێ چۆن گفتوگۆ دەکات بە تایبەتی بۆ بەرنامەیەکی ڕامیاری ئەوە هەر زۆر وێرانە ئەوەندە ئەو پیشکەشکارە وشەی زاراوە بیانییەکان بە کار دەهێنێت کەناڵەکەش لەبەر چاوت دەگۆڕێت وادەزانیت سەیری کەناڵێکی بیانی دەکەیت، لە کاتێکدا کە زمانی کوردی زۆر وشەی لەوە جوانتر و گونجاوتری هەیە، بەوەشەوە ناوەستن ئێستا ناوی بەرنامەکانییان کردووە بە وشەی بیانی وەکو (فەوکوس، ستراتیج، شۆتیک، میلۆدی، پانۆراما، شۆ، و هتد) لەکاتێکدا دەیان وشەی جوانی کوردیمان هەیە بۆ ناوی ئەو بەرمانە. زۆر ئاسایەی بۆ هەندێ وشە چونکە ناتوانترێ دەستکاری بکرێت وەکو(کۆمپیوتەر و ئامێرە کارەبای و پزیشکێکان و پارچەکانی ئۆتۆمبێل).

خەمێکی زۆر گەورەی تر ئەوەیە ئەگەر گەشتێک بەناو شەقام و کوچە و بازاڕەکانی کوردستاندا بکەیت دەیان هەڵواسراوی سەر دوکان و نوسینگەکان دەبینیت کە وشە لە شوێنی خۆیدایە نە مانا.. وەکو گاڵتەجاڕی دێتە پیش چاوت.. ئیدی ئەگەر میللەتێکیش خۆی خەم بۆ خۆی نەخوات کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە.. دەبێت لایەنی پەیوەندیدار ئەوانەی کەوا مۆڵەت دەدەن ئەو ناوانە لەبەرچاو بگرن..

## زمان و دەسەڵات:

لەڕاستیدا ئەم دیاردەیە کاریگەریی زۆر ترسناکی دەبێت لەسەر ئەو نەوەیەی کە گەورە دەبێت و فێری ئەو وشە بیانییانە دەبێت کە لە میدیاکاندا دەوترێت بەبێ هۆ، ئەوە وادەکات ڕۆژ بە ڕۆژ زمانی شیرینی دایک بەرەو کاڵبوونەوە هەنگاو بنێت، لەکاتێکدا ئەرکی سەرشانی ڕاگەیاندنەکانە کە پارێزگاری لە زاراوەی دایک بکات، پاشان تاک، بەڵام بەشیوەیەکی سەرەکی بەرپرسان و دەسەڵات بەرپرسیارێتی یەکەمیان دەکەوێتە سەرشان، وەک ئەندامەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان لەبری ئەوەی یاسایەک دەربکەن بۆ نەهێشتنتی خۆپیشاندان، دەبا یاسایەک بۆ زمانی شیرینی دایک و بڵاوکردنەوەکان دابنێن و بیکەن بە برگەیەکی سەرەکی کە کوردیی پەتی بە کار بێت لە هەواڵی تیڤییەکان و

ڕزگارمان بێت لەم کارەساتە، بەداخەوە دەسەڵات بەتەواوەتی ئەم بوارەی پشتگوێ خستووە، ئێمە دەیان پسپۆڕی زمانەوانیمان هەیە دەبا کۆیان بکەنەوە و بڕیارێکی تەندروست دروست بکەن بۆ ئەم پاشەگەردانییە بەڵام خۆیان مەبەستیان نییە چونکە وایان پیخۆشە.

**زمان و ئابووری:**

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا حکومەت ڕێژەیەکی زۆر لە داهاتی وڵات تەرخان دەکەن بۆ پێشخستن و ناساندنی زمانەکەیان بە وڵاتانی تر بە کردنەوەی دەیان کۆلێژی بێبەرامبەر بۆ فێربوونی زمان و هەوڵ دەدەن کە زۆرترین کەس لە جیهاندا بە زاراوەی ئەوان گفتوگۆ بکەن و دەیانەوێت لەو ڕێگەیە هەنگاو بەرەو جیهانگیری بنێن بۆ نموونە زاراوەی ئینگلیزی کە زۆرترین بەکارهێنەری هەیە لەسەر ئاستی جیهان ئەمە وای کردووە ئاستی ئابووری ئەو وڵاتە بەرز بکاتەوە و کاڵاکانی زۆرتر کڕیاری هەبێت باسی جۆرێتی و نرخ ناکەین، ئەمەوێت باسی کالاکانی هەموو جیهان بکەم بە ناچاری بە زاراوەی ئینگلیزی لەسەری دەنووسن و بە کاری دەهێنن بۆ ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمەکانیان و هەر بەو زمانە زانیاری لەسەر دەنووسن چونکە زۆرترین کەس لێی تێ دەگات. هەروەها کەرتی گەشتوگوزار پشت بەو زاراوەیە دەبەستێت بۆ نموونە گەشتیار لەهەر شوێنێ بێت یەکەم زمان زاراوەی ئینگلیزی بە کار دەهێنێت. لێرەوە دەتوانین بڵێین زاراوەی ئینگلیزی ژێرخانی ئابووری وڵاتەکەیە. وە ڕۆژانە وشەی نوێ لێ دروست دەبێت چونکە زۆربەی داهێنانەکان بە وشەیەکی ئینگلیزی ناوی دەنێن بۆ ئەوەی زووتر بڵاو بێتەوە، ئاسانکاریش دەکات بۆ ناساندنی کەلتووری بەریتانی. لە پیشەسازی فلیمیشدا ئەم زاراوەیە زۆر گرینگی هەیە ئەو فلیمانەی کە ئینگلیزین زۆرترین تەماشاکەری هەیە. وەک دیارە زمان چەند گرینگی لەسەر ئاستی ئابووری هەیە... لەڕاستیدا ئەگەر باسی گرینگی زاراوەی ئینگلیزی بکەین لەسەر ئاستی ئابووری ئەوا ئەم نووسینەم هەرگیز کۆتایی نایەت لەبەر ئەوە لێرەدا دەوەستم.

**<u>له کۆتاییدا</u>**

لەپاش ئەو شیکارییە کورتەی سەرەوە، بە حکومەتی کوردی ئێژم ئاورێک لە زمانی شیرینی دایک بدەمەوە و پاشان ئەنجومەنی نوێنەران بڕیارێک دەربکەن بۆ زمانێکی جێگیری شیرنی کوردی پەتی چونکە ئێوە بەرپرسیارێتی سەرەکیتان بەردەکەوێت. پاشان هیوادارم بەرپرسی تەلەفیزۆنە کوردیەکان هەنگاوێکی بە پەلە بنێن بۆ نەهێشتنی ئەو کارەساتە لە ڕەگوڕیشەوە.

پێشنیار دەکەم ڕۆشنبیران و نووسەرە بەرێزەکان کە تۆزێک بە چاوی بەرپرسیارێتی زمانەوانییەوە بنووسن چونکە بەکارهێنانی هەندێ وشەی بیانی هەرگیز نووسینەکانتان جوان ناکات لە بری ئەوە گرینگی زیاتر بە خوێندنەوە بدەن لە سەر زاراوەی شیرینی کوردی.

لە کۆتاییدا زۆر دەستخۆشی لەو خانەوادانە دەکەم کە ساڵانێکی زۆرە لە تاراوگە ژیان بەسەر دەبەن و هەوڵیان داوە کە نەوەکانیان زمانی شیرینی دایک فێربن و گەورەکانیشیان لەبیریان نەچێتەوە... هەروەها دەستخۆشی بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە لە ئەورووپا توانیویانە مامۆستا بۆ وانەی کوردی پەیدا بکەن و منداڵی کورد لە زمانی دایک بێبەش نەکەن. پاشان سوپاس بۆ ئەو خۆبەخشە بەڕێزانەی کەلە کاتی خۆیان تەرخان کردووە لەو شوێنانەدا منداڵانی کورد فێری زمانی دایک ئەکەن.

# کورداندنی یاساکان له باشووری کوردستاندا

**پارێزەر/ تارق جامباز**

**بەشی دووەم**

---

**بەشی یەکەمی ئەم بابەتەی پارێزەر تارق جامباز لە ژمارەی پێشووی گۆڤاری زمانناسی بڵاو بۆتەوە، بە داخەوە لە بیر کرا بوو وەک بەشی یەکەم ئاماژەی پێ بدرێ، بە داوای لێبوردنەوە. گۆڤاری زمانناسی**

هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) بڕیاری بەکارهێنانی زمانی کوردی لەدادگاکان دراوە، بەڵام زۆر کەم بە کردەوە هەستی پێ کراوە. چەندین نموونە لەم بارەوە هەن لە ئایندەدا هەندێکیان بڵاو دەکەینەوە.

دوای ڕاپەڕین چەندین فەرمانی وەزارەت لە وەزارەتی داد بۆ بەکوردیکردن دەرچووە و دەقەکانیان بڵاو دەکەینەوە بەڵام هیچ کامیان کاریان پێ نەکراوە هەر لەسەر کاغەز ماونەتەوە کە ژمارە و ڕۆژی دەرچوونیان ئاماژەی پێ دەکەین-:

١- بڕیاری وەزاری ژمارەی ١ لە ١٩٩٢/٨/٢٥ لەبەر پێویستی ئەو وەزارەتە بە چەند یاسایەک کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بگونجێ وەک یاسای وەزارەت و نیزامی ڕێکخستنی دادوەری، بۆیە بڕیارمان دا لیژنەیەک پێک بهێنرێ.

٢- فەرمانی وەزاری ژ١٧٦/٣/٢ لە ١٩٩٣/٦/١٢ (بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بە گۆڕینی زاراوە و فۆرم و کاری دادوەری بە زمانی کوردی، هەروەها توانیان ٦٣ زاراوەی یاسایی کە لە ڕۆژانەی لە کاری دادگایکردندا زۆر بە کار دێن

و ١٥ فۆرم و نموونه له دادگا و چۆنیەتی دادوەریکردن وەرگێڕنە سەر زمانی کوردی کە لە دادگای باری کەسیدا بە کار دێن).

٣- تەعمیمێک لە (نووسینگەی تایبەت)ی وەزیری داد ژ١٢٦٤/١ لە ١٩٩٨/٧/١٨ لەسەر داوای سەرۆکایەتی سەرپەرشتیاری دادی دەرچووە و داوای کردووە هەرچی نووسین و (مگالعات) ی دادوەری و جێگری داواکارە گشتییەکان هەیە بە زمانی کوردی بکرێت تاکو بتوانرێت بە زووترین کات زمانی کوردی لە دادگاکاندا بچەسپێت و پەیڕەو بکرێت، بۆیە داواتان لێ دەکەین (نووسراوەکە بۆ شەش فەرمانگەی سەر بە وزارەتی داد نێردراوە) ئەم خاڵە بە گرنگ وەربگرن و بایەخی پێ بدەن و لەبارەی دەستپێکردنی (کورداندنی دادگا و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی دادی حکومەتی کوردستان) لە ساڵی ٢٠٠٠ وە ئەوا ٦١٧ زاراوەی یاسایی لەو لیژنەیە کە لە وەزارەتی داد پێک هێنرا، ئامادە کرا. وەزارەتی داد بە نووسراو ناردی بۆ کۆڕی زانیاری کوردستان و ئەوانیش لیژنەیەکی دیکەیان پێک هێنا. لە ساڵی ٢٠٠٤ بە دەستکارییەکی کەمەوە لە نامیلکەیەکدا بە ناوی خۆیان (کۆڕی زانیاری کوردستان) بڵاویان کردەوە بۆیە لیژنەی بەکوردیکردن لە وەزارەتی داد خاڵی لەسەر پیتەکان دانا کە ڕەنجی لیژنەیەکی دیکە کە ئامادەی کرد بوو نە ناوی لیژنەکە نە ناوی ئەندامەکانی لیژنەیەک نەهێنرا کە لە چەندین ماڵپەڕ بڵاو کرایەوە.

ئەو نووسراوانە بە زەحمەتێکی زۆرەوە کۆمان کردۆتەوە، چونکە نە لە ئەرشیفی وەزارەتی داد و نە لە دەسەڵاتی دادوەری و نە لە ئەکادیمیای کوردی (کۆڕی زانیاری کوردستان) ی پێشوو نە لەئەنجومەنی وەزیران و نە لەوەزارەتی رۆشنبیریو...هتد هەیە، گەرچی پرۆژەی یاسای دۆکیومێنتاری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨ بە ئیمزای ١٠ پەرلەمانتار لە خولی دووەم و خولی سێیەمیش دووبارە کرایەوە و بە داخەوە دەڵێم گەر ئەرشیفی چواردە ساڵ ٢٠٠٠

پارێزراو نەبێ، ئەی پێشتر دوای ڕاپەڕین چیمان لە دۆکیومێنتاری پاراستووە بە شێوەی سەردەمییانە؟!

بۆ پێزانین پێویستە ئاماژە بە ناوی ئەو بەڕێزانە بکەین کە خەمخۆری بە کوردیکردنی یاسا بوون:

١-دادوەر ئیبراهیم عومەر میکایل.

٢- د. نوری تاڵەبانی

٣- د. سەعدی بەرزنجی.

٤- د. کەمال سەعدی.

٥- پارێزەر نوری نانەکەلی.

٦- دادوەر سەردار خۆشناو.

٧- دادوەر مستەفا عەباس عەزیز گەلالّی.

٨- پارێزەر جەمال بابان.

٩- پارێزەر مستەفا عەسکەری.

١٠ مافپەروەر سەرکەوت سلێمان.

١١- مافپەروەر جەلیل حەمە زیاد.

# زمان و دەربڕینی دەنگی

**ئەرشەد تەحسین**

ئەو خەسڵەتەی کە مرۆڤ لە سەرجەم بوونەوەرانی تر جیا دەکاتەوە ئاخاوتن و گفتوگۆ کردنە، کە هەر ئەمەش بووە بە مایەی لێکتێگەیشتن و پتەوبوون و بەردەوامیی پەیوەندییە کلتووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان. لە سۆنگەی تایبەتمەندبوونی ئاخاوتن جۆرەکانی لێک تێگەیشتنەوەیە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دابەش بووە بەسەر نەتەوە و گروپ و کۆمەڵگەی جیاوازدا کە هاوبەشێتی کلتووری و نەریت و شێوەی ئاخاوتن و لێکگەیشتن " زمان " مرۆڤەکانی نێو ئەو کۆمەڵگە و نەتەوەیە پێکەوە دەبەستێتەوە کەپێکەوە لەسەر نیشتیمانێک هاوژیانن.

لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و پەرەسەندنی شارستانییەتدا بنەماکانی ژیانیش گەشەیان سەندوە و هەر لەسەرەتاکانی ئەم گەشەسەندنەوەیە مرۆڤایەتی زمانی ڕسکاوە و ئاخاوتن و جۆرەکانی قسەکردنی داهێناوە و دواتریش هەر نەتەوە و گروپێک جۆرێک نووسینیان تایبەت بە ناوچە و کۆمەڵگەکەی خۆیان بنیات ناوە چونکە شێوازی ئاخاوتن و تێگەیشتنی هەرنەتەوەیەک جیاوازی خۆی وەرگرتووە، کە هەر یەکە و بە گوێرەی شێوازی دەربڕینی شێوازی قسەکردنی پیتی تایبەت بە زمانەکەی داهێناوە و ئەو پیتانە بوونە بە بناغەی نووسین و خوێندنەوە و دەربڕینی دەنگەکانی زمان، کە بێگومان بەرامبەر هەر دەنگێکدا پیتێک داهاتووە و زۆر کاتیش ڕووی داوە بە چەند پیتێک بەسەریەکەوە جۆرێک دەنگ دروست بووە یان بۆ دەربڕینی دەنگێک پەنا بۆ چەند پیتێک براوە و بەسەریەکەوە چەند پیتێک دەنگێکیان دروست کردووە، هەرخودی پیتەکانیش لە زمانە جیاوازەکاندا دابەش کراون بەسەر بەشگەلی جیاوازدا کە گرنگترینیان پیتە بزوێن و نەبزوێنەکانن.

دەنگ بنەمای سەرەکی قسەکردن و ئاخاوتن و تێگەیشتنی مرۆڤەکانە، جۆری دەنگ و شێوازی ئاخاوتن و گۆکردن جیاکاری بە زمانی مرۆڤەکان دەدەن. زمانی هەر نەتەوەیەکیش لە ( پیت، وشە، ناو، دەستەواژە، ڕستە) پێک دێت، واتە پیت بچووکترین یەکەی پێکهاتەی زمانی هەر نەتەوەیەکە. لە بنەڕەتدا مرۆڤ بەرامبەر بەو دەنگەی کە لە گەڕوویەوە دێتە دەرەوە پیتی دروست کردووە، بە واتایەکی تر ئەگەر دەنگ لەگەڵ مرۆڤ خۆیدا دروست بوو بێت ئەوا پیت دەستکردی  مرۆڤ خۆیەتی و بۆ یارمەتیدانی خۆی دایهێناوە تا لە ڕێیەوە ئاخاوتنە دەنگییەکانی بخاتە شێوەی نووسین، چونکە ئەگەر پیت نەبێت هیچ زمانێکی جیهان ناتوانێت پەرە بە خۆی بدات و خۆی نوێ بکاتەوە و خۆی لە فەوتاندن ڕزگار بکات و ناشتوانێت پەرە بە بواری فەرهەنگی و زانستی و فێربوون وتەواوی بوارەکانی تری ژیان بدات.

هەر نەتەوەیەک بە گوێرەی شێوازی ئاخاوتنی و بەپێی پێویستی و جۆری دەربڕینە دەنگییەکەی پیتی داهێناوە، هەندێک زمانی جیهان دوو پیت یان زیاتر دەتوانن دەنگێک دەردەبڕن ئەمەش ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی و زمانەوانی نەتەوەکەی لەسەر کراوە.لەم سۆنگەیەشەوە، کە پیتەکانی هەر زمانێک لەم سەرزەوییەدا جیاوازن لە پیتی زمانێکی تر. لەم نووسینەماندا مەبەستمە باسی یەکگرتنی پیت و دەربڕینی دەنگی و شێوازی دەبڕینی دەنگەکان و چۆنییەتی نووسینی پیتەکان بکەین.  هەندێک نەتەوە بە گوێرەی ئەو دەنگەی کە لە گەڕووەوە دەردەچێت پیتی داهێناوە و بۆ هەر دەنگێک پیتێکی دروست کردووە، واتە چۆن دەخوێندرێتەوە ئاواش دەنووسرێت، واتە بە پیتێک دەنگێک دەردەبڕدرێت و دەقاودەق بەرامبەر هەر دەنگێک پیتێک کاری خۆی دەکات و ئەو دەنگەی کە لە گەڕووەوە دەردەچێت تەنها پیتێکی بەسە بۆ ئەوەی دەربببڕێت. بەڵام لای هەندێکی تر ئەمە وانییە، هەندێک جار دوو یان سێ پیت بەسەریەکەوە دەبنە دەنگێک، هەر بۆیەش لە کوردیدا فۆنۆلۆجی واتە دەنگسازی بەسەر زمانەکەمانەوە زاڵە، چونکە لە کوردیدا چی دەڵێیت ئەوە دەنووسیت، یان چۆن هێمای دەکەیت و دەنووسیت ئاوا دەیخوێنیتەوە و دەریدەبڕیت، بەڵام مەرج نییە

لە زمانەکانی تری دونیادا ئەمە ڕاست بێت هەر بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا مۆرفۆلۆجی زاڵە بەسەر زمانەکەیاندا، واتە لە زمانی ئینگلیزیدا دەبێت وێنەی وشەکە لەبەرکەیت و مەرج نییە هەموو ئەو پیتانەی لە پێکهاتەی وشەکان دا هەن بخوێندرێنەوە و دەرببڕێن، چونکە زۆر پیت هەیە لە پێکهاتەی وشەکەدا هەیە ناخوێندرێتەوە و دەرنابڕدرێت یان بۆ مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی بە کار نەهاتووە و یان بە تەنها یان لەگەڵ پیتێکی تردا دەنگێکی تر دەردەکەن.

گومان لەوەدا نییە نەتەوەی کورد وەک هەر نەتەوەیەکی تری سەر ئەم زەوییە خاوەنی زمانێکی دەوڵەمەندە " گەرچی وەک پێویست بایەخ بە لایەنی ڕێزمان و زمانەوانی نەدراوە" ئەوەی جیاکاری بە زمانی کوردی دەدات لە زۆرێک لە زمانەکانی تر ئەوەیە کە زمانی کوردی خاوەنی ژمارەیەکی زۆر پیتە و بۆ هەر دەنگێک پیتێک داهێنراوە و هیچ دەنگێکی کوردی نییە بە دوو پیت یان زیاتر دەرببڕێت. تەنانەت بۆ چارەسەرکردنی ئەو دەنگانەش کە لەیەکەوە نزیکن سەروژێر و خاڵ داهێنراوە بۆ نمونە بە زیادکردنی سێ خاڵ بۆ سەر پیتی " س " کە دەربڕی دەنگی سینە ئەوە دەبێتە پیتی "ش " کە دەربڕی پیتی شینە و بە خستنە سەری هێمای "V" بۆ سەر پیتی "و" دەبێتە "ۆ" کە پیتەکە لە دەربڕیندا قورس دەکات، بۆ پیتەکانی " ر،ڕ" و " ز،ژ "..... ئەم بنەمایە هەر ڕاستن.

پێکگەیشتنی دوو پیت یان دوو دەنگ و گۆڕینی بۆ دەنگێکی تر لە زۆر زمانی جیهاندا کارێکی ئاسایی و ڕێگە پێدراوە، گەرچی لە زمانی کوردیشدا زۆرکات دەگونجێت پیتەکان لە کاتی ئاخاوتندا لە چۆنییەتی دەربڕیندا گۆڕانیان بەسەردا بێت و دەنگەکەیان بگۆڕدرێت و بە شێوەی دەنگە سەرەکییەکەی خۆیان دەرنەبڕێن، ڕەنگە ئەمەش لەبەر یەکگرتنی دوو دەنگ بێت پێکەوە کە لە گەڕووی مرۆڤی کورددا دێنە دەرێ بە یەکگرتنیان گۆڕانیان بەسەردا بێت لە شێوازی دەربڕیندا، یان یەکیان زاڵتر بێت بەسەر ئەوەی تردا و ئەو دەنگە نوێیەی دەردەچێت لەیەکیانەوە نزیک بێت یان وەک هیچ کام لە دەنگە سەرەکییەکان نەبن، بۆ نمونە هەر دوو پیتی ( م، ب) کە دەربڕی دەنگەکانی (میم و بێ) ن ئەوا ئاسایی دەگونجێت پیتی (م) یان دەنگی (میم) بگۆڕێت بۆ پیتی (ن) یان دەنگی

(نون)، بۆ نمونه له وشەکانی (بەرامبەر، میمبەر، عەمبەر......)،ئەم جۆره گۆڕینەیان تێدا ڕوو دەدات و دەگونجێت پیتی (م) ببێته (ن) واته ئاساییه ئەم وشانه بەم شێوەیه دەربېڕێن وبخوێندرێنەوه ( بەرانبەر، مینبەر، عەنبەر.... ) ئەمەش کارێکی گونجاوه و تەنانەت لەکاتی قسەکردن و وتوێژدا هیچ گرفتێک دروست ناکات. چونکه تاکی کورد بەوه ڕاهاتووه و له ڕووی تێگەیشتن و ئاخاوتن و پەیوەندییه ڕۆژانەییەکاندا هیچ گرفتێک دروست ناکات و گوێی بیسەری کورد پێی ڕاهاتووه و ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەر کراوه.

هەروەک دیاردەیەکی تری زمانەوانی له زمانی کوردیدا هەست پێ دەکرێت ئەویش به یەکگەیشتنی دوو دەنگ و گۆڕینی بۆ دەنگێکی نوێ و جیاواز که له زمانی کوردیدا پیت یان هێمای نییه، بۆ نمونه ئەگەر لەکاتی بەکارهێنانی هەردووک پیتی ( گ، ک) کۆمەڵەپیتی ( ی، ێ، و، ۆ )هاتن، ئەوا دەگونجێت دەنگێکی جیاواز دەربېڕێت جیاواز لەو دەنگانەی که بۆ ئەو پیتانه دانراون، واته جیاواز له دەنگی ( گ و ک)، بۆ نمونه له وشەکانی ( گوێرەکه، گۆلک،گیا، گێلاس، گوێز، هتد)،وه ( کوێ، کوێخا، کێرد، کێ، کێبڕکێ،... هتد)، ئەگەر به وردی ئەم وشانه و هەر وشەیەکی تری لەم جۆره بخوێنینەوه ئەوا هەست بەوه دەکەین له سەرەتای هەر یەک لەم وشانەدا دەتوانین جۆره دەنگێکی تر دەربېڕین که نزیکتره له دەنگی ( چ )ەوه، بۆیه دەکرێت لێرەوه بڵێین زمانەوانان و زمانزانانی کورد بیرێک لەم بابەته بکەنەوەو ئەگەر بەجێ بوو، هەروەها بایەخی تایبەت بەم بابەته بدەن و پیتێکی نوێی بۆ دابهێنن و پیتێکی نوێ بۆ زمانەکەمان زیاتر بکەن و زمانەکەمان دەوڵەمەند بکەن. گەرچی دەشکرێت به شێوازی ئاسایی خۆیان بخوێندرێنەوه و گۆ بکرێن و گوزارشتیان لێ بکرێت، بەڵام به هەردوو شێوازەکه ئاساییه و تاکی کورد لێیان تێ دەگات و ڕێکەوتنه کۆمەڵایەتییەکەی لەسەری کراوه هەمووانی پێکرا کۆ کردوەتەوه.

له کۆتاییدا دەگەینه ئەو ئەنجامەی که بنەمای سەرەکی پێکهاتەی زمان پیته و پیتەکانیش به پێی ڕێککەوتنی فەرهەنگی و زمانەوانی نەتەوەکه پێک هاتوون و له

نووسین و گفت و گۆکردن دا بەکاریان دێنن، هەر ئەم پیتانەش بە گوێرەی پێویستی زمانەوانی لە ناو وشە و دەستەواژەکان دا رۆڵیان پێ دەدرێت.

# زمانی کوردی و شێوەزارەکانی[1]

سەجاد جەهانفەرد "ژیار"

**کورتەی باسەکە**

هەندێک زمانناسی سونەتی و کوردناسی مێژووناس، زمانی کوردییان لە ڕووی شێوەزارییەوە، بە شێوازی جیاواز لە یەکدی جوێ کردۆتەوە دابەشیان کردووە. بەهۆی شرۆڤە نەکردنی زمانی کوردی بە شێوەیەکی زانستی، هەر بۆیە ڕای جیاواز و دابەشکردنی جیاواز بۆ شێوەزارەکانی زمانی کوردی ئەنجام دراون.

لەم توێژینەوەدا هەوڵ دراوە زمانی کوردی بە شێوەیەکی زانستی شرۆڤە و تاوتوێ بکرێت، دەیسەلمێنین کە زمانی کوردی لە دوو لقی سەرەکی کورمانجی و گۆرانی پێک هاتووە، کە ئەم دوو لقەش خاوەن شەش شێوەزاری سەرەکی و گەلێک بنزاری جیاوازن کە پەیکەرە و چوارچێوێکی نزیک بە یەکیان هەیە. لە تەماشایەکی سەرپێی و نازانستیانە، ڕەنگە وەها بیر بکرێتەوە کە ئەو شێوەزارانە هەر یەکێکیان زمانێک بن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە کاتێک شرۆڤەی شێوەزارەکان دەکەی، لە بواری زانستی زمانناسییەوە، بەم ئاکامە دەگەییت کە زمانی کوردی، زمانێکی سەربەخۆیە و دوو لقی سەرەکی لە خۆ گرتووە.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکی نووسەرە لە بواری دەنگسازی، دەزگای بڕگەیی، سینتاکسی زمانی. دابەشکردنی سەرەکی زمانی کوردی فرەتر بە گوێرەی لێکۆڵینەوە و نەزەریەی مەکەنزی، بلۆ و ئیشمیتە کە لە بواری دەنگسازی کاریان کردووە. نووسەر بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە دەربارەی شێوەزار و بنزارەکانی زمانی کوردی ئەنجامی داوە، تەنیا مێعیارگەلێکی لە بەرچاو گرتووە کە لە زانستی زمانناسیدا بۆ دابەشکردنی زمان و شیوەزارەکانی کەڵکی لێ

وەردەگیردرێت و لە دابەشکردنی مێژوویی، جوگرافی، نەتەوەیی و کۆمەڵناسی.. و هتد وازی هێناوە.

## پێشەکی

کوردی زمانێکە کە لە ئێران، عێراق، تورکیە، سووریە و قەفقاز ئاخێوەری هەیە و قسەی پێ دەکرێت. ئەو جوگرافیایەی کە لە نێوان ئەو وڵاتانەدا هەڵکەوتووە، ناوی کوردستانە. زمانی کوردی و زارەکانی لە بنەماڵەی زمانە ئێرانییەکانن، کە بە هۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە کەمتر کاری زانستییان لەسەر کراوە. هەر کەسێک بە شێوەیەک ناوی زار و شێوەزارە کوردییەکان دەبات. وەک ئاشکرایە زۆرێک لە زمانناسەکان، زمانی کوردی و شێوەزارەکانیان تاوتوێ و دابەش کردووە، بەڵام بە هۆی نەبوونی بەڵگەی نووسراو و بە هۆی نەبوونی شارەزاییان سەبارەت بە هەموو شێوەزارەکانی ئەم زمانە، تا ئێستا بە شێوەیەکی زانستی، شێوەزارەکانی ئەم زمانە دابەش نەکراون. زمانناسە هاوچەرخەکانیش بە گوێرەی لێکۆڵینەوە پێشووەکان – کە یا کۆمەڵناس یان مێژوونووس بوونە – زمانی کوردییان دەستەبەندی کردووە و زۆرێکی تر لە زمانناسە کورد و غەیری کوردەکانی ئەمڕۆیش بێ ئەوەی خۆیان لێکۆڵینەوەی زانستییان هەبێت، قسەی رۆژهەڵاتناسەکانیان دووپات کردۆتەوە.

نووسەری ئەم توێژینەوەیە تەنیا پشتی بە بنەما زمانناسییەکان نەبەستووە، بەڵکو بۆ دابەشکردنی، تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی کردووە، کە تا ئەو جێگایەی کە توانیویەتی لە فۆلکلۆری هەموو شێوەزارەکان بۆ دەستەبەندی ئەم زمانە کەڵکی وەرگرتووە. لە نێو ئەم توێژینەوەدا بە پێچەوانەی زمانناسە تەقلیدییەکان، پشت بە دەقی فۆلکلۆری زمانی کوردی بەستراوە کە ئەم بەشە لە ئەدەبیات، بە باشی بنچینەکانی زمانی کوردی پاراستووە.

**زمانناسیی کوردی لە لایەن کوردناسەکانەوە**

زۆرێک لە زمانناسەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە زمانی کوردی پاشماوەی زمانی مادییە. یەکێک لەو کەسانەی کاری لەسەر زمانی کوردی کردووە مینۆرسکییە کە وەها دەبێژێ: "هەموو زار و بنزارە بەجێماوەکانی زمانی کوردی لە زمانێکی کۆن و پڕهێز سەرچاوەیان گرتووە کە ئەوە زمانی مادییە. (مینورسکی، ١٣٧٨)" زمانی کوردی یەکێک لە زمانەکانی باکووری رۆژئاوای ئێرانە کە بۆ چەند لقێک دابەش دەبێت. (ئیشمیت، ١٣٨٣: ٥٤١) زۆرێک لە لێکۆڵەران لە سەر ئەو باوەڕەن و لە ڕووی بەڵگە و مرۆڤناسی و جوگرافیا و تەنانەت لە ڕووی زمانەوە، زمانی کوردی پاشماوەی زمانی مادی و ئاڤێستاییە. (دیاکۆنوف، ١٣٧١). دیاکۆنۆف، لێکۆڵەری ئێرانناسی ڕووسیە، بە هەڵسەنگاندن و ڕەوتی پێشکەوتنی زمانی و نەتەوەیی لە سەدەکانی نۆهەم تا حەوتەمی پێش زاینەوە لە ئێران و...هتد بەم ئەنجامە دەگات کە زمانی کوردی لە زمانەکانی ئێرانی، ئەفغانی و بەلووچی پێک هاتووە. زمانی کوردی، فارسی نییە و لە فارسییش جودایە و زمانێکی سەربەخۆیە و چوارچێوە و زارگەلی تایبەت بە خۆی هەیە. (ڕەحیمینژاد، ١٣٨٩ لە گێڕانەوەی دیاکۆنۆف)، شێوەزارەکانی زمانی کوردی، وەکو هەموو شێوەزارەکانی دیکەی ئێرانی، کەوتۆتە ژێر کاریگەری زمانی فارسی نوێوە، لەبەر ئەوەی کە زمانی فارسی نوێ، هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە تاوەکو ئێستا تەنیا زمانی فەرمی و فەرهەنگی و گشتی، هەموو ئێرانییان بووە. هیچ کام لە زارە ئێرانییەکان لەم کاریگەرییە بێبەش نەبوونە. (کەریمیدۆستان ١٣٨٠).

مەکەنزی لە دابەشکردنی زمانە ئێرانییەکان لە توێژینەوەکەی بە ناوی " ئەسڵەکانی زمانی کوردی" دا، باسی دەستەی کوردی دەکات. ئەو یەکەم جار باسی دەستەی کوردی دەکات کە دەبێژێ: لە بەر چاوترین گۆڕانی "م" پێش ڤۆکاڵ بۆ "ڤ" هەروەها لە بڕێک شێوزاری دی دەبێتە "و".

| کوردی | ئەڤێستایی | فارسی |
| --- | --- | --- |
| **ناڤ/ناو** nav/w | namen **نامەن** | |
| **هاڤین/ هاوین** hav/wîn | hamine **هامنە** | |
| **دوو/ دڤ** dû/v | dume **دومە** | |
| **کەڤان/ کەوان** kev/wan | | keman **کمان** |

**سەرچاوە:** (**مەکەنزی،** ٢٠٠٦)[٢]

هەروەها بەپێی لێکۆڵینەوەی مەکەنزی و ژویس بلۆ لە کتێبەکەی ئیشمیت بە نێوی "رێنوێنی زمانە ئێرانییەکاندا"[٣] ئەو ئاماژەگەلێکی باشی بە گۆڕینی دەنگە کوردییەکان لە لقی کورمانجی کردووە.

"جیاوازی دەنگی – مێژوویی، زمانی کوردی لە گروپی باشووری رۆژئاوایی زمانەکانی ئێرانی (فارسی، لوڕی و... هتد) جودا دەکاتەوە. ئەم جیاوازییانە لە گۆڕانی پیتی د(d ) لە گروپی باشووری رۆژئاوایی لە بەرانبەری هاوتای خۆی لە دەستەی باکووری رۆژئاوایی دەبێ بە پیتی ز ( z ) وەکو لە فارسی: دان dan لە کوردی: زان zan، فارسی: داماد damad، کوردی: زاڤا، زاوا zawa/zava. هەروەها( z ) لە دەستەی باشووری رۆژئاوایی لە بەرانبەر هاوتای خۆی لە دەستەی باکووری رۆژئاوایی دەبێ بە ژ ( j )، بۆ نموونە لە فارسی: زی zî، کوردی: ژی jî، فارسی: زن zan کوردی: ژن jin، فارسی: روز ruz لە کوردی: ڕۆژ roj. لە کوردی پیتی نێوان دەنگداری (م) دەبێتە (ڤ)ی خشۆکی یان (و) دوولێوی. خاڵێکی گرنگی دیکە کە تایبەتی زمانی کوردییە، گروپی şm، xm دەبێتە w/v، بۆ نموونە چشم çeşm ی فارسی، لە کوردی دەبێتە çaw/çav چاڤ، چاو هەروەها لە زمانی کوردی: چ ç کە تەقینەوەیی[٤]، خشۆکی[٥]، مەڵاشویی[٦]، پووکییە[٧] لە سەرەتای کار(فعل) ی چوون çûn پاراستووە.(ئیشمیت،١٣٨٣: ٥٤٤)".

ئەم لێکۆڵینەوەی ئیشمیت، بەڵگەیەکە بۆ پەیوەندی شێوەزارەکانی زمانی کوردی لەگەڵ یەک، کە دواتر دێینەوە سەری.

**زمانی کوردی و دابەشکردنی زارەکانی لە لایەن زمانناس و مێژووناسەکانی کورد و غەیری کورد**

زۆرێک لە مێژووناس و زمانناسەکان، زمانی کوردییان لە بواری دیالێکتییەوە بە شێوەیەکی جیاواز دابەش کردووە. یەکێک لەو دیرۆکنووسە کوردانە شەرەفخانی بدلیسی بووە کە لە کتێبی شەرەفنامەدا وەها دەنووسێت: " کوردەکان دەبنە چوار بەشەوە؛ یەکەم: کورمانج، دووەم: لوڕ، سێیەم: کەڵهوڕ، چوارەم: گۆران". (بدلیسی ١٣٧٧) زۆر کەسی دیکە هەیە لە ڕووی جوگرافیایی و کۆمەڵناسی و زمانناسی تەقلیدییەوە، زمانی کوردییان دابەش کردووە. یەکێک لەوانەی کە زمانی کوردی لە بواری کۆمەڵناسییەوە دابەش کردووە ئیزەدییە کە دەبێژێ زمانی کوردی دەبێتە دوو لقی سەرەکی کورمانجی و پەهلەوی"پەهڵەوانی"یەوە کە ئەو دوو لقەش لە نێو خۆیدا بە چەند لقی دیکەوە دابەش دەبن. (ئیزەدی، 2009).

لە بەر ئەوەی ئەم دابەشکردنانە بۆ زمانی کوردی لە لایەن دیرۆکناس و جوگرافیازانەکانەوە بووە، بۆیە ناکرێ بە دابەشکردنێکی زانستی زمانەوانی دابنرێت. یەکێکی تر لەو کێشانە ئەوە بووە کە لەو سەردەمە هەموو شێوەزارە کوردییەکان کۆ نەکرا بوونەوە یان رۆژهەڵاتناسەکان یان نووسەری کوردی ئاگای لە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی نەبووە، هەر ئەمە بووە بە هۆی دابەشکردنێکی نازانستی.

بۆ نموونە ئێدمۆندز (١٩٥٧) زمانی هەموو خەڵکی ئیلام(پشتکۆ)ی بە لوڕی زانیوە. لە حاڵێکدا ڕاستەکەی ئەوەیە کە زمانی زۆربەی خەڵکی ئیلام کوردیی کەلهوڕییە و زارەکەیان سەر بە دیالێکتی باشوورە.

ئەم تێکەڵکردنە، کە هەندێک لە لێکۆڵەران زمانی خەڵکی ئیلامیان بە لوڕ زانیوە، ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت، کە ئیلام بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە بواری دابەشکردنی جوگرافیاییەوە بەشێک لە لوڕستان بووە، هەر بۆیە شێوەزارەکەشیان بە بەشێک لە لوڕستان داناوە.(کەریمیدۆستان ١٣٨٠ لە گێڕانەوەی ئەفشار). ڕەنگە هۆکارێکی دیکەشی ئەوە بێت کە لە کاتی گواستنەوەی

دەسەڵاتی والییەکانی لوڕستان بە ئیلام وەها کێشەیەک ساز بووە و زۆرێک لە لێکۆڵەرانی ئەو کاتە هەر بەو بۆنەوە کە والی ناوچەی ئیلام، لوڕ بووە، باوەڕیان ئەوە بووە کە حەتمەن خەڵکەکەشی لوڕن، لە حاڵێکدا تەنیا والییەکان لوڕ بوونە نەک خەڵکەکەی.

محەمەد ڕەزا بهادور کە تێزەکەی لەسەر سینتاکسی زمانی کوردیی (قەسری شیرین)ە، زمانی کوردی بە دوو لقی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی دابەش دەکات کە هەورامی و زازاکی دەکەونە بەشی رۆژهەڵاتی و کورمانجی، سۆرانی و کرماشانی و لەک - یش دەکەونە بەشی رۆژئاوای(بهادور، ١٣٩٠). ژویس بلۆ زمانی کوردی بە سێ دەستەی باکووری(کورمانجی)، ناوەندی(سۆرانی) و باشووری دابەش دەکات و ئەو بەپێی لێکۆڵینەوەی مەکەنزی، هەورامی و زازاکی بە کوردی نازانێت.

فوئاد حەمەخورشید زمانی کوردی بۆ چوار دیالێکتی سەرەکی دابەش دەکات: کورمانجی باکووری، کورمانجی ناوەندی، کورمانجی باشووری و گۆرانی(حەمەخورشید، ١٩٨٣). پەرهیزی لە کتێبی وەزنی شێعری کوردی هەمان دەستەبەندی لە زمانی کوردی دەکات بەڵام ئەو لوڕی و بەختیاری لە دەستەی کورمانجی باشوور نانووسێ و لە نێو دەستەبەندییەکەی لە لوڕی ڕەسەن یان فەیلی ناو دەبات و لە لاپەڕەی ٣٢ ی هەمان کتێبدا دەنووسێ لە بواری نەتەوەیی و قەومییەوە لوڕەکان خۆیان بە کورد نازانن، لێرەدا پێویستە جارێکی تر جەخت لە سەر ئەوە بکەمەوە کە لەهجەگەلێک بە ناوی کوردی خواروو کە ناومان بردووە کوردییە، لوڕییە (پەرهیزی ١٣٨٥).

لێکۆڵەرانێک وەکو (ئیزەدی (2009)، نەبەز(١٩٧٦)، حەسەنپوور(١٩٩٨)[٨]، مەکەنزی(١٩٨٩)[٩]، حەمەخورشید(١٩٨٣)[١٠]، رودیگر ئیشمیت(١٣٨٣)، ژویس بلۆ(١٣٨٣) [١١] دەبینین کە زۆربەیان لە کاتی دابەشکردنی زمانی کوردی، ئەم زمانە بە سێ لقی سەرەکی باکووری، ناوەندی، باشووری و هەروەها لقی چوارەم بە ناوی گۆرانی -زازاکی یان هەورامی ناو دەبەن. هەرچەند مەکەنزی باوەڕی وایە کە گۆرانی(هەورامی) ناکرێ لە لقەکانی زمانی کوردی بێتە هەژمار.

بەڵام هەموویان لە ڕووی زمانناسییەوە بە سێ لقی ژووڕوو، ناوەڕاست و خواروو، بە هەندێک جیاوازییەوە دەگەڵ یەکدا هاودەنگ و هاوباوەڕن.

**هەڵسەنگاندنی زمانی کوردی و شێوەزارەکانی لە ڕوانگەی نووسەرەوە**

زۆرێک لەوانەی کە لە سەر زمانی کوردی کاریان کردووە، لە دابەشکردنی کرمانجی خواروو (کوردی خواروو - کەڵهوڕی) تا ڕادەیەک هەڵەیان کردووە. بۆ نموونە چەند کەسێکیان، کورمانجی خواروو و لەکی و لوڕی بە شێوەزارێک داناوە لە حاڵێکدا لەکی دەکەوێتە سەر لقی گۆرانی و لوڕی شێوەزارێکی دیکەی جودای کوردییە. کە لە خوارەوە زێدەتر تاوتوێی دەکەینەوە. هەرچەند بێگومان لوڕەکان لە بواری مێژووییەوە بەشێک لە کورد بوونە.

**لەو خاڵانەی کە لە ڕووی دەنگسازییەوە کورمانجی لە گۆرانی جودا دەکاتەوە:**

لە زمانی کوردی دەستەی کورمانجی (m) نێوان دوو پیتی دەنگدار(مصوت) دەبێتە (w) یان (v). کە هەموو لقەکانی کورمانجی لە وەها یاسایەک پەیڕەوی دەکەن بەڵام کورمانجی خواروو(کەڵهوڕی) تا ڕادەیەک یەکدەنگ نییە. (ئیشمیت ١٣٨٣) ئەگەر ئەو یاسایەی مەکەنزی و بلۆ و ئیشمیتە لە بەر چاو بگرین دەبینین کە کوردی خواروو هەر لە هەمان یاسا پەیڕەوی دەکات و پیتی (m) نێوان دوو پیتی دنگدار دەکاتە (W). بۆ نموونە وشەی (زاماتەر zamater)ی ئاڤێستایی لە پەهلەوی دەبێتە (زاما zama) و لە دەستەی هەورامی/ زازاکی/ لەکی هیچ ناگۆڕێت بەڵام لە دەستەی کورمانجی جێگۆڕی (m) بە (W) یا (V) هەیە وەکو لە کورمانجی ژووڕوو (زاڤا zava) کورمانجی ناوەراست – سۆرانی (زاوا zawa) کورمانجی خواروو -کەڵهوڕی(زاوا zawa). هەڵبەت لە هەندێک ناوچەشدا وەها یاسایەک پەیڕەوی ناکرێت و ئەوەش یاسایەکی سروشتییە، چونکە لە زۆر زمان و شێوەزاری دیکەدا حاڵەتێکی لەم شێوەیە دەبێت.

بەڕێز ڕەحیمی‌نژادی - ش لە تێزەکەی خۆیدا هەمان باوەڕەی هەیە کە کوردی خواروو (کەڵهوڕی) لە هەمان یاسا پەیرەوی دەکات و پیتی دەنگداری (مm) دەبێتە (وW). (ڕەحیمی‌نژاد، ١٣٨٩)

هەروەها لە زۆرێک وشەی تردا ئەو یاسایە لە نێو دەستەی کورمانجیدا وەکو یەکن بۆ نموونە وشەی(کەمان، دامان، چەمان) کە لە کورمانجی ژوورِوو، سۆرانی و کەڵهورِی دەبنە (کەوان، داوان، چەوان، چاڤان[١٢]).

ئەوە بۆ ئیسپاتکردنی گۆرِینی / م/ ی نێوان دوو پیتی دەنگدار بوو لە زاری کورمانجی خواروو (کەڵهورِی) بەڵام زۆر نموونە هەیە بۆ دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردی و هەروەها ئیسپات کردنی دوو لقی کورمانجی و گۆرانی بە یەک زمان.

نموونەیەک کە تا ئێستە کەسێک لەسەری نەکۆڵیوەتەوە و زمانی کوردی لە فارسی جودا دەکاتەوە (x/خ) پاش پیتی دەنگداری فارسییە کە لە کوردیدا نییە:

| کوردی | فارسی |
|---|---|
| zam **زام** | zexm **زخم** |
| firutin/firetin **فروتن/ فرەتن** | firuxten **فروختن** |
| tom/tüem **تۆم/ تومم** | tuxm **تخم** |
| dot/düet **دۆت/ دوەت** | duxter **دخت**/ دختر |
| ،beş **بەش** | bexş **بخش** |
| lüet/lot/rût **لوەت/ لۆت/ رووت** | luxt **لخت** |

ئەم یاسایەی سەرەوە لە نێوان هەموو شێوەزارە کوردییەکاندا وەکو یەکە.

لە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی پیتی / د/ پێش لە پیتی دەنگدار یان دەسرِێتەوە یان دەگورِێت دەبێ بە / یî/ ێê

کورمانجی: کرن kirin، برن birin، مرن mirin،

کەڵهورِی[١٣]: زینێ/ زنی zînê/zinî، خویا/ خوا xwiya /xwa، خوریان xwiryan

سۆرانی: خوا xwa، فەنەک fenek، سنووق sinşûq و...

لە کاتێکدا لە فارسی دەبنە: کردن kerden، بردن burden. مردن murden، زندە zinde، خدا xuda، خوردە شدن xurde shuden فندک fendek، صندوق senduq و...

هەر ئەم یاسایە کاریگەری لە سەر زۆرێک لە بنزارەکانی کەڵهوڕی داناوە و /د/ ی ڕابردوو و ڕانەبردووی بەردەوامی کارەکان بێژە ناکرێن وەکو (زانم، وت، کرد، خوەم، چم و...) لە کاتێکدا لە هەندێک بنزاری ئەم شێوەزارە ئێستا هەر وەکو کورمانجی سەروو (دزانم، دوت، دکرد، دخوەم، دچم و...) دەبێژن، هەڵبەت لە هەندێک ناوچەی کورمانجی باکووریش ئەم نیشانەیە دەسڕێتەوە.

**زمانی کوردی و دەزگای دەنگسازی - بڕگەیی** Phonological system

تەقریبەن زۆربەی زمانناسەکانی کورد کە لەسەر زمانی کوردی کاریان کردووە لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەزگای بڕگەیی هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی وەکو یەکن. تا بە ئەمڕۆ زۆر کەس دەزگای بڕگەیی ئەم شێوەزارانەی نووسیویەتی کە هەندێکیان دەبێژن شەش بڕگەیی هەیە هەندێکیش دەبێژن حەوتی هەیە.

هەرچەند هەبوونی خوشەی بێدەنگ لە سەرەتایی بڕگەدا لە تایبەتمەندییەکانی زمانە ئێرانییەکانی باستان بووە, بەڵام هیچ کام لە شێوەزارە ئێرانییەکانی نوێ کە شرۆڤە و تاوتوێ بوون وەکو (فارسی، لوڕی، تەبەری، قاینی و...) جگە لە کوردی ئەم تایبەتمەندییەیان نەپاراستووە. (کەریمیدۆستان، 1387) هەرچەند شێوەزارە جیاوازەکانی کوردی ڕەنگە لە بواری هەژمار و جۆری بێدەنگ و دەنگدارەوە لەگەڵ یەک جیاوازییان هەبێت، بەڵام لە ئاستی بڕگە و شێوەی تێکەڵاوی دەنگەکان لەگەڵ یەک لە یەک چوارچێوەدا دەگونجێن. هۆکاری ئەم ئیدعایەش ئەوەیە کە لە وتەی ئەو کەسانەی کە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران خۆیانیان بە کورد دەزانن، شەش پێکهاتی بڕگەیی پێناسە کراوە(هەمان سەرچاوە). چەند نموونەیەک لە سێ زاری کورمانجی سەروو، کورمانجی ناوەڕاست(سۆرانی) و کورمانجی خواروو (کەڵهوڕی) لە خوارەوەدا هاتووە: [١٤]

| | | | |
|---|---|---|---|
| sê **سێ** | ،dî **دی** | da **دا** | Cv |
| liq **لق** | pel **پەل** | aw **ئاو** | Cvc |
| sift **سفت** | heft **هەفت** | sard **سارد** | Cvcc |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Ccv | xwa **خوا** | kwa **کوا** | çwe چوە |
| Ccvc | çwar **چوار** | kyer **کیەر** | gyan **گیان** |
| Ccvcc | xward **خوارد** | kyerd **کیەرد** | |

هەروەها زۆر کەسیش هەیە کە بە گوێرەی ئەلفوبێی برگەکانی زمان دابەش دەکەن و لە شەش هیجا فرەتر دەیانژمێرن وەکو ئەم نمونانەی خوارەوە:

cvccc: رۆیشت royşt ئەم برگەیە، کەڵباسی بەبرگەیەک لە کوردی مەهاباد ناو دەبات بەڵام دەبێژێ ئەم برگەیە دەگمەنە. (کەڵباسی ١٣٨٥) هەڵبەت ئەگەر /ey/ لە وشەکانی (گەیشت geyşt، هەیشت heyşt دەیشت deyşt) لە شێوەزاری کەڵهوڕی دەنگداری ئاویتار(دیفتانگ) نەبن، ئەو وشانەش دەتوانێ لە برگەی حەوتەم واتە cvccc بێنە هەژمار، بەڵام زۆرێک لە زمانناسەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە (ey) دەنگداری ئاویتار (دیفتانگ) دێتە هەژمار و واتا ئەم وشانە لە نێو ئەم برگەیە cvcc دەژمێردرێن.

کامەران محەمەد ڕەحیمی دەزگایەکی هیجایی تر لە زمانی کوردی ناو دەبات کە تەنیا نموونەیەکی لە زاری ئیلامی – کەڵهوڕی بۆی دێنێ وەکو وشەی "خوەیشک[١٥] xweyşk" کە دەبێژێ دەزگای هیجایی وەهایە:.ccvccc (محەمەدڕەحیمی ١٣٨٥) بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ زانستی زمانناسی باسی دەکات ئەم وشەیەیە هەر لە نێو برگەی ژمارە ٦ دەگونجێت واتە ئەمەیە (CCVCC) چونکە (ey) لە نێو ئەم وشەیەدا دەنگداری ئاویتار(دیفتانگە)ە.

بەڵام ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم شێوەزارانە لە ڕووی دەزگای برگەییەوە هاوبەشن و لە چوارچێوەی زمانێک پەیڕەوی دەکەن.

### تایبەتمەندییەکانی لقی کورمانجی

هەرچەند کورمانجی و گۆرانی ڕیشەی زمانییان یەکێکە بەڵام ئێستە دوو لقی جودا لە یەکن دێنە هەژمارتن. بۆ سەلماندنی ئەم نەزەریەش لە چەند یاسایەکی زمانناسی کەڵک وەردەگرین کە ئەو دوو لقە هەر کامیان یاسایەکی جودا لە یەکیان هەیە.

له دەستەی گۆرانی بۆ کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی بەردەوام لە / مە/ کەڵک وەردەگرن وەکو: مەکەم، مەچم، مەواچان، مەوارو و...

لە دەستەی کورمانجی: (دکەم/ دەکەم، ئەکەم/ کەم، دچم، دەبێژن، دەبارێ و...)

بەپێی ئەو یاسایەی کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا کە پێکهاتی زمانی کوردی دەگەڵ / د/ پێش بێدەنگ دەسڕێتەوە یان دەگۆڕێ لە نێو کارەکانی شێوەزاری سۆرانی و کەڵهوڕیش باش دیارییە. بۆ نموونە:

لە سۆرانی: (دەڕۆم(چم)/ ئەڕۆم، دەکەم/ ئەکەم. دەمزانی/ ئەمزانی و...)

لە باکووری کوردستان هەندێک لە ئاخێوەرانی کورمانجی و هەروەها بەشێکی زۆر لە ئاخێوەرانی کەڵهوڕی پێشگری ڕابردوو و ڕانەبردووی بەردەوام دەسڕنەوە کە وا دەردەکەوێت کە ئەو کرمانجانەی کە دراوسێی زازاکان بوونە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو شێوەزارە و هەروەها ئەو کەڵهورانەش کە دراوسێی هەورامی بوونە لە ژێر کاریگەری ئەو زارە بوونە و ئەوانیش زۆرێک لە پێشگرەکانیان حەزف کردووە. بۆ جەخت کردن لەسەر ئەم باسەش دەکرێ ئاماژە بە ئاخێوەرانی بنزارەکانی خوارووی ئەم شێوەزارە بدرێ وەکو بیجار، ئیلام، مێران، ئاودانان، دێهلوڕان، بەدرە و بەشێک لە فەیلییەکانی بەغدا بکرێت کە دوورتر لە ناوچەی هەورامان بوونە و ئەم پێشگرەیان پاراستووە. بەڵام تەنانەت لە ناوچەی کرماشان بەرەو خانەقین کە ئەو پێشگرەیشیان سڕاوەتەوە هێشتا لە نێو هەندێک لە کارەکان نیشانەی پێشگری ئەم کارە ماوەتەوە، وەکو:

دوینم (دەبینم)، ئویشم کە گۆڕاوی (ئەویشم، ئەبیشم)ە و لە سۆرانی و کورمانجیش(ئەیژم و دەبێژم) ە.

لە زاری کورمانجی سەروو و کورمانجی خواروو(کەڵهوڕی) پێشگر / د/ لە یەک کاردا دەبێتە / ت/. بۆ نموونە (دێ) ی سۆرانی لە (د: پێشگری بەردەوام + ێ: ستاگ) دروست بووە کە لە کورمانجی و کەڵهوڕی دەبێتە (تێ) کە (ت) گۆڕاوی / د/ بووە و لە نێو هەموو سەرفەکانی ئەم کارە لەو یاسایە پەیڕەوی دەکات.[١٦]

ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان دەستەی کورمانجی لەگەڵ شێوەزارەکانی هەورامی و لەکی و هەروەها زمانی فارسی هەیە لەسەر پێشگری نەفی ڕانەبردووی بەردەوامە.

لە هەورامی و لەکی:(نمەکەم، نمەزانم، نمەچم...)

لە زمانی فارسی:(نمیکنم، نمیدانم، نمیروم...)

لە شێوەزاری کورمانجی سەروو، سۆرانی و کەڵهوڕی ئیدی لەم کارانەی کە نەفی بوونە لە پێشگری بەردەوام کەڵک وەرناگیردرێت. وەکو: ناکەم/ نییەکەم، نزانم/ نازانم/ نییەزانم، ناچم/ نییەچم و... لە حاڵێکدا لە کارەکانی ڕانەبردووی بەردەوام دەبنە (د(دە/ ئە) کەم، دزانم، دچم... وهتد).

لە کوردیی گۆرانی کەمتر پیتەکان ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هاتووە و زۆرێک لە پیتەکان هەر وەکو زمانی پەهلەوی بێژە دەکرێ کە چەند نموونەیەکیان وەکو / م/ ی نێوان دوو پیتی دەنگدار بوو کە پێشتر باسی لەسەر کرا، بەڵام پیتێکی تر کە تایبەتە و لە دەستەی کورمانجی دەگۆڕێت ئەوەش / گ/یە.

بۆ نموونە لە پەهلەوی و گۆرانی: ریشگ، نامەگ، مردگ، کردگە، هاتگە،

**فارسی نوێ**: **نامە** name، **مردە** morde ، **کردە** karde، **آمدە** amade

**کورمانجی:....، نامە، مری، کریە، هاتیە**

**کەڵهوڕی: نامە، مردێ، کردێیە/ کردیە، هاتێیە/ هاتیە**[17]

**سۆرانی:....، نامە، مردوو، کردووە، هاتووە**

هەڵبەت لە بنزاری ئەردەڵانی سەر بە شێوەزاری سۆرانی و لە ئیلام ئەم پیتە ناگۆڕێ، بەڵام لە شارەکانی گەیلانیغەرب، شاباد و خانەقین هێشتا هەر دوو شێوەی (ریشگ/ ریشێ، مردگ/ مردێ، کردگە، کردێیە، هاتگە/ هاتێیە) بێژە دەکەن کە هۆکارەکەشی سنووری هاوبەشی شێوەزاری هەورامی و ئەدەبیاتی فەرمی گۆرانی لەو ناوچانە بووە.

### لەناوچوونی ئێرگەتیڤ لە کرمانجی سەروو و خواروو (کەڵهوڕی)

لە برێک لە زارەکانی کورمانجی ئێرگەتیڤ لە ناو چووە و ئەم ڕووداوە بە دوو شێوە بووە.

له ناوچەکانی کە زمانی تورکی کاریگەریی لەسەریان بووە، کارەکانی تێپەڕ لە ڕابردوودا وەکو زەمانگەلی تر بە گوێرەی کارا(فاعل) دەگوترێت. بۆ نموونە، لە جێگای ڕستەی"Min xwest ez te nas bikim." لە "Ez xwestim te nas bikim." کەڵک وەردەگیردریت. هەروەها لە جێگەی "Min nan xwar."، لە " Ez nan xwarim." کەڵک وەردەگیرێت. هەروەها سڕینەوەی ئەم ئێرگەتیڤە لە هەرێمی کوردستان زۆر لە بەر چاو نییە و لە بڕێک لە ناوچەکانی "ئامەد" بە باشی دیارە. بەڵام شێوەی دیکەی لەناوجوونی ئێرگرتیڤ هەیە کە لە سەرانسەری کوردستان دیارییە و لە زۆرێک لە زارەکانی کورمانجیدا هەیە(Samî Tan, 2011)

ئێرگەتیڤی کورمانجی شکاوە واتە تەنیا لە زەمانەکانی ڕابردوو ئێرگەتیڤ هەیە. ئێرگەتیڤی کورمانجی هەم پێناسەی کار و هەمیش جێناوی دەیگۆڕێت(هەرئەو سەرچاوە) شێوەزاری کورمانجی خواروو(کەڵهوڕی) لەم یاسایە جیا نەبووە و جگە لە هەندێک خاڵدا ئێرگەتیڤی خۆی لە دەس داوە یا هەر جگە لە زەمانی ڕابردوو ئێرگەتیڤی نەبووە. بەڵام شێوەزارەکانی سۆرانی، هەورامی و لەکی ئێرگەتیڤیان هەیە.

ڕەنگە هۆی نەبوونی ئێرگەتیڤ لە کورمانجی خوارووددا نزیکایەتی ئەم شێوەزارە لەگەڵ کورمانجی سەروو بێت، چونکە زۆرێک لە لێکۆڵەران لەسەر ئەو باوەڕەن کە کوردەکانی کەڵهوڕ لە باکووری کوردستانەوە هاتوونە بەرەو ناوچەکانی کرماشان، ئیلام و خانەقین.

تایبەتمەندییەکانی لقی گۆرانی و شێوەزارەکانی هەورامی - زازاکی و لەکی لە لقی گۆرانی لە ڕووی ڕێزمانەوە بە تایبەت پێشگری / مە/ ی بەردەوام کە تایبەتی ئەم لقەیە لە نێو شێوەزار و بنزارەکانیدا هەندێ وەک یەک نین. لە ناوچەکانی (هەورامانی تەخت، مەریوان، هەجیج، نەوسوود، نەودشە، هانەگەرمڵە) کە بە بنزاری (هەورامی تەخت) ناوی دەبرێت / مە/ م/ ی ڕانەبردووی بەردەوام بێژە ناکەن بۆ نموونە لە هەورامی لهۆن وا دەبێژن: موەرۆ، مەکەرۆ، مواچۆ بەڵام هەورامی تەخت دەیکەنە (وەرۆ، کەرۆ، واچۆ). ئەم یاسایە لە شێوەزاری زازاکیش

وەهایە جێبەجێ دەبێت و ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارەش ئەم پێشگرە دەسڕنەوە، بەڵام لە شێوەزاری لەکی بێژە دەبێت وەکو(مەکەم، مەچم، نمەهەرم، نمەزانم).

جیاوازییەکی تر لەهجەی (لھۆن) لەگەڵ (تەخت)دا، لە کارەکانە بۆ نموونە (است)ی فارسی لە لھۆن دەبێتە / ەنە/ وەکو:(یانە و ئێمە زەریفەن/ زەریفەنە) لە تەخت دەبێتە / ا/ وەکو:(یانا و ئیمە زەریفا).

شێوەزاری لەکی لە ڕووی دایرەی وشە و مانا ناسییەوە لە شێوەزاری کەڵهوڕی نزیکە، بەڵام لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە دەکەوێتە سەر دەستەی گۆرانی و هەروەها بەشێکی سەرەکی ئەم شێوەزارە ئێرگەتیڤی هەیە کە لە ڕووی ڕێزمانەوە لە کەڵهوڕی جودا دەبێتەوە.

لەبەر ئەوەی ژیانی لەکەکان بە شێوەی ئێڵ و عەشیرەتە بەڵام ئەم ئێڵ و عەشیرەتانە لە بواری زمانییەوە ئەوەندە جیاوازییان نییە و تەنیا جیاوازییان لەهجەی نێوان ئێڵ و ناوچەکانە ئەوەش کاریگەری جوگرافیایی بووە. بۆ نموونە لەکەکانی شاری کوهدەشت، بروجەرد، نەهاوەند بە هۆی نزیکایەتییان لە جوگرافیای لوڕستانەوە پیتی / ان an/ و /ئام am/ ی کە لە لەکی ناوەندی لە ناو و کارەکان هەیە، بێژە ناکەن و هەر وەکو لوڕەکان دەیکەنە / ۆ/ و / ۆن/. بە گشتی ئەو لەکانەی کە دراوسێی جوگرافیای لوڕەکانن لە فۆنیمەکانیان لەو شێوەزارە نزیک بووەتەوە. وەکو: / لوڕستان، تەیران، جام، کام/ دەبنە / لوڕسۆ، تەیرۆ، جۆم، کۆم/

لەکی بە گشتی دەبێتە سێ بنزار:

١.ناوەندی(کاکەوەنی) ٢. کودەشتی – ئەلشتری ٣. هەرسینی.

ئەو ئێڵ و هۆزانەی کە کۆچبەرن و لە ناوەندی لەکستاندا دەژین هەندێک لە کارەکانییان ئێرگەتیڤن و لەکییەکەیان پاراوترە. بنزاری دووەم لەکییکە کە نزیکی جوگرافیای لوڕستانە کە ئەم بنزارە لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە لە لوڕی نزیکە بەڵام لە ڕووی ڕێزمانەوە هەر وەکو لەکی ناوەندییە، بەڵام بنزاری سێیەم لەکەکانی شاری هەرسین و دەوروبەری سەحنەن کە ساڵەهایە نیشتەجێن و بنزارەکەیان لە

ڕووی ڕێزمانییەوە وەکو زاری کەڵهوڕییە کە ڕەنگە ژیانی یەکجێنشینی و شاری کرماشان کاریگەریی لە سەر ئەو بنزارە دانابێت.

نموونەی ڕێزمانی سێ بنزار لە شێوەزاری لەکیدا:

ئێڵ و عەشیرەتەکانی لەک کاکەوەنی، جەلالوەندی، هۆزمانەوەنی و... کە دەبنە لەکی ناوەندی: ***نانم هوارد، چەت کرد، پات شکانم***

کوودەشتی و ئەلشتر: ***نۆنم هوارد، چەت کرد، پات شکۆنم.***

هەرسینی: ***نان خواردم، چە کردی، پام شکانی***

لە نێو لێکۆڵینەوەی کە لە سەر شێوەزاری لەکی کرا. دوو لقی ناوەندی و کوودەشتی فرەتر لە چوارچێوەی لەکییان پاراستووە بەلام لقی هەرسینی لە بواری ڕێزمانییەوە دەکەوێتە سەر کەڵهوڕی.

نموونەیەک لە پێکهاتەی کۆنی زمانی کوردی لە دوو زاری کورمانجی سەروو و کەڵهوڕیدا

لە کورمانجی سەرووودا، لە کاری (هاتە) زۆر کەڵک وەردەگیردرێت کە یەکێک لە نیشانەکانی کۆن بوونی کورمانجییە کە هێشتا لە نێو زاری کەڵهوڕیدا ئەو پێکهاتەی پارێزراوە، بۆ نموونە:

لە کورمانجی سەروو: هاتە وەشاندن، هاتە چاپ، هات نڤیساندن و...هتد

لە کەڵهوڕی: هاتە گوما، هاتە چاپ، هاتە کەڵ، هاتە گۆشما و...هتد

لەبەر دراوسێ بوونی دوو شێوەزاری کەڵهوڕی و هەورامی، زاری کەڵهوڕی هەندێک پێکهاتەی خۆی لە هەورامی وەرگرتووە بۆ نموونە هەمان کاری "هات" لە هەورامی وەها سەرف ناکرێت. جاروباریش دەبینین کاریگەری هەورامی لە سەر ئەم زارە وەهای کردووە کە بێجگە لە پێکهاتەی خۆی، پێکهاتەی هەورامییش بێتە نێو ئەم زارە؛ بۆ نموونە جگە لە "هاتە گوما، هاتە چاپ، هاتە گووشما" وەهاش دەگوترێت "گوم بوی، چاپ بوی، ئەژنەفتم" کە ڕەنگە وەها بێت کە ئەم ساختاری دواییەی کاریگەری هەورامی لە سەر ئەم زارە بوو بێت. یان ئەگەر فۆنیمی "و" کە لە پەهلەوی و هەورامی لە بەر چاوە و لە کورمانجی سەروو و سۆرانیش دەبێتە

"ب"، بەڵام بە پێچەوانەوە لە زاری کەڵهوڕی و بنزاری کورمانجی خوراسان و بنزاری ئەردەڵانی سەر بە شێوەزاری سۆرانی تا ڕادەیەک کەمتر ئەو گۆڕانە ڕووی داوە، نەک هەر نەگۆڕا بێت بەڵکوو کەمتر بۆ نموونە: "واران، وە، وەهار، وەفر، وەرف وەرخ(وەرک) و..." لە کورمانجی سەروو و سۆرانی دەبنە "باران، بە بهار/ بەهار، بەفر، بەرف، بەرخ و..." هەروەها لە زمانی فارسیش ئەو "و"ە دەگۆڕێت و دەبێتە "ب" بەڵام لە کەڵهوڕی لە هەندێ وشەدا پێکهاتە کۆنەکەی پاراستووە و لە هەندێکیش گۆڕانییان بە سەردا هاتووە وەکو: "واران/ باران، وە، بهار، وەفر وەرک، و..." بەڵام "ب"ی پاش پیتی دەنگدار لە کەڵهوڕی، کورمانجی خوراسان و ئەردەڵانی چ کوردی بێت و چ غەیری کورد دەبنە "و" وەکو: نەبوو، دەبارێ، نەبر، نەبرد، خەبەر و..." دەبنە "نەو/ نەوی، دوارێ/ ئەوارێ/ وارێ، نەور، نەورد، خەوەر و..." کە ئەمانە وەک یەک نین، نابن بە بەڵگە بۆ دابەشکردنی زاری کوردی، چونکە هەمان پیتی "و" پەهلەوی لە فارسی نوێشدا دەبێتە "ب". هەروەها لە شێوەزارەکانی کرمانجی ژووروو و ناوەڕاستیشدا هەرچەند (ئاڤ/ ئاو) دەبێژن لە حاڵێکدا لە فارسی دەبێتە (آب) بەڵام لە زۆربەی وشەکاندا هەر وەکو زمانی فارسی ئەم پیتە دەگۆڕن.

هەروەها ئەم نزیک بوونە لە دوو زاری کەلهوڕی و لەکیشدا هەیە. شەست - هەفتا لەسەدی وشەکانی ئەم دوو زارە وەکو یەکن. هەروەها لە ئەدەبیاتی فۆلکۆریش زۆر نزیکن لە یەک. بەڵام ئەو شتەی کە زانستییە و ئەو دوو زارە لە یەک جودا دەکاتەوە، جیاوازی دەنگی و ڕێزمانییە.

### نموونە و هەڵسەنگاندنی ڕستە لە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا

شێوەزارەکانی زمانی کوردی کە بنچینەی هەموویان لەسەر یەک زمانە، بەڵام بە درێژایی مێژوو بە هۆکارگەلێکی زۆرەوە وەکو دابەشبوونی جوگرافیای سیاسی، نەبوونی زمانی فەرمی، بەربڵاوی جوگرافیایی و...هتد؛ تا ڕادەیەک لە یەک دوور بوونەتەوە. ئەمڕۆیش ئەو شێوەزارانە هەر کامیان بە گوێرەی کەش و هەوا و جوگرافیای تایبەتی خۆیانەوە گۆڕانکارییان بە سەردا هاتووە و

هەروەهاش بەپێی پێکهاتە و دەزگای بڕگەییەوە دەستیان بە دروستکردنی وشەگەلێکی تازە بە شێوەی فۆلکلۆر کردووە.

لە شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا لە بەر ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە باسیان کرا لە بواری ڕێزمان و ڕستەبەندیدا جیاوازییان هەیە، بەڵام لە بواری پەیکەرەی زمانییەوە بە گشتی هاوبەشن کە نموونەی چەند ڕستە لە هەموو شێوەزارەکانی ئەم زمانەدا دێنینەوە.

**کورمانجی:**

١) عەلی ئاڤ ڤەدخوار ٢) زانا ژ مالێ دەرکەت ٣) گاڤا ئەز ژ خەوێ رابووم من دیت کو باران تێ/ دبارە ٤) ل دەما ڤەگەرانێ چاڤێ من پێ کەت ٥) هەرە مالێ هەیا باڤێ تە ڤەدگەرە/ تێ ٦) وەرن ئەم ب هەڤرە بچن باژاری/ باژێر ٧) من ل دەرڤە نان خوار.

**کەڵهوڕی:**

١)عەلی لەپسای ئاو خوارد ٢) زانا لە ماڵ هاتە دەر(دەرکەفت) ٣) دەمێگ لە خەوا هاتم(هەڵسام) دیم ک واران وارێ(دوارێ) ٤) لە وەخت ئەو هاتن چەوم کەفتە لێ ٥) بچوو ئەڕا ماڵ تا باوگد(ت) تێدەو ٦) بان بچیمن ئەڕا شار ٧) من لە دەرەو(دەیشت) نان خواردم.

**سۆرانی:**

١) عەلی ئاوی دەخواردەوە ٢) زانا لە ماڵ هاتە دەر ٣) کاتێک کە لە خەودا هەستام دیتم کە باران دەبارێ ٤) لە کاتی گەڕانەوە چاوم پێیان کەوت ٥) بڕۆ بۆ ماڵ تا باوکت دێتەوە ٦) بێن بڕۆین(بچین) بۆ شار ٧) من لە دەرەوە نانم خوارد.

**هەورامی:**

١) عەلی گەرەکش بێ ئاوی بوەرۆ ٢) زانا یانەنە ئەومە بەر ٣) وەختێ وە وەر مەنە هۆرزان دیم واران مەوارۆ ٤) وەختێوە هۆرگێلانێوە چەمم پەنەش کەوت ٥) لۆوەوە پەی یانەی تا تاتەت مەیوا ٦) بەیدەی بلمێ پەی شاری ٧. وێم جە بەرەو نانم وارد[١٨].

**زازاکی:**

١)عەلی ئاوا وەرد ٢) زانا کەیە[١٩] را ڤەژیا ٣) گاما کە ما هەون را وارشتێ، ما دی کە ڤاران ڤارەنۆ ٤) دەما ئاگێراییشی/ئاگێرایەنە دە چمێ م ب ئەی کەوت ٥) شۆ کەیە، هەیا/ هەتا/ هەتانی کە پییێ/باوێ. باوکیێ/ بابییێ تۆ ئاگێرەنۆ ٦) بێرێ/ بێرین ما پییا شێری/ شەیری باژار/ شارستان ٧) م تەبەر دە نان وەرد[٢٠].

**لەکی:**

١) عەلی داشتێ ئاوە مەهواردێ ٢) زانا ئەێ/ ڤە ماڵ هەتە دەرێر ٣) ڤەختێ ئەێ خەو هێز گرتم دیم ڤارانە مەوارێ ٤) هەنێ هەتما چەمم کەتێ ئەونە ٥) بچەڕا(بچوەڕا) ماڵ تا باوەتە مایا ٦) بوورن بچیم ئەڕا شار ٧) ڤە درا نانم هوارد/ هواردێیە.

لە نێو ئەم چەند نموونە زاری لەکی لە دەستەی گۆرانی، نزیکایەتیی لەگەڵ کورمانجی و کەڵهوڕیدا هەیە. بەڵام لەبواری دەنگسازییەوە لەگەڵ هەورامی و زازاکی هاوبەشە و لە بواری سینتاکسیشەوە لەگەڵ هەورامیدا و تاڕادەیەکیش لەگەڵ سۆرانیدا هاوبەشە.

**هۆکارگەلی جیابوونەوەی شێوەزارە کوردییەکان لە یەکدی**

یەکێک لەو هۆکارانەی کە بەڕێز سارایی بەم شێوەیە لەبارەیانەوە دەدوێ: کوردەکان کەمتر بە شێوەی یەکجێنشینی ژیاون و ئەمەش بووە بە هۆی ئەوەی کە زمانی کوردی و تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانیان جیاواز و رەنگاوڕەنگ بن. (سارایی ١٣٩١) لە ڕابردوویەکی دوورەوە هەر کام لە شێوەزارە کوردییەکان بەرەو گۆڕانکارییەکی جیاواز و جودا لە یەک رۆیشتوونە، ئەم گۆڕانکاری و بڵاوەخوازییە بوو بە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەو شێوەزارانەی زمانی کوردی. هەروەها یەکێکی دیکە لەو هۆکارانە ئەوە بووە کە هیچ کاتێک ئاخێوەرانی ئەم زمانە دەسەڵاتێکیان نەبووە. (رەحیمینژاد ١٣٨٩) نوئیل دەبێژێ کە بەربڵاوی خێڵەکانی کورد و جوداییان لە یەکدی بووە بە هۆی نەبوونی ئەدەبیاتێکی هاوبەش، بووە بە هۆی ئەوەی کە زمانی کوردی هاوچەرخ بە چەند شێوەزار

دابەش ببێت کە هەر کام لەوانە تایبەتمەندییەکی خۆیان هەیە بەڵام بەسەر ئەوەشەوە دەتوانین بێژین کە هەموویان لە یەک زمان و لە یەک سەرچاوەن. (حەمەخورشید ١٩٨٣، لە گێڕانەوەی نوئیل[٢١]) هەڵبەت نەبوونی دەسەڵاتی نووسین بەم زمانە، شاخاویبوون وڵاتەکە و دووربوونی پانتای جوگرافیای کوردستان... وهتد لە هۆکارگەلێکی دیکەی زۆری و هەمەچەشنی شێوەزارەکانە.

**دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی نووسەرەوە**

بەپێی ئەم لێکۆڵینەوە وا دیار دەبێت کە زمانی کوردی لە بنەڕەتدا بە دوو لقی سەرەکی کورمانجی و گۆرانی[٢٢] – زازاکی دابەش دەبێت، لقی کورمانجی خۆی سێ شێوەزاری کورمانجی سەروو، ناوەڕاست(سۆرانی) و خواروو(کەڵهوڕی)ی هەیە.

**دەستەی کورمانجی:** خۆی دەبێتە سێ شێوەزاری ژووڕوو، ناوەڕاست (سۆرانی) و خواروو(کەڵهوڕی):

**کورمانجی ژووڕوو و بنزارەکانی:** (کورمانجی، بادینی، بایەزیدی، بۆتانی، هەکاری، شەمزینانی و...) هەموو شارەکانی کوردستانی تورکییە جگە لە شارە زازاکی نیشینەکان، هەموو کوردستانی سووریا، لە ئێرانیش: لە ورمێ، ماکۆ، سەلماس، خۆی، هەورەها کوردەکانی خوراسان و لە عێراقیش دهۆک، زاخۆ، موسڵ، ئامێدی...بەم شێوەزارە دەدوێن.

**کورمانجی ناوەڕاست(سۆرانی)** و بنزارەکانی: (سۆرانی، موکریانی، بابانی، ئەردەڵانی(سنەیی)، سەقزی، پشدەری، هەولێری، جافی و...).

ئاخێوەرانی لە کوردستانی عێراق: سلێمانی، هەولێر، کەرکووک، کۆیە، شەقڵاوە، قەڵادزێ، سۆران، چەمچەماڵ، کەلار.. لە کوردستانی ئێران: سنە، مەهاباد، بۆکان، سەقز، بانە، پیرانشار، شنۆ، دیواندەرە، قوروە، بەشێک لە مەریوان و کامیاران.

**کورمانجی خواروو(کەڵهوڕی**[٢٣]**)** و بنزارەکانی" گیڵانی(ئەیوانی و شابادی)، کرماشانی، خانەقینی، ئیلامی[٢٤]، گەرۆسی(بیجاڕی)، گاوارەیی(گۆران)، کولیایی، سنجاوی و خزڵی، بەیرەیی، کوردەلی، کرنی).

ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە لە کوردستانی ئێران: کرماشان، ئیلام، بیجاڕ، ئیسلامئاباد، گیلانغەرب، قەسری شیرین، سەرپێڵ زەهاو، سونقور و کولیایی، ئەسەدئاباد، کرن و گاوارە، کەنگەوەر، سەحنە، ئەیوان، شیروان، چەرداوڕ(چەرداوڵ)، سراوڵە، مێهران، ئاودانان، بەدرە، دێهلوڕان، ساڵەح ئاباد، مەڵکشای، بەشێک لە شارەکانی کامیاران و قوروە و لە باشووری کوردستانیش خانەقین، مەندەلی، بەدرە، جەسان، جەلەولا، زوڕباتییە، و فەیلییەکانی بەغدا و زۆرێکی تر لە پارێزگاکانی شیراز و قەزوێنی ئێران لە سەردەمەکانی سەفەویی و زەندییە پەخش و بڵاو بوونە[٢٥])

یەکێک تر لەو یاسایانەی کە بنزاری خزڵی، سنجاوی و فەیلی[٢٦] لە هەورامی و لەکی جودا دەکاتەوە، نەبوونی ئێرگەتیڤی ئەم بنزارانەیە وەهایە کە دەکەونە سەر شێوەزاری کرمانجی خواروو(کەلهوڕی) چونکە لە ڕووی ڕێزمانەوە ئەم شێوەزارە یەکێکە و تەنانەت لە بواری دایرەی وشەکانیشەوە جگە لە بێژەی هەندێک لە وشەکان هیچ جیاوازییێکیان نییە. ئەم چەند ناوچانە کە ئاخێوەریان زۆریش نییە، دراوسێی شێوەزاری لەکین. شاری ئیلام لە بەر ئەوەی کە دەسەڵاتی والییەکانی لوڕیش لە سەریاندا زاڵ بووە، لەبەر ئەوە تا ڕادەیەکی کەم لە ژێر کاریگەری دەنگسازی ئەو شێوەزارە بوونە.

**دەستەی گۆرانی**

**هەورامی**: لەهۆنی، تەختی، شەبەکی، کاکەیی، کەنوولەیی، زەردەیی[٢٧]، گەورەجووی[٢٨]

ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە لە کوردستانی ئێران: پاوە و مەریوان، نەوسوود، نووشە، گوندی کەنۆلە لە کولیایی و دوو گوندی زەردە و گەورەجوو لە دالاهۆ و

له عێراق بیاره و تەوێڵە بەشێک له هەڵەبجه و بەشێک لە کەرکووک که به کاکەیی زیاتر ناسراون و له خێڵی زەنگەنەن و له موسڵیش شەبەکەکان.


بەڵام لە نێو ئەم بنزارانە، گەورەجوویی تەواو وەک هەورامی نییه و دەکرێ به شێوەزاری نێوان هەورامی و کەڵهوڕی دابنرێت.

**زازاکی**: کردکی، کرمانجکی، دملکی

ئاخێوەرانی ئەم شێوەزاره: دێرسیم، ئەرزەرۆم، ئەرزەنجان، بەشێک له ئامەد و....

**لەکی**[٢٩]: ناوەندی(کاکەوەنی)، کوودەشتی، هەرسینی[٣٠]. شێوەزاری لەکی له هەر ناوچەیەک به هۆز و عەشیرەتەکانییەوە دەناسن.

ئاخێوەرانی ئەم شێوەزاره: دلْفان(نوورئاباد) کوودەشت، ئەڵشتر، بەشێک له خوڕماوا، بەشێک له بروجرد، بەشێک له نەهاوەند، هلێران و بەشێکی بچووک له ئاودانان له پارێزگای ئیلام و له پاریزگای کرماشان، شاری هەرسین و بەشێکی بچووک له کەنگەوەر و دەوروبەری سەحنه له خۆ دەگرێت.




بەپێی دابەشکردنێک که له سەرەوه کرا، تا ڕادەیەک دەردەکەوێت که کام شێوەزاره و کام بنزاره. بەڵام شێوەزاری لوڕی که زۆرێک له لێکۆڵەران به

شێوەزارێک لە زمانی کوردی ناوی دەبەن، لە ڕووی زانستییەوە بێت ئەم زارە تەنیا لە باری دەزگای بڕگەییەوە[٣١] دەکەوێتە سەر زمانی کوردی و بە گشتی لە

هەڵبەت مەبەستی من لوڕی پارێزگای لوڕستانە؛ چونکە بەڕاستی زمانەکەیان بە گشتی ئاسمیلە بووە. سەرجەم لوڕەکان هەرچەند لە بواری کولتوور و فەرهەنگییەوە هەر وەکو کوردەکانن بەڵام خۆیان بە کورد نازانن.

بە بڕوای مێژوونووسی ناوداری کورد شەرەفخانی بەدلیسی و مێژوونووسەکانی غەیری کوردیش وەکو مەسعوودی، ئیبن قەتیبە، تەبەری، راولینسۆن، ریچ و... لوڕەکان لە پێشدا کورد بوونە. لە گێڕانەوەی (پەرهیزی، ١٣٨٥) هەڵبەت ئەمە لە بواری مێژووییە نەک زمانناسی. بەڵام لوڕەکانی بەختیاری زێدەتر لە زمانی کوردی نزیک و لە پەیکەری زمانی فارسی تا ڕادەیەک جودان. بەڕای نووسەر دەبێت لێکۆڵینەوەیەکی زانستی مەیدانی و زمانی لە سەر لوڕەکانی بەختیاری بکرێت، چونکە نابێت هەر بە گۆترە ئەو شێوەزارە بخەینە سەر زمانی کوردیی خواروو یان هەر شێوەزارێکی دیکەی کوردییەوە.

**ئەنجامی باسەکە**

زمانی کوردی بە گوێرەی زانستی دەنگسازی و سینتاکس بە شەش شێوەزار دابەش دەبێت.

هەروەها بەپێی ئەم لێکۆڵینەوە کە لە سەر شێوەزارە کوردییەکان کرا دەردەکەوێت کە شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە بڕێک بوارەوە بە ئەندازەی زمان جوداییان هەیە لە هەندێک جاریش دوو شێوەزار لە دوو لقی جودای کورمانجی و گۆرانی، ئەوەندە نزیکایەتیان هەیە کە مرۆڤ هەست ناکات کە ئەو دوو شێوەزارە سەر بە دوو لقی جودان.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی کە لە سەر زمانی کوردی کرا ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئەو شێوەزارانەی کە دراوسێن لە ڕووی وشە و فۆنیم و سینتاکسیشەوە کاریگەریان لە سەر یەک داناوە و تێکەڵاوییەکی زۆریان تێدا دەبینرێت.

بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی شێوەزارەکان کە لە سەرەوە کرا، بۆمان دەرکەوت کە دوو شێوەزاری هەورامی – زازاکی لە دەستەی گۆرانی لەگەڵ زمانی کوردی نوێدا هەندێک لەیەک ناچن، هەروەها زۆرێک لە زمانناسەکان دەستەی گۆرانی – زازاکی جودا لە زمانی کوردی دەزانن، بەڵام بە گوێرەی ئەم لێکۆڵینەوە ڕوون و

ئاشکرایە کە شێوەزارەکانی ئەم لقە لە کۆنترین شێوەزارەکانی زمانی کوردی دێنە هەژمار لەبەر ئەوەیە کە ئەم دەستەیە کەمتر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و نوێ نەبووەتەوە و ئێستەش دەستەی کورمانج تا ڕادەیەک لەگەڵ ئەم دەستەی کۆنە دوور بووەتەوە. بەڵام شێوەزاری لەکی لەو دوو شێوەزارەی تر لەگەڵ دەستەی کورمانجیدا هاوبەشیی زۆرترە و نزیکایەتیی هەیە.

بە گوێرەی ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی بنەڕەتی زمانی کوردی، ئێستە دەتوانرێت جیاوازیی دابەشکردنی زمانەوانی لەگەڵ دابەشکردنی جوگرافیایی، مێژوویی، کۆمەڵناسی و تەنانەت دابەشکردنە تەقلیدییەکانی دی کە تا ئەم دواییە باو بوو، ڕوون ببێتەوە. لە نموونە بەرچاوەکانی جیاوازی لەم توێژینەوەدا کە جیاوازییەکان ڕوون دەکاتەوە دەتوانرێت ئاماژە بە لقی گۆرانی بکرێت کە دەبێتە سێ زارەوە دوو زاریان لە نێوان کەڵهورِ و سۆران لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵکەوتوون و شێوەزاری زازاکی(دملەکی)یش لە باکووری کوردستان لە نێوان شێوەزاری کورمانجیدا هەڵکەوتووە کە هیچ کام لەو سێ زاری هەورامی، زازاکی و لەکییە، سنوورێکی هاوبەشی جوگرافیایی خۆیانیان پێکەوە نییە، بەڵام جوگرافیایان دەکەوێتە نێو جوگرافیای زارەکانی دەستەی کورمانجی کە هەر ئەو شێوەی پێکەوە ژیانی ئەم شێوەزارانە وەهای کردووە کە ئەو کەسەی زمانی کوردی بە باشی نەزانێ ناتوانێت لە یەکیان جودا بکاتەوە و لە ڕووی زمانەوانییەوە دابەشیان بکات. تا ڕادەیەک هەڵسەنگاندن و دابەشکردنیان بۆ زمانناسێک کە زمانی کوردی بە باشی نەزانێت سەختە بتوانێت بە شێوەیەکی سەدلەسەدی بڕیاری دابەشکردنیان بدات.

**پاشەکی**

ئەوەی کە لە هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی زمانی کوردی بە شێوەیەکی زانستی بە ئەنجام گەیشتووە، کوردیی خوراسانی لە کورمانجیی سەروو، ئەردەڵانی لە کورمانجیی ناوەڕاست، و سنجاوی – خزڵی و تا ڕادەیەک کرندیش لە کورمانجیی خوارووداد لەگەڵ ئەو شێوەزارانەی کە ئەمانە دەچنە ڕیزیانەوە تا ڕادەیەک لەیەک ناچن. واتە کورمانجیی خوراسانی، ئەردەڵانی و سنجاوی – خزڵی، خۆیان ئیلمانی شێوەزاریان هەیە بەڵام لەبەر دەسەڵاتی شێوەزارە سەرەکییەکان، ئیدی ئەمانە

ناتوانن ببنه شێوەزاری سەرەکی و ئەدەبیاتی سەرەکی شێوەزارەکانیان قبووڵ کردووە.

بە هۆی درێژبوونەوەی توێژینەوەکە بۆ هەموو بنزارەکان نموونەی دەق نەهێنراوەتەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ نەکراوە.

## پەراوێزەکان:

١. لەبەر ئەوەی کە تا بە ئێستە کەمتر لە سەر شێوەزاری کرمانجی خواروو (کەڵهوڕی) کار کراوە یان کەسانگەلێک کە باسیان لە سەر ئەم زارە کردووە، ئاگاییێکی باشیان نەبووە و سەرچاوەیەکی ئەوتویان لە بەر دەست نەبووە، زۆرێکیان لە بواری دابەشکردنەوە توشی هەڵە بوونە. بەم بۆنەشەوە نووسەر تێکۆشاوە کە زمانی کوردی بە هەموو شێوەزارەکانییەوە تاوتوێ بکات، بەڵام فرەتر تیشکی خستووەتە سەر زاری کەڵهوڕی و لە نێو تابلۆیەکەشی تەنیا شەش شێوەزارەکە راسم کراوە و ئیدی بنزاری هیچ کامی تری شیوەزارەکان بێجگە لە کەڵهوڕی رەسم نەکراوە.

٢. ئەمە رێکەوتی سالێ وەرگێڕانەکەیە نەک نووسینی دەقە سەرەکییەکەی.

٣. راهنمای زبان های ایرانی، ویراستار رودیگر اشمیت، ترجمەی فارسی حسن رضائی باغ بیدی.

٤. plosive

٥. fricative

٦. palater

٧. coronal

٨. لە گێڕانەوەی: رەحیمی‌نژاد ١٣٨٩

٩. لە گیڕانەوەی فتاحی ١٣٩٠

١٠. وەرگێڕانی دکتور سەعید خزری، جەعفەر خزری(١٣٨٩)

١١. لە گێڕانەوەی ئیشمیت.

١٢.هەڵبەت (م/m) پاش پیتی دەنگداری (ا/ a) و (ە/ e) لە دەستەی هەورامی و لەکیش هیچ ناگورێ بۆ نموونە: (نام، چەم، کەیکم، گاملکی، خام) بەڵام لە کوردی کەڵهوڕی دەبنە (ناو، چەو، کەیکو، گاولکی، خاو و...)

١٣. لە زۆربەی کارەکانی زاری کەلهوڕی کە بە /د/یەوە دەست پێدەکات لە کاتی نەفی کردندا هەموویان دەگۆڕن بە /ی/ وەکوو: (دار، دیم، دڕیا، داشت...) لە نەفی کردندا وەهایان پێ دێ : (نەیار، نەیم، نەیڕیا، نەیاشت و...) لە کاتێکدا لە چەند ناوچەیەک لەم زارە هەر ئەو ساختارەی پاراستووە و وەهانە (نەدار، نەدیم، نەدڕیا، نەداشت...).

١٤. لە بەر ئەوەی سەرچاوەیەکی زانستی لە سەر زارەکانی هەورامی و زازاکی دەستی نووسەر نەکەوتووە، نووسەریش ناچار بووە بۆ هیجابەندی لە وشەی ئەو شێوەزارانە کەڵک وەرنەگرێت.

١٥. مەبەست لە بێژەی (خوەیشک xweyşk )ە چونکە لە هەندێک ناوچەش بە شێوەی xweyşik بێژە دەکرێت.

١٦. لە کوردی کەڵهوڕی کارەکانی (تیاتم: تهاتم: دهاتم = می آمدم)(تیەرزیَ/تێرزیَ: ئەژیَ= می ارزد) بە گوێرەی ئەم یاسایەیە.

١٧. لە هەندێک لە ناوچەکانی سەر بە زاری کرمانجی خواروو تەنانەت وشە یاساییەکانیش کە /گ/ی تێیان دایە دەیگۆڕن وەکوو (سەگ، گورگ، کەڵگا...) دەبێتە (سەیَ، گوریَ، کەڵێیا).

١٨. نموونەی هەر ئەو ڕستانە لە نێو زاری گەورەجووی: ١)عەلی گەرەکش بیَ ئاوش مووە ٢) زانا ئەژ کە هامە بەر ٣)............. ٤) ئەژ وەخت هامەنیشوا چەمم کەتە وەن ٥) بشوو ئەڕا کە تا باوکەت مایوا ٦) بایەوا بشام ئەڕا شار ٧) من ئەژ دەرەو نانم وە

١٩. Keye ماڵ، لە گوندی گەورەجوو لە کرماشان کە بە زاری هەورامی دەدوێن بە ماڵ هەر وەکوو زازاکان (کە/ کەیە) دەبێژن.

20 .1) Elî/Elîyî awe werdêne. 2) Zana keye ra vejîya. 3) Gama ke ma hewn ra warişte, ma dî ke varan vareno. 4) Dema agêrayîşî/agêrayene de çimê mi bi ey kewt. 5) Şo keye, heya/heta/hetanî ke pîyê/bawê/bawkê/babîyê to agêreno. 6) Bêrê/bêrîn ma pîya şêrî/şeyrî bajar/şaristan 7) Mi teber de nan werd.

21 .Noel, major, 1919, Note on the Kurdish situation

٢٢. هەرچەند فرەتر گۆرانی شێوازێکە لە زمانی کوردی نەک شێوەزار بەڵام لەبەر ئەوەی کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە هەورامی و زازاکییان لە نێو دەستەی گۆرانی داناوە، منیش هەر لە هەمان ناوی "گۆرانی" بۆ ئەو لقە کەڵکم وەرگرتووە.

٢٣. ئەم شێوەزارە لە کوردستانی باشوور و عێراق بە (فەیلی)یش نای دەبەن.

٢٤. ماوەیەکی دوور و درێژ والییەکانی لوڕستان دەسەڵاتداری شاری ئیلام بوونە، تا رادەیەک کاریگەریان لە سەر واجی بنزاری ئیلامی داناوە تا ئەو رادەی تەنیا خودی شاری ئیلام /م/ نێوان دوو دەنگدار ناکەنە /و/ بەڵام کاتێک لە ئیلام رادەبووری و دەچیت بەرەو باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان واتە شارەکانی مێهران، بەدرە و ئاودانان دەبینری کە ئەوان ئەو واجەیان هەر وەکوو هەموو کرمانجەکان دەگورن، هەرچەند دراوسێی جوگرافیای لوڕەکانیشن.

٢٥. نووسەر لە وتارێکی تر لە ژێر ناوی (کرمانجی خواروو – کەڵهوڕی) بە تیر و تەسەلی باسی بنزارەکانی ئەم شێوەزارەی کردووە کە هێشتا چاپ نەبووە.

٢٦. هەڵبەت بەشێک لە فەیلی، سەنجاوی و خزڵی وەها دەدوێن و ئەودوایان (م) نێوان دوو دەنگدا دەکەنە (و).

٢٧. زەردە: گوندێکە لە باکووری رۆژئاوای رێژاو لە پارێزگای کرماشان کە بە زاری هەورامی دەدوێن.

٢٨. گەورەجووی گەورە یان مرادبەیگ و گەورەجووی قشلاق دوو گوندن لە ناوچەی دالاهۆ سەر بە پارێزگای کرماشان کە بە زاری هەورامی قسان دەکەن کە لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە بە زمانی "دەفتەری" ناوی لێ دەبەن چونکە زارەکەیان لەگەڵ زاری دەفتەرەکانی ئایینی یاریدا نزیکە.

٢٩. ئەو هۆزانەی کە لە ناوچە لەکنشینەکان دەژین: کاکاوەن، بەیرانوەن، هۆزمانەوەن، جاڵەوەن، ئێڤەتیوەن، گەڕاوەن، پایرەوەن، باڵەوەن، میروەگ(میرڤەگ)، کولیوەن، بێژنەوەن، چاواری، نوورالی، سەرفیروزئاوا، تورکاشەوەن، هەمەیوەن، زووڵە، بەشێک لە جومیر،کووشکی، دوو هۆزێکی دیکە لە ناوچەی لوڕستان دایە کە بە دوو زاری لەکی و لوڕی دەدوێن (سەگوەن، چەقەڵوەن).

٣٠. ئەو سێ بنزارەی لەکییە وەکوو مۆدێڵ پێناسە بوونە دەگەینا زۆر شار و ناوچەی لەکنشین تر هەیە کە وەکوو ئەو سێ بنزارە دەدوێن.

31. Phonological system

## سەرچاوەکان:


١- اشمیت، رودیگر (ویراستار)(١٣٨٣) راهنمای زبانهای ایرانی (ترجمەی حسن رضایی باغ بیدی با همکاران)، جلد دوم، تهران: انتشارات ققنوس.

٢- بدلیسی، شرف خان بن شمس الدین (١٣٧٧) شرفنامه (تاریخ مفصل کردستان) به اهتمام ولادیمیر ویلیامینف زرنوف. تهران: انتشارات اساطیر.

٣. بهادر، محمدرضا (1390) نحو کردی قصری بر مبنای دستور زایشی. پایاننامه کارشناسی ارشد زبانشناسی، دانشگاه رازی کرمانشاه.

٤- پرهیزی، عبدالخالق (١٣٨٥) وزن شعر کردی، نشر: تهران، کتاب زمان

٥- دیاکونوف ایگور میخائیلوویچ، تاریخ ماد، چاپ نهم، ترجمه کریم کشاورز، تهران: انتشارات علمی فرهنگی.

٦- رحیمی نژاد، امین (١٣٨٩) نظام واجی گویش کلهری از زبان کردی در چارچوب نظریەی بهینگی(پایاننامه). دانشگاه پیام نور تهران.

٧- سارایی، ظاهر (١٣٩١)چاپ سوم، دیوان غلامرضاخان ارکوازی. ایلام: انتشارات زانا.

٨- فتاحی، مهدی (١٣٩٠) فرایندهای صرفی – واجی در کردی کلهری، (پایاننامه برای دریافت درجه کارشناسی ارشد در رشته زبان شناسی همگانی). تهران: دانشگاه علامه طباطبایی.
٩- کالباسی، ایران (١٣٨٥) گویش کردی مهابادی. پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی چاپ دوم.
١٠- کریمی‌دوستان، غلام حسین (١٣٨٠) کردی ایلامی، گویش بدره، انتشارات دانشگاه کردستان – سنندج.
١١- محمد خورشید، فواد(١٩٨٣)، زبان کردی و پراکندگی لهجه‌های آن، ترجمه دکتر سعید خضری و جعفر خضری(١٣٨٩). نشر پانیز.
١٢- نەبەز، جەماڵ (١٩٧٦) زمانی یەکگرتووی کوردی، ئەڵمانیا، بامبورگ (مجمع ملی دانشجویان کرد اروپا).
١٣- همزەای، محمدرضا (فریبرز) (١٣٨٥) جامعەشناسی هویت گروهی و قومی در ایران، انتشارات دانشگاه رازی کرمانشاه.

**ئینگلیزی:**

14- Tan ,Samî,(2011) Rêzimana Kurmancî, çapemenî Gün Matbaacılık, enistîtuta kurdî estenbol.
15- Izadi Mehrdad R, 2009, The Kurds, A concise handbook, Taylor & Francis, Chapter 6

**وتار و رۆژنامە:**

١٦- کريمي دوستان، غلامحسین (١٣٨٧) ساختمان هجا در زبان کردی. مجله: فردوسی شماره ٤٠.
١٧- محمدرحیمی، کامران (١٣٨٥) دستگاه واجی کردی ایلامی – فیلی، مجله : زمانەوان، تهران انستیتو کورد شماره ٣.
18- D.N. Mackenzie(2006) koka zimanê kurdî. Wergeran: newzad hirorî. Stockholm. www.nefel.com